# کەلەپووری کورد

**وەرزە گۆڤارێکی کەلەپووری و فۆلکلۆرییە**
**کۆمەڵەی کەلەپوور و فۆلکلۆری کورد لە شاری سلێمانی دەری ئەکات**

خاوەنی ئیمتیاز
جەمال عەبدول

سەرنووسەر
محەممەد مەردان

بەڕێوەبەری نووسین
محەممەد ساڵح سەعید

دەستەی نووسەران
عادل محەممەد کەریم
عەبدوڵڵا حەسەن قادر
سیامەند هادی
شەهلا نامق
بەیان محەممەد

تایپ و هەڵەبری
بەیان محەممەد

دیزاین : سیتی گراف ٠٧٧٠٨٦٢١٨٢٧
چاپ : چاپخانەی شڤان

**ئەم ژمارەیە لە سەر ئەرکی کۆمەڵەی کەلەپوورو فۆلکلۆری کورد چاپ کراوە**

ناونیشان : سلێمانی ـ شەقامی مەولەوی
تـــــــــەلاری تۆفیـــــــق قـــەزاز
٠٧٧٠١٩٢٢٨٩٧

هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| ●تیرۆژی ژمارە | کەلەپووری کورد | ٣ |
| ● ساخکردنەوەیەکی مێژوویی سەبارەت بەجەژنی نەورۆزو ناوەکەی | کەمال نوری مەعروف | ٧ - ١١ |
| ● جەژنی سەری ساڵ اکیتو، زمگوگ، نەورۆز | ئا: ڕەحیم سابیر | ١٢ - ١٥ |
| ● خوێنی شەهیدان پاراستنی بڵێسەی ئاگری نەورۆزە | ئامادەکردنی: بەیان محەمەد | ١٦ - ٣٥ |
| ● کورد لە نێوان ئەفسانە و مێژوودا | حەسەن مەحمود حەمە کەریم | ٣٦ - ٤٣ |
| ● گۆچان لەکۆمەڵی کوردەواریدا | محەمەد مەردان | ٤٤ - ٥١ |
| ● زانستی لێکۆڵینەوە لە چیرۆکی میللیی بەشـــــــی دووەم | محەممەد ساڵح سەعید | ٥٢ - ٥٤ |
| ● شوانیی دوو جۆرە | عەبدوڵڵا حەسەن قادر | ٥٥ - ٦٠ |
| ● (بزنە مەڕەز) | ڕێبوار جەمال | ٦١ - ٦٦ |
| ● لەدابونەریتەکانی گەرمەسێر شەو شەممەکی | ئیبراهیم باجەڵان | ٦٧ |
| ● هەندێ دابو نەریتی کوردەواری | رەسووڵ دێلێژەیی | ٦٨ |
| ● گوزەرگای خێڵان | سەڵاح شاکەلی | ٦٩ - ٧٠ |
| ● هونەرمەندی خۆڕسک حەمید خاوەرو سەرەتای هونەری شێوەکاری کوردەواریی لە ناوچەی بنکورە دا ٧٢٩١ — ٣٨٩١ | ئەحمەد باوەڕ | ٧١ - ٧٦ |
| ● شرۆڤەکردنی چەند پەندێکی پێشینانی کوردی | عەبدولستار شارباژێڕی | ٧٧ - ٧٩ |
| ● لەبارەی ڕۆشنبیریو جێماوەکانەوە | قادری حاجی عەزیز | ٨٠ - ٨١ |
| ● کوڕوکچە ئەڤینداڕێکی ناوچەی ساڵەیی | کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ئاسۆ کەلهوڕی | ٨٢ - ٨٣ |
| ● تاوێک لە خەڵوەتی تەهلیلە و موناجات و... | ئامادەکردنی : حەمە ئەحمەد جاف | ٨٤ -٨٦ |
| ● دای حسنۆ کەچا میرێ جزیرێ بووە ئێزدی | خەیری شنگالی | ٨٧ - ٩١ |
| ● دوو بەسەرهاتی کوردەواری | ڕازاوە عەبدولکەریم سلێمان | ٩٢ |
| ● ئەلیادە و بەسەرهاتی ئەفسانەیی | پیرداود مەخموری | ٩٣ -٩٥ |
| ● وەنەوشەو بەڕەزا | یاسین سەعید سەرچناری | ٩٦ - ١٠٢ |
| ● حەیرانی سالحی نیسکۆ | ئا: بەکر پشدەری | ١٠٣ -١٠٤ |
| ● بەزمی پشیلە | عبدوڵڵا حەسەن قادر | ١٠٥ |
| ● لالۆ شکاری و بۆقەکەی | جەباری لۆڤەر (شاڵی) | ١٠٦ -١٠٧ |
| ● ڕێوی و بزن | وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە رەسوڵ بۆسکێنی | ١٠٨ -١١١ |
| ● گوڕنەتەڵە | (عەبدول شارباژێڕی/ سوید) | ١١٢ - ١١٣ |
| ●شوکەوە کردەت شوکەوە بردەت | ئیبراهیم باجەڵان | ١١٤ -١١٥ |
| ● شۆخێکی دڕندە | ئومید عوسمان رەزلەیی | ١١٦ - ١١٨ |
| ● بودجەیەکی کەمو بەخشینێکی زۆر | ئامادەکردنی : بەیان محەمەد | ١١٩ - ١٢٣ |
| ●دیدار | سازدانی: تۆفیق سەعید محەمەد | ١٢٤ - ١٢٨ |
| ●دیدار | سازدانی: عەلی تەنیا — ئاکرێ | ١٢٩ -١٣٠ |
| ●دۆسیەی تایبەت بە رەحیم سابیر | | ١٣١ - ١٤٩ |
| ● سەلام مەنمی قەڵەمێکی رەسەنی پڕاوپڕ لە گوڵاو بو | محەمەد مەردان | ١٥٠ -١٥٤ |
| ● کۆبەندێک لە کۆڕی یادی چلەی مامۆستا جەلال مەحموود عەلییەوە | نووسین و ئامادەکردنی : محەمەد ساڵح سەعید | ١٥٥ -١٥٧ |
| ● کتێبی چاپکراو | خوێندنەوەو ناساندنی: بەیان محەمەد | ١٥٨ - ١٧١ |


هەواڵنامەی کتێب

## تیرۆژی ژمارە

گۆڤاری (کەلەپووری کورد)، کەنوویەکی ڕازاوەی جوانە بۆ کۆکردنەوەی گەنجینەی لەبن نەهاتووی ڕەوسەی خەرمانی نەتەوایەتیمان.
ژمارە (١)ی لە مانگی نیسانی ١٩٩٢ دا دەرچووە. واتا (٢٣) بیست و سێ ساڵە لەناو پانتایی دنیای ڕۆژنامەوانیدا ڕۆڵی گێڕاوە.
لەدوای ئاوابوونی خۆری تەمەنی گۆڤارەکانی (کاروانی فۆلکلۆر، لاووک، ئاسۆی فۆلکلۆرو میتۆلۆژیا)، کەهەریەک لەم گۆڤارانە لەکات و ساتی سەردەمەکانی خۆیاندا ڕۆڵی گرنگو لەبەرچاویان بینیوە، لەتیانووسی مێژووی نەتەوەکەیاندا بوون بەسەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بۆ ئەو کەسانەی ، کەلە بوارەکانی فۆلکلۆردا کارئەکەن.
بەڵام لە ئەمڕۆدا بەتەنها گۆڤاری (کەلەپووری کورد) ماوەتەوە، ئەویش هەمیشە بەقۆناغێکی سەختی مێژوودا تێئەپەڕێتو کۆڵیش نادات، ئەمە ئەگەڕێتەوە بۆ دڵسۆزی ئەندامانی (کۆمەڵەی کەلەپوورو فۆلکلۆری کورد)، کەماوەی (٢٤) ساڵە خۆبەخشانە لەمبوارەدا کارئەکەن.
ئەبوایە بەلای کەمەوە هەتاکو ئێستا (٩٢) ژمارەی لێ چاپ بکرایە!. بەڵام بەداخەوە لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت (بەتایبەتی وەزیری ڕۆشنبیری) لە ئاستی ئەم گەنجینە بەنرخەدا، کە (ناسنامەی نەتەوەکەمانە) زۆر کەمتەرخەمن. ئەویش سەنگەرێکی زۆر پتەوی داکۆکی کەری بەهێزی بەرگریی کارە لەمێژووی نەتەوەکەمان، کەداگیر کەرانی کوردستان هەوڵیان داوەو هەوڵیش ئەدەن لەڕەگو ڕیشەوە هەڵیبتەکێنن. بەڵام بەهەوڵو کۆششو ماندوبوونی دڵسۆزانی نموونەی وەک: حاجی جندی ، ئەمینی عەبداڵ، ئۆردوغانی جەلیلی، ئیسماعیل حەقی شاوەیس، مەعروف جیاووک، پیرەمێرد، دکتۆر محەمەد موکری، عەلائەدین سجادی، شێخ محەمەدی خاڵ، گیوی موکریانی، محەمەد کەریم شەریف، عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی، خالید جوتیارو دکتۆر شوکریە ڕەسوڵ..هتد.. نەیناتوانیوە بەئاواتی خۆیان بگەن.
ئەندامانی کۆمەڵەی کەلەپووریش نموونەیەکن لەو دڵسۆزانە، بەڵام بەداخەوە ناوبەناو گوڵی ڕۆحی مینای ئەندامێکی کۆمەڵەمان هەڵوەرێت، وەک بەرێز (ڕەحیم سابیر) دوانزەهەمین مۆمی کۆمەڵەکەمان بوو لە ڕۆژی (٢٠١٥/٥/٩) بەجەستە بەجێی هێشتین.

قەیرانی دارایی

هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە کۆمەڵەی کەلەپوور هەمیشە دووچاری قەیران بۆتەوەو سەرسەختانە کارەکانی خۆی جێبەجێ کردووە. مانگانە بڕی (٤٥٠٠٠٠) چوارسەدو پەنجا هەزار دیناریان هەبوو ئەویش لە سایەی کابینەی تازەوە بڕا!!. ئێستا هیچ بڕە پارەیەک وەرناگرن ئەبێ لەمەو دوا ئەندامان لە گیرفانی خۆیان پارەی نیشتەجێکەیان بدەن( وەکو لەمەوپێش ئەم ڕۆڵەیان بینیوە!!).لەگەڵ ئەم هەموو تەنگەژەیا لەبوارە نەتەوەییو یادەکاندا پێشەنگی شاری سلێمانی بوون.
لە یادکردنەوەی جەژنی نەورۆزی ئیمساڵدا، کە جیاواز بوو لەگەڵ ساڵانی پێشوودا بەسیناریۆی (پەلکەزێڕینەی ڕۆحی شەهیدان) بەشداریان کرد. ئەمەش وەڵامدانەوەیەک بوو بۆ تاریکستانی داعش کە (هوجام)یان سەربڕی. بەڵام ڕۆحیانەتەکەی بەشداری لە یادکردنەوەی جەژنی نەورۆزدا کرد.
سڵاو بۆ ڕۆحی پاکژی هەموو فۆلکلۆریستان.

کەلەپووری کورد

هەواڵنامەی کتێب



رەحیم سابیر محەمەد 1959 – 2015/5/9

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# ساخکردنەوەیەکی مێژوویی سەبارەت بەجەژنی نەورۆزو ناوەکەی

کەمال نوری مەعروف

لەباسی نەورۆزدا ئەو جەژنەی کە تایبەتە بەگەلانی هیندو ئاریو گەلی کوردیش دەچێتەوە سەربنەچی ئەو گەلانەو ئەو جەژنەش لای بەرزو پیرۆزەو جەژنێکی نەتەوایەتییە. بۆیە بەلای منەوە لێکۆڵینەوە لەسەر ناوەکەو بەستنەوەی بەمێژووی دێرینو شوێنەوارەوەو سەرهەڵدانی وەکو نەریتو بۆنەی ساڵانە یادکردنەوەیە کە بۆ هەموو سەری ساڵێکی کوردی کە دەبێت لەبەرچاو بگیرێتو گرنگی پێبدرێت.

ئەوەش دەمانگەیەنێتە مەبەست بۆ کردنەوەی گرێ کوێرەی مێژووەکەی و ناوەکەی، یان ئەو مەبەستی کە جەژنەکە لەناو ململانێی زلهێزەکانی ڕۆژگارە زووەکەدا بۆ مەرامی سیاسی توانیویانە بەکاری بهێنن.

ساخکردنەوەی ناوو مێژووەکەی و چوونە ناو وردەکاریەکانییەوە بەو جۆرەش کارێکی ئاسان نییە چونکە لە زووەوە جەژنەکە تێکەڵ بە ئەفسانەو داستان بووە. نەورۆزیش لە ڕۆژگارێکی زووەوە زانیاری لەسەری دەماودەم هاتووەو وایکردوە لەمەبەستی خۆی دووربکەوێتەوە. بۆیە قسەکردن لەسەری پەلهاوێژە بۆ زۆر شت کەپێویستە لەسەرمان بەدوایدا بڕۆین تاوەکو دەگەینە مەبەست.

## وشەی نەورۆز دەربڕین لەچی دەکات

نەورۆز لە زمانی کوردیدا گەلێک لێکدانەوەی لەسەر کراوە، سەرەتا دەمەوێ بڵێم نەورۆز لەدوو بڕگە پێکهاتووە، یەکەمیان (نەو) بەمانای نوێ، یان تازە، یان شتێک نزیک بەو مانایانە. وشەی دووەم (ڕۆز) یان (ڕۆژ) بەمانای ڕۆژی ئاسایی دێت کەلای ئێمە وشەی مێژووشی بۆ بەکاردێنین، دووەمیان بەمانای خۆر دێت کەلە زمانی سۆمەریدا بەوشەی (U4) (ئوو 4) نووسراوە.

بە لێکدانی هەردوو وشەکە مانای ڕۆژێکی نوێ، یان خۆرێکی نوێ لەوەرزێکی نوێدا دەبەخشێت. ئەمەش لەهەموو شێوەکاندا بەڵگەی ئەوەمان دەداتێ کەبەمانای وەرزێکی نز گۆڕاوە. لە زمانی پەهلەوی کۆنیشدا بەهەردوو شێوەکەی ئەشکانییو ساسانی ئەم وشەیە، واتە نەورۆز بووەتە (نوگ رۆز) پاشان گۆڕانکاری بەسەرداهاتووەو بووەتە (نوک ڕۆز)، بەوردکردنەوەی ناوەکەیان لێکدانەوەی ماناکەی جارێکیتر هەر هەمان مانا کوردییەکە شوێنی دەگرێتەوە کەلەمەو بەر ئاماژەمان پێدا.

(نەورۆز) کەلە ئەدەبیاتی فارسیدا بووەتە (نیرۆز)



بەجەژنی (فەروەردین) (مارت- نیسان) و جەژنی بەهارو بەهارە جەژنە بەناوبانگە (1).

لێکدانەوەیەکی تر لەسەر وشەی نەورۆز لە (قاموس الفارسیە)دا هاتووە، هەر وەکو دەڵێ: ڕۆژی نوێ یەکەم ڕۆژی سەری ساڵی ئێرانییە کەلەمانگی (فەروەردین) (مارت – نیسان) لە سەرەتای بەهاردا دەستپێدەکات. نەورۆزیش جەژنێکی میللی ئاریاییەکانەو بە نەورۆزی سوڵتانی ناوی دەرکردووە (2). گەڕانەوەیەکی تر بۆ فەرهەنگی (المعجم الذهبی) هەمان مانای پێشوو دەبەخشێت ، هەروەها دەڵێ: لای ئاریاییەکان جەژنێکی نیشتمانییە لەگەڵ 21ی مارتی هەموو سەری ساڵێکی کوردی یەکدەگرێتەوە کەبەدوو جەژن دانراوە. یەکەمیان نەورۆزی (عامی، دووەم نەورۆزی تایبەت کەهەریەکێک لەو دووانە (6) ڕۆژ دەخایەنێتو لە 13ی مانگدا کۆتایی دێت کەبە جەژنی سیانزە بەدەر ناسراوەو تێیدا ئاهەنگ دەگێڕن (3).

جارێکی تر لە فەرهەنگی دانشگادا لێکدانەوەی ناوەکە هەمان مانای پێشوو وەردەگرێت ، هەروەکو دەڵێ: لەڕۆژی سیانزە بەدەر جەماوەر بەرەو دەشت دەڕۆن (4). ئەوەش بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش لە ئاووهەوای سازگارو ڕزگاربوون لەوەرزی قاتو قڕی تەڕو تووشی کەتێیدا دیاری جەژنانە پێشکەش دەکەن.

لە ئاوێستادا هاتووە بەهۆی ململانێ لەنێوان (ئەنگەر مینیۆ) و (ئورمزد) یان (هورمزد) بانەکانی ئێران سەرماو سۆڵەیەکی گەورەو بەهێز ڕووی تێکردووە بەفرو شەختە ڕووی زەوی داپۆشیووە. لەو ڕۆژگارەدا دوو وەرز دەرکەوتووە یەکەمیان زستانو دووەمیان بەهار کەهەر یەکێکیان (6) مانگی خایاندووە بەڵام سەرئەنجام سەرکەوتن بۆ (ئورمزد)ی خوای حەقو دادوەری بووەو بەهار کوودەتای بەسەر زستانی شەڕو ناخۆشیدا هێناوە. وادیارە لێکچوونێک لەنێوان ئەوەی لە ئاوێستادا هاتووە لەگەڵ داستانی چوونە خوارەوەی عەشتاردا هەبێت بۆ دنیای مردووەکان بۆ ڕزگارکردنی (دەموزی) (تەمموز) کەنەیتوانیوە ڕزگاری بێت لەدەستی پاسەوانەکان. بۆیە (دەموزی) بەپێی کاتی مانەوەی لەدیلێتی دنیای خواروو، مانەوەی دابەشکردووە لەگەڵ (کاشتن ئانای) خوشکی کەبۆ هەریەکێکیان (6) مانگ بمێنێتەوە. بەوپێیە (دەموزی) لەکۆتایی کانوونی یەکەم دێتە دەرەوە کە باران دەستپێدەکاو ژیانیش بۆ زەوی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بەهار شوێنی بگرێت (5).

### * پەیوەندی لەنێوان جەژنی نەورۆزو نەخشە هەڵکۆڵراوەکانی ئەشکەوتی گوندۆک لە ئاکرێ:

لەباسی ئەم جەژنەداو چوونە ناو وردەکارییەکانی دەتوانین بەراورد بکەین بەو تابلۆیەی لەناو ئەشکەوتەکەدایەو دەکەوێتە لای دیواری ڕاستی دەرگاکەی تابلۆ هەڵکۆڵراوەکە بەشێکە لەدیمەنە هەڵکۆڵراوەکانی تری ئەشکەوتی گوندۆک لەکوردستانی باشوور کەبەشەکانی تری لەدەرەوەی دیواری دەرگای ئەشکەوتەکە هەڵکۆڵراون.

نەخشەکە پێکهاتووە لە ژمارەیەک گیانلەبەر کە بەرەو ڕووی پیاوێک دەجوڵێن لەسەر کورسییەکی بێدەسک لەسەری دانیشتووەو ڕوویکردۆتە لای ڕاست. بەرگێکی پۆشیوە هەتاکو بەرپێی شۆڕبۆتەوە قژێکی زۆری بەسەرەوەیەو دووشاخیش لەسەریەوە دەرچووەو پرچێکی درێژیش بەسەر پشتیدا هاتۆتە خوارەوەو دەمووچاویشی بێ ڕیشو سمێڵە. دەستی ڕاستی



داناوەو دەستی چەپی بۆ پێشەوە بردووەو خۆراک بەبزنێک دەدات کەلە بەردەمیدا بەپێوە لەسەر هەردوو پاشووی ڕاوەستاوە. لەنێوان سەری بزنەکەو پیاوەکەدا شتێک بە ئاسۆیی کەمێک لار، نزیک بەیەک بەدیدەکرێت لەشێوەدا وەکو دار بێت وایە کە پێدەچێت درەخت بێت. لەدوای بزنە کێوییەکە بەرازێک بەهەمان ڕێڕەو دەبینرێت لەوانەیە کێوی بێت شێردەدات بەیەکێک لە بەچکەکانی کە، کەوتووەتە نێوان هەردوو قاچییەوە، لەپشتییەوە وێنەی مرۆڤێک دیارە بەهەمان شێوە بەرەو پێشەوە دەڕوات

جلکێکی درێژی لەبەردایەو پرچێکی درێژ بەسەر پشتیدا هاتووەتە خوارەوەو دەستی ڕاستی بڵند کردووە بەشێوەیەک پەنجەکانی بەر تەنیشتی گیانلەبەرەکە کەوتووەو دەستی چەپی بۆ پێشەوە بردووە. لەکۆتایی نەخشە هەڵکۆڵراوەکەدا دیمەنی ئاژەڵێک دیارە، کەوتووەتە دوای پیاوەکە وەک درزێک کەوتۆتە نێوانیانەوە، ئەم وێنەیە زیاتر لەوە دەچێت سەگێک بێت کلکی بەشێوەیەکی ئاسۆیی بەرزکردبێتەوەو دوای پیاوە کەوتبێت . لەبەرامبەریشیدا واتە لەوسەری تابلۆکەوە لەدوای پیاوە دانیشتووەکەوە دیمەنی سەگێکی تر دەرکەوتووە کەدەمی کردۆتەوەو کلکی کەمێک بەرزکردۆتەوە، بەدوری نازانم ئەو دوو سەگە کەهەریەکەو لەجەمسەری خۆیاندا دەرکەوتوون دەکرێت ناوی دوو پاسەوانی لێنێین بۆ ڕانەمەڕەکە. لەم دیمەنەدا کەبە تابلۆی گیانلەبەرەکان پێناسەمان بۆکرد ئەو کەسەی کەلە سەر کورسییەک دانیشتووەو سەری قژێکی زۆری پێوەیەو دوو شاخی بەسەرەوەیە، ئەو کەسە دیمەنی خوای بەناوبانگ (تەموز دەموزی) یە کە لەبنەچەدا خواوەندی سەوزاییو ڕووەکو ئاژەڵ بووەو بەوە ناسراوە کە بووەتە هاوسەری خواوەندی خۆشەویستی (عەشتار –ئیننەننا) کە لەوەوە پەرستنی پیتاندن هاتۆتە کایەوەو لە شارستانێتی نێوان دوو ڕووباردا بڵاوبووەتەوە. بۆیە بەپیتو بەرەکەتی زەویو پێگەیشتنی دانەوێڵەو بەرهەموو بەرووبوومەکەی بەلای ئەوانەوە بەندبووە بەلێکنزیکبوونەوەو جووتبوونی ساڵانەی هەردوو خواوەندەکە کە دیارە ئەوەش لەسەرەتای وەرزی بەهاردا ڕوویداوە.

ئەو گیانلەبەرو دارو درەختانەی لەم دیمەنەدا بەرچاو دەکەون بەرهەمی ئەو بەیەک گەیشتنەن، چونکە بەهۆی پیتاندنەوە درەختەکان نەشونما دەکەنو ئاژەڵەکان زاوزێ دەکەنو لەسەرەتای وەرزی بەهاردا زۆر دەبن. لەبەر ئەوەیە لەو وەرزەدا ژیان نوێ دەبێتەوەو گەرمی تینی بۆ زەوی دەگەڕێتەوەو بەرگی ڕەنگاو ڕەنگ بۆ دارودرەخت دەگەڕێتەوەو زەویش سەوز دەبێتو ئاویش زۆر دەبێتو کانیاویش دەتەقێت کە بەر لەوە بۆ ماوەیەک بەقۆناغێک سڕبوونو کەم چالاکیدا تێپەڕ بووە (6).

نەتەوە کۆنەکانی سەر خاکی کوردستانی یەکەم (زاگرۆس) کە ئێمەی کورد لەنەوەی ئەوانین لەسەرگوزەشتەو داستانو ئەفسانەکانیاندا ڕواندنو گەشەکردنی ڕووەکیان لە زەویدا بەستۆتەوە بەزاوزێی نێوان عەشتارو دەموزی هەروەکو لەوەو بەر باسمانکرد، باسیش لە خواوەندی ئاسمانو زەمین دەکەن، هەروەها باس لەدایکبوونو مردنی نەوەکانیان دەکەن کە بریتین لەڕووەکو دارودرەخت. بۆ هەر یەکێک لەو دیاردانەش خواوەندێکی تایبەتییان بۆ داناوەو پەیڕەوی نەریتو خوو ڕەوشتەکانیان کردووە، نموونەش بۆ ئەوە هەستانیان بە ئاگرکردنەوە، وەک هێمایەک بۆ تیشکی خۆرو زیندووکردنەوەی ژیان لە ڕووەکدا (7).

بەراوردێکی تر لەنێوان جەژنی نەورۆزو جەژنی ئاکیتۆی بابلی کەلە مانگی نیسانی هەموو ساڵێکدا سازکراوە، ئەوە دەگەیەنێت هاوشێوەبن لە بۆنەکەدا.

## * ڕاو بۆچوونمان لەسەر جەژنی نەورۆز

کورد کە لە نەوەی گەلانی هیندو ئارییە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئاهەنگ دەگێڕێت لە 21ی مارتی هەموو ساڵێکدا کە هاوکاتە لەگەڵ هاتنی ساڵێکی نوێی کوردیدا بەبۆنەی هاتنی جەژنی نەورۆزی میللی. کە تێیدا کاوەی ئاسنگەر سەردەکەوێت بەسەر زوحاک (دەهاکی) تاوانبارو تێیدا کردنەوەی ئاگریش نیشانەیە بۆ ئەو سەرکەوتنە.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە ئەویش ئایە نەورۆز وەکو جەژنو ئاهەنگ گێڕان سەرەتاکەی بەپێی بەڵگەکان بۆ کام ڕۆژگار دەگەڕێتەوە، لەهەمانکاتیشدا ئەم جەژنە چۆنو کەی بووەتە نیشانە بۆ جەژنی میللی، یان نەتەوایەتی؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بەلای منەوە ئەم جەژنە بەپێی پاشماوە شوێنەواریەکەی ئەشکەوتی گوندۆک کەلە دوو کۆمەڵەی هەڵکۆڵراو پێکهاتووە وەکو مێژوو سەردەمەکەی پەیوەستە بە چاخی دەسەڵاتی میتایی (8) کە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی پانزەیەمی پ.ز دەگەڕێتەوە کە ئاهەنگ گێڕانیان ئەوانەی تێیدا هاوبەشییانکردووە لەو بۆنەیەدا



وەکو بەدیمەنەکانەوە دیارن، ئەوەش بەڕاوکردنی ئاژەڵەکەو خۆشبوونی ئاووهەواو هاتنی وەرزی بەهارو ئاگرکردنەوەو ڕێوڕەسمی پیرۆزکردنی جەژنە کەلە نێوان ژن و مێردەکەدا ، یان (موغ) و ژنە مووغدا ، یان گەورەی ماڵدا هەستاون بەهەنووکردنی ئەو دوو منداڵەی نێوانیان بەخوێنی ئاژەڵەکە کە لە سەر مێزێک بەڕووتی وەستاون. وەکو بەتابلۆکانەوە دیارن ئاهەنگگێڕانەکە شێوەیەکی ئاینی لەخۆگرتووە، تێیدا خواوەند (دەموزی- تەمووز) هاوبەشی تێداکردووە کە پیرۆزکردنی بۆنەکەیەو بەو شێوەیەکراوە، ئەمەش نەریتێکی ساڵانەیەو لەو چوارچێوە ئاینی یەدا هەستاون بە ئاهەنگ گێڕان. نابێت ئەوەش لەیادبکەین کە جەژنەکە وەکو سەرەتا بۆ سەردەمی خۆپەرستی واتە میترایی دەگەڕێتەوە کە میتانی یەکان پێوەی ناسراوبوون.

ئەم جەژنە هەروەکو لەسەرەتادا باسمانکرد ململانێ بووە هێزی چاکەو خراپەداو تەرازووی دەسەڵات لەدواییدا هەر بەلای چاکەو رووناکیدا شکاوەتەوە. لێرەدا پێویستە هەروەکو لەبەشی دووەمی پرسیارەکەدا ئاماژەمان پێدا ئەوە بزانین لەهەزارەی یەکەمی پ.ز تەرازووی هێز لەنێوان زلهێزەکانی ڕۆژگارەکەدا گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتووە.

هەندێک لەوانە وەکو بابلییو کاشیو هیتی لە گۆڕەپانی سیاسیدا ناویان کوژاوەتەوەو هەندێکی تر هاتوونەتە شوێنیان لەوانە میدییەکان (9) و فارس. کەتوانیویانە دەسەڵات بگرنە دەستو سنووریان فراوان بکەنو ناوچەیەکی زۆر داگیر بکەن لە ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوادا واتە ئیمپراتۆریەتی گەورە دروستبکەن تاوەکو سەرکردایەتی دنیای خۆرهەڵاتی کۆن بکەن لەڕووی رامیاریو سەربازییەوە (10). لێرەدا باشتر وایە بڵێین نەورۆز، یان (نیرۆز) هەروەکو فارس دەڵێ بووەتە جەژنێکی میللیو لەهەردوو ڕووەکەیەوە رامیاریو گەلێ دەوری خۆی بینیوە.

سەرچاوەکانی مێژوو باس لەوە دەکەن کە گەورە پادشای ماد (هووەخشتریتە) واتە کەیخسرەو (633-585 پ.ز) لە نەورۆزدا تاجی پادشایەتی لەسەر ناوەو هەر لەو بۆنەیەشدا بووە بە پێی ئەو وەسفەی لەخەوەکەی ناحوم پێغەمبەردا هاتووە، کۆتایی بەدەسەڵاتی ئاشوور هاتووە لە نەینەوای پایتەختدا لە ساڵی 612ی پ.ز کە داگیری کردووە (11).

لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی هخامەنشییەکاندا واتە (550-330 پ.ز) کاتێک کۆرشی گەورە ئەکبەتانەی پایتەختی داگیرکردووە هەر وەکو مێژوو دەڵێ: بەو بۆنەیەوە ئاگرێکی گەورەی کردۆتەوەو کە هێمایە بۆ سەرکەوتن. واتە لە جەژنی نەورۆزدا بووە کۆتایی بە دەسەڵاتی مادەکان هاتووە بەو پێیەی لە مێژووی (ایران باستان- حسن پیرنیا- ج1 – مجلد 2 × 28-29) هاتووە. کاتێکیش زەینەفوون بەلە شکرەکەیەوە گەڕاوەتەوە بۆ یۆنان ساڵی 401ی پ.ز لە ڕێگایدا کە بە کوردستاندا تێپەڕیوە ئاماژە بەوە دەدات لەشکرەکەی کەوتووەتە شەڕەوە لەگەڵ کاردۆخییەکان هەروەکو دەڵێ: کاردۆخییەکان کەوانی گەورەو باڵایان لە شەڕەکەیاندا بەکارهێنا بۆ ئەوەی تیرەکانیان لەمەودایەکی دوورەوە بگاتە لای ئێمەو سەربازەکانم بپێکێ، هەروەها دەڵێ: لە لووتکەی شاخەکەوە ئاگریان دەکردەوەو بەدەورییا هەڵدەپەڕین کە نیشانە بوو بۆ سەرکەوتنیان هەروەها بەردی گەورەشیان بۆ تلوور دەکردینەوە تاوەکو کۆسپ بخەنە ڕێگامان لە گەڕانەوەماندا. لە ئاینی میترایشدا واتە خۆرپەرستی ئاگر هێمایە بۆ چاوی خۆر بۆیە لەتابلۆکانیانداو زیاتر لەلێدانی دراوەکانیاندا گرنگی یان پێداوە بەتایبەتی لە ڕۆژگاری ئاشکانیدا (250پ.ز 227-ز). بەهەمان دەستوور لەپەرستگاکانی ئاگریشدا لەوانە لە پەرستگای گوندی سەرگەتی ناوچەی خورماڵ کەبە ئەشکەوتی گاوران ناسراوە، هەروەها پەرستگای قەڵای دەرەکۆرە لە شاخی سورێن نزیک میری سوور لەناوچەی خورماڵ (12).

ئایینی زەردەشتیش کە دواتر شوێنی گرتۆتەوە لەکۆتایی چاخی حەوتەمی پ.ز بینای ئاینەکەیان لەسەر خۆرپەرستی داناوەو ئاگریان کردۆتە توخمێکی پیرۆز کەنابێت هەناسەی مرۆڤی بەربکەوێت.

زۆرینەی شارەزایانی مێژووی کۆن بۆ ئەوە دەچن کە گەلی فارس بۆ بەرژەوەندی دەسەڵاتی سیاسییان ئەو جەژنەیان کردۆتە نیشانە بۆ خزمەتی گەلییانو سەرکەوتن بەر دەسەڵاتی نەیارەکانیانا. سەرچاوەکانیش وەکو ئاماژەی پێدەدەن کۆرش لایان لە شوێنی کاوە دانراوەو ئاستیاگسی دوا پادشای مادیش (585 – 550 پ.ز) هێمایە بۆ زوحاک یان دەهاکی زۆردار. ئەمجۆرە کارانەش شتێکی ئاساییەو سەرکەوتوو هەردەم ئەوەی کردوویە مێژووی لە بەرژەوەندی خۆی نووسیوەتەوە.

لە سەردەمی دەسەڵاتی ساسانیدا لە ئێراندا (227-651پ.ز) کە خۆیان بەجێگرەوەی هخامەنشییەکان (ئەشکانییەکان) دادەنێن، زۆرینەی خاوەن ئاینەکان لە جەژنی نەورۆزدا هاوبەشییانکردووە بەتایبەتی زەردەشتییەکان بە جەژنێکی میللی ئێرانیان داناوە.

خاوەنی کتێبی : (( ئێران لە ڕابردوو و ئێستادا دەڵێ: نەورۆز سەرەتای ساڵی نوێیە کە یەکەم ڕۆژی

بەهارەو سەرەتای هەوا خۆشی ڕۆژە لەبەهارداو ئامادەبووان بۆ جەژنەکە بەر لەدەستپێکردنی بە 15 ڕۆژ هەموو خێزانێک دانەوێڵە ئاو دەدەنو بە سەوزی بەرهەمی دێنن هەتاکو قەدەکەی بەرز دەبێتەوە، ئەو کاتە دەیکەنە بەڵگە بەهاتنی بەهار کە ڕۆژی خۆشیو شادیەو پیاو لەو ڕۆژەدا دەگەڕێو مەشخەڵی ئاگری لەجادەکاندا بەدەستەوەیە (12).

سەرئەنجام: لە بەر تیشکی ئەو زانیاریانەی سەرەوە بە پێی ئەو بەڵگانەی لەسەری دواین گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین:

1. نەورۆز وەکو جەژنێکی نەتەوایەتی کوردی سەرهەڵدانی بۆ هەزارەی یەکەمی پ.ز دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژگارەی کە دەسەڵاتی ماد لە ئێراندا بووەتە خاوەنی دەسەڵات. جەژنەکەش بەشێکە لە ئاینی خۆرپەرستی، بۆیە لای دانیشتوانی وڵاتەکە بەرزو پیرۆز ڕاگیراوە. بەڵام بەر لەو مێژووە واتە گەڕانەوە بۆ چاخی میتانی لەناوەڕاستی سەدەی 15ی پ.ز دەتوانین ناوی جەژنی دارو درەختی لێ بنێین. لەسەردەمی دەسەڵاتی هخامەنشیدا (-550 330 پ.ز) فارسەکان سودیان لەو جەژنە دیووە دوای نەمانی دەسەڵاتی ماد کە کردوویانەتە جەژنێکی مەزهەبی.

2. جەژنی نەورۆز هەر بە سنووری ئێرانەوە نەوەستاوە بەڵکو لە ناو گەلانی ئاسیای کۆنیشدا بەهەمان شێوەی گەلی کوردو فارس باو بووەو لەو بۆنەیەدا ڕێورەسمی ئاهەنگێڕان ئەنجامدراوەو گرنگی زۆریان پێداوە. هەریەکێکیان بەڕێگای تایبەتی خۆی یادی کردۆتەوە، بەڵام لای هەموو ئەو گەلانەش لەناوەڕۆکدا جەژنەکە یەکدەگرێتەوە. جەژنەکە دوورتر لەو سنوورەش ڕۆشتووەو ساڵانە یادکراوەتەوە لە ژێر ناوی تردا.

## سەرچاوەو پەراوێزەکان


1. عەبدولعەزیم ڕەزای شەریف فەلاح / مێژووی نەورۆزو کرۆنۆلۆژیای ئێران/ پێداچوونەوە/ جەلیل عەباسی/ چاپی یەکەم 2013/ خانەی موکریانی بۆ چاپو بڵاوکردنەوە ل159.

2. الدكتور عبدالنعيم محمد حسنين/ قاموس الفارسيه/ فارسي – عربي/ ص757.

3. الدكتور محمد التونجي/ المعجم الذهبي/ فارسي- عربي/ بيروت / ص577.

4. احمد سياح/ فرهنگ دانشگاهی 2/ فارسی/ عربی/ چاپ دوم / ص755.

ماجد عبدالله الشمس/ الحضارة والميثولوجيا في العراق القديم/ الطبعة الثالثة 2009 / ص31.

6. کەمال نوری مەعروف/ هەندێک شوێنەواری دێرینی بەر لە مێژوو و مێژوویی کوردستان/ چاپی یەکەم 2010/ بەڕێوەبەرێتی چاپوبڵاوکردنەوەی سلێمانی / ل175.

7. الدكتور عبدالفتاح محمد وهيبه/ جغرافيه الانسان/ ص119.

8. میتانی: گەلێکن لەگەلانی هیندو ئاری کەلە کۆنەوە لەکوردستانی گەورەدا ژیاونو دەسەڵاتیان هەبووە، زەمانەکەیان نزیکە لە زەمانی ئۆراتی بەمانا زەمانی ناوچەی ئەرمینیای کۆن. هەتاکو ئێستاش چەند جۆرێک پاشماوەی هونەریان دۆزراوەتەوە. کە بۆ ناوەڕاستی هەزارەی سێیەمی پ.ز دەگەڕێنەوە، وەکو پەیکەری شێری حەوجۆش لە نیساریو پەیکەری پادشای ئورکیش.

بڕوانە: أندري بارو، بلاد ئشور، ترجمه و تعليق دكتور عيسى سلمان و سليم گه التكريتي 1980 بغداد ص360.

9. بەڵگەی دکتۆر سافراستیان کە دەڵێ: گەلێک نەبووە بەناوی میدیەکان بەهۆی ئەوە بووە کە لە مۆرە لولەییەکاندا وشەی میدا هاتووە کەلە بنەمادا بەمانای زەوی یان وڵات دێت هەروەکو دەگوترێ (میدا گۆتیۆم) بەمانای وڵاتی گۆتۆ، یان (مید عیلام) کەمانای وڵاتی عیلام دەگرێتەوە. بابلیەکانیش هەربەو جۆرە کەوتوونەتە هەڵەوە بەهۆی ئەوەی زانیارییەکانیان لەسۆمەریەکان وەرگرتووە. سەبارەت بەوشەی (میدا) وایانزانیوە کەناوی وڵاتێکی ناسراوە، یان گەلێکە لە گەلەکان، لەگەڵ ئەوەشدا کەنەیانتوانیوە سنووری ئەو وڵاتە دابنێن یان دەستنیشانی ئەو گەلە بکەن. ئاشووریەکانیش بەهەمان دەستوور ئەو هەڵەیان لە بابلییەکانەوە وەرگرتووە. ئێرانیەکانیش بەهەمان شێوە لە ئاشوورییەکانیان گواستۆتەوە. نووسەرە ئەوروپیەکانیش وەکو خۆی لە نووسەرە یۆنانیە کۆنەکانیان وەرگرتووە.

10. الدكتور سامي سعيد احمد، رچا جواد الهاشمي/ تاريخ الشرق الادنى القديم (ايران والاناچول) ص77.

11. حسن پيرنيا/ ايران باستان (تاريخ مفصل ايران قديم ) ج1 / 1322 چاپ دوم/ ص192.

12. کەمال نوری مەعروف / هەمان سەرچاوەی پێشوو ل275، هەروەها: گۆڤاری هەزارمێرد ژمارە 2 ساڵی یەکەم 1997 ل-79 80.

13. خالد السيد محمد غانم/ الزرادشتية (تاريخا وعقيدة وشريعة) (دراسة مقارنة) / المراجعة التاريخية والتقديم د. منذر الحايك / ط2 منقحة 2009 ص241.

# جەژنی سەری ساڵ    اکیتو، زمگوگ، نەورۆز



**ئا: ڕەحیم سابیر**

(ای. کی. تیل) داهێنانێکی سۆمەریەو، ماناکەی (جارێکی تر زیندوبونەوەی زەوی) دەگەیەنێت، هێمایە بۆ سەری ساڵ، هەر سۆمەریەکان بوون سەری ساڵیان بەشێوەیەکی ڕوونو ئاشکرا داهێنا، خوداوەندەکان لە ئاسماندا کۆبونەوەو بڕیاری (نام- تار)ی هەموو ساڵێکیان دەرکرد بۆ چارەنوسی گەردونو زەویو بۆ دواتر مانگی داهاتو، دواجار ئەو ناوە لە (ای. کی.تیل)ـەوە بوە ((اکیتو Akitu)) لای بابلیو ئاشووریەکان چەند ڕۆژێک بەو بۆنەیەوە ئاهەنگیان دەگێڕا، لەسەردەمی ئاشووریدا زیاتر جەژنی سەری ساڵ پەرەی سەند، ڕۆژی یەکەم شاردنەوەی پادشابوو لەخەڵکەکە، واتە لەم ڕۆژەدا پادشایان بەدیل دەگرت، هاوشێوەی (مردوخ) ی خوداوەند دیلیان دەکردو گەورە کاهنی پەرستگا تاجەکەی لەسەر سەری پادشا لادەبرد، لەگەڵ گۆچانی دەسەڵاتو هەموو جلوبەرگەکەی دادەکەنراو دوچاری لێدانو سزا دەکرایەوە، هەر بۆیە پادشا لەبری خۆی کەسێکی تری دادەنا بۆ ئەوەی ئەو ڕۆڵە ببینێ، لەڕۆژی دووەمدا (مردوخ) ئازاد دەکرا، هەروەها لەڕۆژی سێهەمدا پادشاش ئازاد دەکرا، دواجار سرووتی هاوشێوەی جەنگ لەلایەن پادشاوە دەگێڕدرا تا ڕۆژی ماڵی (اکیتو) بۆ ئاهەنگێڕانی بۆنەی سەری ساڵو خوانێکی گەورە ئامادە دەکرا، لەڕۆژی چوارەمدا ئەو کەسانەی کەبەشداری سرووتی ژنهێنانی پیرۆزیان دەکرد ئامادە دەکران، بەڵام بەدرێژایی مێژوو ئەو ئاهەنگە گۆڕانی بەسەردا هاتوتا لە هەزارەی یەکەمی پ.ز دا بووە بەشێک لە (اکیتو) واتە جەژنی سەری ساڵو یانزە ڕۆژ ئاهەنگەکە بەردەوام دەبوو، مەسیحیەکانیش ئەم سرووتەیان بۆخۆیان وەرگرتو کردیانە جەژنی خوداوەندی خۆر(میترا) چەند ڕۆژێکیان بۆ ئاهەنگگێڕان تەرخانکرد، بەو پێیەیی، کە (میترا)خوداوەندی جەنگاوەرەکانی ڕۆمایە، (د.زهیر کاظم عبود)لە کتێبەکەیدا بەناوی (التنقیب فی التاریخ الایزدی القدیم، ل٨٩ - ل٩٩ دەڵێت (لەکتێبی هاری ساکێ) دا بەناوی (شارستانیەتی دۆڵی رافدەینی دێرین) دا، کە (د. عامر سلێمان وەری گێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی) ئەو پەرستگایەی کە لە باکووری نینوی هەیە ناوی (پەرستگای ایزیدا کلا)یە بەمانای ئەفرێنەری گشتی نەئەفرێندراو، یان خوداوەندی لەدایک نەبوو، هەروەها نوسەر (حسو اومریکو) دەڵێت: ئەو پەرستگایە لەناوچەی (لالش)ـە لە ساڵی 1760 پ.ز لەسەرەتای سەردەمی بابلی یەکەمدا حامورابی تێکی داوە، شوێنەواری ئەو پەرستگایە تا ئێستاش هەرماوە، (شمو قاسم الدنانی) نوسەر باس لەپەرستگای (ایزیداکلا) دەکاتو دەڵێت: (لەو پەرستگایەدا بۆنەی جەژنی سەری ساڵ دەگێڕدرێت کەپێی دەڵێن (اکیتو)و سۆمەریەکان کاتی خۆی پێیان وتوە (زگموگ)، ئەم سرووتەش پێی دەڵێن: ئاهەنگ گێڕانی ماڵی (اکیتو) لای ئێزدیەکان (سەری ساڵی) وەک سەری ساڵی بابلیەکان وایە لەهەفتەی یەکەم لە مانگی نیسان دەست پێدەکاتو چەند ڕۆژێک دەخایەنێت، لەم ڕۆژەدا ژنهێنان قەدەغەدەکرێت لەبەر ئەوەی فریشتەکان ژنو ژنخوازی دەکەن لەم ڕۆژەدا و زەویش سکپڕە بەدەنکە گەنم دواجار مەلەک تاووس لەشێوەی دەنکە گەنمێک دەردەکەوێت ئەمەش وەک هەستانەوەی (دموزی) سۆمەرییە لەسەرەتای بەهاردا، دیارە ئەفسانەکانی پێشوی ڕێوڕەسمی ساڵانە شوێنێکی گرنگ لەمیتولۆژیای گەلانی کشتوکاڵی پێشکەوتو داگیردەکات، بەشێوەی هێمایی دامەزراندنی سووڕی سروشتو کاریگەریەکانی بۆسەر ژیانی مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە، ئەفسانە کشتوکاڵیەکان، کە دەربارەی ئەو خوداوەندانەی دەمرنو دواجار زیندو دەبنەوە دەدوێت لای گەلانی دۆڵی رافدەین هەن وەک (تموز- دموزی)، شێوەی گەورەی ئەم ئەفسانەیە لەزەوی ئابووری سەرەتایی کۆمەڵگەی شاخەکانی زاگرۆس لە چەرخی نیولیتیدا باسی لێوەکراوە، بەڵام پاڵەوانی کەسایەتیەکان گۆڕدراون لەبەر ئەوەی کوردستانی دێرین بەشێک بووە لەدۆڵی رافدەین، بەتایبەتی هەردوو نەتەوەی یان گەلی خەمازیو خوری، گەر لەدیارترین تایبەتمەندیەکانی ئایینی سۆمەری- بابلی بگوازینەوە بۆ ناوەڕۆکی باوەڕی ئایینی خۆی ئەوا ئەو بیروباوەڕو سرووتانەی کەتایبەتن بەئەفراندنو بەپێتی گرنگترین پرەنسیپ بوون، کەبوونە

کۆڵەکەی هزری ئایینی، ئەمەش لەسەرچاوە بسماریەکاندا بۆمان دەردەکەوێ، کە دەمانباتەوە بۆ بابەتی سەرەکیو پەیوەندە بەبڕوای (بەپیتی)و لە (انانا)و (دەوزی)دا خۆی دەبینێتەوە، بەتایبەتی چیرۆکی ئەفراندن، ئەم بڕوا بوونە بە ئەفسانەی ئەفراندن بووە هۆکارێک بۆ سەرهەڵدانی ئەوەی پێی دەڵێن ئاهەنگی سەری ساڵ، کەساڵانە لەدۆڵی رافدەین بەڕێوەدەچوو لەمێژووی شارستانیەتی بابلدا،جەژنی بەهاری ساڵانەی بابلی لە دوو جەژنی کۆن پێکهاتووە، کەهەردووکیان لەیەک جەژندا تێکەڵ کراون.

یەکـەم: جەژنـی دروێنەکـردن، کەلـە هەیڤـی یۆلیـۆدا دەکرێـتو تێیدا سـرووتەکانی شـیوەنکردن بۆ تەموزی کوژراوی ڕۆحی گەنم ساز دەکرا.

دووەم: جەژنـی بەهـار کەلـە گـەڵ وەرچەرخانـی بەهـاردا بوو تێیدا سـرووتەکانی ئاهەنـگ گێڕان بەهۆی زیندوبوونـەوەی ڕۆحـی گەنمی کـوژراوەوە سـازدەکرا، پاشـتر ئاهەنگی بەهاران بۆبیستو پێنجی نیسان دواخرا هەردوو ڕێورەسـمەکە پێکەوە لەیەک جەژنی سێ ڕۆژیدا پوختەکرانـەوە، یەکێک لەو سـروتانەی کەدوای جەژنی سـەری سـاڵ دەکرێت، واتـە دوای تەواوبوونی جەژنەکە پادشا هەڵدەستێت بەهاوشێوەکردنی کەسایەتی (مردوخ) ی خوداوەنـد، پاڵەوانـی ئەفسـانەی ئەفراندنـی بابلی، ئەمەش بەهۆی شـەڕکردن لە گەڵ (کنکو) سـەرکردەی لەشکری (تیامە)و سەرکەوتن بەسەریدا، ئەم ڕێورەسمە بەشـێوەی شانۆگەریەکی ئایینی دەکرا، کە گوزارشتێکی نواندن بوو بۆ ڕووداوەکانی ئەفسانەی ئەفراندن.

بەڕێوەبردنـی ئـەم ئاهەنگـە هەمـوو سـاڵێک شـتێکی پێویستیو زیندەگیانە بووە لەڕوانگەی تاکی ئەو چەرخە دێرینـەدا، لەبەرئـەوەی لـەو چەمکـەدا ڕاڤـەی دیاردە سروشـتیو شارستانیەتەکەی تیادابوو، بەمەشیان دەوت (سـرووتی ژنهێنانی پیرۆز)، وەک پەیمانێک بوو لەنێوان خوداوەندە نەمرەکەداو بەشـەرە لەناوچووەکاندا، پادشا یان فەرمانـڕەوا نوێنەرایەتی خوداوەندی مردو (دوموزی) ی دەکات، بەڵام ژنەکەی دوموزی یەکێک لە ژنەکە هەنە پاکیزەکان بەو ڕۆڵە هەڵدەسـتا، ئەمەش لەپەرسـتگای (انانا) بەڕێوە دەچوو، دوای ئەو بۆنەیە پیتیو زۆربوونی وەچە لەلایەن مێ خوداوەند (انانا)ی پیتیو خۆشەویستیو جەنگەوە پێشکەش بەوڵاتی سۆمەر دەکرا،ئەمەش لەڕێی پادشـا یان فەرمانـڕەوای وڵاتەوە دەکـرا، ئەم بیرۆکەیە ڕاسـتیەکمان پیشـان دەدات کەپادشا بەشەرەو دەمرێو نەمـر نیە، هـەر بۆیـە نوێنەرایەتی خوداوەنـدی مردوو دەکات (نیـوەی خوداوەندی نەمرەو نیوەکەی تر مرۆڤی لەناوچـووە)، وەک دەنکـە گەنمێـک دەردەکـەوێو لـە بەهاردا دەچێنرێو کورسـی عەرشـەکەی بـۆ نەوەکانی دوای خـۆی دەمێنێتەوە، بـەڵام (انانا)ی مێ خوداوەند، کـە سـووڕی پیتی نەمری پێشـکەش دەکات، گەر لەناو



بچێت یان بمرێنرێت ئەوا وڵات دوچاری وشکبوون دەبێت، لەبەرئەوەی بەمردنی خوداوەند زەوی وشک دەبێت بەمەش سەرەتای ناوەڕۆکی باوەڕبوونی دینیە بەشێوەیەکی ڕێکوپێکو تۆکمە لەکۆمەڵگەی خودا هانەی سۆمەردا،گەلانی تر دوای سۆمەریەکان ئەو کردەوەیەیان وەرگرتو بۆیان مایەوە هەندێکیان ئاڵوگۆڕیان تێداکرد بۆ ئەوەی لەگەڵ ژیانی کۆمەڵایەتیاندا بگونجێت، سرووتی ئەم ژنهێنانە پیرۆزە لە سەرەتای بەهاردا دەستی پێدەکرد ئەمەش بەپیتکردنی دەنکە گەنمێکو دواجار دەنکە گەنمەکەیان دەخستە ناو چاڵێکەوە، ئەمەش ڕێکەوت بوو لەگەڵ هەستانەوەی (انانا) و (دوموزی) خۆشەویستی لەجیهانی ژێرەوە، کە بە شێوەیەکی هێما یی دەچوو



بەڕێوە لە بەر ئەوەی ڕۆڵی (دوموزی) بۆ جیهانی ژێرەوە یان مردنی کرداری چاندنی دەنکە گەنمەکەیە لە ژێرگڵدا، بەڵام کرداری دروێنە هاوشێوە بوو بەکرداری بڕیاردان بەسەریدایەو بردنی لەلایەن عفریتەکانەوە بۆ جیهانی ژێرەوە، بەڵام (دوموزی) بەبەردەوامی لەدۆزەخدا نامێنێتەوە بەڵکو شەش مانگ لە گەڵ چەکەرەکردنی گەنمدا دێتەوە سەر زەوی، ئەمەش گرێدانی کشتوکاڵە بەخوداوەندی پیتو ژنەوە، کەئەمە بیرۆکەیەکی بلیمەتانەی تیۆلۆجیە سۆمەریەکان بووە، بەلای مرۆڤی یەکەمین ئاوەدانیە کشتوکاڵیەکانەوە نەدابەزینی عەشتار- انانا بۆ جیهانی ژێرەوە مردن بوو نە سەرکەوتنەکەشی زیندوبوونەوە بو، چونکە ئەو

خۆی خودانی هەموو دنیاکەیە، بەشێکی ساڵ لەجیهانی سەرەوەدا بەسەردەبات تاوەکو خێرو بەرەکەتو ژیانی پێببەخشێت پاشان بەشەکەی تری ساڵ دادەبەزێت بۆ جیهانی ژێرەوە بۆ ئەوەی فەرمانڕەوایی مردوان بکاتو جیهانی زیندوان لەنەهاتدا بەجێ دەهێڵێت.

زانینی مرۆڤی دێرین بۆ ئەفسانەکان واتە بەمێژووە پیرۆزەکەی خۆی شتێکی پێویستبوو نەک تەنها ڕاڤەیەکی نهێنی گەردونی پێدابوو، بەڵکو لەبەر ئەوەشبووە بەهۆی بیرهاتنەوەی ئەفسانەکانو لەڕێی گەڕانەوەی ڕوداوەکانەوە بتوانێت ئەوەی، خوداوەندو پاڵەوانو باپیرانی بۆی دروستکردون لەپێشدا بگەڕێنێتەوە، بۆیەش شتێکی لۆژیکی بووە، کەسۆمەریو بابلیەکان ساڵانە ئاهەنگی سەری ساڵ بگێڕن کەبە سۆمەری پێیان دەوت Zagmukku بە ئەکەدی پێی دەوترا Zagmug)، یان Reshshatti، هەر بۆیە بەپێویست دەزانرا کە سرووتو سرووتی ژنهێنانی پیرۆزی بۆ بگێڕن وەک چۆن خوداوەندەکان لەپێشدا کرداری بەپیتیان کردوە ئەمانیش بەو شێوەیە بیکەن، لای خورییەکانیش ئەمجۆرە ئاهەنگە سازکراوەو لەگشت ناوچە خورییەکان ئاهەنگی ساڵانە ئەنجامدراوە، بەڵام بێجگە لە خاتو شا لەهیچ ناوچەیەکی تر تێکستی نووسراو نەدۆزراوەتەوە کەباس لە ڕێورەسمی چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەمجۆرە ئاهەنگانە بکات لەسەر دوو تابلۆدا کەبەشێکی بەزمانی خوری نوسراوەتەوە باس

لە ئاهەنگی وەرزی زستان دەکات کە تیایدا دەردەکەوێت ئەم ئاهەنگە بۆ ماوەی (٤) چوار ڕۆژ بەردەوام بووە. ئەم ئاهەنگەش بۆ خوداوەند (شاووشکا)- ئیشتار- عەشتاری) نەینەوا تەرخانکراوە، لە چەرخی (کودیا نزیکەی ٢١٥٠ پ.ز) پادشای وەچەی (لکش ی دووەم) ئەم ئاهەنگە بەڕێوەدەچوو، دیارە مانگی نیسان لای زۆربەی گەلە دێرینەکان گرنگیەکی تایبەتی کشتوکاڵیو بوژاندنەوەی زەوی دەگەیاند بۆیە ناوی مانگی (نیسان) کە مانگێکی گەلانی دێرینی میزۆپۆتامیاو دۆڵی رافدەینە لەم مانگەش گوڵاڵەیەکی سوور لەکوردستان دەڕوێتو پێی دەڵێن نیسان ئەم ناوەش لە (نوێ زان، نوێ ساڵ) هاتووە واتە ساڵی نوێ بونەوە یا بوژاندنەوەی زەویو زایینی گیانلەبەران دەگەیەنێت لەو مانگەدا، هەروەها ئاگرکردنەوە لەو ڕۆژەدا وەک ڕۆژێکی نوێ، کەدواجار بووە ئاگری نەورۆزو بووە سمبولێکی ئایینیو دواجار نەتەوەیی لای گەلی کورد ئەو ئاهەنگە ئاهەنگێکی سەرکەوتنە بەسەر ئەژدەهاکی زۆردارو لەهەمانکاتدا بووە ڕۆ ژێکی نوێ کەتاریکیو زۆرداری نەماو هاتنەکایەوەی ڕووناکی، بەو بۆنەیەوە کردیانە ڕۆژێکی نوێ (نەورۆز) لەو ڕۆژەدا ئاگرکرایەوەو کرایە جەژنێکی ساڵانەو کە خۆی لەشانۆگەریەکی یان سرووتێکی هاوشێوەدا بەدی دەکاتو خەڵکان ڕۆڵی کاوەو ئەژدەهاک دەبینن لە ٣/٢١ی هەموو ساڵێکدا، کەدەکاتە ١/١ سەری ساڵی سۆمەریو سەری ساڵی کوردی، لەهەمانکاتدا کردنەوەی ئاگر مەشخەڵی پیرۆزو هێمای ئایینی زەردەشتی دەگەیەنێت لای کوردان، کە ئەمەش مێژوویەکی دێرینی هەیە، بۆیە هەردو سرووتی سەرکەوتنو جارێکی ڕوونککردنەوەی ژیان دژی زۆرداریو تاریکی ئەژدەهاک ئەوجا چرۆکردنی گژوگیاو بوژاندنەوەی زەوی لەدوای زستانو وشکبوونی زەوی هەمووی لەمانگی سێو سەرەتای مانگی نیسان دەست پێدەکات، بۆیە کوردەکان زیاتر ئەو جەژنەیان وەک جەژنێکی نەتەوەیی سەیرکردووە، کە سەرکەوتن بەسەر تاریکیو ستەمی ئەژدەهاکو بوژاندنەوەی زەویو هاتنی بەهار لەدوای زستانێکی سەخت بوە بەشێک لە کۆنەستی مێژووی گەلی کورد کەتا ئێستاش ئەو سرووتو ئاهەنگانە بەردەوامن، کردنەوەی ئاگر بنەچەیەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئاگری سۆمەری، ئەمەش لەو وەسیەتەدا هاتوە کە (خوداوەند انکی حەکیم)ی سۆمەری کەبۆ (کولگارو) و (کولاتورو) دەربارەی کردنەوەی ئاگر لە ژێر ئەو دارەی کەلاشەی (انانا)ی خوداوەندی پێوە هەڵواسراوە لەجیهانی ژێرەوەدا واتە (کور)ی (دۆزەخ) ئەمەش دوای ناردنی بۆ دۆزەخ لەبەر هەر هۆیەک بێت. (انکی) پێیان دەڵێت ساڵێک لەخواردنی یان خواردنەوە لەدۆزەخدا ئەوا پێویستە لەسەرتان ئاوبدەن بە (انانا)و ئاوی ژیانی بدەنێ، (انکی) وەسیەتێکی تر دەڵێت ئەویش ئاگرکردنەوەیە لە ژێر ئەو دارەی کەلاشەی (انانا)ی پیادا هەڵواسراوە، ئەمە لەوانەیە بەسەرەتای پەرستنی ئاگر بێت لای سۆمەریەکان بەو شێوەیە هاتنی بەهارو بەپیتی یە لەوڵاتدا، ئەم نەریتە لای بابلو ئاشووریەکان بوە شتێکی باو ساڵانە ئاهەنگیان دەگێڕا بەو بۆنەیەوە ئاگریان دەکردەوە، ئەمەش لای گەلانی دۆڵی دوزیو میزۆپۆتامیاو گەلانی دێرینی ئێران بووە شتێکی باو زۆر هێمای تری لەخۆگرت، کە زۆرجار ئەو جەژنە واتە جەژنی (اکیتو)و (زگموگ)و (نەورۆز) بەجەژنی دارودرەختیش ناونراوە. لای مندائیەکان بەجەژنی زەکریا یان بەجەژنی لەدایکبوونی یحی ی کوڕی ناو دەنرێت. هەندێ لەگەلان وەک باسمانکرد بەجەژنی دارودرەخت ناوی دەهێنن، چونکە لەسەرەتای مانگی نیساندا دارودرەختو گژوگیا چرۆ دەکەن.

بەڵام لای میسریەکان، ڕۆژی نوێ دەکەوێتە سەرەتای ساڵی **قبطی** (١١ سبتمبر) کەلەم ڕۆژەدا ڕووباری (نیل) بەرزدەبێتەوە وەک لافاوی لێدێت بەهۆی ئەم ڕووداوەوە ئەو ڕۆژەیان کردووەتە بیروباوەڕی خۆیانو جەژنی سەری ساڵی خۆیان. بۆیە دەتوانین بڵێین جەژنی نەورۆز لەڕووی ئایینیو نەتەوەییەوە پشکێکی بەر گەلی کورد دەکەوێت چونکە گەلێکی دێرینە لەناوچەکەداو ئەویش وەک گەلانی تری ناوچەکە جەژنو ئاهەنگەکانی گێڕاوەو بۆنەکانی بەسەرکردۆتەوە.

سەرچاوەکان:

١. لغز عشتار - فراس السواح - الطبعة الثامنة ٢٠٠٢ سورية.
٢. الاساير السومرية- تأليف، صموئيل نوح كريمر، ترجمة يوسف داود عبدالقادر ، بغداد ١٩٧١.
٣. التنقيب في التأريخ الايزدي القديم - زهير كاظم عبود- دار سثيريز للطباعة والنشر. دهوك ٢٠٠٦.
٤. شارستانییەتی خورییەکان- گێرنوت ڤیڵهێم - و. ئارام جەلال هەمەوەندی. دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی چاپی یەکەم ٢٠٠٩.

# خوێنی شەهیدان

## پاراستنی بڵێسەی ئاگری نەورۆزە



ئامادەکردنی: بەیان محەمەد

یادکردنەوەی جەژنی نەورۆزی ئەمساڵ، لەگەڵ ساڵانی پێشوودا جیاوازی زۆری هەبوو. ئەمساڵ نەتەکەمان لەگەڵ تاریکستانی داعشدا دووچاری شەڕێکی نەخوازراو بۆتەوە، پێشمەرگە قارەمانەکانیش لەباشوورو ڕۆژئاوادا لەسەنگەری بەرگریدان.. ئەمە ڕێرەوی یادکردنەوەی جەژنی نەورۆزی گۆڕی.

بۆیە (کۆمەڵەی کەلەپوورو فۆلکلۆری کورد)، لەو بەڵێنو پەیمانەی بەنەورۆز پەروەرانی دابوو، کەساڵانە لەگردی مامە یارە یادکرنەوەی جەژنی نەورۆز بەرجەستە بکات، لەبەر ئەو ڕەوشە ناهەموارەی بەسەر گەلەکەماندا هاتووە پاشگەز بۆوە، چونکە کەشوهەوا لەبار نیە، ئاهەنگسازی بۆ جەژنی نەورۆز بکرێت، لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستاندا ناگونجێت.

بۆیە لە ژێر ئەو دروشمەی سەرەوەدا سەرۆکی کۆمەڵەی کەلەپوور بانگهێشتی هەر یەک لە بەڕێوەبەری (بەڕێوەبەرێتی کەلەپووری کورد)و سەرۆکی کۆمەڵەی هونەری میللی کوردستان)و (ئەکرەمی ساڵحی ڕەشە)ی کەسایەتی شاری سلێمانی کرد، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چۆنیەتی یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز.

بۆ ئەم مەبەستە کاتژمێر (٣)ی داونیوەڕۆی ڕۆژی شەممە (٢٠١٥/٢/٢١) لەبارەگای کۆمەڵەی کەلەپوور هەتاکو کاتژمێر (٥، ٣٠)کۆبونەوە.

ئەوانیش بریتی بوون لە بەڕێزان:

هەواڵەی کتێب



١. برایم ئەحمەد، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی کەلەپووری کورد.
٢. جەزای ساز، سەرۆکی کۆمەڵەی هونەری میللی کوردستان.
٣. ئەکرەمی ساڵحی ڕەشە، وەکو کەسایەتی شاری سلێمانی بانگهێشت کرابوو.
ئەندامانی کۆمەڵەی کەلەپوریش، بریتی بوون لەم بەڕێزانە:
١. محەمەد مەردان.
٢. کاوە ئەدیب.
٣. قادری حاجی عەزیز.
٤. عەبدولستار تۆفیق (شارباژێڕی).
٥. عومەری کەریم ئاغا.
٦. هیوا هەیەر ڕەحیم.
٧. بەیان محەمەد عەبدوڵڵا.
٨. خەیام کارگەچی.
بەکۆی دەنگ لەسەر ئەم خاڵانە ڕێکەوتن:
١. ئەبێ لیژنەکە لەگەڵ بەڕێز پارێزگاری سلێمانیدا کۆببنەوەو ناوەڕۆکی دانیشتنەکەی لەگەڵدا باسبکەن.
٢. ئەبێ وەکو تحدی یادەکە بکرێتەوە، لەهەمانکاتدا وەڵامێکیش ئەبێت بۆ داعەشو دوژمنانی کورد.
٣. ئەو بەڕێزانەی بەشدار ئەبن، ئەبێت خۆبەخشانە کار بۆ یادەکە بەکەن.
٤. ئەبێ ڕەنگدانەوەی شکۆمەندی ڕۆحی شەهیدان لەیادەکەدا دیاربێت.
٥. داوا لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی حکومەت، کۆمەڵەو ڕێکخراوە ناحکومیەکان بکرێت، بۆ بەشداریکردن لەیادەکەدا.
٦. وێنەی شەهیدانی بەرگری لەخاکو نیشتمانی کوردستانو بەرەنگاربوونەوەی داعش لەپردی خەسرەو خاڵەوە هەتاکو حەسیب ساڵح بەدار تێلەکانی شەقامی سالمدا هەڵبواسرێن.
٧. زیاتر بایەخ بەسرودە نیشتمانیەکان بدرێت.
٨. کاوەو پیرەمێرد، وەکو ساڵانی پێشوو ڕۆڵی خۆیان ببیننەوە.
٩. دەستنیشانی (٥) شاعیر بکرێت، بۆ خوێندنەوەی شیعر، بەمەرجێک لەچوارچێوەی یادەکەدا بێت.
١٠. یەک وتاری هاوبەش ئامادە بکرێت.
١١. وەکو هەموو ساڵێک ساڵنامەی (گڕی نەورۆز) چاپ بکرێت.
١٢. یەک شانۆی سەرەکیمان بۆ نمایشی برگەو بابەتەکان هەبێت.



# لەنەورۆزی بەرگریداهەموومان پێشمەرگەین

بەڕێز دکتۆر ئاسۆ فەریدوون پارێزگاری سلێمانی، بۆ هەمان مەبەست لە ڕۆژی ٢٠١٥/٢/٢٢ لیژنەیەکی لەم بەڕێزانە پێکهانی:

هەرێمی کوردستان ـ عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی ناوخۆ / پارێزگای سلێمانی
بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی گشتی

أقليم كردستان ـ العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة الداخلية/ محافظة السليمانية
مديرية الأدارة العامة

Kurdistan Regional Government
Council Of Ministers
Ministry Of Interior/ Slemani Governorate

ژمارە: No:
ڕێکەوت: / / ٢٠١٥ Date: / / 2015

**ـ فەرمان ـ**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە دەسەڵاتە کارگێڕییەکان .......
**بڕیارماندا بە:**
- پێکهێنانی لیژنەیەک لەم بەڕێزانەی لای خوارەوە ناوو ناونیشنیان هاتووە بۆ (نەورۆزی بەرگری) ساڵی /٢٠١٥.

| ژ | ناوی سیانی | ناونیشان و شوێنی کار | پلە |
|---|---|---|---|
| ١ | محمد فتاح محمد | بەڕێوەبەری گشتی ڕۆشنبیری هونەری سلێمانی | سەرۆکی لیژنە |
| ٢ | نجم الدين علي احمد | بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی | ئەندام |
| ٣ | بهالدين محمد عبدالرحمن | بەڕێوەبەری گشتی شەهیدان و ئەنفالکراوان/ سلێمانی | ئەندام |
| ٤ | يوسف ياسين محمد | سەرۆکی شارەوانی سلێمانی | ئەندام |
| ٥ | عميد عبدالله محمد عبدالله | لیوای (١)یەکی پاراستنی سلێمانی | ئەندام |
| ٦ | نەورۆز عباس سعيد | بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی سلێمانی | ئەندام |
| ٧ | هونەر توفيق محمد | ڕاگەیاندکاری پارێزگار | ئەندام |
| ٨ | ابراهيم احمد | بەڕێوەبەرایەتی ئەنتۆگرافی سلێمانی | ئەندام |
| ٩ | محمد مردان | کۆمەڵەی کەلەپوری کورد | ئەندام |

**د. ئاسۆ فريدون علي امين**
**پارێزگاری سلێمانی**
**٢٠١٥/٢/٢٢**

وێنەیەک بۆ//
- نوسینگەی تایبەت.
- کارگێڕی گشتی.
- بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری هونەری سلێمانی
- بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی سلێمانی
- بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی شەهیدانو ئەنفالکراوان
- سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی
- لیوای (١)یەکی پاراستنی سلێمانی
- بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندنی سلێمانی
- بەڕێوەبەرایەتی ئەنتۆگرافی سلێمانی
- بەڕێوەبەرایەتی کەلەپوری سلێمانی
- کۆمەڵەی کەلەپوری کورد

(بۆ ئاگاداریتانو کاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا.)

- سەرۆکو ئەندامانی لیژنەکە/ بۆ کاری پێویست لەگەڵ ڕێزدا.
- دۆسیەی تایبەت.
- خولاو.

www.Sulgov.com

NAJA / 30

٢٠١٥/٠٢/٢٢

ڕۆژی سێشەممە ۲۰۱٥/۲/۲٤

جگە لە بەڕێز (محەمەد فەتاح)، کەلێرە نەبوو (لەجێگەی هۆشیار ئەحمەد، ئامادە بوو) کاتژمێر (٤)ی عەسر لەگەڵ بەڕێز د.ئاسۆ پارێزگاری سلێمانی لە پارێزگای سلێمانی کۆبوونەوە.

لەم دانیشتنەدا یەک دوو خاڵ نەبێت گۆڕانکاری بەسەردا هات، تەواوی خاڵەکانی لیژنەی دانیشتنی کۆمەڵەی کەلەپوور کران بەبنەمای کارەکانی یادەکە.

بڕیار درا وتاری فێستڤاڵ بەڕێز پارێزگار بیخوێنێتەوە. هەروەها ژێر پردی ئەندەر پاسەکەیش دیاریکرا بۆ نمایشی وێنەو یادگارییەکانی شەهیدان.

دروشمەکەیش گۆڕا بە (( لەنەورۆزی بەرگریدا هەموومان پێشمەرگەین)).

یادەکە لە (٤)ی عەسرەوە هەتاکو (۷)ی ئێوارە درێژەی هەبێت. بەردەم سلێمانی پالاس دیاریکرا بۆ شوێنی سەرەکی یادەکە، ئەویش بەڕێوەبەرێتی کەلەپووری کوردو کۆمەڵەی کەلەپوورو فۆلکلۆری کورد، سەرپەرشتی بکەن.

ڕۆژی یەکشەممە ۲۰۱٥ /۳/۱ بۆ جاری دووەم لیژنەکە کاتژمێر (٦)ی ئێوارە لەگەڵ بەڕێز پارێزگاری سلێمانی کۆبونەوە. قسە لەسەر تەواوی برگەو بابەتەکان کرا.

د. ئاسۆ وتی: جوان ئەبوو کوردانی هەر چوار پارچەکە لەکاتێکی دیاریکراودا لەسەر بانەکانیان مەشخەڵێک دابگیرسێنن.

کاری لۆگۆ بەهونەرمەند محەمەد فەتاح سپێررا.

ڕۆژی دووشەممە ۲۰۱٥/۳/۲ ، لیژنەیەکی بەڕێوەبردنی یادی جەژنی نەورۆز کاتژمێر ۱۲ی نیوەڕۆ لە پارێزگای سلێمانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیان ئەنجامدا، قسەیان بۆ میدیاکان کرد. برایم ئەحمەد وتەبێژی یادەکە باسی لەچۆنیەتی یادەکرد. ئەندامانی لیژنەکەش قسەیان لەسەر چالاکییەکان کرد.

یادکردنەوەکە لەبەردەم سلێمانی پالاسەوە هەتاکو پردی خەسرەو خاڵی گرتبۆوە. جگە لە (٤) ستەیج، لە چەندین شوێنو ڕاستەڕێی شەقامی سالمدا چالاکی هەمەجۆری تیا بەرجەستە ئەکرا، وەک:

### ستەیجی یەکەم

ئەم ستیەجە، نمایشی سەرەکی یادکردنەوەکەیە. کۆمەڵەی کەلەپوورو فۆلکلۆری کوردو بەڕێوەبەرێتی کەلەپووری کورد سەرپەرشتیان ئەکرد.

ناوی ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کۆمەڵەی کەلەپوور، کەلەم یادەدا ڕۆڵی تایبەتی خۆیان هەبوو:

١. محەمەد مەردان.
٢. عادل محەمەد کەریم.
٣. کاوە ئەدیب.
٤. کەمال عەلی حسێن.
٥. تۆفیق سەعید محەمەد.



٦. هیوا هەیەر تەڕەماری.
٧. بەیان محەمەد عەبدوڵڵا.
٨. بەهار کارگەچی.
٩. سەرگوڵ نەجمەدین.
١٠. ڕازاوە عەبدولکەریم.
١٢. شەماڵ عەبدولستار.

ئەم بەڕێزانەش بۆ بەرزڕاگرتنی یادەکە، هەریەکەیان بەشێوەیەک لەشێوەکان لەڕووی دڵسۆزییانەوە هاوکاری کۆمەڵەی کەلەپوور بوون:

١. ئەکرەمی ساڵحی ڕەشە.
٢. هونەرمەند بورهان محەمەد.
٣. ستارە عارف.
٤. حەسەنی حاجی غەریب.
٥. ساڵح بێچار.

هەروەها بەشداربووانی بەڕێوەبەرێتی کەلەپوری کوردیش لەم بەڕێزانە پێکهاتبوون:

١. برایم ئەحمەد.
٢. گۆران سابیر.
٣. هونەر حەمە جەزا.
٤. حەمە ڕەئوف کەرکوکی.
٥. نیان عەبدوڵڵا.
٦. هەڤاڵ خانەقینی.




٧. خاڵە دێهاتی.
٨. محەمەد پاکژ.

### ستەیجی دووەم:

چالاکی قوتابخانەکان.

### ستەیجی سێ یەم:

پارکی نالی، کۆمەڵەی هونەری میللی کوردستان، گۆرانیو شیعر خوێندنەوە، هونەرمەند جەزای ساز سەرپەرشتی ئەکرد.

### ستەیجی چوارەم:

یەکبونی خاکی کورد، تایبەت بوو بە (شانۆو شیعر). هەروەها ژێر پردی ئەندەر پاسەکەش تەرخانکرابوو بۆ وێنەی شەهیدە سەر بەرزەکانی شەڕی بەرەنگاربوونەوەی داعش. سەر پردەکەش ڕەبابەو نمایشی سەربازی.

جگە لەوانەی ئاماژەم پێکردوون، لەچەند شوێنێکی تری شەقامی سالم دا چەند چالاکییەکی تری تیا نمایش کرا وەک: پیشانگەی سروشتی هونەرمەند مەحموود، پەیکەری پێشمەرگە، پێشانگەی کتێبو سیدی ئنستیوتی کەلەپوور، خانەی سمۆرە، پێشانگەی کۆلێجی هونەر لەمۆزەخانەی سلێمانی، جلوبەرگی کوردیـ ناسک سەلمان.

هەواڵنامەی کتێب



# کۆمەڵەی کەلەپوورو فۆلکلۆری کورد پەلکە زێڕینەی رۆحی شەهیدان نمایش دەکات



سەرەتای دەسپێکردنی فێستیڤاڵی نەورۆزی ئەمساڵ سەعات (٤)ی عەسر بەم چالاکییەی کۆمەڵەی کەلەپوور دەستی پێکرد، کەلە نووسینو ئامادەکردنی (محەمەد مەردان)ـەو، مەبەستی سەرەکیشی وەڵامدانەوەی کارە ناڕەواکانی تاریکستانی داعش بووە. (١٢١).

کار ئەکتەری جیاجیا بەشدارییان لەنمایشی ئەم سیناریۆیەی بەڕێز محەمەد مەردان‌دا کردووە بەمجۆرە، (٢٧) خوێندکار بۆ گوڵبارانکردنی تەرمی شەهید (هوجام) ئەمەش نووسەر لەو ڕوانگەیەوە بەرجەستەی کردووە، کەلە ڕۆژی (١/٢٧)دا، داعشەکان سەریان بڕی. ئەویش یەکەم پێشمەرگە بووە، کەلە مێژووی خەباتی گەلەکەماندا سەر براوە. (٤٠)خوێندکاری کوڕوکچ، کۆر سبوون بۆ وتنی هەردوو سروودی ((ئەی شەهیدان ، ئەی ڕەقیبو ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە)) ئەوانیش خوێندکاری (ئامادەیی ماردین) بوون.

(٣٩) سەرباز بۆ مەراسیمی بەرێکردنی تەرمی سەربازی، کەسەر بە (تیپی جوقو مۆسیقای سەربازی) بوون، ئەویش بەڕێز نەقیب (نەوزاد تۆفیق محەمەد) سەرپەرشتی ئەکرد. جگە لەو (٦) کچەی دانرابوون بۆ هەڵگرتنی ئاڵای کوردستان. ئەم بەڕێزانەش ڕۆڵی تایبەتیان لەم سیناریۆیەدا هەبووە:

١. عادل محەمەد کەریم، کاری ڕاهێنانی (٤٠) خوێندکار بۆ وتنی کۆرسی سروودەکان.

٢. بورهان محەمەد، بۆ وتنی سروودەکان.

٣. عەمید عەبدوڵڵا محەمەد، سەرپەرشتی ڕێکخستنی ڕێڕۆشتنەکە.

٤. سەردار قادر، بینینی ڕۆڵی شەهید هوجام.

٥. سەرگوڵ نەجمەدین ، دایکی شەهید هوجام.

٦. کاوە ئەدیب ، لە ڕۆڵی کاوەی ئاسنگەردا.

٧. هیوا هەیەر تەرەماری، ڕۆڵی پیرەمێرد.

٨. حەسەن سلێمان حەسەن، سەرپەرشتی ئەو (٢٧) کەسەی گوڵبارانی تەرمی شەهید هوجامیان دەکرد.

چۆنیەتی دەستپێکردنی یادەکە:



کاتژمێر (٤)ی دوانیوەڕۆ بەڕێز نەقیب نەوزاد بەنمایشێکی سەربازی تکای لە بەڕێز (د. ئاسۆ) پارێزگاری سلێمانی کرد، ڕەزامەندی بفەرموێت بۆ دەستپێکردنی یادەکە. بەڕێزیشی ڕەزامەندی نیشانداو یادەکە بەمجۆرە دەستپێکرد:






برایم ئەحمەد، پێشکەشکاری میهرەجانەکە.. دوای خوێندنەوەی وتاری لیژنەی باڵای یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز، وتی: ئامادەبوانی خۆشەویست.

لەمیتۆلۆژیایی تیانووسی مێژووی نەتەکەماندا گوتراوە: هەموو ساڵێک لە ئێوارەی نەورۆزدا، رۆحیانەتی مردوەکان ئەگەڕێنەوە بۆ لای کەسو کارەکانیان. دەبا ئێمەش هەموو پێکەوە ئەم ئێوارەیە پێشوازی لە رۆحی ڕەنگاڵەیی هەموو شەهیدانی نەتەوەکەمان بکەین.

لە شەقامی تەنیشتی (سلێمانی پالاس)ـەوە، سیناریۆی پەلکەزێڕینەی رۆحی شەهیدان دەستی پێکرد.. (٦)کچ بە ئاڵای کوردستانەوە، کەپێشەنگی ڕێوڕەسمەکە بوون.. هاتنە سەر ڕێی شەقامی سالم





(تیپی جوقو مۆسیقای سەربازی) لەدوای ئاڵای دەستی کچەکانەوە نمایشی خۆیان دەستپێکرد. چوار کەسایەتی شاریش لەدوای ئەمانەوە ئەڕۆیشتن. تێکەڵەیەک لە پێشمەرگە کچو کوڕەکانی (کۆبانێ) لەگەڵ ئاپۆڕەی خەڵکدا لە ڕیزبەندی ڕێڕۆشتنەکەدا بوون.





برایم ئەحمەدیش بەدەنگێکی حەماس‌وزوڵاڵەوە لەسەر شانۆکەوە ئەیوت:

گوێڕادێرنو تەماشاکەن
واهاتن
پەلکەزێڕینەی ڕۆحی
پڕ ڕەنگی
شەهیدانی وڵاتم
واهاتن
گوڵە نێرگسەکانی
نێرگسەجاڕی پێدەشتەکانی
کوردستانم
واهاتن
گوڵی ناو ئینجانەی دڵی
نیشتمانم
واهاتن، واهاتن
گوڵبارانیان بکەن.

لەگەڵ دەنگە بەسۆزەکەی کاک برایم ئەحمەددا (٢٧) خوێندکاری (ئامادەی ماردین)، کە مامۆستا (حەسەن سلێمان) سەرپەرشتی ئەکردن. گوڵبارانی ڕێڕۆشتنەکەیان ئەکرد. ئەویش بریتی بوون لەم خوێندکارانە:

١. ئالان جەمال.
٢. میران سەردار.
٣. ئاوات عەبدولرەحمان.
٤. محەمەد یاسین.
٥. شکار بەختیار.
٦. هاودەنگ تەها.
٧. باراڤا جەمال.
٨. مەبەست کەریم.
٩. ئەحمەد عەدالەت.
١٠. ڕاژان لوقمان.
١١. هاوڕێ جەلیل.
١٢. کاربین محەمەد.
١٣. ژیلوان یاسین.
١٤. ژیار ئەرکان.
١٥. شێنێ غەفوور.
١٦. ماریا ستار.
١٧. شاجوان کەمال.
١٨. سایە حسێن.
١٩. خەندە حەمە ئەمین.
٢٠. ژاکاو جەمیل.
٢١. لاڤە جەبار.
٢٢. چاوان قادر.
٢٣. ساریا نەوزاد.
٢٤. چراخان حەمە ئەمین.
٢٥. شاجوان هەمزە.
٢٦. ڕێباز ڕزگار.
٢٧. ژیار بەختیار.

هەواڵنامەی کوردی




تەرمەکەیان لەلێواری قەراخی ناوەڕاستی شانۆکەیا دانا. هونەرمەند (بورهان محەمەد)، بەهاوبەشی کۆرس سروودی (ئەی شەهیدان)ی وت. لەگەڵ تەواوبوونی سروودەکەدا، (پیرەمێرد)، کەلەناوەڕاستی ڕیزبەندی کۆرسدا بوو هاتە سەر دارە مەیتەکەو گووتی:

**پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەنو گرین**
**نامرن ئەوانا وا لە دڵی میللەتا ئەژین**

دوا بەدوا گەڕایەوە بۆ جێگەی خۆی. لەو کاتەدا شەهید هوجامیش بەئەسپایی لەناو دارەمەیتەکە هەستایە سەرپێو هاواری کرد (بژی کوردستان).





هونەرمەند بورهان محەمەد لەگەڵ کۆرسەکەدا سرووودی (ئەی رەقیب)یان وت.لەم کاتەدا خەڵکانێکی زۆر دەستیان بەگریان کرد.

دایکی شەهید هوجام

دایکی شەهید هوجام بەدەم هەلهەلەکێشانەوە ئەچێت بۆ سەر شانۆکە، لەکۆتایی پێپیلکەی شانۆکەدا ئەوەستێتو بەدەنگێکی خەماویەوە وتی:

رۆڵەکانم

تاریک پەرستانی داعش، رۆحی گزنگی یەکەم هەتاوی بەیانی نیشتمانی دڵیان سەربریم! بنوو ئازیزەکەم لەڕیزبەندی کاروانی شەهیداندا، شیری منت حەڵاڵکرد.

بۆیە ئێستا منیش وەکو هەموو دایکی شەهیدان شانازیت پێوەئەکەم، کەئەو مەدالیا مەزنەت پێبەخشیم، کەپێم ئەوترێ (دایکی شەهید).

ئێستا تۆش وەکو هەموو شەهیدێک لە قولایی ئاسمانی وڵاتەکەما، بویت بەکۆترێکی سپی باڵنەخشین، بەناو قولایی دڵی کوردستاندا گوزەر ئەکەیت.

لەم ئێوارە رەنگاڵەییەدا، بۆ کردنەوەی ئاگری نەورۆز، تۆش وەکو ئەوان بویت بەبڵێسەی مەشخەڵێکی پیرۆز.

پاشان شەهید هوجام لە دارەمەیتەکە هاتە دەرەوە، کاوەی ئاسنگەر پێشوازی لێکردو مەشخەڵەکەی دا بەشەهید هوجام. ئەویش لەگەڵ دەنگی چەپڵەڕێزاندا پێشکەشی بەڕێز دکتۆر ئاسۆی پارێزگاری سلێمانی کرد. کاوەی ئاسنگەرو پیرەمێردو شەهید هوجامو کاربەدەستانی حکومیوئەندامانی لیژنەی باڵا لەگەڵ پارێزگاردا پێکەوە چوون بۆ لای کۆرەدارە هەڵچنراوەکەی نەورۆز.. لەگەڵ دەنگە بەسۆزەکەی هونەرمەند بورهان محەمەد، کەلە گەڵ کۆرسدا سرووودی (ئەم رۆژی ساڵی تازەیە نەورۆز هاتەوە)دا ئاگری نەورۆز کرایەوە.






## وتاری پارێزگاری سلێمانی

برایم ئەحمەد، داوای لە بەڕێز پارێزگاری سلێمانی کرد بۆ خوێندنەوەی وتارەکەی:

سڵاو لە گیانی شەهیدانی کوردو کوردستان، سڵاو لە پێشمەرگە، لە پارێزەرانی خاکی کوردستان، سڵاو لە ئێوەو نەورۆزو پێشمەرگەو کوردستان، لەبەر ئەوەی هەر پیرۆزەیەک زادەی سەرکەوتنێکە، بۆیە لەم نەورۆزی بەرگرییەدا گەورەترین پیرۆزبایی لە پێشمەرگە، نەورۆزتان بەخێر نەورۆزی بەرخۆدانو سەنگەرەکانمان پیرۆزۆز بەخێر ساڵی تازەو ژیانی نوێمان پیرۆز بێت، ئێمە لەکاتێکا وەکو کورد جەژنی ژیانو هەتاو جەژنی ڕووناکیو بێگەرد بوون. سوپاس بۆ خودای گەورە دەکەین بۆ بەرەکانی جەنگ ، ئەوان دەیانەوێ تاریکیو خۆڵەمێشو مردنو سەرشۆڕی بەسەرمانا بسەپێنن لەکاتێکا ئێمە جەژنی ئاشتی و ئاشتبوونەوە. جەژنی جوانیو نوێبوونەوە . جەژنی گەردن ئازادیو پاکبوونەوە دەگێڕین. ئەوان جەنگو کینەو بوغزمان بەسەردا دەسەپێنن هەر لەبەر ئەوەشە کە نەورۆزی ئەمساڵمان کرد بە نەورۆزی بەرگری، بەرگری لە ژیان، لە ئێوە لەخاک لە نیشتمان نوێبوونەوە روناکی وەک بەرەی نێوخۆو درێژکراوە سەنگەری پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان لەم جەنگەدا بەشێک دەبین لەو تەحەداو لەخۆبوردەی کە رۆڵەکانمان لە پێناو ئەم نیشتمانەدا بەرگری پێدەکەین بەرگریو نەورۆزیش دوانەیەکن قەد لەیەک جیانابنەوە بەشایەتی سلێمانی، مامەیارە، کۆبانی و مشتەنور، ئامەدو موساعەنتەرو مهابادو چوارچرا بۆ نەورۆزی بەرگری کورد کەتەنها لە گڕی مۆمێکیش بێت دوژمنی تووشی ترساندنو تۆقاندنو دڵەڕاوکێ کردووە لە مێژووی ئێمەدا هەموو نەورۆزێک لە گەڵ ئێوارەی هەر سەری ساڵێک شۆڕشێک بووە بەسەر ئەو هێزەی کە نەیهێشتووە ئەم گەلە بە ئازادی بژی ئەم نیشتمانە هەتاوی بێت نەورۆزو شۆڕش لەناخی کورددا دوو هێزی پێکەوە بەستراوە بۆ بەدیهێنانی ئازادی سەربەخۆیی کورد تا نەورۆزی هەبێت توانای مانەوەو بەرخۆدانی هەیە تا نەورۆزیش هەبێت کوردیش هەیە.

تا نوری نەورۆز لەناخماندا هەبێت توانای ڕوبەڕوبونەوەی هەموو تاریکیو جەهلێکمان هەیە لەم نەورۆزەدا هەریەکێکمان چرایەکی شۆڕش لە دڵماندا دەگرێو کورد هەموو پێکەوە پێشمەرگەین هەموومان پێشمەرگەین و پێشمەرگانە مانو نەمانمان بەخاکی کوردستانەوە بەستراوە، هەموومان پێشمەرگەین پێشمەرگانە ئەم نیشتمانە لەئەستۆمانایە هەموومان پێشمەرگەینو پێشمەرگانە پێدەشتو شاخو درەختو کانی و ئاوی ئەم کوردستانە لەگەردنماندایە پیرۆز بێت نەورۆزو بڵێسەی پێشمەرگەکانمان بەخێر پیرۆز بێت بەرگری بەرخودانتان پیرۆز ، پیرۆز بێت پێشمەرگەو گەریلاو شەرەڤانان لە



کوردستان بەخێر. هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی شەهیدانی کوردو کوردستان هەر بژی پێشمەرگە بژی شەرەڤانان، بژی گەریلا بژی کوردو کوردستان.

## شانۆی واتایەکی تر بۆ عەشق

دوای وتارەکەی بەڕێز د. ئاسۆی پارێزگاری سلێمانی، خوێندکارانی (ئامادەیی ماردینی تێکەڵاو)، (واتایەکی تر بۆ عەشق)یان نمایشکرد، کەلە نووسینی (توانا پەتی) بوو. ئەم خوێندکارانەش ڕۆڵیان تیابینی:

١. توانا عەلی.
٢. دانا عەلی.
٣. هاوزار فازیل.
٤. شنیار فازیل.
٥.ئیکرام بورهان.
٦. لانە فەخرەدین.
٧. هیران بورهان.



# گروپی موزیکی بەڕێوەبەرێتی کەلەپووری کورد

ئەم گروپە سەر بەبەڕێوەبەرێتی کەلەپووری کوردە، بەوتنی (١٠) سروود یادەکەیان جوانترکرد، ئەویش لەلایەن هونەرمەندان:

١. هونەر حەمە جەزا.
٢. حەمە ڕەئوف کەرکووکی.
٣. نیان عەبدوڵڵا.
٤. هەڤاڵ خانەقینی.
٥. خاڵە دێهاتی

هەریەکەیان دوو سروودیان پێشکەشکرد.















لەناو بەینی سروودەکانیشدا بەڕێزان:

١. ساڵح بێچاری شاعیر.

٢. محەمەد پاکژی شاعیر.

٣. ئالین هیوا هەیەر.

یادکردنەوەی جەژنی نەورۆزی ئەمساڵیان زۆر جوانتر کرد.

**ساڵح بێچاری شاعیر**

هۆنراوەیەکی زۆر جوانی حەماسی بەناوی (من هوجامم)ی خوێندەوە:

**من (هوجام)م**

دەمسوتێنی! سەد جار سەرت لەبەرد دەدەی
خۆم ئاگرم، چۆن گڕ لە ئاگر بەردەدەی!
من کەڕۆڵەی نەورۆزو بابەگوڕگوڕ بم
دەبێ وابێ، بەشکۆوە ڕوو لە بم!
سەرم دەبڕی! سەری دیلێتیم بۆ چییە
تۆش خاکبەسەر، ئەو سەرە سەری خۆت نییە!
پێشمەرگەی گەلم، شەرڤانی کوردستانیم
وەک ئیسماعیل، (هوجام)ی نەزری قوربانیم
کچی شەنگالو کۆبانیم، نەک کەنیزەک
تۆش بەڕیشو شمشێرەوە، من بیرو چەک
تۆ خەیاڵی حۆریو بەهەشت، خەمو خولیات
من ئازادیو مرۆڤدۆستیو بەرزیی وڵات
وەک بورکانو بوومەلەرزەم لەهەناوتا
گڕی سوور ووردە شووشەم لەنێو چاوتا
من لە سووتانو سەربڕین ئازاترم
کوردم، قاڵبووی زەبری ئاسنو ئاگرم!



**محەمەد پاکژی شاعیر**

بەخوێندنەوەی هۆنراوەی (پیری دانا)، کەبۆ (پیرەمێرد)ی مەزنی وتووە، لە گەڵ هۆنراوەیەکی ناسکی تردا بەشداریکرد.

**(( پیری دانا ))**

ئەی پیری دانا ئەندێشمەندی ژیر
خاوەنی پەندو رەندو رەوشەن بیر
دڵسۆزی گەلو خاکو نیشتمان
شاعیری مەزن ئەی ڕۆژنامەوان
ڕابەری وشە بۆ ژین و ژیان
باوکی نەورۆزی پایتەختی بابان
مامۆستاو سایەی خامەو خواستی گەش
دووژمنی پەچەو بیری کۆنو ڕەش
پلار بەزێنی بابای سەر شێواو
سەر قافڵەی کاروان بەرەو خۆرەتاو
گەورەم هەتاکو مێژووی کورد ماوە
چرای گەش بیرت هەر داگیرساوە



## ئالین هیوا هەیەر

**ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە**
**جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشیو بەهاتەوە**

ئالین خان ئەم هۆنراوە مەزنەی (پیرەمێرد)ی بەزمانی ئینگلیزی پێشکەشکرد. ئەو کەسە بیانیانەی، کە بۆ بینینی یادەکە هاتبون زۆر بەوردی گوێیان لێگرتبوو، وێنەی زۆریشیان گرت.

Newroz
This day is a new year Newroz its back. An ancient Kurdish festival with until yesterday.
For many years the flower of our hopes was downtrodden
The fresh rose of spring was the blood of the youth
It was that red co lour on the high horizon of kurd.
Which was carrying the happy tiding of dawn to remote and near nations
It was Newroz which imbued the hearts with such a fire
That made the youth receive death with devoted love
Horary . The sunise from the high mountain of homeland
It is the blood of our martyrs which the horizon reflects
It has never happened in the history of any nation
To have the breasts of girls as shields against bullets
Nay . It is not worth crying and mourning for the martyrs of homeland
They dont die . They live in the heart of the nation




گڕی نه‌ورۆز

٢٠١٥/٣/٢١ - ٢٧١٥/١/١ (ژماره ١٥)

له نه‌ورۆزی به‌رگریدا، هه‌موومان پێشمه‌رگه‌ین

له نه‌ورۆزی به‌رگریدا

هه‌موومان پێشمه‌رگه‌ین

سلێمانی بڕیاریدا یادی جه‌ژنی نه‌ورۆز بکاته‌وه

په‌راوێزی کۆتایی یاده‌که:

١. ئه‌م ریپۆرتاژه، به‌زۆری ڕوماڵی کاروچالاکییه‌کانی سته‌یجی یه‌کبوو، که‌له‌لایه‌ن (کۆمه‌ڵه‌ی که‌له‌پوورو فۆلکلۆری کورد)و (به‌ڕێوه‌به‌ریتی که‌له‌پووری کورد) ـه‌وه، ئاماده‌کرابوو. ئه‌بێ کاروچالاکی سته‌یجه‌کانی تر چۆن به‌ڕێوه‌چوبن.

کۆمه‌ڵه‌ی که‌له‌پوورو‌فۆلکلۆری کـورد، وه‌کـو ساڵانی ڕابـردوو، ئه‌مساڵیش ژماره (١٥)ی ساڵنامه‌ی (گڕی نـــه‌ورۆز)ی چاپکرد، لـه‌یـاده‌کـه‌دا پیره‌مێرد به‌سه‌ر ئاماده‌بواندا به‌خشیه‌وه.

٣. هونه‌رمه‌ند محه‌مه‌د فه‌تاح، لۆگۆی یادکردنه‌وه‌ی جه‌ژنی نه‌ورۆزی ئه‌مساڵی دروستکرد.

٤. یادکردنه‌وه‌ی جه‌ژنی نـه‌ورۆزی ئه‌مساڵیش، وه‌کو ساڵانی پێشووتر، له ژێر چاودێری توندوتۆڵی ئاسایشی سلێمانیدا به‌ڕێوه‌چوو. هه‌روه‌ها پۆلیسی هاتوچۆ، چالاکییه مه‌ده‌نیه‌کان، ئاگر کوژێنه‌وه‌و فریاکه‌وتن، ڕۆڵی له‌به‌رچاویان هه‌بوو بۆ پاراستنی گیانی ئاماده‌بوان.

٥. یاده‌که هه‌تاکو کاتژمێر (٧) به‌رده‌وامبوو.. ئه‌ویش به‌کردنه‌وه‌ی چه‌ند ئاگرێک له سه‌رچیای گۆیژه، له‌لایه‌ن شاره‌وانی سلێمانیه‌وه کۆتایی به‌یاده‌که هێنرا..




کۆمپیوتەری
سمارت تەکنەلۆجی
SMRT TECHNOLOGY
Computer & Mobil Service
Coca-Cola
پێرس
REKLAM
arçelik



# کورد لە نێوان ئەفسانە و مێژوودا

حەسەن مەحمود حەمە کەریم

کورد بەوەی یەکێکە لەکۆنترین گەلانی سەر زەوی، خاوەنی خەزێنەیەکی دەوڵەمەندە لە پەندو ئەفسانە، کە دەماودەم گێڕراوەتەوە، داستانی قەڵای دمدم و دوانزەسوارەی مەریوان و، ئەفسانەی شیرین و خەسرەوو مەنیج و بیژەنگ و مەم و زین و کاوەو زوحاک و نەورۆزو دێوی ڕەش و دێوی سپی و قارەمان و قەیتەران و خدری زنەو جۆڵیندی و زیلقەڕنەین و دوڵدڵ و زولفەقارو عەسای موساو ڕۆستەمی زاڵ و چەرخ و فەلەک و شای ماران، لە گرنگترین ئەفسانە کوردییەکانن کە سەردەم و ڕوداوو کەسایەتی و مێژووەکانیان بەڕونی دیارنیەو زیاد لە گەلێک خۆیان بەخاوەنی هەندێکیان دەزانن.

ئێستەش چەندین باپیرەو داپیرەی زرنگ و هۆشیارو زەینڕونمان لە کونجی دێهات و دۆڵ و کێوە دوور دەستەکاندا هەیە کە ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسانەو داستان و سەرگوزەشتەو پەندو ئیدیوم و وشەی ناسک و ڕستەی تەڕو پاراوو نەبیستراویان لایە، کەس نیە کۆیان کاتەوە، ئەو خەزێنە مروارییە بەنرخانە دەمرن و ئەو سامانە نەتەوەییە دەبەنە ژێر گڵ، ئەوجا خەڵکی گلەیی دەکەن، بۆچی مێژوو و کەلەپووری ئێمە ونە.

گەلە پێشکەوتوەکان شانازی بەئەفسانە میللییەکانەوە دەکەن، ئەدەبی ڕوسی و ئەڵمانی و فەرەنسی و، تەنانەت عەرەبی و فارسی و تورکی، کاریان بۆ کردوە، چەندین قوتابخانەو ڕێبازی ڕەخنەیی و بەراوردکاری ئەدەبی و هونەری و مەڵبەندی خوێندنەوەی ئەفسانەیان هەیە، لەهەوڵی کۆکردنەوەو نووسینەوەو لێکدانەوەی ئەفسانە جیهانیەکاندان و، سەدان فیلم و ڕۆمان و شاکاری مەزنیان لێبەرهەم هێناوە، هەزاران ماستەرو دکتۆرای لەسەر هاتوەو، ساڵ نیە چەندین خەڵاتی نۆبڵ و کانت و ئۆکستراو فەیسەڵ دەست نەخەن.

هەیە ئەفسانە بە هەلەق و مەلەق و پڕوپوچ دەزانێ، دەڵێ ئەوە ناهێنێ خۆتی پێوە خەریک بکەیت، کەسی نەشارەزاش خورافەو جادووگەری بۆ ئەفسانە بەکاردەهێنێ، بەڵام جیاوازی نێوان خورافەو ئەفسانە فراوانە، ئەفسانە زیاتر زاراوەیەکی زانستییە، خوێندەوارو ڕۆشنبیر بەکاریدەهێنن، لە کۆتاییەکانی سەدەی ڕابوردوو دەگوترا کە کورد مێژوو کەلەپوورو فولکلۆرو ئەفسانەی نیە، کلتوورو کەلەپووری کوردی هی ئەوە نیە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ، یان دەگوترا ئەم ئەدەبەی کورد لە ئەفسانەو پەندو فۆلکلۆر، هی میللەتانی ترەو خزێنراونەتە ناو ئەدەبی کوردی، دەوترا ئەو شیعرە کوردەواریانەی گۆران و نالی و مەحوی و فلان و فیسار، لە ئەدەبی فارسی و تورکی و عەرەبی و بیانی ترەوە خوازراوە، ئەم وتانە کار لە خوێندەواری کورد دەکەن مێژوو کلتوری جێماومان بە بێنرخ سەیر بکەن، تەنانەت ئێستە لە ڕێی کەناڵە ئاسمانیەکانەوە خەڵکی هەموو شتێک لە ژیان و ئەدەب و فۆلکلۆری وڵاتان دەبینن، لە هەندێ دەبیستم دەڵێن وامان دەزانی بێشکەو ساج و پنەو دەساڕو هێڵەک و تیرۆک و دۆینەو دۆکوڵیوو ترخێنەو یاپراخ و کەلانەو قوبڵی و شتی تر، کورد



دایهێناون و تایبەتن بە کورد , کەچی لە کلتووری ئەفغان و هیندو تورک و ئاسیایی و ئەفەریقیدا هەمووی هەیەو , باپیرانی ئێمە ئەو شتە سادانەش لەوانەوە فێربون , بێگومان هەموو گەلانی سەرزەوی لە یەک بەرەباب و دایک کەوتونەتەوەو بڵاوبونەتەوە , لە یەک زمان و داب و نەرێتەوە فێربوون و تەشەنەیان کردووە , بە بڵاوبونەوەیان بە زەمینە جیاوازەکاندا , هەریەکە بەبیرو بۆچوون و پێویستی خۆیان گۆڕانکاریان لە شتەکاندا کردوە , ئەوە دەچێتە بواری ئاڵوگۆڕو گواستنەوەو تێکەڵبونی کلتووری , زۆر شتی ڕۆژهەڵاتی لە فکرو ئایین و فۆلکلۆر لەیەک دەچن , زۆر سەردەم بووە هەموومان لەیەک سنووری کراوەدا پێکەوە ژیاوین , لە ئەنجامی لەشکرکەشی و بازرگانی و سەفەرو شتیتر بەیەکترو کلتوورو جۆری ژیانی یەکتر ئاشنا بوین.

کورد بەهۆی ئەوەی کە هەمیشە ژێر دەستەبووە , دەوڵەتی نەتەوەیی سەرتاسەری نەبووە , تۆشی زۆر لە نەخۆشیە دەرونیەکانی وەک گوێ پێنەدان و خۆبەکەم زانین و بە هیچ زانینی مێژوو ژیان بووە , مێژووی پێشینەو ئەزمونەکانی ڕابوردو بەهەند وەرناگرێ , بڕوای بە ئایندەو داهاتوو نەماوە , تاکی کورد لە کۆندا لە خاکی خۆی دەرکراوەو لە ماڵ و حاڵی هەڵکەنراوەو تا ئێستەش لەزەتی لە ژیان نەبینیوە , هەر بۆیە وڵات بەهی خۆی نازانێ , گاڵتە بەسەروەریەکان و مێژووی خۆی دەکات , نوکتە لەسەر کەسایەتیەکانی دروست دەکات و , بەر نەشتەرو قسەی نەشیاویان دەدات , بۆ کۆنتریش دەڵێ دەوڵەتی ماد کورد نەبوە , کاوە جاش بووە , نەورۆز ئەسڵی نیە , میرنشینە کوردەکانیش لە حکومەتی هەرێمی ئەمڕۆ پیاوتر نەبوون , هەر خەریکی ستەم و خۆخۆری و براکوژی و پیاوی عوسمانی و سەفەوی بوون.

ئەگەر سەیری ژیانی سەرەتای مێژوو, پێش سەرهەڵدانی نووسین و شارستانی بکەین, هەر لەسەردەمە تاریکەکانی چاخی بەردین و ژیانی نێو ئەشکەوتانەوە , ئەوکاتانەی کە مرۆڤ بیری لەخواو گەردون و بوون و ژیان و مردن و ڕوداوە سروشتیەکانی دەوروبەری کردووەتەوە , ئەوەندە سەخت و دژوارو گرێیاوی هاتونەتە پێش چاوی , لەئاستیاندا داماوەو ڕاماوەو حەپەساوە , بۆی تەفسیر نەکراوە , پەنای بۆ خەیاڵ و شیعرو ئەفسانە بردوە بۆ لێکدانەوەیان , مرۆڤ خۆیشی حەزی بەڕازاندنەوەو گەورەکردن و خەیاڵ پڵاوو ئەفسانە پۆشیە , هەتا باسەکە خەیاڵ پۆشتربێت , خۆش و بەتام و چێژترەو بەئاسانی مەبەستەکانی لەهۆش و هەست و نەستی بەرامبەردا جێدەکاتەوە , لە داستان و ئەفسانەدا بەزۆری شیعر دەبینی , پاشان دەگەیتە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دیکەی وەک ئایین و مێژوو , پێگەی ئەفسانە لە شیعرو ئاییندا بەهێزە , زمانی شیعر نەبوایە , ئەم بابەتە ئەفسانەییانە بە زەحمەت دەگەیشتن بەهەست و نەستی ئێمە , ڕەمزو مەجاز وایکردوە بەزۆری ئەفسانە بە دەقی شیعری بنووسرێت , هەتا ماناو باسەکە هونەری و کورت و چڕ بێت , یاریدەدەربن بۆ دروستبونی وێنەی شیعری و فراوانبونی خەیاڵ و تەنزو مەغزاو , ڕێکردنەوە بۆ سۆزو هەڵچون و کاردانەوەی ناخ و دەرون , شیعرو زمان هەڵگری بارگەی ئەفسوناوین , ئەفسانە لە کارە تەکنیکیەکانیدا پشت بە سێبەرە سیحرییەکانی وشە دەبەستێت , شاعیرو دروستکەری ئەفسانە خاوەن یەک بەهرەو تواناو بیرکردنەوەن , لەیەک دونیادا دەژین , دەرونی شاعیرە کلاسیکیەکانمان مەڵبەندی عیشق و ئەفسانەبوون , لە بەهرەو ئیلهام و هێزی خەیاڵ شتی ناوازەیان خولقاندوە , بەلای منەوە ئەفسانە حەقیقەت و واقیعەو ڕوویداوەو بەشێکە لە مێژوو ئایین , ئەوە ناحاڵیەکانن بەناوی بیدعەوە هەمووشت ڕەد دەکەنەوە , ئەگەر ئەفسانە لە شیعر دەربهێنی هیچی وای نامێنێتەوە پێشکەشی بکات.




گەورەترین خەزێنەو سەرمایەی ئەفسانە ئایینە , ئەفسانە نیە خاڵی بێت لە باسی خواو موعجیزەی پێغەمبەران و کەرامەتی پیاوچاکان و خارق العادەو نامەئلوف و لە توانا بەدەرو قودرەتی ئیلاهی و ڕاستی و وەفاو پەیمان , چیرۆکە ئەفسوناویەکانی ئایینە

کۆنەکانی جوو و مەسیحی و مەجوسی و زەردەشتی و براهماو بوداو مایاو سیک و کۆنفۆشی پارچەیەکن لە ئەفسانە , هەتا ئەو ئایینە ئامادەو ئاکتیف بێت , ئەفسانەکانی بەچێژترو بەماناترو بەهێزترە , بەشێکیشە لە ئەدەب , ئەو گەلانەی ئەدەبیان بەهێزەو بیریان قوڵەو خاوەن خەیاڵی فراوانن وەک هیندو چین و ڕوس و فارس و مایا , ئەفسانەکانیان بەهێزترو بەتامترو خەیاڵاویترە , کاتێک ئەو ئایینە ون و دوور دەبێت لە تەماس لە گەڵماندا , ئەوە جەوهەری موقەدەسی ئایینە کە ئەفسانە لە شوێنی بەرزی خۆیدا دادەنێت , ئایین و ئەفسانە هاوبەشیان زۆرە , باس لە مرۆڤ و چاکەو خراپە دەکەن و هەمیشە خێر سەردەکەوێ , هەندێ ناکۆکیشیان هەیە , ئایین ئاسمانیەو سنوردارە , ئەفسانە زەمینیەو بێسنورە , مل بۆ خەیاڵ و جادوو خەرافات شل دەکات , بەڵام لە هەردوکیاندا مروڤ بۆ نهێنی بونەوەرو ژین و ژیان دەگەڕێ , دەتوانین مێژووی گەلان و داب و نەرێت و ئایینە کۆنەکان لە ئەفسانەدا بدۆزینەوە , دروستکردنی گەردون و ئاسمان و زەوی و ئادەم و حەواو و بەهەشت و دۆزوخ و چیرۆکی پێغەمبەران و قسەکردنی ئاسمان و زەوی و مێرولەو باڵدارو دارو بەردو دابەزینی فریشتەو نەسوتانی ئیبراهیم و بارینی بەردو بۆق و خوین لە نامە ئاسمانیەکاندا , دواتر بونەتە ئەفسانە.

زۆرکەس لەهەوڵی نووسینەوەو خوێندنەوەو ساغکردنەوەی ئەفسانەدان , دەیکەنە بناغەی مێژوویی ئەو ئایین و گەلانەی کە خاوەن ئەفسانەکانن , خەڵکی بەهۆی خوێندنەوەی ئەفسانەوە مێژووی دورو ونی خۆیان دۆزیوەتەوە , ئەوکەسانەی کە لەچیرۆکە خەیاڵاوییە سەیرەکاندا هەن , کەسانی ڕاستەقینەن , ئەوانەی ئەو ئەفسانانەیان ڕێکخستووە , هۆشیارانە لەقاڵبێکی خەیاڵاویدا دایانڕشتووە , ئەو داستانانەی کە بەڕواڵەت لەخەیاڵ و خورافات دەچن , ڕاستیەکەیان باسوخواسێکی مێژوویی و ئایینی تەواون و ڕویانداوە , بەتێپەڕبونی کات ئاوا هاتونەتە بەرچاو , دەنا ئەفسانە بەرهەمێکی زانستی مێژوویی مرۆڤایەتیە , چیرۆکێکی بیسەروبەر نیە , لەزەینی مرۆڤدا دەژی.

مێژووی ئەفسانەی کوردی یەجگار کۆنە , مێژوویەکی دیاریکراوی نیە , بۆ بەرەبەیانی مێژووی دەرکەوتنی مرۆڤی کورد دەگەڕێتەوە , کە لە قۆناغی ئەشکەوت جۆرە بڕوایەکی بووە , بەڵام لە قۆناغی ناوەڕاست و شاردا بەرەو فرەخوایی و یەکتاپەرستی چووە , ئەفسانە دارِشتنێکی هونەرییە , چیرۆکێکی ڕاستە , ئاماژە بە بەر لە مێژوو و سەردەمە نازەمەنیەکان و هەندێ ڕوداوی گرنگی مێژوویی دەکات , کە پەیوەندی بەقۆناغێکی ژیانی میللەتانەوە بووە , بەهۆی دوری سەردەمەکەی و ترسی لەبیرچونەوەو دەسەڵات , بەهەندێ کەم و زیادەوە خراوەتە قەوارەی چیرۆکئامێزی ڕەونەقدار , ئەرکی مێژوو تۆماری ڕوداوەو درێژەپێدەری ئەفسانەیە , پەیوەندی قوڵ لەنێوان ئەفسانەو مێژوودا هەیە , چونیەتی تۆمارکردنی ڕوداوەکان بەشێوەی زمانی ئەفسانەیی یا تۆماری مێژوویی مەودای نێوان ئەفسانەو مێژوو دیاریدەکات , لەڕوانگەی مرۆڤی زوو ئەفسانە مێژووەو باوەڕیان پێی بووە , وەک بەڵگەنامەیەکی پیرۆز پاراستویانە , دوای هاتنی ئیسلام گۆڕانێکی بنچینەیی ڕیشەیی لە بونیادی کۆمەڵگەی کوردیدا ڕویدا , بیرکردنەوەو ڕەوشت و کولتووری گۆڕا , ئەفسانەکانی بە سیمای تازە لە قاڵبێکی نوێدا درێژەی بەبوونی خۆیدا , لەهەموو بوارەکاندا بەرەو یەک ئاراستەی ئایینی نوێ چوو , ناوەڕۆکی ئەفسانەکانی قۆناغی پێشوو زۆر بەهێز بوون , بەڵام زۆر ئاسان تەسلیم بە هێزی لە ڕادەبەدەری ئەفسانەیی ئیسلام بوو , خۆی لەگەڵدا گونجاندو بەجۆرێتر دەرکەوتەوە.

وەک چۆن زانست و تەکنولوجیا پێش دەکەون , ئەفسانەو زانستیش لەگەڵ گەورەبوونی مرۆڤدا گەورە دەبن , ئەفسانە هەندێ چرکەسات و ڕێگەی تێدایە بەئاسانی دەمانباتە بەرزییەک کە پێشتر نەماندیوەو وشەیەکمان نیە گوزارشتی لێبکەین , ئەفسانە لەدڵی بێدەنگیەکی گەورەوە دەڕوانێ , ڕێنومایمان دەکات چیبکەین , وزە بەخشی بونمانە , دەمانباتە حاڵەتێکی ڕۆحی و دەرونی دروست بۆ تێگەیشتن لە هەردوو دونیا , میتۆلۆژیا دەرچوون نیە لەم جیهانە , بەڵکو پەیوەندی بەو توانایەی ئێمەوە هەیە کە تێیدا دەژین , لە مێژوودا بە میتۆلۆژیا دەوترا (فەلسەفەی بەتەمەن) , چونکە بەر لەهاتنی ئەم پێشکەوتنە زانستیە , ئەفسانە ڕێنمونی کۆمەڵگاکانی دەکرد , باپیرانمان لە ناڕونی یەکەمین سەرەتای بەر لە مێژوو لەنێو تەمومژدا دەستیان دایە دروستکردنی ئەفسانە , بۆ لێکدانەوەو وەڵامدانەوەی نهێنیەکانی ژیان , بەڵام خەڵکی وشەی ئەفسانە بۆ شتی ناڕاست و ناواقیعی بەکاردێنێ کە جێی باوەڕ نەبن , بەڵام ئەفسانە چیرۆکێک دەگێڕێتەوە کە لەسەردەمێکدا ڕویداوە , زۆر هەڵەیە لەم سەردەمە پێشکەوتنە عەقڵانیەدا وا دابنێین ئەفسانە شێوازێکی نزمە لە بیرکردنەوەو وەلا بنرێت , ئێمە بەردەوامین لە داهێنانی جیهانە خەیاڵیەکان بۆ دەرچوون لە کۆتوبەندی لۆژیک و عەقڵ , ئەفسانە نیشاندەری بیروباوەڕە , یارمەتیمان دەدات بۆ کۆکردنەوەی توانا تازەکان دەربارەی پرسیارە تازەکان , ئەفسانە کاریگەرو ئاراستەکەرە , دیدی تازەمان دەداتێ لەسەر مانای قوڵی ژیان , یارمەتی داوین کە مانا بۆ ژیان دابنێین , هەندێ شوێنی لە زەینی مرۆڤدا دۆزیوەتەوە کە ئەگەر

ئەفسانە نەبوایە پێینەدەگەیشت , تۆبەرەیەک بوو بۆ دەروونناسی , یارمەتی خەڵکی داوە بۆ دەربازبوون لە تەنگژە دەرونیەکان , تەنانەت فرۆیدو یۆنگ کاتێک کە توێژینەوە دەرونیەکانیان کرد , ڕوویان لە میتۆلۆژیای تەقلیدی کرد بۆ شرۆڤەکردنی بۆچوونەکانیان , لێکدانەوەی نوێیان بۆ ئەفسانە کۆنەکان کرد , داستان و ئەفسانە بەشێکی گرنگی کارکردنە لەسەر دەربرین و خوێندنەوەی ناوەوەی مرۆڤ , زانایانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی , بۆ خوێندنەوەی ناخ و ڕەوشتی گەلان سوودی زۆریان لە حکایەت و ئەفسانە بینیوە , دەکرێ دەقی ئەفسانەیی لەژێر ڕۆشنایی هەر تیۆرو فەلسەفەیەکدا بخوێندرێتەوە , هەتا ئەگەر ئەو فەلسەفانە لەگەڵ یەک ناکۆک و دژی فکرەی نووسەریش بن , ئەمەش تایبەتمەندیەکی ترە کە دونیای لێکۆڵینەوە لەئەفسانە فراوانتر دەکات , بۆئەوەی لەناوەرۆکی ئەفسانە تێبگەین , پێویستە هەردوولایەنی باش و خراپی پێکەوە شیتەڵبکەینەوە , هیچی لێلانەدەین و زیادەڕەوی تیا نەکەین , ناکرێ پارچە پارچە بکرێ , دەبێت هەمووی بەسەریەکەوە شیبکرێتەوە , هەندی هەوڵدەدەن خواو کاریگەری ئایین لەسەر کلتوورو ئەفسانە دەربکەن , هەیشە هەمووی دەبەستێ بە کاریگەری ئایینەوە , بەڕای من لە هەردوو بارەکەدا هەڵەیە , نە ئەفسانەو کەلەپوری کورد دوورە لە کاریگەری ئایین , نە هەر هەمویشی لەژێر چەتری ئایینداییە , بەشێکی چاکی کەلەپوری کورد کاریگەری ئیسلامی لەسەرە , بەشێکی زۆر کەمیش نیە کە هەتا ئەمرۆکە لەژێر کاریگەری ئایینە کۆنەکانی زەردەشتی و بوزی و هیندۆسی و براهماییدا ماوەتەوە , ئەو هەزارو چوارسەد ساڵەی ئیسلام لەکوردستاندا نەیتوانیوە بیسڕێتەوە , ئایین زۆرشت دەکات , بەڵام ناتوانێ هەمووشت بکات! زۆرخاڵ هەیە کە هەزاران ساڵە بەسەدو بیست وچوار هەزار پێغەمبەر بنەبڕنەکراوەو تا نەفخی ×ور هەردەمێنێ.

لە حەکایەت و ئەفسانە کوردیەکاندا بەزۆری دێوو درنج و پاڵەوان و کەسایەتییە ئەفسانەییەکان ڕۆڵی تێدا دەبینن , ئەوەی لەسەر ئەفسانە بنووسێ دەبێ ئەوانە لەگەڵ مێژووو ئایین و فەلسەفە و زانستدا بەراورد بکات , لەناو ڕابردودا بۆ خواو ئایین و زانست بگەڕێ , هەروەک دەبێ لەنێو زانستدا بەدوای ئەفسانەو فۆلکلۆردا بگەڕێ , دەبێ سەرەداوی سەرەتاکانی سەرهەڵدانی فۆلکلۆرو کەلەپوورو کلتووری کوردی بدۆزرێتەوە , دەبێ بۆ ئەمکارە پەنا بۆ نامە ئاسمانیەکان ببرێ , کە بەلای منەوە بەهێزترین سەرچاوەو بەرهەمهێنەری داهێنان و ئەفسانەکانن , نەترسێت لەوەی کە لەگەڵ باوی کۆمەڵگەدا نەگونجێت , دەبێت سوود لە زانستی نوێ و تیۆری گەشەکردن و پێگەیشتنی مرۆڤ لای داروین و دەرونیەکان لای فرۆیدو ئەو زانیاریانەی لەو بوارانەدا پێی گەیشتوون سوود وەربگرێ , مەبەستم نیە بڵێم مرۆڤ تەنها لە گۆڕانکاریە فسیولۆجی و سایکۆلۆجیەکانی ئەم سەرزەویەوە سەرچاوەی گرتووە , بەڵکو کاریگەری شوێن و جوگرافیە لەسەر پێکهاتەی مرۆڤ و دەرون و بیرکردنەوەی هەیە , دەبێ ئەو گۆڕانکاریانە لەنێو مرۆڤ و ئەفسانەدا بەراورد بکرێ و پەنا بۆ هەوڵەکانی شوێنەوارناسان ببرێ , بەتایبەت لەدۆزینەوەی پاشماوەو ئێسکبەندی ئەو مرۆڤانەی لە ئەشکەوت و نێو گۆڕەکانی کوردستاندا دۆزراونەتەوە , ئەم بەراوردە لە نێوان مرۆڤی ئەفسانەی کوردی و پاشماوەکانی مرۆڤ , هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی ئەو پەیوەندیە زۆر بڵاوەی کە کلتوورو فولکلۆرو ئەفسانە لەگەڵ پسپۆڕیەکانی تردا هەیەتی , لەگەڵ ئەو گۆڕانە جەستەیی و ئاوەزیەی لە مرۆڤ و لە جوگرافیەی ژیانی مرۆڤدا ڕویداوە , لە ئەشکەوت و شاخەوە بۆ دەشت و گوندو شار , لە مرۆڤی کێویەوە بۆ مرۆڤی عاقڵ و کرۆمایۆن , دەبێ نووسەری ئەم بوارە باس لە ئەفراندنی مرۆڤ بکات بەو شێوەیەی کە لە کلتوورو ئەفسانەی کوردیدا هەیەو , بەراوردی بکات بە ئایین و زانست , کە باس لە دروستکردنی مرۆڤ دەکەن , بەهۆی لێکۆڵینەوەو دۆزینەوەی ئێسکبەندو کەرەستەی ژیانی قۆناغە جیاجیاکانی مرۆڤ لە هەندێ ئەشکەوت و گۆڕستانی کوردستان , دەرکەوت هەندێک لە قۆناغەکانی گەشەکردنی مرۆڤ بۆ یەکەم جار لە کوردستاندا بووە.

لە کەلەپووری کوردیدا باسی سروشت و دەوروبەرو ڕوداوەکانی ژیان کراوە , بەپێی ئەوەی کە سروشتی جوانی کوردستان کاری لە مرۆڤەکان کردووە زیاتر لێی ڕابمێنن , باس لە مانگگیران و بومەلەرزەو ڕەشەباو گێژەڵوکەو زریان و ئاگرو ئاوتەقین و ئاوی ئامون و تونی باباو شەوەو شیلان و شەولەبان و بەردی پیرۆزو ئاوی حەیات و زیندگانی و قەوزو قەزەح و پرچی ئایشێ و فاتمە کراوە , کە ئەمانە لە سروشتەوە هەن و , کاریگەریان لەسەر زەینی کولتووری و ئەفسانەیی کورد کردووە , مرۆڤی کورد بەچاوی زانستەوە ئەفسانەی دارشتووە , باس لە سەیارەو ڕادیۆ پانکەو تەلەفۆن و بێتەل و موشەک و دەڕاسەو فرۆکەو ژێردەریایی و چەکی گەورەو بچوک و هێزە ئەفسانەییەکان کردووە , کە زەخیرەن بۆ دروستکردنی ئەفسانەو تەقینی زەینی کولتووری مێژینە , باسی پەرجو موعجەزەی پێغەمبەران و فاڵ و ناوچاوو دەست و بەخت خوێندنەوەو دڵ خەبەردان و حاسەی شەشەم و نەعرەتەو جادووگەری کراوە , باسی کۆنفۆو پاراسایکۆلۆجی و ئەستێرەناسی

و گیانبەخشین و گورزی گران و ورێنەو خەوو خەیاڵ و هزرو فەلسەفە کراوە , بەم شتانە دەقی ئەفسانەیی دروست دەبێت.

نووسەرانی بواری کلتوورو کەلەپوور دەبێ گرنگی بەو پەیوەندییە کۆن و لەمێژینەیە بدەن , کە ئەمانە هەیانە بە مێژووی کوردەوە , باس لە کەسایەتی ڕوداوی مێژوویی و دەرئەنجامی مێژوویش بکەن , هەوڵ بدەن پێناسەی مێژوو و ئەو دیدە ئەفسانەییەش بکەن کە لە کۆنەوە هەندێ لە مێژوونووسان مێژوو و ڕەچەڵەک و ڕ□ەگەزی کوردیان بردوەتەوە سەر جنۆکەو دێوو درنج , وەک مەسعودی و تەبەری هەندێ مێژوونووسی تورک و عەرەب , یان ئەوانەی تر وەک فردەوسی و هەندێ مێژوونووسی فارس کە دەڵێن کورد لەو قوربانیانە دروست بووە کە لە ئەفسانەی ئەژدیهاکانی زوحاک ڕزگار دەکران و نێررانە شاخی دەماوەندو حەشاردران , دەبێ نووسەری ئەم بوارە ئەفسانەی پێغەمبەران و ڕوداوەکانی قورئان و تەورات و ئینجیل و پیاوچاکان و کەسایەتیە ئاینیەکانی وەک ئادەم و حەواو نوح و تۆفان و ئیبراهیم و ئیسماعیل و سەربڕین و داودو سولەیمان و بەلقیس و فڕین و دێوو جنۆکەو عەشق و یوسف و زولەیخاو موساو خستنە ناو ئاوو ئاسیەو عیساو بەرزکردنەوەو خەیری زنەو پیرانی تەریقەت و زەردەشتی و مەجوسی و ئاگرپەرستی بخاتە بەر دیدی کاری خۆی , لە ڕوداوە ڕاستەکانی لانەدات , جیاوازی نێوان ڕوداوە ڕاستەکەو چۆنیەتی کردنی بە ئەفسانەو شوێنی بۆ زیادکردن و کەمکردنی دیاری بکات , هەتا لەو ڕوانگەیەوە زەینی مێژوویی و کاریگەریە عەقڵیەکانی کورد بەدرێژایی مێژوو دەربکەوێ , دەبێ نووسەر جیاوازی لەنێوان موعجزەو جادو بکات , لە ئەفسانەی کوردیدا هەموو پێغەمبەرو کەسایەتیەکی ئایینی دووباسی هەیە , باسێکی مێژوویی ڕاست , باسێکی ئەفسانەیی تێکدراو ڕەونەقپ□دراو , هەروەها کەسایەتی مێژوویی وەک ئەسکەندەری مەکدۆنی و زیلقەڕنەین و ئەسحاب الکەهف و نەمرودو فیرعەون و جەمشیدو هۆشەنگ , لە هەقایەت و ئەفسانەی کوردیدا ڕۆڵی گەورەیان پێدراوە , لەدیرۆک و ئەفسانەکانی ڕۆژهەڵاتیشدا هەریەکە بەجۆرێک باسیان هەیە , بەڵام لە کەلەپووری کوردییدا ڕۆڵیان گەورەترە , لەڕوداوە ڕاستەکە ترازاندویانەو ئەفسانە ئامێزکراوەو لەگەڵ مێژوودا پێکگیراون , گرنگی ئەم باسە لەوەدایە , ئەم هەقایەتە کوردیانە کە لەهەندێ ڕوداو لەنێو دەقە ئەفسانەییەکاندا هەن , مێژوو کەمتر باسی کردون , یان هەر باسی نەکردون , هەر بۆیە , گەڕان بەدوای ڕاستیە مێژوییەکاندا لە ئەفسانەی کوردیدا , کارێکی زۆر پێویستە , هێشتا زۆرشت هەن لە گۆشەکانی حەقایەت و ئەفسانە دەرنەهێنراون , نرخی ڕاستەقینەیان نەزانراوە , لەگەڵ ئەمانەشدا , هەندێ ڕوداوی مێژوویی لەملاو لەولا لەگەڵ ئەفسانەی کوردیدا بەراوردکراون , کە ئەم جۆرە ڕوداوانە هەم لە واقیعدا هەن و ڕودەدەن , هەم لە ئەفسانەشدا دووبارە دەبنەوە , دەبێت نووسەری ئەم بوارە ئەو جیاوازیانە بزانێت و دیقەتی دەرهێنانی هەبێت , ئێمە ئەگەرچی تا ئێستا مێژووی خۆمان وەکو پێویست نەنووسیوەتەوە , هۆیەکی گرنگی لەوەدایە , کە ئەفسانەی خۆمان بە چاوی گەڕان بەدوای مێژوودا نەخوێندوەتەوە , ئەگەر بەدیقەت بەم کارەوە خەریک بین , دواجار زۆر گۆشەی تاریک و نیوە تاریک لەنێو مێژووی ئێمەدا ڕوون دەبنەوە.

نووسەری ئەم بوارە دەبێت بەراورد لەنێوان ئەفسانەو ئایین و فەلسەفەدا بکات , ئەگەر بڵێین ئایین و فەلسەفە ئەفسانەیان نیە ستەمیان لێ دەکەین , هەندێک دەپرسن ئایین و ئەفسانەو فەلسەفەو زانست کامیان کۆنترە.؟ هەندێک پێیان وایە کە حەقایەت و ئەفسانە ڕیشەیەکی کۆنتری هەیە کە هێشتا ئایین و فەلسەفە تەواو دەرنەکەوتوون , ئەوە ڕاست نیە , کانیاوی ئەفسانەو فەلسەفەو مانای شتەکان دوای دابەزینی یەکەم ئایین تەقی , هەندێ هەوڵدەدەن ئەو ڕیشەیە لەنێو پەندو گوتەو تەواوی کلتووری کوردیدا بدۆزنەوە , بەڵام نکولیەکە لەوەدایە کە تائێستا مێژووی دەرکەوتنی فەلسەفەی کوردی نەنووسراوە , لایەنە جیاجیاکانی وەک مێژووی فەلسەفەی کوردو ,



فیکرو هزری فەلسەفەی کوردو کەسایەتی فەلسەفەی کورد , شتێکی ئەوتۆی لەبارەوە نەنووسراوە , ئەوە کارێکی زەحمەت دەبێت , هەرچەند هەندێک پێیان وایە کە کورد فەلسەفەی نیەو تا ئەم ساتە وەختە فەیلەسوفی بۆ بەرهەم نەهاتووە , بەڵام ئەوەی سەرمایەیەکی گرنگ و لەبن نەهاتووە , ئەو دەقە زۆرو گرنگ و پڕانەیە کە ئەفسانەی کوردی هەیەتی , لەنێو دەقە ئەفسانەییەکاندا پاشماوەی فکری کۆنترین ئایین تا دەگاتە دوا ئایینی ئاسمانی کە ئیسلامە هەیە , هەروەها لەنێو زۆر لە هەقایەت و ئەفسانەکاندا ڕیشەی زۆر لە فەلسەفە دەستدەکەوێ و دەق هەیە کە زیاتر لە فەلسەفەیەکی تیایە , هەندێ جار فەلسەفەی دژ بەیەک لەیەک کەسایەتی و لەیەک دەق و لەیەک فکردا بە دەبینی , کە ئەمەش بۆ خۆی تایبەتمەندیەکی ئەفسانەیە بەگشتی و ئەفسانەی کوردی بەتایبەت , هیچ کلتوورو ئەفسانەیەک نیە کە فەلسەفەیەک یان زیاتری لەپشتەوە نەبێت , لەگەڵ ئەوەی هیچ ئایینێک نیە فەلسەفەیەکی نەبێت! دەرکەوتووە کە فەلسەفەی بێئایینیش لە پێشینەی کورددا بووە , لە ئەفسانەی کوردیدا دەق و ڕوگەو مانای فەلسەفی هەیە , هەندێک زۆر لە خۆیاندەکەن کە دەڵێن هەرگیز کورد بتپەرست نەبووە , یان هەندێکی تر دەڵێن سەرەتای دەرکەوتنی کورد لە مێژوودا بە بتپەرستی بووە , بەهەردوو دیوەکەیدا هەڵەیەکی بێسوودە , یەکەم دەرکەوتنی کورد بە خودا پەرستی بووە , من ئەوەم لە چەند بابەتی کاوەو نەورۆزدا بەسەرچاوەی بەهێز سەلماندووە , هەروەها دواتریش زۆر قۆناغی مێژوویی کورد بووە بتپەرست و سروشت پەرست و گیاندار پەرست و مرۆڤ پەرست و سۆشیالیزم و شیوعی و مارکسی بووە , ئەوەش هەڵەیە وەک ڕۆژهەڵاتناسێکی ئەوروپی دەڵێ□ ئیمانی کورد بە دین و خوا جێی گومانەو جێگەی بڕوا نیە , من دەڵێم هیچ گەلێک نیە لەسەر زەویدا هێندەی کورد خزمەتی ئایینی کردبێت و زاناو سەرکردەی بە ئایین بەخشیبێت , زۆربەی ئەفسانەو کلتووری کورد بەسەر ئایینەوە بنجی بەستووە , بونگەرایی و واقیعی و فەلسەفە ئایینیەکان و کلیلی ئەفسانە لە ئەفسانەی کوردیدا ڕیشەی هەیە , (هەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو) لە ئەفسانەدا , کلیلی فەلسەفەی ئەو حەکایەتەیە , دەبێ نووسەری کلتوور ماناکانی فەلسەفە لەم سەرەتایەوە بدۆزێتەوە , دەبێت دەریبخات مرۆڤ لەسەرەتاوە چۆن بیری لە خودا کردوەتەوەو چۆن پەرستوویەتی , دەبێت باس لە کاریگەری ئایین و ئاینزاکان و ڕەنگدانەوەیان بکات لە کەلەپوورو ئەفسانەی کوردییدا.

یەکێک لە گرنگی و دەوڵەمەندی کەلەپووری ئێمە ئەوەیە کە لەگەڵ ئەو هەموو کۆنییەی کە هەیەتی , تۆوی تازەترین زانستی لە بنج و هەناودا هەڵگرتووە , کۆنترین بەرهەمی زانستیە سەرەتاییەکانی مرۆڤی لە بنگڵدا حەشارداوە , وەک بڵێی کەلەپورو داستان و ئەفسانە فەرهەنگێکی زانستیە , لەگەڵ گۆڕان و پێشکەوتنی زەمان , هەر لە ئەشکەوتەوە بۆ دێ و شارو شارستانی بڕیکردو دوانەکەوت , هەر لە تەورو چەقۆو قەمەی بەردین و جامۆڵکەی قوڕین و تیروکەوان



تا دەگاتە ئاوێنەی دونیابین و فڕین و چەرخ و فەلەک و بەرماڵی فڕین و بەرماڵی سەرئاو بونی هەیە , جگە لەوانە لەنێو پەندو گۆتەشدا بنەماو کاری زانستی دەست دەکەوێت , کە دەربڕی حاڵەتە فیزیاوی و فەلەکیەکانە , نووسەری ئەم بوارانە دەبێت باس لە پەیوەندی ئەفسانەو زانست بکات , هەوڵبدات شتێک لەبارەی زانستی کوردیەوە بڵێت , ئەو زانستە خۆماڵییەی کە لەنێو میللەت و وڵات بەرهەم هاتووە , کە لەشێوەو ناویشدا خۆماڵین , هەوڵبدات هەستی دەربڕینی حاڵەتی زانستی لای کورد باسبکات , ئەفسانەی کۆنی کورد لەگەڵ تازەترین بەرهەمی زانستی دونیا بەراورد بکات , پاشان باسی نوێترین زانستی سەردەم بکات کە مرۆڤ پێی گەیشتووە , باس لەو هەواڵە سەیرانە بکات کە لە ئەفسانەی کوردیدا زۆر دووبارە دەبنەوەو بونەتە مایەی سەرسوڕمان وەکو ئاوێنەی دونیابین و چەرخ و فەلەک و ئەنگوستیلەو سیمرخ و شتی تر , بەشێکی ئەوانە بەکار هاتووە , هەندێکیش هەتا ئەمڕۆ هەردونیای خەیاڵن و زانستی ئەمڕۆ پەیی پێنەبردوە. لەنێو کۆنترین دەقی ئەفسانەی کوردیدا زانست بەشێوە سەرەتاییەکەی هەیە , وەک ئاگرو موشودەمەو ئاسن و مس تاوانەوەو زرنیخ و ئاڵتون پوختکردنەوەو مرواری و کل و دروستکردنی گالیسکەو چەرخ و فەلەک , هەندێ زانست ئێمە پێشتر هەر بە ئەفسانەمان دەزانیین , کەچی دەرکەوت ئەمانە بەرهەمی زانستین و عەقڵی مرۆڤ لە سەردەمە جیاجیاکان دروستی کردون و بەکارهێنراون و پاشتر هێنراونەتە نێو ئەفسانەوە , وەک هونەری بیناسازی و قەڵاسازی و گیادەرمانی و ئامێرە دەستکردەکان , یان زانستی بۆماوەیی و چارسەری نەخۆشی دەرونی و پاراسایکۆلۆژی و بەکارهێنانی خوێن و ئەندامی جەستە , ئەو کارە زانستیانە پێشتر بە خەیاڵی ئەفسانەیی و شتی دوور لە ڕاستی دەزانران , دواتر زانست هەموو ئەو خەیالە زانستیانەی کرد بە کارو واقیع و سودیان لێبینرا.

جوگرافیای ئەفسانەو جوگرافیای ئەفسانەیی دوو بابەتی جیاوازن , جوگرافیای ئەفسانە سەرجەم ئەو سنوورە جوگرافیایە دەگرێتەوە کە بەدرێژایی مێژوو میللەتی کوردی تیا ژیاوە , کوردستانی دێرین بە کێڵگەی ئەفسانەی کوردی و , سەرجەم شێوازو زارە کۆن و نوێیەکانی زمانی کوردی بە کەرەستەی بەرهەمهێنانی ئەفسانەی کوردی دادەنرێت , بەڵام جوگرافیای ئەفسانەیی سنورێکە ئەفسانەو ئایین پێکەوە گرێدەدا , جوگرافیای ئەفسانەیی ئەو شوێنە پیرۆزەیە کە لە ئایینەکاندا بە هەرێم و نیشتیمانی پیرۆزو چەقی گەردون دادەنرێ و پیرۆزترین شوێنی جیهانە , لە ئەفسانەی یۆنانیدا ئۆلێمپ چەقی گەردون و پیرۆزترین شوێنی جیهانە , لە ئەفسانەی بابلیدا شاری بابل ئەو ڕۆڵەی هەیە , لە ئەفسانەی کوردیدا بە پێی ئاڤێستا ئەئیرییەن ڤەئیجە بە چەقی گەردون و پیرۆزترین شوێنی جیهان دادەنرێ , کە بەپێی کتێبی ئاڤێستا ئەم هەرێمە کوردستانە , یەکەمین شوێن و پیرۆزترین شوێنە کە ئاهورامەزدا ئەفراندویەتی و نیشتیمانەکانی تر دەوریانداوە , بە پێی ئەدەبیات و ئاینی ئێزیدیان لالەش یەکەمین شوین و پیرۆزترین شوێنە کە لەلایەن خواوەندەوە ئەفرێنراوە , هەروەها جوگرافیای ئەفسانەیی لە ئایینە ئاسمانیەکانیشدا هەیە , ئۆرشەلیم لە ئایینی جوو , مەککە لە ئایین و ئەدەبیاتی ئیسلامدا , پیرۆزترین خاکن. دەبێت نووسین لەم بوارەدا هەموو ناوچەکانی جوگرافیای کوردستان بگرێتەوە , هیچ ناوچەیەک بێبەش نەکات , خۆزگە نووسەری ئەم بوارە کارێکی بەراوردکاری لە نێوان دەقە کەلەپوریەکانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان دەکرد , بۆ نموونە , باسی خەلقی ئادەم و حەواو , نوح و ئیبراهیم و زەردەشت و , ئیمامی عەلی و حوسەین و زیلقەڕنەین و ئەسکەندەری مەکدۆنی و , نەورۆز کە لە ئەدەبی زۆر گەلدا هەیە , خەلقی بونەوەرو زەوی و ئاگرو شەیتان و تۆفان , کە وەک لە ئەفسانەی کوردیدا هەیە , لە ئەفسانەی فارسی و عەرەبی و یابانی و چینی و هیندی و سۆمەرو میسری کۆن و ئەغریق و شوێنی تریشدا هەیە , بزانین ئەفسانەی کوردی بۆ ئەو بابەتانە لە چ ئاستێکدایە , لە ڕوی داڕشتن و مێژوو و فکرەو فەلسەفەو زانستەوە , پاشان هەندێ لەو ئەفسانە کوردیانەی بەوەی کە لە تەورات و ئنجیل و قورئان و نامە ئاسمانیەکاندا هەیە , دەیچواندو کاری بەراوردکاری تیایاندا دەکرد , خۆزگە هەمان کاری بەراوردکاری بۆ پەندو ئیدیۆم و قسەی نەستەق و فۆلکلۆری ناوچە جیاوازەکانی کوردستان وەک بادینان و سۆران و گۆران و هەورامان و موکریان و گەرمیان و لوڕو لەک و بۆتان دەکرد , بزانین ئاستی فکری و سەلیقەو دەست ڕەنگینی کام ناوچە بەهێزترو گونجاوتر یا لاوازترە لە ڕوی داهێنانی کەلەپوری و فۆلکلۆریەوە , پاشان بەرهەمی فکری و فۆلکلۆری کوردی بە بەرهەمی میللەتان دەچواند , بزانین ئێمە لە مێژوودا چ جیاوازییەکمان لەگەڵ میللەتانی جیهاندا بووە , لەو بڕوایەدام گەر ئەو کارە زانستیە بەراوردکاریە گرنگە بەسەرکەوتویی بکرێت , لایەنە لاوازەکانی توانستی خۆمان بە درێژایی مێژوو بۆ دەردەهات و دەمانتوانی بگەینە ئاستێکی باش بۆ چاکردن و ڕاستکردنەوەی دەرونی و فکری و ڕ□ەوشتیمان , پاشان هەر لە خوێندنەوەی کەلەپووری کوردییدا , ئەو پەیوەندیە کۆن و لە مێژینەیەی نێوان کوردو نەتەوەکانی دەوروبەر

چاکتر دەناسرێ و ڕوندەبێتەوە , وەک پەیوەندی ئایینی و ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی , وەک پەیوەندی نێوان کوردو یۆنان و ئەرمەن و تورک و فارس و عەرەب , لەنێو مێژوو و ئەفسانەی کوردییدا , قۆناغە پڕ لە گۆڕانکارییە مێژووییەکانی کورد لەڕوی ئایینی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بەزنجیرەو بەپێی زەمەن دەستدەکەون , بۆ نموونە , بەپێی مانەوەی هەندێ پاشماوەی ئایینی , لە داب و نەرێت و کەلەپوردا , ئایینی یەکتاپەرست و سروشت پەرست و گیانلەبەر پەرست و میهر پەرستی و زەردەشتی و عیسایی و موسایی و موسوڵمان و ئاینزاکانیان دیارە , لەوەوە دەگەیتە ئەو باوەڕەی , کە خەڵکی شانەدەرو هەزارمێردو زاوی چەمی و کەریم شار پێش دەیان هەزار ساڵ پێش زایین جۆرە باوەڕو ئاینێکی سەرەتاییان بووە , ئەویش لە ئەنجامی پشکنینی زانستیانەی ئێسکەکانیاندا دەرکەوتووە , هەر لەنێو ئەو ئایینە سەرەتاییەدا سەرەداوی فەلسەفەی ئایینی دیارە , چونکە هیچ ئاینێک نیە بێ فەلسەفە , کوردستان یەکەم خاکەو لانکی دووەمی مرۆڤایەتیە کە ئایین تێیدا پەیدا بووە , پاشتریش بەردەوام زۆر جۆر ئایینی تێدا پەیدا بووەو بڵاوبوەتەوە , تۆفان لێرە ڕویداو نوح لێرە دابەزی و حەوایەوەو بە ئازادی بیروباوەڕی ڕاگەیاند , ئیبراهیم لەسەر ئەم خاکە لەدایکبوو لەسەر ئەم خاکە شۆڕشی یەکتاپەرستی ڕاگەیاندو لەسەر ئەم خاکە بتەکانی شکاندو لەسەر ئەم خاکە ئاگری بۆکرایەوەو هەڵدرایە ناوی و ڕزگاری بوو , کەواتە خاکی کورد مەڵبەندی ئایینی و مەڵبەندی ئەفسانە گەورەکان بووە , لەنێو ئەفسانەی کوردییدا پاشماوەی باوەڕو عەقیدەی هەموو ئەو ئایینانە کە لە کوردستاندا بوون هەیە , ئەو باوەڕە لەنێو داب و نەرێت و پەندو ئەفسانەو حیکایەتە کوردییەکان کەم و زۆر ماونەتەوە , پاش وردبونەوەو لێکۆڵینەوە هەستدەکەیت کە لەنێو ئەفسانەی کوردیدا پاشماوەو کاریگەری باوەڕی زیاتر لە ئاینێک و ڕیشەی زیاتر لە فەلسەفەیەک دەستدەکەوێ , لەهەندێ حیکایەت و ئەفسانەی کوردیدا لە یەککاتدا کاریگەری سروشت پەرستی و میترایی و زەردەشتی و ئیسلامی بەسەرەوەیە , زۆر شت هەبوون لە باوەڕو خوو و دابونەرێت لە نێو حەکایەتە کۆنەکاندا , ئێمە بە ئەفسانەمان دەزانیین , کەچی دەرکەوت ئەمانە ڕۆژانێک ئەرکی ئایینی تایبەت و داب و نەرێتی نێو کۆمەڵ بوونەو بەپیرۆزیەوە پەیڕەو کراون.


ئاینی ئیسلام سەرتاپای ئەدەب و هونەرو ڕۆشنبیری و شارستانیە , هیچ لاپەڕەیەکی قورئان نیە بەشێک لە ئەدەب و هونەرو جوانی تیا نەبێت , چیرۆکە پڕ تەکنیک و ماناو مەغزاکانی کە لەدوا ترۆپکی هونەریدا داڕێژراوەو , هەموو بنەماکانی چیرۆکی سەردەمیانەی تێدایە , بەڵام پیاوەکانی ئاگایان لە بوعدە مێژوویی و زانستی و هونەری و ئەدەبیەکەی قورئان نیە , کە یەک لەسەر سێی قورئان دەگرێتەوە , هەموو سورەتێک وێنەو کەسایەتیەکی تایبەتی هەیە , هەموو ئایەتێک نەکهەو تەنزو مۆسیقاو تابلۆیەکی مانادارو هەستێکی هونەری و شیعری ڕەنگینی تایبەتی هەیە , بەڵام ئەمڕۆ بەدەستی کەسانێکی ناحاڵی لە ئەدەب و هونەرو شیعرو مۆسیقاو , نەزان بەئایین و واقعی سەردەمیانە , قسە لە هەموو شت دەکەن , بە کەیفی خۆیان بەهەشت و جەهەنم دابەش و کوفرو ئیمان دیاری دەکەن , بۆ نمونە نەورۆز بیدعە نیە , لە ئیسلام کۆنترە , هەزاران ساڵ لە پێش ئیسلامەوە هەیە , کاتێک کە ئیسلام هاتە ناوچەکە , نەورۆز یادو جەژن و سەری ساڵ بوو , بەڵکو لە هەموو قۆناغەکانیدا ئایینی بووە , پاشتر بوەتە نەتەوەیی , لە ئایینی کۆندا نەورۆزو دەرچوون لەبەهارو تێڕامان لە سروشت بەشێک بووە لە پەرستش , وەک چۆن لە سەدان ئایەتی قورئاندا هاتووە کە بە دوای جێ دەستی خوادا بگەڕێن لە سروشتدا , نابێت بە نەزانین و بە ناوی ئایینەوە هەمووشت فڕێ بدەینە سوچی لەبیرچونەوەوە , سەیرم لەو کەسانە دێت کە هەرچی بە زەینی وشک و کزی ئەوان نەخوات دەڵێن بیدعەیەو نیە , نەورۆز لەسەردەمی ئیسلامیشدا بووە , لە هیچ قۆناغێکی ئیسلامدا بە عوسمانی و عەباسی و ئەمەوی و ڕاشیدینیشەوە غائیب نەبووە , بەڵام ئەوانەی هێندەی سنووری تەسکی زەینیان دەبینن , وادەزانن ئیسلام هەرئەوەیە ئەوان دەیزانن , تەفسیری هەڵە بۆ قورئان و , لێکدانەوەی نامۆ بۆ فەرمودە دەکەن , هەموو شتیان لا ڕەفزو بیدعەو حەرامە , لە میهرەبانی خواو سەماحەتی ئیسلام و کراوەیی قورئان و لێبوردەیی و ناسکی فەرمودە دوورن , ئەوانە لەم کۆمەڵگایە دورن و هیچ لەفراوانی ئیسلام نازانن , وا دەزانن ئیسلام و قورئان قاسەیەکی ئاسنینی داخراوی ئەفسوناوی هەزار دیوارو مەغزاو نهێنیە , کلیلەکانی تەنها لە مستی قوفڵدراوی ئەواندایە.!

# گۆچان لەکۆمەڵی کوردەواریدا

(پێشکەشە بەرۆحی هونەرمەند (شەهلا نامق)، هەمیشە مۆتیڤی گۆچانی کردبوو بەستایلی کارە هونەرییەکانی)

محەمەد مەردان

گۆچان دار دەستێکی سەر چەماوەی خۆشدەستە. بەو پێیەیی زمانی کوردی زۆر بەرفراوانو دەوڵەمەندە لە جێگەیەکەوە بۆ شوێنێکی تر گۆڕانکاری بەسەر زاراوەکانیدا هاتووە. بەوهۆیەوە گۆچانیش چەندین ناوی جۆراوجۆری هەیە، وەک: ((باکوڕە، گۆپاڵ، گۆپار، تەباخ، پەیاخ، پەیاغ، چۆماخ، چەوگان، چوگان، گاچۆن، گالۆک، گارام، گاران... هتد)).



بەپێی بۆچونی مامۆستا هەژار ناوەکەی لە کۆچو کۆچباری ڕەوەندەکانەوە هاتووە، وەک: ((گۆپا، گۆپاڵ، گۆبال، کۆبار، گۆچەڵ، گۆچان، کۆجان))١.
بۆچونێکی تر هەیە، گوایە ناوەکەی لەیاری (گۆو چەوگان)ـەوە هاتووە. ئەویش پێی ئەوترێت (چەوگان بازی). ئەم گەمەیە لە نێوان (١٠-٢٠) گەنجدا لەپانتاییەکی بەرفراواندا کراوە. یاری چییەکان بوون بە دوو بەشی وەک یەکەوە. دوو گۆڵیان لەمسەرو ئەو سەری گۆڕەپانەکە داناوە٢. یاریچییەکان بەسواری ئەسپەوە یەکی دارێکیان بەدەستەوە گرتووە (ئەویش لەشێوەی گۆچان دا بووە).
بە تۆپەکە وتراوە (گۆ)٣، هێندەی هەنارێک بووە٤.
شاعیرانی وەک: کوردی، نالی، سالم، مەحوییو سەید کامیل هد.. ئاماژەیان بەم یارییە کردووە.
کوردی (١٨٠٩- ١٨٤٩) ئەڵێت:

**گۆی سەرم چەوگانی میحنەت دایە بەر خۆی ڕای فڕاند**

**وای عەجەب بۆ شاسواری خانەیی زەینم نەهات٥**

نالی (١٧٩٧- ١٨٥٥) ئەڵێت:

**بێ ئەگەر بێتە دەرت دیدەیە بەر شەق وەکو گۆ**

**نییە زاتیشی نەبێ دڵ چ بکا قوڕ بەسەرە**

یان:

**شوکور نالی سەری خەسمت وەکو گۆ**
**بەخۆرایی نەک بەیاری کەوتە بەر شەق٦**

سالم (١٨٠٠- ١٨٦٦)
لە شەش دوو بەیتە شیعردا، ناوی گەمەی چەوگانی هێناوە، لێرەدا تەنها دوو وێنەیان ئەخەمە ڕوو:

**لەسەرمای قەوسی سەردی میهری تۆدا وا بەیەک هاتم**

**لەڕێی چەوگانی میحنەتدا وەکو گۆ دائیما گردم**

یان:

**خەم دەبێ چەوگانی زوڵفت بۆ زەنەخ**
**وە چ خۆش بازی بەگۆی سیمین دەکەی٧**



مەحویی (۱۸۳۰- ۱۹۰٤) ئەڵێت:

**ڕۆحی بەفدا کە، بزانە کێیە چەوگان بازەکە**
**((مەحویا)) چەوگانە عیشقو، گۆیە لەم مەیدانە ڕۆژ[8]**

**سەید کامیلیش لە هۆنراوەی (سەمای سەر)دا، ئەڵێت:**

**شێواو و پەرێشانم، وەک زوڵفی پەرێشانت**
**خەم بوو بەخەمت هەر وەک ئەگریجەیی گۆچانت**
**بیخە ملمو بیبە، ئەم کەللە بەشەق وەک گۆ**
**بابێتە سەما بۆ تۆ، هەڵسووڕێ لەمەیدانت[9]**

کۆبەندی هەناسەی پەلکەزێڕینەی هۆنراوەکان، گوزارشت لەخۆری ڕووی جوانیو زوڵفی درێژو لوولی دولبەر ئەکەن، کەچۆن زوڵفی شێواوی خۆشەویستەکەیان بۆیان بووە بەمایەی خەمو خەفەتێکی زۆر.. ئەمەیش ئەوە ئەگەیەنێت شاعیران خۆیان بوبێتن بەهۆکاری ئازاردانی ڕۆحیان، بۆیە هاتون کەلە سەری ئەوینیان کردوە بەگۆ، هەتاکو لەپانتایی گۆڕەپانی ئەشقا مەعشوقەکانیان چەوگان بازی پێبکەن.

بەپێی ناوەڕۆکی هۆنراوەکان، دیارە شاعیران شوێن پێی یەکترییان هەڵگرتووە، بۆ یەک مەبەستیش نووسیویانە. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە قسەی لەسەر بکەین گەمەی (چوگان بازی)یە، ئەویش یارییەکی کۆنی کوردەوارییە. کەچی بەهی فارسیان داناوە!!.

چەوگان: گۆچان، دارێکی ڕاستو باریکە سەرەکەی چەماوەتەوە لە یاری (گۆو چەوگان) یان (چەوگان بازی) یان (تۆپەگایە)[10]دا، دەکێشرێت بەگۆیەکەدا[11].

ئینگلیزەکان بەم یارییە ئەڵێن: (( پۆلۆ polo))، عەرەبیش پێی ئەڵێن ((بولو Bolo)). لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت وا بڵاوەکراوەتەوە، کە ئەم یارییەساڵی ۱۸۷۵ فارسەکان دایانهێناوە. بەڵام ئەگەر بەدیقەتەوە سەیری هۆنراوەکانی ئەو شاعیرانە بکەن، کە چەند دوو بەیتیەکم بەنموونە هێناوەتەوە. ئەمەش بەڵگەیەکی باوەڕپێکراوە، کە شاعیرانی کورد زۆر پێش ئەو مێژووە لەهۆنراوەکانیاندا ئەم گەمەیەیان بەرجەستەکردووە.

لەسەروبەندی مێژووی ئەو ساڵەی، کە دراوەتە پاڵ فارسەکانەوە، بێگومان کوردەکان کەوتبوونە ژێر بەرداشی تورکو فارسەوە! جا نەکبردنی دابونەریت، بەڵکو کوردستانیشیان لەنێوان خۆیانا دابەشکردووەو دەنگی کوردانیان کپکردووە. بۆیە

ئاساییە، ئەم گەمە کوردییە ڕەسەنەش وەکو زۆر شتی ترمان بەناوی فارسەوە تۆمار بکرێت!.

بۆ چۆنیەتی ناونانی (گۆچان)یش، ئەشێ ئەوەی مامۆستا هەژار لە ڕاستیەوە نزیک تربێت، چونکە زۆربەی کوردەکان هەتاکو ئەم دواییانەش هەر کۆچەری بوون..

(یاسین حسێن)ی نووسەر، کەخەڵکی شاری عامودەی خۆرئاوای کوردستانە ئەڵێت: (( کوردانی باکورو خۆرئاوا بە گۆچان ئەڵێن: گۆپاڵ، پاڵ واتە: شان. ئەبێ گۆپاڵیش لە (گۆشان)ەوە، هاتبێت. لای ئێمە گۆپاڵ بەس بۆ پیاوی پیر بەکاردێت، نەک بۆ کاری شوانی. لای ئێمە شوانەکان داری سەرخڕ بەکاردێنن)).

## چۆنیەتی دروستکردنی گۆچان

گەرچی لەکوردستاندا دروستکردنی گۆچان وەکو پێویست نەبووە بەپیشەیەکی سەرەکی، بەڵام لەهەندێ شوێنو جێگەدا تاکو تەرا لەدارەکانی: بەڕوو، مازوو، ئارژەنگ١٢، سوورەچنارو دارە ڕەش... یان هەر دارێکی تر دروست ئەکرێ١٣. ئەو دارەی بۆ دروستکردنی گۆچان ئامادە ئەکرێ، ئەبێت توڵی تەڕو ناسک بێت، چونکە داری وشکو ئەستوور ناچەمێتەوە، گۆچانیشی لێ بەرهەم نایەت.

بۆیە پێشینان گوتویانە: (( داری مەزن نابێتە گالۆک))١٤.یەنن دارە ئامادەکراوەکە بۆماوەی چەند ڕۆژێک لە ئاوێکی تەنکی هێواشدا سەنگو بەرد ئەکەن. دواتر بە (گیرکە)١٥یان بە ئاگر سەری دارەکە گەرم ئەکرێت، وردە وردە ئەیچەمێننەوە. لەکۆندا بەگژوگیا، لە ئێستاشدا بەگوشو پەتو تەل بۆ ماوەی چەند ڕۆژ ئەبەسترێت، پاشان ڕۆژانە هەتاکو بەجوانی دەقی خۆی ئەگرێت، بە ئەسپاییو لەسەرخۆ توند تری ئەکەن١٦.

## شوانو گۆچان

شوانو گۆچانو شمشاڵو کەپنەک، چوارەیەکی وابەستەکراوی پێکەوە گرێدراوی جیهانە ڕەنگاڵییە جوانەکەی شوانی پێکئەهێنن١٧. لەبەر ئەوەی شوان زۆری لەدەشتو دەر، کاتەکانی لەگەڵ مەڕو ماڵاتدا بەسەر ئەبات. ئەمە بووە بەهۆکاری ناسینی گوڵوگیا نوژدارییەکان، لەهەمانکاتدا شمشاڵ ژەنێکی باشی لێ دەرئەچێت، بەجۆرێکی وا مەڕەکانی لە گەڵ ڕیتمی دەنگی شمشاڵەکەیدا



ڕابهێنێت. لەم ڕوانگەیەوە پێشینان گوتویانە: مەڕ چوار چاوی هەبووە، دوانیان بۆ شمشاڵ کوێر بووە.

شوانو گۆچان پێکەوە سکێجێکی زۆر جوانن بۆ ڕازاندنەوەی دامێنی چیاو دۆڵو کانیاوی کوێستانەکانو پێدەشتەکانی گەرمیان. شوان بەبێ گۆچان هەرگیز نابێت. لەم ڕوانگەیەوە پێشینان گوتویانە (( ئەگەر هەر هیچ نازانی گۆچان هەڵگرە بۆ شوانی))١٨.

ئەگەر بەدیقەتەوە سەیری ئەم پەندە بکەین، ئەبینین لە ڕووی یاسای واتا سازی (سیتاکس)ەوە، ئەوە ئەگەیەنێت، کاری شوانی هیچ سەرمایەو شتێکی وای ناوێت، تەنها گۆچانێکە بیگرە بەدەستەوەو کاری خۆت بکە. بەڵام ئەگەر بەدیوەکەی تردا خوێندنەوەی بۆ بکەین، کاری شوانی وەکو پەیمانگەیەک وایە. فێری بەرگەی ساردو گرماو برسێتیو خۆڕاگریت ئەکات. فەزای

بیرکردنەوەت لەدەشتو دەرا فراوانتر ئەبێت، زۆربەی پەیامبەرەکان لەپێشدا کاری شوانیان کردووە. لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا شوانیان بە پێشڕەوو سەرکردەو ڕێبەرو چاوساخ چواندووە.

هونەرمەندی کۆچکردوو شەهلا نامق ئەڵێت: (( شوان و گۆچان تەریبێکی جوانن بۆ نیشاندانی تابلۆکانی ژیانی مەڕداری.. ئەڵێن شوانی بێ گۆچان دڵی شەنگەبێری لەسەر بەردەبێری مەڕدۆشان دەسڕێتەوە))١٩.

کەپنەکیش هاوڕێی هەمیشەیی وەرزەکانی پاییزو زستانی شوانەکانە، بۆیە گوتراوە:

(( شوان ئەگەر شوانە، بەکەپەنکو گۆپالییەوە جوانە))٢٠.

زۆربەی شوانەکان لەسەروبەندی شوانیدا توشی داوی خۆشەویستی بوون، هەشیانە ئەشق وایلێکردووە، کە گۆچانی شوانی بۆ ماڵی باوکی کچەکە هەڵبگرێت. هەندێ جاریش ڕوویداوە لەو پێناوەدا بوون بە قۆچی قوربانی. ئەم بەسەرهاتو ڕووداوانە لەدوتوێی سەرگوزشتەو چیرۆکە فۆلکلۆرییەکاندا ئاماژەیان پێکراوە.

لەم هۆنراوە فۆلکلۆرییەدا دیارە تینی ئاگری ئەوین وای لە کوڕەکە کردووە، کە گۆچانی شوانی لەپێناوی کچەکەدا هەڵبگرێت:

**کەشکۆڵ٢١ هەڵئەگرم گۆچان بەدەسم**

**بۆ لای یار ئەڕۆم لەجیای گشت کەسم٢٢**

جوانی ڕووخساری یار وای لە کوڕەکە کردووە، کە وەکو دەروێشێک بۆی بچێتە خەڵوەتی ئەشقەوە.

لەدوو بەیتیەکی تردا گوتراوە:

**گۆچان پێم بدە بۆت بکەم شوانی**

**لەبەر خاتری تۆ، چونکە زۆر جوانی٢٣**

خۆشەویستی کیشوەرێکی ونە، دۆخێکی جێگری نیەو قابیلی گۆڕانە، دوای پەیی پێبردن ڕێڕەوی مرۆڤ بە ئاقارێکی تردا ئەبات، کە کەپێشتر بەوشێوەیە نەبووە. چاوو هزری ئاشق وەکو نابینا وایە، لەهەناسەی مەعشوقەکەی زیاتر بۆنی کەسی تر ناکات. بۆیە لە دنیای بێ ئاگایدا ئەبێت بە دێوانەی جوانی ئەو کەسەو کاری مەحالیش لە پێناویدا ئەکات..

لە دوو بەیتیەکی تردا گوتراوە:

**حەوت ساڵ٢٤ شوانیم کرد بەگڵەزەردەوە**

**گۆچان چەوتو چێڵ ماڵ بەهەردەوە**

گڵەزەردە: گوندێکە کەوتۆتە باشووری خۆرهەڵاتی شاری سلێمانییەوە، وا بە چیایی بەرانانەوە، لەو ئاستەدا بەشاخی گڵەزەردە ناوزەند ئەکرێت.

شوێنی لەوەڕاندنی گەلەی شوانەکە بووە. ئەویش بۆ ماوەی حەوت ساڵ لەو دەشتو دەرو کێفە بەغەموو پەژارەوە ساتەوەختەکانی ژیانی بەڕێکردووە.

چیتر حەوسەڵەی نەماوە، بۆیە لە دیدگای فیگەری گۆچانەوە گلەییو گازندە لە پیشەی شوانی ئەکاتو ئەڵێت:

**دڵەکەم ڕەشبوو وەک بەردی کانی**

**ئەویش لەداخی گاڵۆکی شوانی٢٥**

لێرەدا بێزارییەک بە ڕوخساری شوانەکەوە ئەبینرێت، بەڵام هۆکارەکەی روون نیە!.

هەروەها لە دوو بەیتییەکی تردا بەڕاشکاوانە دوا وێستگەی خاڵی بەیەکگەیشتنی خۆیو دولبەرەکەی ئەخاتە ڕوو، کەلەناو پەردەی شەوی بووکو زاوایدا خۆی بینیوەتەوە:

**گاڵۆکم برک دا چوومە پەردەوە**

**خۆم خستە باوەش سوخمە زەردەوە٢٦**

فۆلکلۆر ڕوانگەیەکە بۆ خستنەڕووی مۆتیڤەکانی ناخی مرۆڤ، ئەویش ئەتوانێت لەو دیدگایەوە ڕەنگەکانی دڵی خۆیان لە دوتوێی پەند، کورد واتەنیو هتد.. بەرجەستە بکەن.

بۆ وێنە گوتراوە (( ئەگەر نەبڕی چارە، خەنجەر دەبێتە گۆپاڵە))٢٧، ((ئەگەر خودادیغبار، خەنجەر دەبێتە گۆپار))٢٨. ئەمە کەسێک وتویەتی لە ژیانی خۆیدا نشوستی هێنابێتو شانسو بەخت یاوەری نەبوێت. لەجیاتی خەنجەر ئەبێ لەمەودوا گۆچان هەڵبگرێت.

ئەمەیش شێوەی گەنجەفەو سوک سەیرکردنی پیشەی شوانی پێوەدیارە.

لە پەندێکی تردا وتراوە (( قسەی ڕاستی وەکو کەمەی گۆچان وایە)). کەمە، کێمە: خوارکراوەی سەری گۆچان، لە شێوەی نیوە بازنەیدا چەمابێتەوە. ئەمەش بەکەسێک ئەوترێ هەمیشە خواروخێچو درۆزن بێت. یان وتراوە (( ئێژی گۆچانی قوت داگە))٢٩. ئەمیش بەو کەسانە ئەوترێت، کەقسەو بناشتیان بەڕەوانی پێنەکرێت.

## گۆچان لە چوارچێوەی مەتەڵی کوردیدا

مەتەڵ بەشێکی تری فۆلکلۆرە، لە سەرچاوەی ئاوەزو هزری پێشینانەوە هەڵقوڵاوە. لە ئەفراندنو

دروستبوونی چەوچەدا وێنای سکێچی زۆر جوان بەدی ئەکرێت، وەک : (( چنارێکم هەیە لە سەر چنارێکی، سەربازێکم هەیە لەسەر بانەکەی، قولە گۆچانێکم هەیە بە بزماری))٣٠، یان ((چنارێکی بەرزە، بەرداشێک لەسەر، گۆچانێک لەسەر بەرداش وەستاوە، گۆچان بەرێشمە لووتی بەستراوە))، یان ((دارێکەو بانێکەو گۆچانێکە))٣١.

مانای تەواوی مەتەڵەکان (تەشی)ـە، ئەویش ئامرازێکی سادەی ڕستنی خوریو مووە، لە کلکێکی داری باریکی ٤٠سم درێژو سەلکێکی تەختی بازنەیی تیرە (٥سم)و قولاپێکی بچووکی وەکو کەمەی گۆچان ئاسا بەسەلکەکەوەیەتی.

لە مەتەڵێکی تردا گوتراوە:

**چەوتو چێڵو چەمییە**
**وشکو ڕەقو بێ دییە٣٢**



یان:

**چەوتو چێڵو چەمەندە**
**لاشەی بێ ئێسقان سەری بێدە**

مانای چەوچەکان (گۆچان)ـە.

یاخود بە شێوەیەکی تر گوتراوە (( عومەر بچێتە سەر، دوان ئەبێتە سیان))٣٣ واتە: مرۆڤ کەپیر بوو پێویستی بە گۆچان ئەبێت. دوو قاچو گۆچانێک ئەبن بە سیان.

لەهەمانکاتدا وەکو ڕێ پیشاندەریش بووە بەهاوکارێک بۆ نابیناکان. ئەم دیمەنە لەدوو توێی پەندە کوردییەکاندا ڕەنگیداوەتەوەو گوتویانە (( تروسکەیەکی چاو لە سەد گۆچان باشترە))٣٤یان بەزاراوەیی ماچۆیش وتراوە ((تروسکەیە چەم، سەد گۆپاڵ خاسترە))٣٥ واتە: کەمی خۆت لە زۆری خەڵک چاکترە.

## شەڕە گۆچانی نابیناکانی سلێمانی

لەگەڵ بنیادنانی شاری سلێمانیدا مزگەوتی گەورەش دروستکراوە. لەوکاتەوە هەتاکو ئێستە بووە بە شوێنی خڕبوونەوەی نابیناکان. هەندێ جار ئەمانیش وەکو چاوساغەکان لەناو خۆیاندا بووە بەشەڕیان. ئەم شەڕەیش لەناو ئەدەبیاتو قسەخۆشەکانی شاردا تۆمار کراون. شەڕێکیان پێش سالی پەنجاکانی سەدەی پێشوو ڕوویداوە. واتە: لەسەردەمی ژیانی پیرەمێردا بووە، ئەویش لەناو چوارچێوەی هۆنراوەکانیدا بەمشێوەیە باسیکردووە:

**ئاخ ئەو خۆزگەیەی من ئەهاتەدی**
**شەڕە گۆچانی کوێرانت ئەدی**
**سا دایکت ئەگێم تەقەم بۆ بکە٣٦**
**ئەگەر نامەرد نیت مەڕۆ ڕامەکە**
**تەقەی کرد گۆچان وەک تیر ئەفڕی**
**ناوجەرگی کوێری بەرامبەری ئەبڕی**

هەروەها لە سەردەمی فەریقە کوێریشدا هەمان شەڕ لەنێوان نابیناکاندا ڕوویداوە لەدانیشتنەکانی شەوانی ماڵاندا گێڕاویەتەوەو لەسەر شریتی ریکۆردەریش تۆماری کردووە، ئەڵێت: (( ڕۆژێکیان لای مزگەوتی گەورەوە ئەڕۆیشتم تەماشا ئەکەم وا کوێرەکان نیشتونەتە سەر یەکتری شەڕیانە، ئەمان چۆن شەرە گۆچانێک، تریقەی گۆچان قۆناغێ ڕێ ئەڕوا، کردویانە بەمەنعی تەجەول، لەوناوا بەشەر ناوێرێ لەوێوە بڕوات.




ئیمجا کوێربێ‌و بەئارەزووی خۆی دار بوەشێنێ ساغو نەخۆشی بەر ئەکەوێ. کوێرەکان خۆیان لەیەکتری شاردبۆوە منیش لەدەستەی ئەمبەرەوە ئەڕۆیشتم، لای مەعاریفەوە ٣٧کەچی لەوبەرۆ یەکێ لە کوێرەکان بانگ ئەکا:

دایکت ئەگێم یەک کۆکەم بۆ بکەم بزانم لە کوێیایی هیچی ترا! منیش وتم بۆچی یەک کۆکەی بۆ نەکەم بزانم چی ئەکا. وەڵلاهی سوێندتان لەسەرم نیە بەهەقی خوا لەگەڵ وتم (ئم) دایکت ئەگێم، کەیەک کەلە برکی تێگرتم بەحەقی خوا ڕێک نوسا بەبن ملما!.

وتم: منت کوشت گەواو باوک.

وتی: ئەی تۆ نەبویت کۆکیت؟!.

## کەڵکو سوودەکانی گۆچان

بۆ خۆپاراستن لەدڕندەو مارو مێروو، یان کردویانە بەڕوانگە بۆ زانینی کاتەکانی ڕۆژ، بەهۆی سەرە چەماوەکەیەوە هەڵگرتنی خۆشو ئاسانە. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ هەڵگرتنی شتومەکی پریاسکەدارو گرتنی مەڕوبزن کەڵکی هەیە، لەهەمانکاتدا چاوی نابیناکانە.

## پەراوێزەکان

١ – هەژار، هەنبانە بۆرینە، لاپەڕەکانی (٦٢٦، ٧٠٢، ٧٠٣)، چاپی یەکەم، تهران ١٣٦٩.

٢ – بەو دوو گۆڵە وتراوە (هۆڵ).

٣ – گۆ: تۆپێکی خڕی دارینە یاری چەوگانە، تیرەکەی ٣تا ٤سم ئەبێت.

٤ –محەمەد کەریم شەریف، فۆلکلۆری یارییەکانی کوردەواری، لاپەڕە (١٥٨)، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الشمال)، کەرکووک ١٩٧١.

٥ – د. محەمەد نوری عارف، فەرهەنگی دیوانی شاعیران، نالی- سالم- کوردی، لاپەڕە (٢٨٦)، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٧.

٦ – هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٧٧١).

٧ – هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٢٨٧).

٨ – دیوانی مەحویی، لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەریسو محەمەدی مەلا کەریم، لاپەڕە (١٣٩)، چاپی دووەم، بەغدا ١٩٨٤.

٩ – شاری دڵ، دیوانی سەید کامیل ئیمام زەنبیلی (ئاوات)، ئامادەکردنی: سەید جەعفەر ئیمام زەنبیلی، لاپەڕە (٨٠)، چاپی یەکەم، تهران ١٣٩٢-٢٠١٣.

١٠ – تۆپەگایە: تۆپێکی تۆپەڵکراوە لە تووکی گاو مانگا، تیرەکەی (٥) تا (٦سم) ئەبێت لەکۆندا لە جیاتی تۆپ یارییان پێکردوە.

١١ – گۆ: تۆپ. ئەویش لەدار دروست ئەکرا، بەگۆچان بەسەر ئەسپەوە یارییەکە ئەکرا. بەکرمانجیش پێی ئەڵێن: (گۆک) واتە: تۆپ. هەروەها ئەو دارە سەرچەماوەیەیی دەهۆڵی پێئەکوترێت، پێی ئەوترێت (چەوگان).

١٢ – ئارژەنگ: دارێکی سوور پێستە وەک بەلاڵوک، گۆچانی زۆر جوانی لێدروست ئەکرێت.

١٣ – بەداخەوە ئێستا لەوڵاتانی صین و سووریاو چەند وڵاتێکی ترەوە گۆچان بۆ کوردستان ئەهێنرێت .

١٤ – شێخ محەمەدی خاڵ، پەندی پێشینان، لاپەڕە (٢١١)، چاپی سێهەم، سلێمانی ٢٠٠٠.

١٥ – گیرکە: ئامرازی چەماندنەوەی داری ترە بۆ کەمەی گۆچان.

١٦ –لەم کاتەدا پێی ئەوترێت (چەمە گالۆک).

١٧ – کاری شوانی شێوازو جۆری جیاجیایی هەیە، بۆ وێنە: مەڕومالات، قازو قەلو بەرغەلەوانی..

هد..

١٨ – علی مەعروف شارەزووری، پەندی پێشینان، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، لاپەڕە (٢٧)، بەغدا ١٩٨٧.

١٩ – شەهلا نامق، بانەڕۆژ، ژمارە (٣٨)، لاپەڕە (٣٤)، کۆتایی ئابی ٢٠٠٨.

٢٠ – کەپەنک: لەبەرگن دروستئەکرێت، درێژیەکەی تاکو خوار ئەژنۆ ئەبێت، باران دانادات، بۆیە بۆ کاری شوانی بەکاردێت.

٢١ – کەشکۆڵ: دەفرێکی دەروێشی بووە لە گوێزی هند، ناوەکەیان هەڵکۆڵیوەو سەرەکەی ترلە لەکراوە بەن یان قایش وەیا پەتێکی پێوە بەستراوەو دەروێشو دێوانەو خوا پەرستەکان ئازووقەو ئاویان تیا بردووە بۆ ئەشکەوتو شوێنە چۆڵەکان بۆ خەڵوە- دەستی دایە کەشکۆڵی چووە کن شوانی، تحفە

بڕوانە فەرهەنگی شێخانی، عەبدولوەهاب شێخانی، لاپەڕە (٤٣٤)، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٩.

٢٢ –مەحموود زامدار، بۆنی هەڵاڵان دێ، چاپی دووەم، لاپەڕە (١٧٥) هەولێر ٢٠٠٩.

٢٣ – محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق، هۆنراوەو چیرۆکی فۆلکلۆریی کوردەواری، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، لاپەڕە (١٨٨)، سلێمانی ٢٠٠٠.

٢٤ - لە یاسای (شەرتە شوانی)دا، حەویەک لەبەخێوکردنی مەروبزنو (گەلە)دا پەیڕەو ئەکرا. خاوەن ئاژەڵ (بەرشوانێکو دوا شوانێک)ی گرتووە. ئەویش لە گەڵ سوڕانەوەی ساڵدا بۆ هەر حەوت سەر مەڕو بزنێک کاوڕێکو گیسکێکی داوە بە شوانەکان. وەلە بەیانیەوە هەتاکو ئێوارە (٥)نانی داوە بەهەر یەک لە شوانەکان. (کڵاشو دەرپێو کەچەو کەرەک)یشی بۆ کردوون.



بڕوانە: عەلی شارەزووری ، کەلەپووری کورد، ژمارە (١)، لاپەڕە (٣٢) نیسانی ١٩٩٢.

٢٥ – محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (١٨٢).

٢٦ – محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (٢١).

٢٧ – محەمەدی مەلا قادر، پەندنامەی ئاوارە، لاپەڕە (٢٠)، چاپی شاخ ١٩٨٥.

٢٨ – عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی، پەندی کوردی، لاپەڕە (١١٨)١٩٨٠.

٢٩ – د. عەلی روخزداری، کوارەی کوردەواری، لاپەڕە (٥٥)، چاپی یەکەم، سنندج ١٣٨٢.

٣٠ – برەک ئەیوبیان، هەتەڵەی کوردی، لاپەڕەکانی (١٠،١٢)، مهاباد ١٩٨٢.

٣١ – سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر، بەرکورتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، لاپەڕەکانی (١٥٠،١٧٣)، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٥.

٣٢ –ئیبراهیم ئەحمەدی، مەتەڵو موعەمما، لاپەڕە (٧٩) چاپی یەکەم سنندج ١٣٨٩.

٣٣ – هەمان سەرچاوە، لاپەڕە (٧٩).

٣٤ – شێخ محەمەدی خاڵ، پەندی پێشینان، لاپەڕە (١٥٣) چاپی دووەم ١٩٧١.

٣٥ – هەردەوێڵ کاکەیی، پەندو قسەی نەستەقی ماچۆ، لاپەڕە (٨١) هەولێر ٢٠٠٦.

٣٦ – واتە: سەری گۆچانەکە بدە بە زەویدا.

٣٧ – مەعاریف: لەشوێنی ئێستای کاسەمۆڵدا بوو.




## سەرچاوەکان

١. هەژار، هەنبانە بۆرینە، چاپی یەکەم، تهران ١٣٩٦.

٢. محەمەد کەریم شەریف، فۆلکلۆری یاری یەکانی کوردەواری، چاپی یەکەم، چاپخانەی (الشمال)، کەرکووک ١٩٧١.

٣. د. محەمەد نوری عارف، فەرهەنگی دیوانی شاعیران، نالی- سالم- کوردی، چاپخانەی دەزگای



ئـاراس، هەولێـر ٢٠٠٧.
٤. دیوانـی مەحویـی، لێکدانـەوەو لێکۆڵینـەوەی: مـەلا عەبدولکەریمـی مودریـسو محەمـەدی مـەلا کەریـم، چاپـی دووەم، بەغـدا ١٩٨٤.
٥. شـاری دڵ، دیوانـی سـەید کامیلـی ئیمـام زەنبیلـی (ئـاوات)، ئامادەکردنـی، سـەید جەعفـەر ئیمـام زەنبیلـی، چاپـی یەکـەم، تهـران ١٣٩٢.
٦. شـێخ محەمـەدی خـاڵ، پەنـدی پێشـینان، چاپـی سـێهەم، سـلێمانی ٢٠٠٠.
٧. عەلـی مەعـروف شـارەزووری، پەنـدی پێشـینان، بەرگـی دووەم، چاپـی یەکـەم، بەغـدا ١٩٨٧.
٨. شـەهلا نامـق، بانـە ڕۆژ، ژمـارە (٣٨)، کۆتایـی ئابـی ٢٠٠٨.
٩. مەحمـوود زامدار، بۆنـی هـەڵاڵان دێ، چاپـی دووەم، هەولێـر ٢٠٠٩.
١٠. محەمـەد حەمـە سـاڵح تۆفیـق، هۆنـراوەو چیرۆکـی فۆلکلۆریـی کـوردەواری، بەرگـی یەکـەم، چاپـی یەکـەم، سـلێمانی ٢٠٠٠.
١١. محەمـەدی مـەلا قـادر، پەندنامـەی ئـاوارە، چاپـی شـاخ ١٩٨٥.
١٢. عومـەر شـێخەڵڵا دەشـتەکی، پەنـدی کـوردی، ١٩٨٠.
١٣. د. عەلـی روخـزداری، کـوارەی کـوردەواری، چاپـی یەکـەم، سـنندج ١٣٨٢.
١٤. سـەدرەدین نورەدیـن ئەبوبەکـر، بەرکوتێکـی مەتەڵـی فۆلکلـۆری کـوردی، چاپـی یەکـەم، هەولێـر ٢٠٠٥.
١٥. ئیبراهیـم ئەحمـەدی، مەتـەڵو موعەممـا، چاپـی یەکـەم، سـنندج ١٣٨٩.
١٦. شـێخ محەمـەدی خـاڵ، پەنـدی پێشـینان، چاپـی دووەم، ١٩٧١.
١٧. هەردەوێـڵ کاکەیـی، پەنـدو قسـەی نەسـتەقی ماچـۆ، هەولێـر ٢٠٠٦.

# زانستی لێکۆڵینەوە لە چیرۆکی میللیی

# بەشـــــــی دووەم لە قوتابخانەکـان



محەممەد ساڵح سەعید

**لەبەشی یەکەمدا قوتابخانە (خۆرهەڵاتیمان) شیکردەوە.**

لەم بەشەشدا (قوتابخانەی میتۆلۆجییو قوتابخانەی ئەنترۆپولۆجیی) راڤە دەکەین.

قوتابخانەی دەرونزانییو قوتابخانەی فینلەندیی بۆ بەشـی سـێیەم هەڵدەگرینو بەو هیوایەی بتوانین ڕەنگدانەوەی بیرو شێوازی ئەم دابەشە زانستییانە لەناخو ناوەرۆکی چیرۆکی میللیی کوردیماندا بدۆزینەوە.

هەرچەنـدە مـن بڕوام بەتایبەتمەندیی چیرۆکی میللیی، داسـتانو ئەفسـانەی تایبەتـی نەتەوەیی خۆمانەم هەیەو زۆر بێت یان کەم لەوان جیاوازە، تایبەتمەندیی ژیاریی، ژیان لەسـەر خاکی جوگرافیایەکی دیرۆکی دێرینی سـەرەتا یەکەمییە بەرابیەکانی مێژوویی مرۆیەتی دەستکاری نەکراوو لاسایی نەکراوەی پێوەدیارە.

هـەر بـۆ نموونە بچۆ بەلای هورچی یارینەکـەر، فیرنەگولە، ئاوی سـپیو ئاوی ڕەش، گورنەتەڵە، فڕین لەسـەر کورسـیو چەرخوفەلـەک، سـیمرخ، لەنموونەی کە کـردووی نوێ (مامە خەمە)و حەوت چیرۆکو (هەیاسـی خاس) بیستو پێنج چیرۆک کە (مێشک، ژیریی، بڕواداریی خاوێنی مرۆڤی کوردی تیا بەرجەستەیە).

### قوتابخانەی میتۆلۆجی

لەسـاڵی ١٨٥٦ز دا (ویلهام گریم) دوا باوەڕی تیۆریی خۆی ئاشکرا کرد کە تیایدا گوتی:

(( بنەچەی هاوبەشـی جێمـاوی میللی لە ڕەچەڵەکدا لەهندەوە سەریهەڵداوە)).

ئەمـەش ئەوە دەگەیەنێت کە میراتیی چیرۆکە میللییە بەجێماوەکـانی کۆنـی دێرین لـە هاوبەشـەکانی گەلانی هینـدۆ ئەوروپییـە. هەروەها ئەم چیرۆکانە پاشـماوەی (ئەفسانەن). بەهیـچ جۆرێکیش ناتوانیـن تێیانبگەینو راسـتییەکانیان بزانیـن، هەتـا ئـەو کاتـەی سـەرچاوە ڕەچەڵەکییەکانیانی ئەو ئەفسانانە تێنەگەین.

ئەم باوەڕیە کەمییەی گریم بە (تیۆری هیندۆ ئەوروپی) ناسـرا. دوایش بە (تیۆریی بیردۆزی میتۆلۆگیی) کەوتە ناوانەوە.

قوتابخانەی میتۆلۆگی، چیرۆکی میللیی و ئەفسـانەیی — بەتایبەتی ئەفسـانەی سروشتی بەجێماوێکی ئاریایی نموونەیی دانا.

داشـینا کە پاشماوەی ئەفسـانەی دێرینی بەجێماوە. هەروەهـا ڕەگەزە هاوبەشـەکانی ئـەو چیرۆکانە دیاردەو دەرکەوتەکانیـان لەناو دەقە ڕەسـەنەکا باڵا میللییەکاندا دەریدەخات کەسـەر بە هیندۆ جەرمانین، واتە ئاریایین.

(کە ئەمە بۆ نەتەوەی کوردمان گەلێک پڕ بایەخە)!

ئەم بیردۆزە راسـتو ڕەوانە هەر زوو بەرهەڵسـتیکرا. بەهانەی جۆربەجۆر لە دژی بەرزکرایەوە.

من هۆکاری ئەو بەرهەڵسـتیە وەهـا تێدەگەم. بەهۆی دواکەوتەییـو نەزانینـی خۆرهەڵاتـە ئارياييەکانبوویـن لەتۆماری کەلەپووری بەجێماویان، جا بۆ ئەوەی بتوانرێت بەبنەمـای نموونـەو وێنـای ڕەخنـە خۆیان بەشـێوازی بەراوردکاریی ئەنجامە راستەکان پیشانبدەنو خۆیان ئەو کاری دێرینییە بسەلمێنن.

دیـارە نەبوونـی زانـای بلیمـەت لەخۆیـان، هۆکاری سـەرەکیو کاریگەریـی دەسـەڵاتی ئایینـیو رامیاریـش هاوبەشنو تێکەڵ بەو هۆکارانە بوونەتەوە.

بـەڵام ئەوەی جێگەی سـەلماندنە ئەوەیـە کەنەتوانرا ئـەو قوتابخانەیە لەناویاندا لابرێتو بیسـڕنەوە. لایەنی ئاریاییەکـەی وەک خـۆی هێڵرایـەوە. ئـەوە هەرچەندە هەندێک ڕەوشی تایبەتی خۆی لێسەندرایەوە.

( دیارە ئەوە لەلایەن لایەنگرانی قوتابخانەکانی ترەوە ئاراستە کراو بوون).

گوتراویشـە کەبەهانـەی دژایەتیکردنـی ڕەچەڵەکـی ئاریایی لەوەوە دەسـتیپێکرد کەلە سەدەی نۆزدەیەمەوە شـێوەو شـێوازی ڕۆمانیی نا ئاریاییـش دەرکەوتووە کە مەرج نەبێت ئاریایی بن.

هۆکارێکی تری ئەم بیانووەش ئەوە بووە کەئەفسانەی تری نا ئاریایی دۆزراونەتەوە کەلەوانە نەچنو جیاوازبن..

بیانوویەکـی تریشـیان جێگیریـی پێکهاتەیـی گشـتیی چیرۆککـە نائاریاییـە ئەوروپاییـی یانـە بـووە کەهەڵسەنگێنراوون.

## قوتابخانەی ئەنترۆپۆلۆجیا

کورتەیەک لەسەر واتای ئەنترۆپۆلۆجیامرۆزانیی بەهۆی ئەوەی زۆرینەی زانستە کۆمەڵایەتییو مرۆییەکان، بەتایبەتیش دەروونزانییو کۆمەڵناسی بەدوای لێتێگەیشتن لەمرۆڤ کەدوا خواستە.

ئەوەتە دەڵێت: (ئەنترۆپۆلۆجیی لقێکە لە لقەکانی لێکۆڵینەوە لەمرۆڤ لەناو بەر هەوادارییەکانی خۆیدا!).

لەبەشی زۆری ئەوروپاشدا گوتراوە کە: (گیانەوەرزانیی مرۆریە تییە- گیانەوەرزانیی رەچەڵەکییە) یان (ئەنترۆپۆلۆجیای سرووشتی).ئەنتۆلۆجیاش بەلقێک لەلقەکانی دادەنرێت کەلە (رەگەز) دەکۆڵێتەوە!.

دەبێت ئەوەش بزانین ئەم پێناسانە گەلێک لەپێناسە کۆنەکان جیاوازن کە ئەوسا بە سایکایەتیی دەناسرا.

یەکەم کەس لە ١٨٤١دا (F.A.Rauch)بوو کە مەبەستی ئەم زانستە بە (تاقیکردنەوەی کاریگەرە دەرەکییەکان دادەنێت کە مێشکو ژیریی کرۆکو بابەتە تیایدا) هەروەها ئەو گۆڕانکارییانەی کاریگەرییەکان دروستیدەکەن.

ئەمریکییەکانیش دەڵێن:

١. لێکۆڵینەوە لەمرۆڤ وەک ژیاوەیەکی کۆمەڵایەتیی لەهەموو رووە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانەوە، بەبێ لێکدانەوە لەکاتو جێگەو شوێن.

٢. ئەنترۆپۆلۆجیای رۆشنبیریی: کەزانستی شوێنەوار، فۆلکلۆر، زمانو کۆمەڵایەتیی، ئەتنۆگرافیاو ئەتنۆلۆجیا دەگرێتەوە.

## قوتابخانەی ئەنترۆپۆلۆجی

ئەو بایەخپێدانەی کە کۆمەڵێک زانا بەلێکۆڵینەوە لە گەلە بەراییەکان داویانە،بووە بەهۆی ئەوەی کۆمەڵێکی گەورە کەرەسە لە وڵاتاندا کۆببنەوە.

بەهۆکاری ئەو کەڵەکە بوونە چالاکیی فرەی بە لێکۆڵینەوەی بواری زمان، جوگرافیا، ئەتنۆگرافیا و فۆلکلۆر بەخشیووە.

لەو کاتەوەی زاناکان کەموکورتی بیردۆزی کۆچیان بۆ دەرکەوتووە ئەستەمە لەیەکچوونی نێوان کەلەپووری جێماوی گەلانی جیاواز لێکبدرێتەوە بەتایبەتی لەسەر رۆشنایی تێگەییوەی رەچەڵەکی هاوبەش کەلە قوتابخانەی میتۆلۆجیی. پشت پێدەبەسترێت. هەروەها نەک بەرێگەی خواستنو بڵاوبوونەوەشدا کەقوتابخانەی کۆچو رەودا ئەنجامدەدرێت.

جا بەهۆی ئەو بەدواداچوونە بەردەوامەی لەسەر شێوازی ژیانی گەلانی دوور لە یەکی وەک: ئەفریقا، ئوستراليا، ئەمریکای باشوور دەکرێتو هەروەها لە خۆرهەڵاتو باشووری ئاسیاو شوێنانی تریشدا. تۆ دەتوانیت شێوازی ژیانی گەلانی ئەوروپی بەیەک وێنا بکەیت. بەڵام ناتوانیت بەرێگەی پەیوەندیی رۆشنبیریی نێوان ئەو گەلانەو نێوان ئەوروپاییەکان چون یەک لێکبدەیتەوە.

بەو هۆیەوە دەبێت بۆ لێکدانەوە نوێتر بگەڕێین. لە گەڵ ئەوەشدا کەلە مێژووی زانستیدا بیرو بۆچوونی زانستیانەی نوێ بەناوی قوتابخانەی ئەنترۆپۆلۆجی (Anthropol ogical school) سەریهەڵدا.

دەتوانین بڵێین کە پەیدابوونی ئەم قوتابخانەیە بۆ بەرامبەریی و پەرچدانەوەی قوتابخانەی میتۆلۆجیی هاتە کایە.

لەماوەی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمدا قوتابخانەی (مرۆڤ زانی)ی بەریتانی، بەهۆی زانایانو هەڵکەوتووەکانی وەک: (تیلۆر E.B.Tylor، ئەندرۆ لانج A.lang، جیمس فرایز، لۆرانس جوم)و کەسانی ترەوە لە بواری بۆ ماوە میللییەکاندا بەرهەمداریی گەلێک پڕ بەها جێبەجێبکەین.

لە گەڵ ئەوەی ئەم شارەزایانە بنچینەی لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریان بە شێوازێکی راست بۆ (بۆ ماوەی میللیی) دارشتو بایەخیان بە دەرکەوتە مرۆییە گشتیی و سەربەخۆکان دا بەڵام بەدەر لە (بوارە نەتەوەییەکان) کە بوو بەهۆی رەخنە لێگرتنیان کە ئەو بوارەیان فەرامۆشکردووە. چونکە ئەوان هەر پشتیان بە بیرۆکەی (بۆ ماوە) بەستووەو بەسەر ئەم قوتابخانەیەدا سەپاندوویانە.

لایەنگرانی قوتابخانەی ئەنترۆپۆلۆجیی پشت بەو بیردۆزەیە دەبەستن کە دەڵێت:

(( لە خۆوە هاتنی بابەتەکان)ە. (تیۆر) هۆکاری لەیەکچوون وا دەبینێت کە یەکەی هاوجۆری گەشەی رۆشنبیریی هاوکاری بنچینەییە کەدەبێتە هۆی پەیدابوونی ڕێبازی ئەو لەیەکچوونە.

لەگەڵ ئەو سەرکۆنە توندەی رووبەرووی ئەم بابەتەکرایەوە، بەڵام بەبیردۆزییە بەراورد بەدوو بیردۆزەکەی تر (میتۆلۆجیاو کۆچ) وەک: (سۆکۆلۆف) دەیبینێت، هەنگاوێک پێش ئەوان کەوتەوە. بەوەی کەلە ئاکارەدا تێبینکاری بەرفروانکرد. بەسەر خەوشی نزیکایەتی وەچە کەوتنەوەدا سەرکەوتو هەروەها

کەموکورتی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی مێژوویی.

قوتابخانەی ئەنترۆپۆلۆجی بەشێوەیەکی گشتیی (بەرنامەی بەراوردکاریی- compor ative metho)لە لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆریدا بەکارهێنا. کەچی لایەنگرانی ئەم قوتابخانەیە لە بارەی (هەقایەتی میللییەوە)

ئەو ڕاستیە وا دەردەخەن لە گەلێکەوە بۆ گەلێکی تر دەگوێزرێتەوە. بەشێوەیەکی تایبەتیش بەلای ئەوەدا دەچن ئەو لە یەکچوونە بە تێگەیوەی سەربەخۆی فرە (polegenesis) دەخەملێنن.

ئەوان وا دەبینن کە گشت کەسەکان بەو قۆناغی گەشەو پەرەسەندنادا تێپەڕیبن. هەر بەوە گشتیان هەڵگری ڕەگەزەکانی ئەو پێشکەوتنەی خۆیانین لە چیرۆکەکانیاندا.

ئا لێرەشەوەیە کە ئەم قوتابخانەیە لەبنچینەیدا پڕ بایەخە بە بەدوا داچوونی هەر ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی (چیرۆکو ڕۆشنبیریی) هەتا ئەو ڕادەیەی بگەنە سەرچاوە هاتووەکەی لە ( ژیانی سەرەتاییەوە).

لاوازیی ئەم قوتابخانەیەش لەوەدا کۆدەبێتەوە کە نەیتوانی ئەو جیاوازییانە بدۆزێتەوە کەلە نێوان ڕۆشنبیرییو کاریگەرییە بەرامبەرییەکانی گەلاندا هەیەو شارەزاییێت.

بیردۆزی (( ڕێبازو بیمی جۆر بەجۆر)) لە هەقایەتە لە یکچووەکاندا بەرامبەر بیردۆزی بڵاوبوونەوە (Diffnsionism) دەوەستێتەوە. کەدەڵێت:

لە یەکچوونی لە نێوان چیرۆک ڕەگەزەکانی چیرۆکدا بەلایەنی وڵاتانی جیاوازەوە گوایە ئەوەیە کەلەیەک سەرچاوەوە هاتبن. کەچی بیرۆدزی یەکەم دەڵێت قۆناغە لەیەکچووەکانی بەرەو گەشەی کۆمەڵگەی مرۆیی، لەگەڵ ئەوەی لەجێگەو کاتو تافیشیاندا دوور لە یەکتریبوون، پێشینەو پاشینەی ڕۆشنبیرییو پەرچەکرداریو ورۆژانی لەیەکچوویان لێدەکەوێتەوە. ئەمانەش دەبنە هۆکاری لێکەوەو لەدایکبوونی چیرۆکی لەیەکچوو.

هەر ئەم بیردۆزیەش نەیتوانی ئەم لەیەکچوونانە بە نموونەی دیاریکراوی گەشەکردوو بسەلمێنێت، ناشتوانرێت بیردۆزی شێوازی لەیەکچوونی جۆر بە جۆر وەک: لێکدانەوەیەکی ڕووتو تەنها بەرامبەر هەقایەتی میللی وەربگرین.

زۆرینەی لێکۆڵەرانی حەقایەتی میللیی هەڵوێستێکی ناوەندی ئەم دوو بیردۆزەیەیان وەرگرت.

ڕەخنەیەکی زۆر ڕووبەڕووی ئەم بیردۆزیە کرایەوە.

یەکێک لەوانە گوتنەکانی (ئەلکسەندەر کراپ) بوو بەرامبەر چیرۆکی جنۆکان، کەهەتا ڕادەیەک بەچیرۆکی شارستانیی گەشەکردوو دادەنرێت. هەروەها ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتیش دەگەیەنێت.

(فۆن سیدۆف)یش سەرزەنشتی چالاکوانی ئەم قوتابخانەیە بەوە دەکات کە ئەوان بەتەنها (بۆماوە دێرینەکانیان) ڕەچاوکردووە. ئەوەیان فەرامۆشکردووە- کەهەتا ئێستەش –بیرە ساکارەکان هەر زیندوون کەبەجۆرە هاوێنای نوێ لەدەربڕیندان.

بەڵام (تۆمسۆن) کەبەشێوەیەکی گشتیی دەربڕی بۆچوونی (قوتابخانەی مێژوویی خۆگرافی)یە، دەڵێت: هەر نموونەیەکی فۆلکلۆر مێژوویەکی تایبەتی خۆی هەیە. بۆیە دەبێت بەسەربەخۆیی خودی خۆی لێیبکۆڵرێتەوە.

ئەو دەشڵێت بیردۆزەی گەشەی ڕاستەوخۆو هاوتەریبی ڕۆشنبیرییەکانی، بیردۆزەی بۆ ماوەکانی تری ڕۆشنبیریی پاڵی بەهەندێک زانای فۆلکلۆرەوە ناوە کە لێکۆڵینەوەی هەقایەتی گەلی بەبنچینەی بەرهەمی ڕۆشنبیریی بەرایی دابنێن، هەتا ئەو ڕادەیەش هەوڵبدەن هاوچەشنەکان لەنێوان گەلە دێرینەکاندا کۆبکەنەوە.

لەگەڵ بایەخداریی دۆزینەوەکانی ئەم لێکۆڵەرانەدا دوو بابەتیان لەکارەکانیاندا هەڵبواردووە کە بونەتە هۆی کەمکردنەوەی نرخی کارەکانیان، کەیەکێکیان: باری ڕۆشنبیرییە وەک جۆرێک لەجۆرەکانی پەرەسەندنی مێژوویی هەر نەتەوەیەکو دەکەوێتە ژێر هەموو جۆرێک لە جۆرەکانی کارتێکەرییە تایبەتەکانی ناوخۆییو دەرەکییەوە.

ئەوەی تریشیان ئەم لێکۆڵینەوانە بایەخی تەواوی بەبەشداریی گەورەی سوودمەندیی نێوان ئەو نەتەوانە نەداوە کە دەکەوونە ناوەندە ڕۆشنبیرییەکانەوە.

**سەرچاوە:**


١. عالم الحكايات الشعبيه فوزی العنتيل.

٢. الحكايه الخرافيه- د. نبيله ابراهيم.

٣. الفولكلور- فوزی العنتيل . بيستو پێنج چیرۆک.

٤.داستانی هەیاسی خاسو سوڵتان مەحموود – محەممە ساڵح سەعید.

٥. مامە خەمە – محەممەد ساڵح سەعید (حەوت چیرۆک).

# شوانیی دوو جۆرە

عەبدوڵڵا حەسەن قادر



**شوان.**
**دوا شوان.**

**١. شــوان**: شوان ئەو کەسەیە ساڵانێکی زۆر کاری شوانی کردبێ‌و شارەزاو پسپۆڕ بێ لە بەسەرکردنەوەی مەڕوماڵات، لەوەڕانــدن، بەخێوکــردن. جەراکــردن هەڵســووکەوتو مامەڵەکردنــی لەگەڵ ئاژەڵدا شــەرتە شــوانیەکەی لەدوا شــوان زیاتــرە، لەپێشــەوەی ڕانــەوە دەڕوات، لەکاتــی زەهەدا، شــەوی چەند جارێ سەری گەوڕی ئاژەڵ دەدات بۆ ئاگایی لەزاینی مەڕوماڵات.

**٢. دوا شــوان**: شــوانی دوەمــە، فەرمــان لــە شــوانەوە وەردەگرێت، بە ئاماژەی ئەو هەڵدەســوڕێت بۆ کاروباری ئاژەڵەکــە. دەکەوێتــە دوای ڕان، شــەرتەکەی لەشــوان کەمترە.

**بزنــەوان**: کەســێکە پیشــەی لەوەڕاندنی بزنــە، لەخوار شوانەوە تەماشا دەکرا، ئەمیش شەرتی خۆی هەبوو.

**بەرخەوان**: مێرد منداڵێکە، دەیگرن بۆ لەوەڕاندنی بەرخ لە چەرابونیــەوە هەتا برینەکردنی، ئەوکاتە تەمەنی دەگاتە (٦)شــەش مانگ. لەقۆناغی بەرخی دەردەچێتو دەبێت بە (کاوڕ)، دەکرێتە ناو ڕان، شەرتەکەی کەمە.

**کارەلەوان**: (کارەوان): ئەمیش وەک بەرخەوانە.

بەپێی زۆری‌و کەمی ئاژەڵ ئەم ناوانەی بەسەردا براوە:

**١. برکــە**: ناوە بۆ کۆمەڵێ مەڕوبــزن کە ژمارەیان ناگاتە (٥٠) سەر.

**٢. گەلــە**: کۆمەڵێ مەڕو بزنە کە ژمارەیان لە (٥٠- ١٠٠) سەرە.

**٣. ڕان**: ژمارەی مەڕو بزنی ڕان لە (١٠٠) سەر زیاترە.

**شەواژۆ**: ڕادانو دەرکردنی مەڕوماڵات لەسەرەتای بەهاردا تــا گیا گەنــان، ئەمەش دوای مەڕ دۆشــین بــەرخو کار تێخســتنی ئێــوارانو نان خواردنی شــوان. بۆ لەوەڕاندن بۆ ماوە (٢) کاتژمێر، لەم کاتەدا بەرخو کاری کۆرپەیان لێهاڵاوێرن، هەراشەکان لەگەڵیانا دەبەن بۆ لەوەڕ.

**شــەوەکەژ**: لە پایزدا. لەمانگی هەشتەوە دەستپێدەکات تا وەرزی سەرما، ناچار دەبن بگەڕێنەوە، لە زۆر شوێندا لەدوای عەســرەوە کەســێک دەچێت بــۆلای خواردنی بۆ دەبــاتو شــەو لــەلای دەمێنێتــەوە تا بەیانــی هاوکاری دەکات لە لەوەڕاندنی مەڕەکاندا.

لــەزۆر شــوێندا، چەنــد شــوانێک پێکــەوە کۆدەبنەوە، لەناوچەیەکدا مەڕ دەلەوەڕێنن‌و شەوانیش لەنزیک یەکەوە پەچــە دەگــرن هەندێ جار شــوان بۆ ئــەوەی خەبەری بێتەوە، کشــتەکێک دەبەســتێت بەشــاخی بەرانێکەوەو ســەرەکەی دی دەبەستێت بەپەنجە کەڵەی قاچییەوە بۆ ئەوەی ڕانەکە ڕایدا (ڕانەکەجوا)، خەبەری بێتەوە.

**کــەواو**: بەو ئاودانە دەوتــرێ کەبەیانیان زوو ئاژەڵی پێ ئاو دەدرێ لەمانگەکانی (٦، ٧، ٨، ٩)دا.

نیوەڕۆیش ئاودەخۆن‌و مولدەدات، عەســریش ئاوێکی تر دەخواتو دەیبەنەوە بۆ لەوەڕ.

**قەلەپڕ**: فرۆیەکە لە ژەکی ئاژەڵ دەکرێتە قامیشی تەڕەوەو دەخرێتە سەر ئاگر یا یەکدەگرێتو قاڵب دەبەستێت.

### شوان ئەمانەی بۆ کراوە:

١. کڵاش.
٢. کەواو سەڵتەو دەرپێی خام.
٣. فەرەنجی‌و کەچەکەو کەرەک.
٤. مشکی لەم دوایەدابوو بەجامانی.
٥. کڵاو بۆرە.

**فەرەنجــی**: لەبەرگنە، هەلاج دروســتی دەکات، بەردەمی کراوەیە، شۆرەو قۆڵدارە.

**کەرەک**: هــەلاج لەبەرگن دروســتی دەکات، دەرەدامانە، قۆڵی نییە، لەبن باڵەوە کونەو قۆڵی لێوەدەردەهێنرێت، لەبارانا دەکرێت بەســەر فەرەنجیدا بۆســەرماو شەوەکەژ

زۆر بەسوودە.

کەچە: هەروەک فەرەنجییە بەڵام کورترە.

کڵاو بـۆرە: کڵاوێکـە لەبەرگن، شـوان لەباراندا دەیدات بەسـەریدا بەسـەر فەرەنجیو کەرەکدا شۆڕ دەبێتەوە تا ناوشان.

## شەرتە شوانی:

لەکۆندا پارەو لیرە دراوە، هەروەها کاوڕو گێسکیش.

بۆ ئەو شـوانانەی کەشەرتبڕی کاوڕو گێسکیان بکردایە، ماوەی شـوانیەکەیان بۆ دیاریدەکرا، (٦) شـەش مانگ بووە، سـاڵیش، کاوڕو گیسـک بەپێی ژمارەی ئاژەڵەکە بـووە، هەتـا زۆر بوبێت ئەمانیش زیاتریـان وەرگرتووە، جاری واش بوە (کاوڕیان)داوە، ئەمە جگە لە (لاوەچە= ماڵەچە)انە، کەهەریەکی چەند سەر مەڕو بزن یا بڕکەیەک مەڕو بزنی هەبوو دەکرایە بەر شـوانێ، بۆ سـەری (١٠) فلس، دوای بووبە (٢٥، ٥٠)فلس دەدرایە شوانەکە.

ماڵەچـە (لاوچـە): ماڵێـک چەنـد سـەرێ مـەڕو بزنی هەبوایە، یا بڕکەیەک دەیکردە بەر شوانی ماڵێکو بەپێی سەر پارەی دەدایە شوانەکە.

شـوانی لەناوچـەی قەرەداغیـش بۆ مـاوەی (٦) مانگ دەگیـرا، لەپێنجـەو تاردا دادەنیشـێت واتە لە (٣/١٥)، جارێ تر دەگیرایەوە بۆ شەش مانگی تر. تا هەقە پەڵە پایز نیوەی ڕۆیشتوەو نیوەی ماوە تا (٩/١٥).

شوانی لە قەرەداغ زسـتان بەپارە بوو. سەری (٤٠-٥٠) فلس بوو بۆ (٦) مانگ هاوین بەخەلە بوو، سەری مەنی (مەنی دەکاتە ٣/٥ سێ کیلۆو نیو).

شـوانی سـەڵت بەپێی سـەری مەڕو بزن لەمـاڵان نانی دەخوارد، شوانی خێزاندار دەگەڕا بەماڵاندا بۆ چنینەوەی نـانو ئەیوت (ماڵئـاوا) نانیـان دەدایـە، هەروەها موو خوریو کەرەیان بۆ کۆدەکردەوە.

شوانی لەناو جافدا بۆ (٦) مانگ گیراوە، بۆ (٦) مانگ (٦) کاوڕی وەرگرتـووە، دوایـی بـو بە (٢٤) سـەر بۆ دوازدە مانگ.

شـوانی لەنـاو جافا حسـابی (٦) مانگ بـووە، بۆ (٦) شـەش مانگ (٦) شەش سـەر کاوڕی وەرگرتوە، دوای ئەوسا بوو بە (٢٤) سەر بۆ (١٢) مانگ.

**شوانی دەشتی هەولێر بەم شێوەیە بوو:**

١.زسـتانە: زسـتان دەگیـرا بۆ مـاوەی هەشـت مانگ، شـەرتەکەی (٢) دوو قەزنـاخ شـکارتە، سـێ جلـکو دینارێک خواردن.

٢.هاوینـە: چوار مانـگ بوو، کرێکـەی (١٠) دە قەزناخ دەغڵو خـواردن شـوانی وا هەبـووە چەند سـاڵێ لای خانەخـوێ ماوەتەوە، بووەتە خاوەن بڕکەیەک مەڕوبزن، ئەگەر سـەڵت بوبێ. خاوەن مـاڵ داوای ژنی بۆ کردوەو ژنی بۆ هێناوە. هەر لەو شـوێنەدا گیرساوەتەوەو مامگیر بـووە جاری واش بـوە کچی خانەخوێ حەزی لێکردووە، بـەڵام بەداخەوە نەریتی کۆمەڵایەتی بواری نەداوە خێزان پێکبهێنن.

لەهەندێ ناوچەدا شـەرتە شـوانی لە (٦) شەش مانگی بەهارو زستاندا بەگیسک بوە، شەش مانگی پایزو زستان بەپارە بوە، بەپێی سەری ئاژەڵ.



شــوانی پیشــەیەکی بەرێز بوە، خەڵک بەچــاوی ڕێزەوە تەماشای کردوە. زۆرجار چەکی خاوەن ماڵی هەڵگرتووە بــۆ پاسو پارێزگاری لەمــەڕو ماڵاتەکەی، ئەمە جگە لەو ســەگانەی کەلە گەڵ ڕانەکەدا بوە. بۆ مەترســی گورگو دەعبا.

## خەسڵەتی شوانی باش ئەمانەیە:

بــاش لەوەڕاندنــی ڕانەکەی، مــەڕو بزنەکانــی کۆک بن، لەکاتــی پێویســتدا ئاویان بــدات، ئاژەڵــەکان بەڕەنگی دەموچاو و شــاخو گوێچکەیاندا بیانناسێتەوە، مەڕوبزنی خانە خوێی لاوەچەکان جیا بکاتەوە.

هەندێ شــوان شــارەزا بــوە لەلێدانی شمشــاڵدا، ڕۆژانە ژندویەتــی بــۆ هێورکردنــەوەی مــەڕو ماڵاتەکــەیو لەوەڕاندنیان.

لە کۆندا شوان کەری نەبوە بۆ ناو ڕان، ئەو فەرەنجیەیی لە بەریا بوە سێ کونی تێکردوە، دوو کون لەم سوچ ئەو ســوچەوە بەرامبەر یەک لەناوەڕاستیشدا لە عاستی دوو کونەکە کونێکــی دی دەکرایە فەرەنجیە کە فەرەنجیەکە لەبەری شــوانەکەدا بوو بەدیوی دەرەوەدا هەڵدەگیرایەوە بەرخەکەی تێدەکرا، هەرســێ کونەکە دەخرایە عاســتی بەکو شوان گالۆکەی پیا دەکردو دەینایە سەر شانی.

شــوان نانی لە توشــە بەردەدا بو، دەیبەســتە پشــتی، هەروەهــا ئاویشــی لــە جەوەنــەدا بــو دەیکــرد بەنوکی گالۆکەیەوە.

تۆشەبەرە: پارچەیە خام بو، نانو شەکرو چایی تێدەکراو دەبەسترایە پشت بۆ شوانو جوتیار.

جەوەنــە: لــە پێســتەی گیســک خۆشــە دەکــراو ئاوی تێدەکــراو دەبــرا بۆ کەژو دەشــتو کێو، یا لە موشــەما دەدوراو دەمێکــی تێدەکرا بۆ پڕکــردنو ئاو خواردنەوە، لەناوەڕاستدا قولاپێکی پێوە بەندکرابو بۆ هەڵواسێن.

ئەو شتانەی بەسەر کەری شوانەوە بون ئەمانە بوون: جل، هەگبە، کەچە، فەرەنجی، کڵاو بۆرە.

شــوان نانو تفاقی دەخســتە هەگبە، بەرخو کاری زاوی دەخســتە نــاو هەگبە جەوەنەیە کەلە پێســتی گیســک دروستدەکرا هەڵدەوەسرا بە ژێر سکی کەرەکەوە، هەردو هەنگڵــی لەلایەکەوە. ئەو جەوەنەش کە موشــەما بو بە قولاپ هەڵدەواسرا بەجلی کەرەکەوە.

بــەرخ: لە ڕۆژی لــە دایکبونیەوە هەتــا دەکرێتە ناو ڕان کــە (٦) مانــگ دەکات. پێیدەڵێین بــەرخ، کە کرایە ناو ڕان پێیدەڵێــن کاوڕ، ئەگەر نێربوو پێیدەڵێن کاو ڕەنێر، ئەگــەر مــێ بوو پێیدەڵێن کاورە مینگــە، هەر بە کاوڕی دەمێنێتەوە هەتا ســاڵی ئایندە دەبرێتــەوە، کە بڕایەوە دەبێ بەشــەک، ئەگەر مێ بوو پێیدەڵێن شــەکە مینگە، هەقــە بەرانیەتی، ئەگەر نێرە بوو پێیدەڵێن شــەکەنێرە بەشــەکی دەمێنێتەوە تا ســاڵی ئایــندە دەبڕێتەوە، کە بڕایــەوە دەبێتە شــەکە مــەڕ، ئیتر دەبێتە مــەڕ بەپێی ســک حســاب دەکرێ، مەڕی یەک زگ، دوزەگ،... هتد لە نێوان (٥-٨) ســک پێیدەوترێ مەڕی ســەرە، ئەگەر نێرەبو بەشــەکی دەمێنێتەوە تا ساڵی ئایندە دەبرێنەوە دەبێتە شەک بەران، بەشەک بەرانی دەمێنێتەوە ساڵێک دەبێتــە یەک خرت بەختــە، دوو خرت، دو خرت ٣خرت، ٤خرت، بەران.

**کارەمینگــە**: لــە ڕۆژی لەدایکبونیەوە تــا (٦) مانگ کە دەکرێتــە ناو ڕان کارە، کەکرایە ناو ڕان دەبێتە گیســکە مینگە تا ســاڵی ئایندە دەبرێتەوە هەر گیســکە نێرەیە، کەبڕایــەوە، دەبێتە چتیرە مێنگە، ســاڵی ئایندە بڕایەوە دەبێتە چتیر بزن، دوای ساڵێک بزن، ئیتر حسابی سکی بۆ دەکرێ.

کارەنێــرە، لــە ڕۆژی لەدایکبونیەوە تــا (٦) مانگ کارە نێرەیــە، کە کرایە ناو ڕان دەبێتە گیســکە نێرە، ســاڵی ئایندە بڕایەوە دەبێتە چیترە نێرە، ســاڵێ چتیرە، دوای ســاڵێ دەبێتە: یەک خرت، دوو خــرت، ٣خرت، ٤خرت، تەگە.

**زەراری بــر**: جــۆرە برینەوەیەکــە بۆ بــەرخو کارو بزن، تەختی پشــتی تــا کەلەکــەی نابڕێتەوە، تیلماســکێکی ڕوی دەرەوەی دەســەکانی نابڕێتــەوە، بــن دەســەکانی دەهێڵرێتەوە.

**بــەرخ پەران**: کاوری خانەخوێ دەکرایە ناو ڕانێکی تر بۆ (٢٠-٣٠) ڕۆژ، دۆرنجو دۆ تێکەڵ دەکرا ئەدرا لە پشتیان لەدوای برانەوە لەبەر:

١. لەبەر خۆر.

٢. لەبەر ئەوەی دایکی نەیناسێتەوە.

٣. لەبەر ناسینەوەی خاوەن مالات.

## وشە گەلی بێرگ

ســەربیر: شوان یا کەسێکی دی کەلە سەر کۆترە دارێک یــا تاوێرێــک یا هەرشــتی بــەرزدا دادەنیشــێ، فەرنجیە بەپێچەوانە لەبــەردەکات، مەڕو بزنەکان دەگرێت بۆ مەڕ دۆش.

**بەرکەر**: کەسێکە کە مەرەکان دێنێت بۆ بیرگ.

**لابرگــە**: دوو منالٚ یا دوو کەس لەملاو لای ســەر بێرەوە دەوەســتن بۆ ئەوەی مــەڕو بزن بەملاو بــەولادا نەڕۆنو هەموویان بدۆشن.

**ڕان دۆش**: ئافرەتێکە کە مەڕو بزنەکان بدۆشێ

**بیرگتان ئاو**: وشەیەکە واتای هەمیشە بێرگتان ئاوەدان بێ، کەسێک دەیلێت کەبەلای بێرگا تێپەڕێ لەوەڵامدا بەخێرهاتنی دەکەن.

**برینە**: کرداری بڕینەوەی مەڕو ماڵاتە بەهەورینگ لەکاتێکدا کە جۆ زەرد دەبو، گیا تەری تیا نە ئەما، باران بڕان بو. لە ٤/٢٠ دەست پێدەکات بۆ کۆتایی مانگی چوار (گەرمیان).

## کەرەسەکانی برینە یا برینگە

١. هەورینگ.
٢. هەسان.
٣. کەرێ.
٤. کەڵڵەشاخ.
٥. پێوەس.
٦. فەرەنگ.
٧. چەقۆ بۆ کەمێڵ.

**مەرخەر**: کەسێکە کەمەڕی دەخست لەسەر لا بۆ برینگەچی چوار پەلی یا سێپەلی دەبەستەوە.

**برینگەچی**: کەسێکە کەبەهەورینگ مەڕی دەبڕییەوە.

**پێوەس**: کشتکە بەنێکە واتا (٤) تاڵ تا (٦) تاڵ بەنە، بەپێی قەویان‌و باریکانی دەگۆڕرا.

بۆ برینی دەمی هەورینگ زەهر یا کەرێ و خویان تێکەڵ دەکردو لێیان دەدا بۆ ئەوەی کرم تێینەدا.

مەڕەکان دەبەسترانەوەو لەبەر خۆر دائەنران بۆ ئەوەی ئارەق بکەنەوەو برینگەیان خۆش بێ.

**برینگەدان**: بن تیسک هەڵدان واتە لەبنەوەی هەڵدانی خوری تازە بۆ ئەوەی هەورینگی باش تێبچێت.

لەکاتی برینگەدا مەڕ هەبوو هەڵئەپلایەوە لەم دیوەوە بۆ ئەو دیو ئەپروکاو مردار ئەبووەوە یا سەر ئەبڕا. تینی مەڕ بەبرسێتی برینە ئەکرا بۆ ئەوەی نەپروقێ.

## نەخۆشییەکانی ئاژەڵ‌و ڕەشە وڵاخ

**١. تەوەق**: (تەبەق) ئەم نەخۆشییە لەسم‌و سمکۆڵەی مەڕو بزن‌و ئاسکو ڕەشە وڵاخ دەدات، زۆربەیان سمیان کێم دەکات‌و دەبێت بەزام‌و دەکەوێتە بن ماڵ بۆ ماوەی (١٥-٢٠) ڕۆژ، ئەو ئاژەڵەی نەخۆشییەکەی بداتە هەناوی مردار دەبێتەوە.

**٢. شەلکە**: ئەم نەخۆشییە وەکو تەوق وایە، بەڵام سوکترەو درێژە ناکێشێ، شەلکەو تەوەق بەرخ‌و کارو گوێرەکەیش دەیگرێت‌و زیاتر لەمانە دەکوژێت.

**٣. مافەتە**: ئەم نەخۆشییە لەدو باردا تووشی ئاژەڵ دەبێت، یەکێکیان کاتی دابەستە دەکرێت ئەوی تریان لەکاتی گەرمەی بەهارا، بەڵام دەرزی بەرگرییان هەیە، ئەم نەخۆشییە زیاتر تووشی ئاژەڵی کۆکو قڵەو دەبێت، ئەلەرزێت‌و دەمی کەف دەکات‌و دەدات بەزەویدا.

**٤. گەڕی**: نەخۆشی پێستە، دەداتە سەرو چاوی ئاژەڵ‌و چوار پەلی، دەگوازرێتەوە لە ئاژەڵێکەوە بۆ ئاژەڵێکی دی، بۆ مرۆڤیش بۆیە دەبێت بەزویی چارەسەر بکرێت، پێستەکەی دەخورێت‌و شەقار شەقار دەبێت توک فرێدەدات، بۆچارەسەری سوود لەگیراوەی (کالامبن) ڕۆنی ڕەش، ڕۆنی سوتاو وەردەگیرێت.

**٥. کەچەڵی**: ئەمەیش وەکو گەڕی وایە، بەڵام ئەم تەنیا سەروچاوی ئاژەڵ دەگرێتەوە.

**٦. وشکە**: ئەمەیان ئاژەڵی لاواز دەیگرێت، لەناو جافدا بەو ئاژەڵە لاتانە (لاواز) دەوترێت (لەجەر)، ئەم نەخۆشییە لەدەموچاوی ئاژەڵ دەدا، بەڵام ئەگەر کۆک



( قڵەو) بو چاکدەبێتەوە.

٧. **میز خوێنکە**: نەخۆشـییەکی کوشندەیە، تووش ئاژەڵ دەبێت میزەکەی دەکات بە خوێنو دەیکوژێت.

٨. **دووگە ڕەقە**: ئەم نەخۆشـییە تووشـی جگەری ئاژەڵ دەبێـت لاوازی دەکاتو ناوبەناو دەتورێنێت، دووگی ڕەق دەبێتو خوریەکەی بەئاسانی لێدەبێتەوە.

٩. **زەردویی**: ئەم نەخۆشـییە تووشی هەر ئاژەڵێ ببێت، گۆشتەکەی زەرد دەبێت، بەهیچ جۆرێ نابێ گۆشتەکەی بخورێـت، لەدوایـدا دەیکوژێـت، ئاژەڵـی لێوە تووشـی دەبێت.

١٠. **سیفرکە**: ئەم نەخۆشییە تووشی کۆئەندامی هەناسەی ئاژەڵ دەبێت، نیشانەی کۆکینو چڵمە، ئەگەر زۆر کاری لێبـکات چڵمەکەی خوێنـاوی دەبێت، زوو چارەسـەری بکرێت نایکوژێت.

١١. **کزوان**: (سـلەوەجە). ئـاژەڵ لا کاوێژەی لێ دەکات، ئەگـەر بوو بـەزام کرم تێیدەدات، لەکاتـی کاوێژکردندا، لەبری ئـەوەی خواردنەکە قوتبدات، فڕێیدەداتە دەرەوە، سودی لێوەرناگیرێتو ئاژەڵەکانی تریش پیسدەکات.

١٢.**تورکە**: ئەو ئاژەڵەی تووشـی ئەم نەخۆشییە دەبێت، کرمـی ڕیخۆڵەی هەیـە، چارەسـەری ئاسـانە، بەچەند دەرمانێک چارەسەر دەکرێت.

١٣. **گێژیی**: ئەمەیان زیاتر تووشی کاوڕ دەبێت، بەدەوری خۆیدا دەسـوڕێتەوە، دانەکیرە دەکات، هەمیشـە چاوی هەبڵەقە، چارەسـەری مەحاڵو زەحمەتە هۆکەشی کرمە لە لوتو مێشکدا لەسەگەوە بۆی دەگوێزرێتەوە.

١٤. **گوان نێشـە**: (سـیاگوان) ئەمەیان نەخۆشییەکی تر، تووشـی گوانی ئاژەڵ دەبێت، زیاتر ئەو ئاژەڵانە تووشی دەبن کەشیر لەگوانیانا دەمێنێتەوە، هەیە تەنیا گوانێکی دەیگـرێ هـی واش هەیە هەردوو گوانـی دەیگرێ، تاکە تاکەیان بەهۆی چارەسەرەوە چاکدەبنەوە، بەڵام زۆربەیان گوانیان سەقەت دەبێو پیاندەوترێ (گوانکوێر).

١٥. **دانکـە**: ئەمـەش وەکـو ئاوڵـە وایە، تووشـی ئاژەڵ دەبێـت، لە وەرزی سـەرمادا زیانی هەیـە، بەڵام دەرزی بەرگری هەیە، شەش مانگ جارێک لێیدەدرێت.

١٦. **کڵاو ڕەش**: (بەلەواقە)، (بەلەواڵە): ئەم نەخۆشـییە تووشی بزن دەبێت، دەتورێنێتو دەیکوژێت.

١٧. **ڕیخـە ژاڵە**: ئاژەڵ تووشـی تورانـدن دەکات، ئەگەر چارەسەر نەکرێت دەیکوژێت.

١٨. **کەوەیی**: ئەم نەخۆشـییە لـە ئاژەڵدا دەدات بەهۆی ئەوەوە لە هاوینو پایزدا لەکاتی خۆیدا ئاو نادرێت.

١٩. **مافەتە**: ئەم نەخۆشـییە لەبەهـار لەکاتی گوڵو جارا تووشـی ئاژەڵ دەبێـت. دەلەرزێتو کـەف دەچەرێنێتو مردار دەبێتەوە بەڵام ئەگەر (ئێستا) بکوترێ نایگرێ.

جۆرەکانـی مەڕومـاڵات و ناسـینی بەگوێـرەی ڕەنگـی دەموچاو و خوریەکەی

تێبینی: هەموو جۆرە مەڕێک گوێدارو بەلو کوڕیو کەڕی (قوت)ی هەیە: هەروەها (ژاڵەگوی)یش هەیە، کە گوێی لەنێوان کوڕیو گوێداردایە.

١. **پەر**: دەموچاوی ڕەشەو خوریە لاشەی سپییە.

٢. پەر بازگ: دەموچاوی سپیە، خوریەکەی لاشەی پەڵە پەڵە ڕەشی پێوەیە.

٣. **تەو**: دەموچاوی بۆرەو خوریەکەی لەشی سپییە.

٤. **تاڵە**: دەموچاوی قاوەییەو خورییەکەی لەشی سپییە.

٥. **تاڵەمێخەکی**: دەموچاوی قاوەیی تۆخەو خوری لەشـی سپییە.

٦. **چار**: دەموچاوی ڕەشو سپییە (پەڵە پەڵ)یە.

٧. **پەرچار**: دەموچاوی رەشەو هێڵێکی سپی لە سەریەوە شۆڕبوەتەوە تا سەر لوتو دەمی.

٨. **سور**: دەموچاو و خورییەکەی لەشی سورە.

٩. **سـورچار**: دەموچاو و لەشـی سـوورەو هێڵێکی سپی لەتوێڵیەوە تا دەمی شۆڕبوەتەوە.

١٠. **سـور بازگ**: دەموچاو ولەشـی تێکەڵ لەپەڵەی سورو سپی.

١١. **رەش**: دەموچاو لەشـی ڕەشـەو هەیانە تەوقە سـەرو کلێنچکی سپییە.

-**چاری چاو رەش**: دەموچاو سپییەو دەوری چاوی ڕەشە.

- **چاری کەژاڵ**: دەموچاوی سـپییە، پەڵە پەڵەی ڕەشـی تیایە.

١٢. **رەش بازگ**: دەموچاو و لەشی تێکەڵ لەپەڵەی ڕەشو سپی.

١٣. **رەش چار**: دەموچاو و لەشـی رەشـە، هێڵێکی سپی لەسەریەوە شۆڕبۆتەوە بۆ دەمی.

١٤. **کڵۆڵ**: دەموچاوی سـورو سـپییە یا زەردو سـپییەو لەشی سپییە.

١٥. **تاڵـە کڵۆڵ**: دەمـو چاوی قاوەییە، پەڵەی سـپی بە دەموچاویەوە هەیەو لەشی سپییە.

١٦. **چەرمو سور**: دەمو چاوی سورەو لەشی سپییە.

١٧. **چەرمو سور پیازی**: دەموچاوی سوری پیازییەو لەشی سپییە.

١٨. **قـردو**: دەموچاوی زەردی کاڵە، یازەردەو خوریەکەی

سپییە.

**١٩. رەشکەوە**: دەموچاوی کەوەیەو خوریەکەی لەشی سپییە.

**٢٠. رەشکەوە بازگ**: سەرو چاوی کەوەیە، خوری لەشی تێکەڵە لە پەڵەی سپیو کەوە.

**٢١. رەشکەوەخمی**: (کەوەسێری): دەموچاوو خوریەکەی کەوەیە، هەندێکیان هەردو گوێیان پۆشە ( شینو سپی تێکەڵ).

**٢٢. سورکەوە**: دەموچاوی سوروسپی تێکەڵەو لەشی سپییە.

**٢٣. سورکەوە بازگ**: دەموچاوی سورو سپی تێکەڵە، لەشی تێکەڵە پەڵەی سورو سپی.

- **تەوچار**: لاکاوێژەکانی قاوەییەو ناوچاوی بۆ لای لوتی سپییە.

**٢٤. هەمس**: سەرو چاویو سەر گوێچکەیو ئاوە خورەی (ژێر چەناگەی)و لاکاوێژەکانی قاوەییە (هەیە قاوەیەکەی زۆرە، هەیە کەمە) ئەو دوای دەموچاوی ڕەشە.

**٢٥. هەمس چار**: وەک هەمس وایە، خەتێکی سپی لەناوچاوانیدایە.

**٢٦. هەمس پلیسری**: دەموچاوی رەشو قاوەییە لە شێوەی دەموچاوی پلیسریدایە.

**٢٧. بۆر**: لەشو دەموچاوی قاوەییە، بەڵام کەتەمەنی هەڵکشا بو بەشەک، رەنگەکەی کاڵ دەبێتەوە بۆ بۆر.

**٢٨. چەرمو**: دەموچاوو خوریەکەی لەشی چەرموە.

جۆرەکانی بزن لەرووی رەنگو گوێیو شاخەوە.

هەموو جۆرەکانی بزن گوێیان بەم شێوەیەیە:

(گوێ پان، بەل، قوت، قوڵ).

**گوێ پان**: بەناوەکەیدا دیارە کە گوێی پانە.

**بەل**: گوێی لولە.

**قوت**: گوێی هێندەی پەنجە کەڵەی دەست دەبێت.

**قوڵ**: گوێی لەگوێی قوت درێژترە، لەسەرەوە شکاوەتەوە. بۆ پێشەوە یا بۆ دواوە.

**١. رەش**: دەموچاو لەشی هەموو ڕەشە.

**٢. ڕەش چار**: دەمو چاو و هەموو لەشی ڕەشە، هێڵێک بەنێو چاوانیدا هاتوەتە خوارەوە.

**٣. رەش مارۆ**: دەمو چاو و هەموو لەشی رەشە، پەڵەیە سپی بەنێو چاوەنیەوەیە.

**٤. پۆش**: دەموچاو و هەموو لەشی ڕەشە، هەردو گوێچکەو بناگوێیو دەمو لوتی خاڵ خاڵی سپی تێدایە.

**٥. پۆش چار**: (پۆش مارۆ): دەموچاوی پۆشەو هێڵێک سپی بەنێو چاوانیدا هاتوەتە خوارەوە، یا پەڵەیەکی سپی بەنێو چاوانیەوەیە.

**٦. هوڵ**: دەموچاو هەموو لەشی رەشە، هەردو گوێی و لاکاوێژەکانی قاوەییە.

**٧. هۆڵ چار**: دەموچاوی قاوەییە، هێڵێکی سپی بەنێو چاوانیا هاتوەتە خوارەوە، هەموو لەشی رەشە.

**٨. هۆڵ مارۆ**: دەموچاوی رەشە، گوێچکەکانی لەگەڵ لا کاوێژەو دەمو لوتیدا قاوەییە، پەڵە پەڵەیەکی سپی بەنێو چاوانیەوەیە.

**٩. هۆڵ پۆش**: دەموچاوی قاوەییە، لەشی رەشەو گوێچکەکانیو لاکاوێژەو سەر لوتی خاڵی سپی زۆری پێوەیە.

**١٠. کەوە**: دەموچاو هەموو گیانی کەوەیە.

**١١. کەوەبازگ**: هەموو گیانی کەوەیە، پەڵەی سپی پێوەیە.

**١٢. چەرمو**: دەموچاوو هەموو لەشی سپییە.

**١٣. کەورگ**: دەموچاو و هەموو لەشی تێکەڵە لە پەڵەی رەشو سپی.

**١٤. پەرکە ورگ**: دەمو چاوی هەتا شانو ملی رەشەو موەکەی لەشی سپییە.

**١٥. سور**: دەمو چاوو هەموو لەشی سورە.

**١٦. سوربازگ**: دەموچاو و لەشی پەلچەی سپی تێدایە.

**١٧. هەمس**: هەموو لەشی رەشەو دەموچاوی لە شێوەی پەرەسێلکە دەکات.

**١٨. هەمس قەرەقاجی**: وەکو هەمس وایە، بەڵام سوریەکەی دەموچاوی مەیلەو زەردە.

**١٩. گەوەک**: دەموچاوو لەشی رەشە، گەردنو بان کلۆکو ژێر سکی موی سپی تێکەڵە.

**٢٠. تۆراخی**: (پڵنگی): هەموو گیانی تێکەڵە لەپەڵەی رەشو سپیو سور، لە ئێستادا پێیدەوترێت : ٠پڵنگی.

**٢١. مۆر**: ناوچاوانو موی گیانی قاوەیی تاریکە.

**٢٢. مۆرو مارۆ**: گیانی قاوەییو ناوچاوانی سپییە.

## سەرچاوەکان:

١. زۆر سوودم لەبەڕێز مامۆستا ساڵح هارونی وەرگێڕ زۆر سوپاسی دەکەم.

٢. زانیاری خۆم.

٣. خورجەیەک لەفۆلکلۆی دەشتی هەولێرو چەند واریفاتو بابەتی دیکەی عەزیزی مەلا رەش ل١١ ٤ هەولێر ٢٠١٢ بەرگی یەکەم.

# (بزنە مەڕەز)

## لێکۆڵینەوەیەکی کەلەپوورییە لە ناوچەی پشدەر

ڕێبوار جەمال



لە ناوچەی پشـدەر سامانی ئاژەڵ لە دوای کشتوکاڵەوە، بـە پلـەی دووەم دێت، بەشـێکی دانیشـتوانی ناوچەکە بە گوندنشـین و شارنشـینەوە، بـە کاری ئاژەڵدارییەوە خەریکن.

(د.عەبـدوڵا غەفـور) لـە لاپـەڕە ٥٤٣ ی پەرتووکـی (جوگرافیـای کوردسـتان)دا، بە شـێوەیەکی زانسـتی جۆرەکانی ئاژەڵی لە ڕووی (کێش، قەبارەی لەش و کەڵک لێوەرگرتنیان)ەوە، بەسەر سێ دەستەدا دابەشکردووە:

**١- ئاژەڵی وردە**: مەبەست لە (مەڕ و بزن)ە، ٧٠٪ی گشت ئاژەڵەکانـی کوردسـتان پێکدێنـن، زۆری مەڕوماڵات بۆ گونجانی ئاو و هەوا، بوونی لەوەڕگای بە پێت، شـێوازی بەخێوکـردن و بایەخدان پێیان لە لایەن جوتیارەکانەوە، بەرزی نرخ و بازاڕ گەرمیان دەگەڕێتەوە.

**٢- ئاژەڵی درشت**: مەبەست لە (مانگا، گامێش و حوشتر)ە، ٥٢٪ی گشـت ئاژەڵی خۆماڵی پێکدێنن، لە لایەکەوە بۆ شـیر و گۆشـت بەخێودەکرێن، لە لایەکـی ترەوە بۆ جووتکردن و بارگواستنەوە ڕادەگیرێن.

**٣- ئاژەڵی بارکێش**: مەبەسـت لە (هێستر، بارگیر، ماین، ئەسـپ و گوێدرێـژ)ە، ٣٪ی کـۆی هەمـوو ئاژەڵەکانی کوردستان پێکدێنن.

جگە لەمانە باسـی پەلەوەریشـی کردووە، کە (مریشک، کەڵەشێر، مراوی، سۆنە، قاز، قەل، چینوماچین و کۆتر) دەگرێتـەوە، لە ناویاندا (مریشـک و کەڵەشـێر) ٩٥٪ی هەمووی پێکدێنن. ئەم دابەشـکردنە زانسـتییەی ئاژەڵ، لە سـەر ئاسـتی کوردسـتانی گەورەیە، واتە: هەر چوار پارچەی کوردستان.

لە ناوچەی پشدەر جگە لە حوشتر، هەر یەک لەم ئاژەڵ و پەلەوەرانەی لەم دابەشـکردنەدا ناویان هاتووە هەیە و لە لایەن خەڵکی ناوچەکەوە سەدان ساڵە بەخێودەکرێن. هەر بۆیە کاری ئاژەڵداریی بووە بە بەشێک لە ژیانیان. سنووری ئەم باسە تەنیا لەسەر ئاژەڵی ووردەیە، بەتایبەت (مـەڕەز)، کە لـە ناوچـەی پشـدەردا بەخێودەکرێ، و خەڵکی بە گشـتی کەڵک لە (شـیر، گۆشـت، پێسـت، کوڵک)ەکەی وەردەگرن. هەروەها لە ڕووی فۆلکلۆرییەوە باسـی تایبەتمەندییەکانیـان، چۆنێتـی بەخێوکردنیان، جـۆری ئەو پیشـانەی کـە تایبەتن پێیانـەوە و هتد... پێشکەشـدەکەم. چونکە لە شیری ئەم ئاژەڵانە (ماست، پەنیر، کەشـک، لۆرک و هتد..) و لە کوڵکەکەی (شـاڵ – بووزوو، گۆرەوی، پوزەوانە و هتد...) دروسـتدەکەن، هەروەها پێسـتەکانیان لە پیشەسـازیدا بەکاردێ، جگە لە گۆشـتەکەی کە دەفرۆشـرێت، داهاتێکی باش دەست خاوەن ماڵاتەکان دەکەوێ. بەگشتی هەریەک لەمانە وەک داهاتی نیشتیمانی تەماشادەکرێن.

لە ناوچەی پشـدەر چەند نەژادێکی بـزن بەخێودەکرێ، هەندێکیـان بـە نـەژاد کوردیـن و کورد سـەدان سـاڵە بەخێویان دەکات، هەندێکیشـیان هێنراونەتە کوردستان و بـە نـەژاد کوردیی نین، لێرەدا ریزبەندیـم کردوون و تەنیا باسـی نەژادی (مەرەز)م پێشـکەش کـردووە، لە کوردستاندا بە (بزنە مەرەز) ناسراوە:

نـەژادە کوردییـەکان/ وەک: ( مـەرەز، مـوودار یان ڕەشۆکی (بزنی ئاسایی)، دووڕە مەرەز ).

نەژادە نا کوردییـەکان (ئەو جۆرە بزنانەی هێنراوەنەتە کوردستان)/ وەک: ( شامی، دووڕە شامی، حەمدانی )

### مەڕەز:

مـەرەز یەکێکە لە جوانترین و باشـترین جۆرەکانی بزن، نەژادێکی ڕەسـەنی کوردییە، بە گشـتی سـاڵی جارێک دەزێ، قەبـارەی لەشـی لـە بزنی ئاسـایی بچووکترە و سـەر و دەمووچاوی باریکترە، لەشـی بە کوڵکێکی درێژ داپۆشـراوە، پێی دەوترێت: (سەرشوو)، کەمێک بادراوو و لولە، (بووزوو شـاڵی لێدروستدەکرێت) لە ناوچەکەدا بـە گشـتی بەخێودەکرێت، لەبـەر ئەوەی کـەم توانای

ڕۆشتنی بە ناوچە شاخاویی و سەختەکاندا هەیە، لە دەشتاییەکانی ناوچەکەدا زیاتر ڕادەگیرێت، شیرەکەی لە چاو شیری بزنی ئاساییدا چەورتر و خەستترە و گۆشتەکەشی کەمێک مزرتر و چڕترە، لەبەر ئەوە یەک کیلۆ گۆشتی مەرەز، لە هەموو جۆرەکانی تری ئاژەڵی وردە گرانترە. بە هۆی ئەم تایبەتمەندیانەوە بە تەواوی لە بزنی ئاسایی (ڕەشۆکی) جیادەکرێتەوە، بۆیە زۆر کەسی ناوچەکە مەرەز بە بزن دانانێن، بەڵکو بە ئاژەڵکی سەربەخۆ و جیاواز لە بزنی دەزانن.

**کوڵکی مەرەز نزیکەی ٩ ڕەنگی سەرەکی هەیە**

(( سایە سپی، سایە ڕەش، پوشکی، شینکی، زەرکی، سورکی، خەنەیی، خورمایی، کوور ))

ڕەنگی کور هەمیشە لە دوو ڕەنگ پێکدێ، بە گشتی سنگی یان ناوقەدی سپی یە و لەشی (ڕەش، سوور، زەرد یان شینە ) وەک:

(سنگی سپی و لەشی ڕەش، سنگی سپی و لەشی سوور، سنگی سپی و لەشی زەرد، سنگی سپی و لەشی شین، ناوقەدی سپی و لەشی ڕەش ، ناوقەدی سپی و لەشی سوور، ناوقەدی سپی و لەشی زەرد ، ناوقەدی سپی و لەشی شین).

تێبینی: هەریەکە لەم جۆرە ڕەنگانەی مەرەز، ئەگەر پەڵەیەکی سپی بە

ناوچەوانییەوەبێ، پێی دەوترێ (قەشان).

**هەندێ تایبەتمەندی ئاژەڵی مەرەز**

یەکەم / تایبەتمەندی کوڵکی مەرەز:

مەرەز دوو جۆر کوڵکی هەیە، کوڵکە درێژەکەی کە دەکەوێتە بەشی سەرەوە، لە پشدەر پێی دەوترێ: (سەرشوو)، هەروەها کوڵکێکی کورتیشی هەیە دەکەوێتە بەشی ژێرەوە پێی دەوترێ: ( بندۆک)، بۆ ئەوەی بتوانین لەیەکی جیابکەینەوە، هەوڵدەدەین تایبەتمەندییەکانیان پێشکەشکەین.

**ا/ تایبەتمەندی سەرشوو**

١. سەرشوو ( درێژ، کورت و مامناوەند )ی هەیە، ئەگەر مەرەزەکە ڕەسەن بێ، سەرشوو درێژە.

٢. سەری کوڵکی سەرسشوو کەمێ بادراو یان لول دراوە.

٣. شەوقێکی تایبەتی هەیە.

٤. ڕەنگەکەی بەئاو ناچێتەوە.

٥. ئاو ناگرێتەخۆی.

٦. لە سەرتای وەرزی بەهاردا مەرەز (تێرەخۆرە) دەبێ، واتە: تێر لە گیای بەهار



دەخوات، کوڵکەکەی واتە: (سەرشو و بندۆک) دەست بە هەڵوەرین دەکەن. پێش ئەوەی دەست بە هەڵوەرین بکەن دەبڕدرێتەوە بۆ ئەوەی کوڵکەکەی خەسار نەبێ.

## ب/تایبەتمەندی بندۆک

١. لەبەر ئەوەی بندۆک هەتاو لێی نادا، چونکە کەوتۆتە بن کوڵکی درێژی سەرشووەوە، بۆیە چنراوی بندۆک گەرم و نەرم و ناسکە.

٢. لەبەر ئەوەی بندۆک کورتە و داوی باریکی لێناڕێسرێ، هەمیشە ڕێسراوی ئەستورە و وەستای تایبەتی دەوێ.

٣. ڕەنگەکەی بە پێی ڕەنگی مەرەزەکە دەگۆڕدرێ.

٤. شەوقێکە بریقەداری هەیە، چونکە هەتاو لێینادا.

٥. لووس و باریکە.

٦. چنراوی بندۆک بە شیش دەچنرێ و زۆر توند و تۆڵە.

٧. زۆر بەکەمی ئاو دەمژێ و زۆر زوو دەیداتەوە، هەر بۆیە کە تەڕبوو زوو وشک دەبێتەوە.

٨. چنراوی بندۆک چەند بکشێ کە بەردرا دەچێتەوە شوێنی خۆی.

## دووەم / تایبەتمەندی شیری مەرەز

١.ڕێژە چەوری لە هەموو جۆرەکانی دیکەی شیر زیاترە.

٢. بڕی شیری مەرەز لە گوانەکانیدا کەمە.

٣. شیرەکەی خەستە هەروەها ماستەکەشی خەستە.

## سێیەم / تایبەتمەندی پێست و گۆشتی مەرەز

١.پێستی لەشی مەرەز تەنکە.

٢. تامی گۆشتەکەی کەمێ مزرە.

٣. گۆشت و پێستەکەی زۆر ناسکە، بۆیە زۆر زوو بریندار دەبێت.

٤. بەز و چەورە مەرەز درەنگ دەمەیە.

## چوارەم / هەندێ تایبەتمەندی دیکەی مەرەز

١. بەرگەی سەرمای زۆر ناگرێ.

٢. بۆ شاخ و ڕێگەوبانی زۆر سەخت ئازانییە.

٣. قەبارە و کێشی لە چاو بزنی ڕەشۆکیدا، کەمێ بچوکترە.

٤. گەر کوڵکی درێژبێ ڕەسەنە و بە پێچەوانەشەوە.

٥. هەروەها کاریلەی مەرەز قەبارەی بچوکە و هەر کە بوولەدایک کوڵکەکەی لول دەبێ.

## ناوی قۆناغەکانی گەورەبوونی مەرەز

بۆ نێر: کاریلە – گیسک – هەوری یان کور – نێری خەرت.

بۆ مێ: کاریلە – گیسک – تویشتیر – سەرە.

## تێبینی

– هەندێ مەرەز هەیە، دوو پارچە گۆشتی بچوک بە ژێر ملیەوەیەتی پێی دەوترێ ( گەردن بەگوار).

– هەندێ مەرەز هەیە، شاخی نییە پێیدەوترێ (کۆڵ)، ئەوانەشی کە شاخیان هەیە پێیان دەوترێ شاخدار.

ڕەنگ و جۆری گوێچکەی مەرەز هۆکارێکی سەرەکییە، کە شوانەکان دەتوانن بە هۆیەوە، جۆری مەرەزەکانی پێجیابکەنەوە، لێرەدا ڕەنگ و جۆری گوێچکە پێشکەش دەکەم:

## یەکەم/ جۆرەکانی گوێچکەی مەرەز

( گوێ بەلە ، گوێ گۆردوو ، گوێ کەڕە )

## دووەم/ ڕەنگەکانی گوێچکەی مەرەز

( بەلە پۆش، بەلە ڕەش، بەلە سوور، گۆردوو پۆش، گۆردوو ڕەش، گوردوو سوور، کەڕە پۆش، کەڕە ڕەش، کەڕە سوور)

## تێبینی

١– پۆش واتە: ڕەشی خەت خەت سپی.

٢– بەل واتە: قوت.

## قۆناغەکانی بڕینەوەی کوڵکی مەرەز

کورد لە مێژوویەکی کۆنەوە کەڵکی لە کوڵکی مەرەز بینیوە، چەندین پێداویستی ڕۆژانەی لێدابین کردووە، لێرەدا باس لە قۆناغەکانی سازکردنی کوڵکی مەرەز دەکەین، بۆ ئەو کاڵایانەی لێی دروستدەکرێ، پێکدێ لەم قۆناغانە: (بڕینەوە، شتن، پشکنین، شە کردن، هەڵوێزان، ڕستن):

## یەکەم / بڕینەوە

واتە: لێکردنەوەی کوڵک لە لەشی مەرەزەکە، بڕینەوەی کوڵکی مەرەز لە سەرەتای مانگی سێ دەست پێدەکا، لەبەر ئەوەی کوڵکەکەی درێژە و بەکەڵکی ڕستنوچنین دێ، هەروەها لە هەمان کاتدا گیای بەهار بەرەو سەوز بوون دەچێ، گەر مەرەز لێی تێرەخۆرەبێ کوڵکەکەی هەڵدەوەرێ، کرداری بڕینەوەش بەم جۆرە ئەنجام دەدرێ:





## بڕینەوە بە برێنگ

کــرداری بڕینەوەکە ئامێرێک دەبێ پێی دەوەترێ برێنگ، ئەم ئامێرە جۆرە مقەســتێکی تایبەتییە و بەدەســت کار دەکا، کوڵکــی مەرەزەکــەی پێلێدەکرێتــەوە، کەســێک مەرەزەکــە دەگرێ، ئینجا کەســێکی شــارەزا بە ئامێری برینــگ کوڵکەکــەی لێدەکاتــەوە، بەمەرجــێ پێســتی مەرەزەکە بریندار نەکا.

## دووەم / شتنەوە

کوڵکــی مەرەز لەدوای بڕینەوە بە ئاو دەشــۆرێتەوە، بۆ ئــەوەی لە پیســی و چڵک خاوێــن بکرێتــەوە، لە کاتی شــتندا تەنیا ئــاو بەکاردێ ئــەو چڵکــەی پێوەیەتی بە ئاوەکــە دەڕوا، پێویســتی بــە پاکەرەوە نییــە. دواتر لە بەرخۆر هەڵدەخرێ تا وشک دەبێتەوە.

## سێیەم / پشکنین

کرداری لێکردنەوەی چقڵو دڕکە لە کوڵکی مەرەز، هەندێ چقڵ و دڕک هەیە ووردە و بە ئاو لە کوڵکەکە نابێتەوە، پێویستە لە دوای شتن بە دەست لە کوڵکەکە بکرێتەوە، هەروەها کوڵکە بادراو و ئاڵۆزەکانیشی شیدەکرێتەوە.

## چوارەم / شەکردن

ئاســنێکی دان داناوییــە و لە ئاســن و تەختــە و چەرم دروســت دەکرێ، وەک شــانەی قژ داهێنــان وایە، بەڵام دوو ڕیز ددانی پێوەیە و قەبارەی گەورەیە و درێژییەکەی دوو پــێ دەبێ، بۆ شــیکردنەوە و خاوکردنەوەی کوڵکی مــەرەز بەکاردێ، شــێوەی بــەکار هێنانەکــەی وایە کە کەســێک ئامێری شــەکە دەخاتە بەردەمــێ، بە هەردوو دەســتی کوڵکەکە دەگرێ، لەسەرەوە بۆ خوارەوە دەیدا لە ئامێری شــەکە، بەو شێوەیە کوڵکەکە خاو دەبێتەوە، کوڵکە درێژەکە کەپێی دەوترێ سەرشــوو دەکەوێتە ئەم دیو ئەو دیوی شەکەوە، هەروەها کوڵکە کورتەکە بندۆک دەکەوێتە نێوان ددانەکانی شەکەوە.

## پێنجەم / هەڵوێزان

کوڵکە درێژە خاوکراوەکە واتە: سەرشوو جیادەکرێتەوە و بە قەدەر ئەستوری گوریسێک بادەدرێ و خڕدەکرێتەوە وەک گلۆڵە ئامادە دەکرێ بۆ ڕیستن.

## شەشەم / ڕستن

بریتییە لە بادانی سەرشــووی مەرەز ، بە شــێوەی داوی باریکی نەپســێن، کە بۆ ڕســتن بەکاربێ، کرداری ڕستن بە تەشی دەکرێ.

تەشــی: تەشــی ئامێرێکە بۆ ڕســتن بەکاردێ و لە ســێ بەشی ســەرەکی پێک دێ، کلکی تەشی، دارێکی باریکە بــۆ هەڵکردنەوەی ڕێســراوەکە بەکاردێ، بەشــی دووەم ســەری تەشــییە کە دارێکی شــێوە بازنەییە و بە کلکی تەشییەکەوە نوساوە، بەشی سێیەمی قولاپی تەشییەکە کە کوڵکی هەڵوێزراوی پێوە دەکرێ.

ئــەو ژنانــەی کــە تەشــی دەڕێســن، ســەرێکی گلۆڵــە

هەڵوێزراوەکە لە قۆڵیان بادەدەن و سەرەکەی بەدەست باریک دەکەنەوە و بە قولاپی تەشییەکەوە دەکرێ، هەڵوێزراوەکە دەگرێ، بەدەستەکەی دیکەی کلکی تەشییەکە بادەدا، بەو کرداری خولانەوەیە هەڵوێزراوەکە دەرێسرێ و دواتر رێسراوەکە لەسەر کلکی تەشییەکە هەڵدەکرێتەوە و هەمان کردار دووبارە دەکرێتەوە، بەو جۆرە وردە وردە هەڵوێزراوەکە دەرێسرێ، هەتا داوی رێسراو باریکتربێ قایمترە.

لە ناوچەی پشدەر بە ئامێری پێچاڵ ریسراوی سەرشوو دەچنرێ و دەکرێ بە بوزوو (شاڵ) ، هەروەها بندۆکیش بەشیش دەچنرێ و چونکە داوەکەی ئەستورە پوزەوانە (زەنگاڵ)، دەستەوانە- دەسکێش، ماپێچ، بلوس،... هتد دروستدەکرێ.

## چۆنێتی گۆڕینی ڕەنگی کوڵکی مەڕەز

ڕەنگی کوڵکی سپی مەڕەزی دەتوانرێ بە ڕەنگێکی دیکە بگۆڕدرێ، جا کوڵکەکە سەرشوبێ یان بندۆک، بۆ ڕەنگی ڕەش، سور، قاوەی یان خورمایی.

## گۆڕینی ڕەنگی سپی بۆ ڕەنگی ڕەش

لە دوای شە کردن، کیلۆیەک سەرشوو یان بندۆک دەهێنرێ لەگەڵ ٢٠ لیتر ئاودا لە مەنجەڵێ دەکرێ، پاشان نزیکەی ٥٠٠ گرام توێکڵێ داری گوێز لە قەدەکەی ورد دەکرێ و دەکرێتە ناو مەنجەڵەکەوە، بە ئاگرێکی خۆش بۆ ماوەی پێنج تا شەش کاژێر دەکوڵێنرێ، گەر ئاوی لێبڕا ئاوی دیکەی تێدەکرێ، لەدوای ئەو کوڵانە کوڵکەکە ڕەنگی ڕەش دەبێ، گەر بڕی توێکڵی دار گوێزەکە زۆرتربێ ڕەنگی کوڵکەکە ڕەشتردەبێ و بە پێچەوانەشەوە.

## گۆڕینی ڕەنگی کوڵکی سپی بۆ ڕەنگی سوور

کیلۆیەک کوڵک دێنن و لەدوای شەکردن لەگەڵ بیست لیتر ئاودا لە مەنجەڵ دەکرێ، پاشان ٥٠٠ غرام ڕەگی دار گوێز ورد دەکرێ و دەکرێتە ناو مەنجەڵەکە، لەسەر ئاگرێکی خۆش بۆ ماوەی پێنج تا شەش کاژێر دەکوڵێنرێ، لەو ماوەیەدا چوار پێنج جار تێکبدرێ، کوڵکە سپییەکە ڕەنگی سوور دەبێ، کاڵی و تۆخی ڕەنگی سوری کوڵکەکە پەیوەندی بە بڕی ڕەگی دار گوێزەکەوە هەیە، گەر بڕی داگوێزەکە زۆرتربێ لە بڕی پێویست، ڕەنگەکەی زۆر سور دەبێ و بە پێچەوانەشەوە.

گۆڕینی کوڵکی سپی بۆ بە قاوەیی یان خورمایی:

کیلۆیەک کوڵکی مەرەز دەهێنرێ لەگەڵ بیست لیتر ئاودا لە مەنجەڵێ دەکرێ، پاشان ٥٠٠ غرام توێکڵی گوێزی سەوز ورد دەکرێ و دەخرێتە مەنجەڵەکەوە، لەسەر ئاگرێکی خۆش بۆ ماوەی پێنج کاژێر دەکوڵێندرێ، پێویستە لەوکاتەدا چەند جارێک کوڵکەکە تێکبدرێ، پاشان ڕەنگەکەی قاوەیی دەبێ ئەگە نزیکەی نۆ کاژێر بکوڵێندرێ ڕەنگەکەی بۆ خورمایی دەگۆڕدرێ، کاڵ و تۆخی ڕەنگەکان بەپێی کەمی و زۆری بڕی توێکڵی گوێزە سەوزەکەدەبێ.

بە شێوەیەکی گشتی کوڵک لەکاتی کوڵاندندا کەم دەکا و دەچێتەیەک، لەبەر ئەوە پێش ئەوەی کوڵکەکە برێسرێ و بچنرێ پێویستە بکوڵێندرێ، بۆ ئەوەی لە ئەنجامی تەڕ بوون کوڵکەکە کەم نەکا، هەروەها کوڵک کە ڕەنگ کرا، بە تەڕ بوون ڕەنگەکەی ناچێتەوە و وەک ڕەنگێکی سروشتی لێدێ.

## لێنەباندن

لێنەباندن واتە: هەندێ جار کە مەرەز دەزێ، سۆز و خۆشەویستی بۆ کاریلەکەی نییە، شیری ناداتێ و تێیهەڵدەدا و دەری دەکا، لێنەباندن دوو جۆرە:

١.مەرەز لە قۆناغی (توێشتیر)دا کە یەکەم جار دەزێ، زۆر ماندوو دەبێ، دوایی ڕقی لە بەچکەکەیەتی، شوانەکان بەم ڕەفتارە دەڵێن لێیناباتێ.

٢. ئەو مەرەزاوەی کەلێنەباتێ، پێ دەچێ کاتێ کە کاریلە بووبێ، لەگەڵ دایکی لێنەبانی بێ و بەسۆزی دایکی گەورەنەبووبێ، بۆیە سۆز و خۆشەویستی بەکاریلەکەی نادا.

## وەبەرهاویشتنەوە

واتە: ئاشت کردنەوەی مەرەز و کاریلەکە و گەڕانەوەی سۆز و خۆشەویستی بۆ نێوانیان، وەبەرهاویشتنەوە لە

## دووباردا دەبێ

١. کاریلە وەبەر مەرەزێک دەخرێتەوە کەلێنەباتێ.

٢. مەرەزێک زابێ و کاریلەکەی مردار بووبێتەوە، لە هەمان کاتدا مەرەزێکی دیکە بزێ و جوتلانەی ببێ واتە: دوانە، یەکێ لەو دوو کاریلەیەی لێدەسەندن و دەیخەنە بەر ئەو مەرەزەی کە کاریلەکەی مردووە.

تێبینی / کاریلە دەخرێتەوە بەر مەرەز لەبەر ئەوەی گوانەکانی بمژێت و شیرەکەی بخوات ، ئەگەر ئەمە نەکرێ، گوانی مەرەزەکە پڕ دەبێ لە شیر و دەئاوسێ بەمەش گوانەکە خراپ دەبێ.

## چۆنێتی وەبەر هاویشتنەوە

بەم کردارە بەکەسێکی شارەزا و لێزان دەکرێ و پێی دەوترێ (بانۆک)، کە بەشێوەیەکی تایبەتی کاریلەکە وەبەر دایکی دەخاتەوە بەم شێوەیە:

بانۆک دێت و ئەو مەرەزەی لێنەباتێ دەیباتە ژورێکی تاریکەوە، پەنجەی شایەتمانی دەخاتە ناو ڕەحمییەوە،

پەنجــەی دەجولێنێ و شــێوەی ژانی زانەکــەی دووبارە دەکاتەوە و ئەزێتی دەدا، لەو کاتەدا مەرەزەکە وادەزانێ تازە زاوە، لە هەمان کاتدا کاریلەیەک دێنن و پشــتی بە (شــیر و خوێ ) سوێر دەکەن، لەبەر دەمی مەرەزەکەدا دایدەنێــن، مەرەزەکە دەســت بە لێســانەوەی دەکا، ئەو شــیر و خوێیەی تێیان هەلســووە دەیخوا، بەو شــێوەیە سۆزی دەداتێ و ئاشتیان دەبێتەوە. یان ئەگەر مەرەزەکە کاریلــەی مــردار بوبــۆوە، بــەو شــێوەیە کاریلەیەکــی دەخەنەبەر، بەهی خۆی دەزانێ و سۆزی دەداتێ.

## پاشەبەران یان پاشەنێری

واتە: مەڕ یان بزن کاتێ وەختی زاوزێی دێتە پێش، نێرییەکە دەچێتە لای مێ کە، بە یەکەم جار ئاوس نابێ، بۆ جاری دووەم نێرییەکە دەچێتەوە لای، بەم کردارە دەوترێ پاشەبەران، بە قەولی شوانەکان دەڵێن: هەر ساڵێ ئەم ڕەفتارە لە مالات ببینرێ، ئەو ساڵە ئاو و هەوا خۆش دەبێ.

## بەری بواردووە

بە مەرەزێ دەوترێ کە تەمەنی دووســاڵ بێ و پێویســت بووە بزێ بەڵام نێری نەگرتووە.

## بیژۆک

بە مەرەزێک دەوترێ کەتەمەنی ساڵێک بێ و نێری بگرێ و بــزێ، لەم کاتــەدا کاریلەکەی زۆر لاواز دەبێ و درەنگ گەشە دەکا.

## ئەستێور یان قسر

بە مەرەزێک دەوترێ کە تەمەنی ســاڵێک بێ و نەزابێ و زۆر قەڵەوبێ.

## مێشکە:

بــە کاریلەی مەرەزێک دەوترێ، کــە دایکی لێنەبانێ یان دایکی مردار بووبێ و وەبەر مەرەزێکی دیکە خرابێ، بەو کاریلەیە دەوترێ مێشکە، بێناز گەورە دەبێ.

## کرداری خۆ نوێ کردنەوە

هەڵوەرینــی کوڵکــی مــەرەز یەکێکــی دیکەیــە لــەو تایبەتمەندیانەی کە لە مەڕ و بزنی ڕەشۆکی جیادەکاتەوە، ئــەم بــارە تایبەتە لە ســەرەتای وەرزی بەهاردا ڕودەدا، کاتــێ گیا ســەوز دەبێ پێی دەوتــرێ تێرەخۆرە، مەرەز هــەر هێنــدەی تێری خــوارد کوڵکەکەی واتە: سەشــو، بنــدۆک دەســت بە هەڵوەریــن دەکا، لــە کاتێکی کەمدا هەمــوو کوڵکەکــە هەڵــدەوەرێ و مەرەزەکــە لــووس دەبــێ، بەو شــێوەیە هەموو کوڵکەکەی خەســار دەبێ، بۆیــە گوندنشــینەکان پێش ئەوەی مــەرەز تێرەخۆرەبێ دەیبڕنەوە بەمەش دەوترێ کرداری خۆ نوێکردنەوە.

## چۆنێتی زانینی تەمەنی مەرەز

بە دوو ڕێگە دەتوانین تەمەنی شاخی مەرەز دیاری **بکەین، لە ڕێگەی شاخ یان کلکی مەرەزەوە**

١. شاخی مەرەز گرێ گرێ یە، هەموو ساڵێک گرێ یەک زیاد دەکا، واتە: شــاخی مــەرەز چەند گرێ بێ ئەوەندە ساڵە.

٢. مەرەز کە دەچێتە تەمەنەوە کلکی گرێ گرێ دەبێ، لە ڕێگەی ئەو گرێیانەی کلکەوە شــوانە شارەزاکان دەتوانن تەمەنی مەرەزەکە دیاری بکەن.

## مەرەز بە گشتی سێ جۆر شاخی هەیە

١.شاخی قیت، بەو شاخە دەوترێ کەڕێک بۆ سەرەوەیە.

٢. شــاخی چەماوە، بەو جۆرە شــاخانە دەوترێ کە بۆ دواوە چەماوەتەوە.

٣. شــاخی چەماوەی بــادراو، بەو شــاخانە دەوترێ کە کەمێ پان و بادراو و چەماوەیە.

تێبینی / هەندێ مەرەز هەیە شــاخی نییە پێی دەوترێ کۆڵ.

شــاخی ئاژەڵ لە کوردەواریدا بۆ گەلێ شــت ســودی لێ دەبینرێ، وەک کلکی چەقۆ، کلکی خەنجەر، خوێدان.

## لیستی سەرچاوەکان

- ڕەسوڵ خدر مارف، تەمەن ٥٧ ساڵ، گوندی پیریسکە، ناحیەی ئیسێوە، پشدەر.
- ئەحمەد عومەر ئەحمەد، تەمەن ٧٠ ساڵ، گوندی ئەلبانێ، ناحیەی ئیسێوە، پشدەر.
- حەسەن قادر ڕەسوڵ، تەمەن ٦٠ ساڵ، گوندی ئیسێوە، ناحیەی ئیسێوە، پشدەر.
- حاجی بەدیعە عەبدولڕەحمان، تەمەن ٧٥ ساڵ، گوندی کوڕەداوێ، ژنی ماڵ.
- حاجی قادر ڕەسوڵ حوسێن، پیر، ناحییەی ئیسێوێ، قەڵادزێ، ٧٠ ساڵ.
- بەکر ڕەسوڵ مینە، تەمەن ٣٠ ساڵ، گوندی ئیسێوە، ناحیەی ئیسێوە، پشدەر.
- ئەحمەد حاجی سمایل، تەمەن ٥٥ ساڵ، گوندی ئیسێوە، ناحیەی ئیسێوە، پشدەر.
- قادر باپیر قادر، تەمەن ٦٥ ساڵ،گوندی چەکوان، ناحیەی ئیسێوە، پشدەر.
- عەلی محەمەد ئەحمەد ٤٠ ساڵ، گوندی ئیسێوە، ناحیەی ئیسێوە، پشدەر.

### لەدابونەریتەکانی گەرمەسێر

# شەو شەممەکی

مرۆڤ لەبەرە بەیانی مێژووی مرۆڤایەتییەوە، تا ئەم سەردەمەش بڕوای بەهێزێکی گەورەو توانایەکی مەزن هەیە. جگە لەکاریگەری ئەم پێشڕەو چەرخی فەلەک، مانگو ڕۆژ ، بەسەر هەموو ئەو خۆشو ناخۆشیانەدا، کەدێنە ڕێگەی ژیان. بۆیە پەنای بۆ چەند هۆیەک بردووە لە پێناوی زانین پاشەڕۆژو زانینی ئەنجامی ئەو کارانە کەنیازی جێبەجێکردنیان بووە. هەر لە چاخە کۆنەکانەوە، لەسەردەمی سۆمەرییەکانو بابلییەکانو ئاشورییەکانەوە، چەندین تاقیکراوە دابونەریتێک بردووە، کۆمەڵێک زانیاری لە ئەو گەلو هۆزانەوە وەرگرتووە، یاوەکو میراتگەری بۆی ماوەتەوە. بەتایبەت لەلایەن کاریگەری بورجەکانەوەو سوڕخواردنی شەو و ڕۆژو مانگو خۆر بە چارەنووسی ئادەمیزادەوە، جا لە ئەم لایەنەوە ناوچە جیاوازەکانی کوردستانیش لە مێژەوەو لە سەردەمە کۆنەکانەوە.

چەندین تاقیکراوەی، لە ئەم بوارەدا هەبووە. ئەوەیش بە ئەنجامدانی چەند کارو دابونەریتێک بۆ ڕوونکردنەوەی ئایندەیان.

بۆ نموونە جاران لە شاری خانەقی و دەوروبەری نەریتێکی کۆنە باوبوو، بۆ زانینی ئەنجامی ئەو کارو فەرمانانە کە نیازیان لە ئەنجامدانی بووە. بۆیە شەوانی شەممە گرنگ بووە لەلای خەڵکی ئەم ناوچانە نەک تەنها شەوی شەممە، بەڵکو ڕۆژانی شەممەش زۆر گرنگ بووە لەلایان بۆیە پێشینان وتویانە:

**شەممە کارو شەممە بار شەممە وەوی مەکەن سوار**

واتە: هەموو کارو بارێکتان لە ڕۆژانی شەممە ئەنجامدەن. سەرکەوتوو ئەبن تەنیا ئەوە نەبێت بووک لەم ڕۆژە مەهێنن- وە نەگوازنەوە.

جا ڕەنگە ئەم گرنگی دانە بە شەو و ڕۆژی شەممە، ڕەنگە لە ئاینە کۆنەکانی کوردە مابێتەوە، یا لە میللەتانی دراوسێیەکانەوە وەرگیرابێت، چونکە ڕۆژانی شەممە لەلای جولەکەکانەوە پیرۆزە، بەڵام بابزانین

**شەو شەممەکی چوون بوو؟**

ئەگەر خێزانێک نیازیان بوایە کارێکی گرنگ بکەن وەکو ژنهێنان و کچ بە شوودان ئەوە شەوانی شەممە لە دوای بانگی شێواندا ژنێکی سەرە خۆی ئەپێچا بە



**ئیبراهیم باجەلان- خانەقی**

عەباوەو پێچەی دەکرد، ناوی خوای ئەهێنا پێشئەوەی لەماڵ دەرچێتو نیازی ئەکرد و ئەیوت:

خودایە ئەگەر خێرو ئەنجامی باش دەبێت قسەی خێر ببیستم، ئەگەر خێری پێوە نیە و زیانی هەیە ئاگادارم کەیتەوە. جا ئەو ژنە گوێی دەنا بە پەنجەرەی ماڵێکەوەو خۆی حەشار ئەدا، وەکو ئەزانین پەنجەرەی جاران وەکو ئەمڕۆ لە ئەلەمنیۆمو شتی وەکو پەنجەرەکانی ئەم ڕۆژگارە نەبوو بەڵکو زۆربەی لەدار یان ئاسن دروستکرابوون لەدرزی شوشەکانەوە یا لە نێوان بۆشایی پەنجەرەکانەوە هەموو قسەیەک لە دەرەوە ئەبیسترا. ئەگەر خێزانی ماڵەکە قسەی خێریان بکردایە ئەوە ژنەکە دڵی خۆشدەبوو، بۆ دڵنیایی یەک دوو ماڵی تر ئەگەڕا، ئەگەر قسەکان نیوەیان چاک بوایە ونیوەی خراپ بوایە- ئەوە کارەکەیان نەدەکرد.

بۆ نموونە ئەگەر ئەو ماڵە بەمناڵەکەی خۆیانیان بگوتبایە مەکە. ئەوە مانای ئەوە لەلای ئەو ئافرەتەکە لە دەرەوە گوێبیسیان بوو دڵی تەنگ دەبوو ئەیوت با ئەم کارە نەکەین. ئەگەر شتە بهێنە- ئەگەر نیازی ژن هێنانیان بوایە ئەوە ئەنجامیان دەدا.

هەندێ جاریش گەنجانی گەڕەک یا کۆڵان ئەیانزانی ئەو ژنانە شەو شەممەکی دەکەن بۆیە خۆیانیان بێ ئاگا دەکردو قسەی خێریان دەکرد. واتە قسەی ڕێبوارانی کۆڵانەکەش بەهەند وەردەگرت.

شایانی باسە ئەم دابە لەناو شاری (خانەقی) و دەوروبەری باو بوو تاکو ساڵەکانی شەستەکان و هەفتاکانی سەدەی ڕابردوویش ئەنجامدەدراو پەیڕەو دەکرا. نەک تەنیا لەخانەقی، بەڵکو لەناوچەی گەرمەسێر بەگشتی باو بوو و لە دەوروبەری قەسری شیرین تا سنووری کرماشان جگە لە مەندەلیو قز ڕەبات. بەڵام لە باکوری خانەقی ئەم دابە نەبوو. وەکو ناوچەی بنکورە و قورەتوو مەیدان بەڕاستی زەمانێکی خۆشو سەردەمی دڵپاکی و ژیانی سادە، بڕوای بەهێز بوو. سەردەمی شەو شەممەکی.

# هەندێ داب‌و نەریتی کوردەواری

ڕەسووڵ دێلێژەیی

بێگومان هەر لە کۆنەوە باب‌و باپیرانمان بەگوێرەی توانایی بیری خۆیان بۆ هەر دەردێک چارەسەریەکی دڵخۆشکەریان داناوەو وەک تاقیکردنەوە چەند جارو چەند لێکیانداوەتەوەو کردویانەتە دەرمانی چارەسەری نەخۆشییەکی دیاریکراو، وە زۆر شتیان وەک پێشبینی ڕووداوێک بەکۆمەڵ ناساندوە، کەلەوانەشە هەندێک شت وەک شتێکی دەروونی (نەفسی) دڵ پێی ئاسوودە بێت. هەشە لەناو ئەو شتانەدا وەک ئەفسانە هەتا ئیمڕۆش هەر ماونەتەوە ئەوەش هەندێک لەو دابوونەریتە کۆمەڵایەتی کوردەواریانەیە:

مس توانەوە بەسەر منداڵدا

ئەوەش بەو شێوەیە منداڵێک لە (7) حەوت مانگیەوە هەتا 4 چوار ساڵی بۆی هەیە،لە هەموو شتێک بترسێت، ئینجا ئەو ترسانە کار دەکاتە سەر مێشکو دڵو دەروونی بێ تاقەتو کەم خواردن‌و سیس دەبێت- مس لەناو قاپێکدا لەسەر ئاگر جوان قاڵ دەکەنەوەو هەتا وا شل دەبێتەوە وەک ئاوی لێدێت ئینجا قاپێکی تر نیوە ئاو پێش ئەوەی ڕۆژ ئاوا بێت زەردە پەڕ لە سەر سەری منداڵەکە ڕادەگرن‌و منداڵەکەش دائەنێن، بۆ نموونە: ئەگەر ناوی حەمە بێت جامی ئاوەکەی لەسەر سەری ڕاگرتووە لەوەی مسە کوڵاوەکە بەدەستەوە دەپرسێ دەڵێ: ئەوە چی لەحەمە دەکەی؟ ئەویش دەڵێ: ترسێ لە حەمەی دەردەکەم بەو شێوەیە 3 سێ جاران ئینجا کەسەرنجی ئەدەنێ مسکە وەک وێنەیەکی ئەو شتە دەردەچێت، کەلێی ترسابێت ئینجا مسەکە دەدەنە دەست منداڵەکەو دەڵێن: ئەها لەچی ترساوی بەوجۆرە ترس بەترس دەردەکرێ، گوایە ترسەکەی بەو ترسانە دەڕوات کەلە کاتی مسە گەرمەکە لەناو ئاوەکە دەکەی چزەیەکی لێدێت‌و منداڵەکە ڕادەپەڕێ ئەوکاتەی دەڕوا.

ناڵ هەڵواسین

چاوپیسی کەتیرێکی کوشندەو کاریگەرە لە سەر مرۆڤو ماڵ‌و سامانەوە بەگوێرەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامیش هەر بووەو خوای گەورە بەپێغەمبەری ڕاگەیاندووە ئینجا لە زۆربەی ناوچەی کوردەواری وا باوە لەکاتی دروستکردنی خانوویەکی باش وە یان دەغڵو دانێکی باش وە یان سەروەتێکی تری باش بەپێشەوەی دەرگا، وە یان بەدارێکی قوتەوە لەناو کێڵگەکەدا ناڵێکی وڵاخی ژەنگاوی هەڵدەواسن گوایە چاوپیس یەکسەر کەچاوی پێکەوت دەرون پیسیەکەی بەو ناڵەوە دەنووسێ‌و کارناکاتە سەر سەروو ماڵی خاوەن سەروەت.

بۆن برە

بۆن برە کەمێک قوڕی تایبەتیە بەگرمۆڵە لە پەتێک ئاڵاوە ئەو منداڵانەی بەبۆن دەکەون دەیان دەنێ ئەویش شەو بۆن بڕەکە لەناو پەرداخێک ئاو داویشترێ بەسەر ئاواڵەیی دەبێ لە ئەستێرەوە دیار بێت ئەو ئاوە کە بۆن برەکەی تێدایە بەلای کەمەوە (7) حەوت ئەستێرەی لێ دیاربێت ئینجا بەیانی زوو بێئەوەی گڵە تواوەکەی ناو پەرداخەکە تێک وەردەبیت بەگەروی منداڵەکەی دا بکەیت ئەوە بەچی بۆنێک کەوتبێت چاک دەبێتەوە.

**کلکە کەروێشک**

دەڵێن کلکە کەروێشک ئەگەر بێتو بەلانکەی منداڵی هەڵبواسی ئەوە ئەو منداڵە خەوی خۆش دەبێت وە لەناو لانکەشدا وەڕس‌و بێ تاقەت نابێت.

**زلە قەسەڵ**

پاشماوەی دەغڵ دروون ئەوەی کەدەمێنێتەوە پێی دەگوترێ قەسەڵ ئینجا زۆربەی ئافرەت لەکاتی فەروە درونەوەی پیاوەکانیان بۆ پینەکردن وەیان هەڵوەشانەوەی لاسکە قەسڵێک لەبەر بەر ددانی دەدات هەتا لە درومانەکە دەبێتەوە ئەوە بۆیە گوایە ئەگەر وانەکات هەربەو فەروەوە دەمرێت ئەگەر وابکات لەشساغو بێوەی دەبێت.

**منداڵ لەسەر ڕێگای پیاوی گەورە**

دەڵێن ئەگەر منداڵێک لەکاتی سروشتی خۆی تێپەڕی پێی نەگرتن، ئەوە دایکی دەستوقاچی دەبەستێ‌و لەو کاتەی پیاوێکی ناودارو گەورەی ناوچەکە بەڕێگایەکدا دێت لە سەر ڕێگای دائەنێت خۆی پەنا دەگرێت نابێ ئەو پیاوە گەورەیە بزانێت منداڵی کێیە ئینجا ئەو پیاوە گەورەیەش بەدەستی خۆی دەستو قاچی بۆ ئەکاتەوەو دەڕوات ئینجا دوای ئەوە دایکی هەڵیدەگرێتەوەو ئەیباتەوە دوای چەند ڕۆژێک پێدەگرێت.

**گڵەکەندو**

دەڵێن ئەگەر مار بەشوێنێکیەوەدا ئەوە گڵەکەندی بگریەوە هەتا شلدەبێتەوە ئینجا وەک مەلحەم تێی بدەیت ژواری نامێنێ.

**دەزووی شین**

کاتێ چاوت ئاوی دەکردو سوور دەبوو ئەوە دەزووی شینی پێدا بێنیت پشتی چاوت چاکدەبێتەوەو ژواری نامێنێ.

**کاغەزی شین**

ئەگەر گوێچکە بروسکی تێ وەستاو ئازاری هەبوو ئەوە کاغەزی بەرگی قەندی شینەکەی لول بدەو تێی بهاوە ئازاری نامێنێ.



# گوزەرگای خێڵان

## سەلاح شاکەلی

ناوچەی لوڕستان کە بەشێکە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان وەک هەموو بەشەکانی دیکەی ئەم نیشتمانەی کورد هەر لەکۆنەوە بەهۆی ململانێو شەڕی نێوان داگیرکەرانی کوردستان ڕوبەڕووی خاپورکردنو ماڵوێرانیدا نیشتوانەکەی بوەتەوە، هەرچەندە لوڕەکان دارایی کلتورێکی دەولەمەندن، بەلام وەک پێویست کار بۆ پاراستنو ئەرشیف کردنیان نەکراوەو سنووردارکردنی ئازادی ڕێگەی نەداوە دەزگایەکی فەرمی بەوئەرکە نەتەوەییە هەلسێت کە موخابن لەگەل ڕۆژگاردا کاڵ دەبێتەوەو پشت گوێ دەخرێت. ئەم چەند دێرەشیعرەی خوارەوەتاییەتن بەلوڕستان کە تێکرایان ڕەنگدانەوەی ژیانی کەسانێکی گوم و بێناون کە لەسەرتاپای ژیانیاندا دێوانەی نیشتمانو عاشق زەردەو گڕگرتوی ئەوینو ڕەشپۆشو هەژارو خەمبارو بێنەواو تەریکو بێبەشن لەخۆشیەکانی ژیانی کۆمەڵگاکەیان، بەلام لەگەڵ ئەوەیشدا وەکو قانع ی شاعیر دەڵێ:

نەفس بەرزی سەروەتێکە لای هەموو کەس دەسناکەوێ
لای کەسێکەڕووتەڵ و بۆنیشتمان دێوانەبێ.

چونکە ئەوان لەگەڵ کوێرەوەریو تالاوی ژیانیاندا دڵسۆزو سەر ڕاستن تارادەی قوربانیدان ئامادەن لەپێناوی هەموو ئەوانەی خۆشیاندەوێ سەریان دابنێن، بێگومان هەردێرێک لەم شیعرانە هەڵگری پەیامێکەو وابەستەی دێڕەکانی ترنیە.

یەلاشەی منەوەکەوانەوە — وەلای مەل و مۆر بێ زوانەوە
چاوێل هەڵ گلان لەپای کۆساران — چوی دوربین لەچاو قەدیم سەرداران
سەراوسەر نشور سەرچەشمەی گەیلان — هات هات کەڵهوڕ گوزەرگای خێڵان
شاوە نشینان بنیشن وە شاد — بەفراوبنۆشن ئێمەیش بکەن یاد
ڕاسی ڕاس ئاوەر چەفتی قوڵنگبڕ — دەم تەنگ لەئەیوان زڵف شۆڕ لەکەڵهوڕ
یەسە نەخۆشم وەدەس پلمدەن — حەکیم هاوسامە وەشارکلمەکەن
بەرگێ لەدەوارلەجای کەتانکەم — تەرک ڕەفیقی بێ بەینیتان کەم
بیلە با پیم بوکول خەگای ویمە — وەهەرکۆمەچم هەر بەد لەڕێمە
بیلەلاشەکەم لەڕاگەی خێڵ بۆ — لەڕای نازارەیل بیاوان گێل بۆ
بیلەلاشەکەم لەڕای خێڵان بۆ — لەڕاگەی خێڵان دەشت گەیلان بۆ
بیلەبابمرم هەروەی داخەوە — وەی شەوێل تاریک بێ چراخەوە
شەرت بو لەشۆنت کڵاش وەپێکەم — شارەوشاربچم شونت پەیاکەم
لەشونت گەردم هەردەوەهەردە — من کوردفەقیر تو تەحصیل کەردە
جەوەڵ جەوەڵەیل وەتفلی دیمە — جەوەڵ هەر خۆیە حەیف من پیربیمە
ئەوەن جەفاوجەور دنیادیمە — عومری نەکەردم یەسە پیربیمە
تەنیادارێ بیم وەبان بەمۆوە — وەبی ئاو سەوزبیم وەبونەی تووە
هەرچی چاوگل دەم وەناو ئەی خێڵە — دۆستم دیارنیە لێڵاویم لێڵە
گەستەی مارخاسە زوسارێژمەبو — دەرد دڵ خراوە دایم هاوەسۆ
لەماڵ هات وەدەر قەولەم هەر یەسە — قاتڵ قەساس جوانی چین کەسە

ئەترسم بمرم بیابان بوت وەجام — هاوکورەیلم بان لانەگرن وەلام
خەم و خەیاڵات لەلام بین جەم — فەلەک تۆبەم بو منای کەس نەکەم
بەوتا بکەیمن دودەس لەگەردن — نەوا پەیدابو لەناکا مردن
ئەردوس بزانی حاڵ من چوینە — نەز ڤەمە یلی نەخاڵ و سینە
تەنیا داری بیم وەسەر یاڵەوە — عاجز بیم وەدەس بای شەماڵەوە
شەرت بو بپو شم بەرگێ لەدەوار — پێوە بگەڕێم هەوار وەهەوار
تروسکەی ئاگر سیاماڵ لەنو — گڕگڕ مەگری لەدامانەی کۆ
شەرت بولەداخت خۆم وەگەداکەم — خۆم وەگەداکەی بێ ڕەوەرگاکەم
خەمان خەمم کرد پیران پیرم کرد — وەحش کێوان بیم فەلەک ژیرم کرد
شیوەی مەل دیری لەماشتەوە — داخی هاوەبان داخەیل گشتەوە
شەرتبو لەداخت تەرک دنیاکەم — جامەو ژیرجامە بەرگم سیاکەم
سیاپوشم سفیدلەبانی — ئازێتی بگرم تاکەس نەزانی
یاسین وتەلقین بشنەوم وەگوش — شەرت بوناوەکەت نەکەم فەراموش
یادگاریەکەی هاوەلامەوە — چوی مەڵهەم نەمەی وەڕوی زامەوە
شەرت بو لەداخت بچم نامەوە — تا بویشن چوین تەیر بویە دامەوە
سەفەری دیرم وە مانگ سەفەر — دڵ وەگەل گەلە لێت نەیرم خەوەر

هەواڵنامەی کتێب


- نامەوە: نەیەمەوە
- دامە: داو
- نەریم : نەچم
- چوی : چون ،چونیەک، وەکو
- یەسە: ئەوەتا (ئەوەتا نەخۆش )
- پلم دەن : ئەمدیوەو دیوم پێدەکەن

**سەرچاوە** : کتێبی سرود بادیە
محێدین سالحی



# هونەرمەندی خۆڕسک حەمید خاوەرو سەرەتای هونەری شێوەکاری کوردەواریی لە ناوچەی بنکورە دا ١٩٢٧ – ١٩٨٣

ئەحمەد باوەڕ
زانکۆی گەرمیان – کۆلێژی پەروەردە



حەمید خاوەر ١٩٢٧ – ١٩٨٣

( گوللە تۆپی پاشماوەی هێزەکانی رووس ، کە کاتی خۆی حەمید خاوەر دووبارە بەکاری هێناوە و تاقیکردۆتەوە لە گوندی ( شێرەوەند ) ی ناوچەی بنکوورە و تائێستا ماوەو لای نەوەکانی پارێزراوە).

بەدەر لە ناوچە گەڕێتی ، ئەگەر تۆزێک سەر چیغ نەچوو بێتم ، ڕەنگە زۆر کەس ، بە تایبەتی ئەوانەی ، کە ئەم نووسینە و ناونیشانی ئەم بابەتە کورتە دەخوێننەوە بڵێن : بابەتێکی بەسەر چوو و کلاسیکی ئەوتۆ چییە، وا بۆتە جێی سەرنجی مامۆستایەکی زانکۆ یان حیکمەت لەوە چیە خۆی بەمەوە خەریک کردووە . بەڵام وەکتر زۆر دڵنیام لەوەی ئەگەر سەربردە و تۆماری زۆرێک لەم بە هرانەو لەم سەر گوزەشتەو سەربازە ونانەی نێو کوردەواریی و کۆمەڵی کوردەواریی ، لە کاتی خۆیدا ، تۆمار بکرابان و بە باشی بنووسرابانەوە. ئەوا ئێستا کەرەستەیەکی زۆر باشترو زۆر دەوڵەمەند ترمان لە بەر دەستا دەبوو . بۆ نووسین و تۆمارکردنی لایەنە ڕۆشنەکانی مێژووی هونەری کوردەواریی ، بە هەموو بەشەکانیەوە و لە هەموو شوێن و ناوچەیەکی کوردستاندا بێ جیاوازی . بەڵام ئەمڕۆ نەگبەتی و ماڵوێرانیەکە لەوەدایە نەک تۆمارکردن و نە نووسینەوەی داستان و مێژووەکەی ، بەڵکو وا خەریکە ڕۆژ بە ڕۆژ و وردە.. وردە ناوی ئەو کەرەستانەشمان لە بیر دەچێتەوە. کە باب و باپیرانمان پێشتر لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بە کاریان هێناوە . خۆ ئەگەر بێتوو کەرەستەیەکی دێرینە یان ئامێرکی عەنتیکەی دێرینەی نێو کۆمەڵی کوردەواریی ببینین ، بەلامانەوە شتێکی زۆر غەریب و نامۆ بێت و نەزانین ئەمانە لەو ئامێر و کەرەستانەن کە پێشتر لە ماڵانی باب و باپیرانماندا ، بە کار هێنراون و هاوکات ئیشی ڕۆژانەی خۆیانیان بەوانە ڕاپی کردووە ، بۆ نموونە لە ناوەندەکانی سەدەی بیستەمی ڕابردوودا بیرم دێت ، کە هێشتا مێرد مناڵ بووم و ئەو کاتانە ماڵمان لە گوندی ( غێدان ) ی ناوچەی ( بنکووره )١ی سەر بە شاری خانەقین بوو . هێشتاش پرۆسەی نەگریسی تەعریب و وێرانەیی ناوچەکەمانی هەڵ نەلووشی بوو ، هەموو ساڵێک کە وەرزی پاییزان دا دەهات و نزیک دەبووەوە ، ئەو ژوورەمان کە وەک مووبەقی ئێستا بۆ چێشت لێنان بەکار دەهێنا ، دایکی بە هەشتیم لەگەڵ خوشکەکانما، لادیوارێکی ئەو ژوورەیان بە قوڕی زۆر ئەستوور سواخ دەداو ئەوجا



پیازێکی وشکی زۆریان بە جوانی و بە ڕیز ئە چەقانە قوڕەکەدا ، پێوەی دەمایەوە تائەوکاتەی بە تەواوی وەرزی زستان دا ئەهات . ئەوجا وردە... وردە بۆ چێشتی نیوەڕوان یان ئێواران . لەو پیازانەیان دەکردەوە و دەیان جنی و بۆ چێشت و بۆ خواردن بە کاریان دەهێنا ، بە جۆرێک پیازەکە وەکو خۆی دەمایەوەو هیچی لێ نەدەهات ، تەنها ئەوە نەبێت تامی زۆر تیژ دەبوو ، زۆر چاکیشم لە بیرە منیش بە هەموو هەست و عەقڵ و وەعێکی منالی خۆمەوە وردە چاڵی شوێن سەلکە پیازەکانم دەژمارد و زۆر جاریش لێم تێک دەچوو و دووبارو سێ بارە دەم ژماردنەوە . بە ڕاستی ئەم نەریتەم بەلامەوە شتێکی زۆر عەنتیکەو جوان و سەرنج ڕکێش بوو . هەرکە تەواویش دەبوون . دووبارە قوڕە وشکەکەی لێ دەکرایەوەو دوای تەڕاوکردنێکی شوێنەکەی دووبارە بۆ ساڵی داهاتوو بە کار دەهێنرایەوە . خۆ ئیتر جگە لەو هەموو کەرەستانەی دی کە بەبەردەوامی لە ماڵاندا بەکار دەهێنران .( لە داهاتوودا لێکۆڵینەوەیەک یان کتێبێکی سەر بەخۆی لەسەر بڵاو بکەمەوە ) .

خۆ ئەگەر لە ناو نەوەو توێژی ئەمڕۆی کۆمەڵی کوردەواریی دا باس لە کەرەستەو بابەتە کۆنینەکانی وڵاتی کوردەواریی بکەی و بە گەنجێکی گەرمیانی هەر شوێنێکی دی ئەم وڵاتە بڵێی : زەحمەت نەبێت ئەم کەرەستانەی کە باب و باپیرانمان بە کاریان هێناون چی دەگەیەنن و بۆ چی باشن لەوانە کەرەستەکانی وەک : هیزە، دیزە، دەرخۆنە ، خورج ، دەستاڕ ، قرۆمە ، کۆماج ، کونە ، مەشکە ، هەگبە ، هەسان ، چاری ، جاجم ، کەنو ، کونەڵان و..... کورە چووزانم دەیان و سەدان کەرەستەو بەد بەختی و شتی تری لەو بابەتە . جا وەک ئاماژەیان بۆ کرا : دووبارە نەگبەتی و ماڵوێرانیەکەی ئێمە لەوە دایە تۆ ئەمڕۆ بڕۆ ، بەدوای دروستکەر و وەستاو کارخانەو ژیان و سەربردەی هەموو ئەو کەسایەتی و بەهرە مەندانەدا بگەڕێ و عەوداڵ بە ، کە هەموو ئەو ئامێرو کەرەستانەیان بۆ باب و باپیرانمان دروست دەکرد و هەر یەکەو لای خۆشیەوە ناوێکی تایبەت بە خۆیان هەبوو ، بەداخەوە ئەمڕۆ ئێمەمانان لەلایەک خەریکە هەموو کەلتوورو کەلەپوورێکی کوردەواریی وڵاتی خۆمانمان بیردەچێتەوە و لە لایەکی تریشەوە تەکنۆلۆجیای تاین ، وای لێ کردووین ، خەریکە هەموومان ئەکاتە تەڵەپووشی دەم شەپۆلی گەردەلول و بەکەیفی خۆی بۆ کوێی بوێ دەمان باو هەر دەمان باو دەمان سوڕێنێتەوەو هەر ئەوجاش بە خۆت نازانی لە چ کۆردەرەو لە چ کۆریانێکا فڕێت دەدا ، جا بۆیە هیچ سەرتان سوور نەمێنێت ڕۆژێک ، بە خوێندکارێکی زانکۆی خۆمم وت : زەحمەت نەبێت ناوی باپیرە گەورەت چیەو بۆ لیژنەی تاقیکردنەوەکان کە زۆر پێویست بوو ، دوای بیرکردنەوەو منجە منجێکی زۆر ئەوجا داوای لێ بووردنی کردو زۆر بە ئاسایی وتی : سبەی لە ماڵ دەپرسم و خەبەرەکەت بۆ دەگێڕمەوە ، جا قوربان خۆ ئەگەر پێی بڵێی : چاری یان بەردە هەسان بە کەڵکی چی دێ و بۆ چی باشن ، ڕەنگە سەری خۆی هەڵبگرێت و بداتە کەژا ، چ جای قسە کردن لە سەر هونەری کوردەواریی و گێڕانەوەی سەربردەو ژیانی ئەو کەسایەتیانەی کە هەموو تەمەنی خۆیان لەگەڵ ئەمانەدا بەسەر بردو بوون بە ئاردی ناو درک .

کەسایەتی و هونەرمەندێکی خۆڕسک و کۆچکردووی وەک: حەمید خاوەریش لەوانەن کە لە شوێن و ناوچەو گوندێکدا ژیاو گەورەبوو ، ڕەنگە تا ئێستا چەندین جار رووخابێت و خەڵکەکەی ئاوارەو دەر بە دەر بوو بێتن . بە هەرحاڵ ئەم هونەرمەندە خۆڕسک و شێوەکارەی گەرمیان و ناوچەی ( بنکورە ) ی سەر بە شاری خانەقین . خوالێخۆشبوو حەمید ڕەشید نادر ، کە لە نێوەندی کۆمەڵانی خەڵک و ناوچەی بنکورەو گەرمیان و خانەقین دا بە حەمید خاوەر ناسراو بووەو هاوکات هەموو ژیانی بە دیار کەرستەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە بە سەر بردو بەدروستکردن و چاکردنەوەی هەموو ئەوانەش ژیانێکی بێ منەت ژیا . ماوەتەوە بڵێین ئەم کەسایەتیە ، بەپێی تۆماری سەر شوناسنامەکەی لە ساڵی ( ١٩٢٧ ) دا لە گوندی ( شێرەوەند ) ی ناوچەی بنکوورە ، لە دایک بووەو هەرلە تەمەنی مێرد منداڵیشەوە کە نزیکەی ( ١٢ ) دوازدە ساڵان بووە ، باوکی دەچێتە بەر دلۆڤانی خودا و ئەمیش لەگەڵ خوشکێکی دا بەناوی ( ئامینە ) وە . بە هەتیوی و هەژاری و بێ کەسی گەورە دەبن . تا ئەوکاتەی خوالێخۆشبوو عەبدوڵڵا ئاغای باجەڵان ( ١٨٨٤-

١٩٦٣ ) ی بنکوورە بۆ ماوەیەک ، دەبێتە پشت و پەنا بۆیان و هاوکات لەگەڵ کوڕێکی خۆیدا ، کە ناوی (عەبدولوەهاب ) بووە و دواتر بووە بە پارێزەرێکی ناسراو لە عێراق و کوردستاندا و دواتریش هەر بە عەبدولوەهاب باجەڵان ناسراوە ، لای خوالێخۆشبوو مەلا ئەحمەدی زاری لە گوندی ( ئاوایی گەورە )٢ پێکەوە دەیانخاتە حوجرەو بەر خوێندن ، بە سەریەکەوەو لە ماوەی چەند ساڵێکی زۆر کەمدا ، تاڕادەیەک ، فێری خوێندەواریی و بە تایبەتی خوێندنی قورئانی پیرۆز دەبێت ، دوایی بە هۆی هەژاری و دووبارە مێرد کردنەوەی دایکیەوە، بە پیاوێک بە ناوی مەولود ئەکرەمەوە لە ساڵی ( ١٩٤٣ ) دا ، هێندەی دی ئەرکی خۆی و خوشکە تاقانەکەی قورستر دەبێت و هەردووکیان دەکەونە لای خاڵێکیان بە ناوی جەوهەر خەیاتەوە، هەروەها شانبە شانی ئەوەو بۆ بژێوی ژیانی ناچار دەکەوێتە کاری کشتوکاڵ کردن و پیشەی دار فرۆشی لە کەناری ڕووباری سیروانەوە و گواستنەوەی بۆ بازاڕی شاری خانەقینی ئەوکاتە .

بەپێی گێڕانەوەی کەس و کارو خانەوادەکەی ئەو لەگەڵ ئەوەیدا کەسێک بووە کە بەردەوام بیری لە ژیان و وردەکاریەکانی ژیان و دروستبوونی بوونەوەرو هەروەها ئەو نەخۆشیانە کردۆتەوەو کەتووشی مرۆڤ دەبوون لەگەڵ ئەوەشدا بیری لەوەش دەکردەوە کە چۆن چارەسەر بۆ ئەوانە بدۆزێتەوەو ئەمەش بۆ خۆی وای لێ کردبوو کە جۆرێک لە دەستی پزیشکی هەبێ و بۆ چارەسەر کردنی ئەوانەش دەواو دەرمانی بۆ کۆمەڵانی خەڵک و نەخۆشەکان دەنووسی و پارێزی بۆ دادەنان و هەروەها پێویستیشی بکردایە ئەوا لە ڕێگەی دەرزی و لێ دانی دەرزیەوە چارەسەری دەکردن و هەرخۆشی لێ دانی دەرزیەکەی بە پێی ئەزموونی خۆی جێ بەجێ دەکرد ، بەوەی ( ئاوی دەرزی )ەکەی پێشتر لە پرۆسەی هەوری ئاسمانەوە تەجروبە کردبوو وەک چۆن هەور سەرەتا لە هەڵم دروست دەبێ و دواتر لەئاسمان هەوای ساردی بەر دەکەوێت و دەبێتەهۆی بارینی باران . ئەمیش بۆ ئەو مەبەستە مەنجەڵێکی دەهێنا و پڕی دەکرد لە ئاو پاشان دەیخستە سەر ئاگرێک بەڵام سەرقاپی مەنجەڵەکەی بە وەرگەڕاوی دادەناو لە ژێر سەر قاپەکەشەوە جامێک یان دەفرێکی تری دادەنا ، هەرکە لە ناو مەنجەڵەکەوە هەڵمی دەکرد بە هۆی ئەوەوە کە لە دەرەوە ئاوی دەکردە ناو سەر قاپەکەوە ، تاوەکو لە ناو مەنجەڵەکەوە ئەو هەڵمە دا دەبەزێت بۆ ناو جامەکە یان دەفرەکە واتە لە ناو دەفرەکەدا ئەو ئاوەی کە کۆدەبووەوە بە کرداری بوونە هەڵم دروستی دەکرد و دواجاریش ئاوی دەرزیەکەی لەو ئاوە بەکار دەهێناو تا ماوەیەکی زۆر زۆربەی گوندو دێهاتەکانی ناوچەی بنکوورەو دەورو بەری لای ئەو دەرزیان داوەو تەنانەت کار گەیشتۆتە ئەوەی زۆر جار پارێزو چارەسەری گونجاوی بە ئەزموونی خۆی بۆ نەخۆش نووسیوەو ڕێنومایی کردووە .

یەکێک لەو پیشانەی کە ئەم پیاوە وەک بەهرەیەک لە پیشەوەرەناسراوەکانی شاری خانەقینەوە فێری بوو ببوو کاری وێنەکێشان بوو. بە تایبەتی لەسەر ئەو بۆفیەو سندوقی بۆراقانەی کە لە ڕۆژ گارێکدا زۆر باو بوو و لە ماڵانداو لە ژووری نوستندا کە پێی دەوترا : ( نیشتمان )٣ دا دەنراو بۆ کاری پێویست و نوێن و بە گشتی کەلوپەلی ماڵانی لە سەردا دەنرا ، حەمید خاوەریش یەکێک بوو لەوانەی کە سندوقی بوراقی لەو بابەتانەی بۆ ماڵان دروست دەکرد و وێنەشی بە سەلیقەی خۆی و بە خەیاڵی خۆی لەسەر هەر هەموویان دەکێشا لەوانە : وێنەی ( بۆراق ) یان ( کچی کافرۆش )٤ و تەنانەت هەندێ لەوحەو وێنەی سەرنج ڕاکێشی دی ، کە هەر هەموویانی وەک وتمان هەر بە خەیاڵ و بیر کردنەوەی خۆی دەکێشان ، بۆ نموونە : دەگێڕنەوە زۆر جار وێنەی ژنان و ئافرەتانی گوندەکەی خۆیان کە ناوی : ( شێرەوەند ) بووە کێشاوە بەجل و بەرگی کوردیەوە . بە جۆرێک هەموو ئەوانە بوو بوونە جێی سەرنجی هەموو ئەوانەی کە دەیانبینی ، هەروەها دروستکردنی دەرگاو پەنجەرەی ماڵان بە تەختە ، یان ئاوێنە و جێگای ئەو هەموو بابەت و کەرەستانەی تری ناوماڵ کە زۆر پێویست بوون . بە تایبەتی هەموو ئەوانەی کە لە مووبەقی ماڵاندا دا دەنران وەک : کەوچکدان کە بە تەختەو قەیدی پلێتی جۆر بەجۆر دروستی دەکردن ، خوێدان ، هەروەها جێگای تایبەت بۆ قلۆغە و کەوگیر ، ڕەفەی تایبەت بۆ قاپ و قاچاخ هەر بە تەختە ، بە هەموو جۆرو بەشەکانیەوە و هاوکات چاکردنەوەیان لە کاتی شکان و قوپان و کون بوون

هەواڵنامەی کتێب

و ....تاد ، وەک دەگێڕنەوە، جاری وا هەبووە قاپ و قاچاخ و مەنجەڵی شکاو و قوپاو و کونبووی وای چاک کردۆتەوە کە خاوەنەکەی دووبارە چووە بۆ وەرگرتنەوەی ، نەی ناسیوەتەوە کە ئەوەیان هی پێشوو تری خۆی بووە . یەکێکی دی لەو کارانەی کە جێی بایەخدانی بووە ئەویش بواری هەڵکۆڵین و زەخرەفە کردن بووە لەسەر شوشەی تایبەت .

لە ڕووی بۆچوون و لێکدانەوەی ئایینی فیکریشەوە تابڵێی : کەسایەتی و پیاوێکی خواناس ولە خوا ترس بووەو بە هیچ جۆرێک بڕوای بە دوعاو نزاو کەراماتی شێخان و تەکێ نەبووە. بەڵکو هاو وڵاتیان و کۆمەڵانی خەڵکی لەوە ئاگادار کردۆتەوەو وتویەتی ئەگەر ئەوانە ڕاست دەکەن و خۆیان بەخاوەنی کەرامات دەزانن و دوعا دەکەن بۆ ئەم و ئەو ، بالای خۆیانەوە هەوڵی ئەوەبدەن لە ژیاندا بمێننەوەو نەمرن . بەڵام لە ساڵی ١٩٥٤ دا تووشی جۆرێک لە نەخۆشی دەروونی دەبێت و بە ناچاریەوە کەس و کاری دەیبەنە شاری بەغدا ، بۆ لای دکتۆرێکی بەڕەگەز جوولەکە بە ناوی : ( جاک عەبوود ) وە ، دوای چاودێری و چارەسەرکردنی ، دەچێتەوە سەربازی ئاسایی خۆیی و لەم ماوەیەش بەدواوە لە پاشماوەی ئەو تۆپانەوەی کە هێزەکانی سوپای ڕووسی داگیر کەر لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا ( ١٩١٤ – ١٩١٨ ) کە لە ناوچەکەدا بە جێ مابوون ، سەر لە نوێ باروت و کەرەستەی تەقینەوەی بۆ دروست دەکاتەوەو تاقی دەکاتەوە ، بە جۆرێک ئەم ڕووداوەش دەبێتە مایەی گرفت و کێشەیەکی گەورە ، لای فەرمانڕەوایان و کاربەدەستانی حکومەتی عێراق ، بە تایبەتی لە شاری خانەقین ، دوا بە دوای ئەوەو بۆ بە دواداچوونی ڕووداوەکە ، دەستەیەکی پۆلیس لە شاری خانەقینەوە دەگەنە ناوچەکەو دەکەونە سۆراخکردنی بارو دۆخەکە ، بەڵام خوالێخۆشبوو عەبدوڵڵا ئاغای باجەڵان ، کە پیاوێکی دەست ڕۆیشتوو و قسە ڕۆیشتووی ناوچەکە دەبێت ، بۆ کپ کردنەوەی بارو دۆخەکە تێ دەکەوێت و دوای میوانداری و خزمەت کردنێکی باشی پۆلیسەکان ، یارمەتیەکی باشیان دەداو ئاگاری ئەوەشیان دەکاتەوە ، کە شتێکی لەو بابەتە لە گوندەکەی ئەواندا نەبووەو نیە، حەمید خاوەرییش لە ترسی سۆراخی پۆلیسەکان و بە دوادا



چوونیان ، لە گوندەکە هەڵدێ و بۆ ماوەیەک لە تەپەی ئیمام محەمەد کە نزیکە لە گوندی ( شێرەوەند ) وە ، خۆی حەشار دەداو ئەوسا دووبارە دەگەڕێتەوە ئاوایی . دوایی عەبدوڵڵا ئاغا باجەڵان بانگی دەکاتە لای خۆی و تەمێی ئەوەی دەکات کە شتی لەو بابەتە دووبارە نەکاتەوەو بۆ ئەوەی خۆی و ئەوانیش تووش نەبن . بە جۆرێک نموونەی قەباغی ئەو گووللـە تۆپانە تا ئێستاش ماون و وەک ئەوەی لەگەڵ نووسینەکەماندا نموونەیمان خستۆتە ڕوو .

سەرەڕای ئەو وردەکاریانەی کە لە بواری هونەری وێنەکێشان و پیشە دەستیەکانی کوردەواریی دا بە بەردەوامی سەرگەرمیان بووە ، ماوەیەکی زۆریش بە بەکارهێنانی تاوێرو بەردی گەورە سەرگەرمی دروستکردنی دەستاڕی ماڵان بووە کە زیاتر بۆ هاڕینی گەنم و هەموو جۆرە دانەوێڵەو بەرهەمێکی کوردەواریی وکۆمەڵانی خەڵک لە ناوچەکەدا بە کاریان دەهێنا ، جگە لە چاککردن و تیژکردنی بەردی مەکینەی ئاشی گوندەکان و چاککردنەوەی هەر پارچەیەکی کە لەکار بکەوتایە ، بە زۆری لەو پیشانە بوون کە حەمید خاوەر لەلایەک ،

بۆ بژێوی ژیان و لە لایەکی دیشەوە وەک بە هرەیەکی خۆرسک فێریان بوو بوو و کاروباری خەڵک و هاووڵاتیانی ڕا دەپەڕان ، بە جۆرێک ، پیشەکەشی وای لێ کردبوو بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ تەنها لە گوندێکی دیاری کراودا نەماوەتەوە و دا نەنیشتووە ، بەڵکو ماوەیەک ماڵی لە ئاوایی ( شێرەوەند ) و ماوەیەکی دیش لە گوندەکانی : مووسا عوسمان ، مەلا حەسەنی نزیک سەوزبلاخ ، پشت پەنگ ( تۆپ عەسکەر ) ، ئاوایی گەورە.. تاد ژیاوە ، بەلام لەگەڵ پرۆسەی تەعریبکردنی شاری خانەقین و ناوچەی ( بنکوورە) شدا ، بە تایبەتی لە ساڵی ١٩٧٥ بە دواوە ، ئەمیش وەک سەدان خێزانی تری ناوچەکە ئاوارەبووەو ، بەماڵەوە بۆماوەک باری کردۆتە شاری کەلارو دواتر چووەتە ئاوایی ( شێخ لەنگەرگەورە ) ی ناوچەی گەرمیان ، بێ ئەوەی دەسبەرداری کارو پیشەکەی خۆی ببێت . بۆ دوا کاتیش لە ڕێکەوتی ١٣ی تەمووزی ساڵی ١٩٨٢ دا ، هەر لە شاری کەلار و لە تەمەنی پەنجاو پێنج ساڵیدا وەفاتی کردووەو لە گۆڕستانی ( شێخ عەبدولڕەحمان ) ئەسپەردەی خاککراوە . تا ئیستاش چ لای بنەماڵەکەی و لە زۆر ماڵانی ناوچەکەشدا ، نموونەی کاری دەستی و پیشەیی ئەو ، وەکو خۆی ماوەتەوەو زۆریشیان تا ئێستا خەسڵەت و تایبەت مەندی خۆیانیان لە دەست نەداوە و بە جۆرێک ئەو کارو پیشەو هونەرە خۆرسکیەی ، کە خوالێخۆشبوو حەمید خاوەر هەیبوو تەنانەت لە ناو نەوەکانیشیدا بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە و وەک دەبینیت لە سەر هەمان ڕەوت و پیشە بەردەوامن .

## پەراوێزەکانی ئەم بابەتە

**١ - ناوچەی بنکورە :** ناوچەیەکی بەرفراوانی کشتوکاڵی بە پیتە ، هەر لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی عوسمانیەوە ناوەندی ناحیە بووە بارەگاکەشی هەرجارەو لە شوێنێکدا بووە و لە زۆر سەرچاوەی مێژوویی و نوسراوی فەرمی چ عوسمانی و پاشایەتی لە عێراقدا بە ڕوونی ناوی هاتووەو باسی لێوە کراوە ، هەر لە سەرەتای سیەکانی سەدەی ڕابردووەوە کە قۆرەتوو بۆتە ناوەندی ناحیە بەزۆری جێگای ناوی بنکورەی گرتۆتەوە وەک مەرکەزی ناحیە .هاوکات وەک هەڵکەوتەی جوگرافیش لای باکوری ئەم ناوچەیە بریتی یە لە گوندی باریکە و لای ڕۆژهەڵاتی کلکەی‌کەنی زەردی و تەوەری باشووری ( ملەکونارە ) . هەروەها لای ڕۆژئاوای بریتی لەگوندی ( کانی ماسی ) سەر ڕۆخی ڕووباری سیروان . بەسەریەکەوە تا ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی بیستەمی ڕابردوو و دەست پێ کردنی پرۆسەی تەعریبی چڕ و پڕ لەم ناوچەیەدا، نزیکەی ( ٢٠ — ٢٥ ) گوند ئەبوو . بەڵام تا ئێستاش چەند گوندێکی کەمی نەبێت ، بە باشی ئاوەدان نەکراوەتەوە . هەرچەندە بە شێوازێکی چڕوپڕ بەرهەمی کشتوکاڵی تیادەکرێت ، بەهەموو بەشەکانیەوە . جگە لەوەش لەڕووی زمان و قسەکردن و سامانی فۆلکلۆرو داب و نەریتی کوردەوارییەوە بەهەموو بە شەکانیە خاوەنی خەسڵەتی زۆر تایبەتی خۆیەتی و خوا یار بێت لە داهاتوودا کتێبێکی سەر بەخۆی لە سەر بڵاو دەکەینەوە و ڕۆشنایی زیاتر دەخەینە سەر ئەم ناوچە گرنگ و دەوڵەمەندەی وڵاتی کوردەوارییە .

**٢ - مەلا ئەحمەدی زاری :** بە پێی گێڕانەوەی مامۆستا عەلی کوڕی مەلا ئەحمەدی دەککە و کاک ئیبراهیم باجەڵان خوالێخۆشبوو مەلا ئەحمەدی زاری مەلایەتی نەکردووە و لە ژیانی دا کەسایەتیەتی خواناس و فەقیر حاڵی ناوچەی بنکورە بووە ، هەندێک جار تەنها دەرسی بەو منداڵانە وتۆتەوە کەسەرەتای دەست پێ کردنیان بووە بۆ خوێندنی ئایینی و سەرەتاکانی خوێندنی قورئانی پیرۆز ، وەک مامۆستا عەلی دەڵێت : بیرم دێتەوە هەمیشە بە سواری وڵاخێک ، بە دێهاتەکانی ناوچەی بنکوردا دەگەڕاو زۆرجاریش دەهاتە لای باوکم و دەچووە ماڵی خوالێخۆشبوو حاجی ئیبراهیم بەگی جاف ( ١٨٨٧- ١٩٥٢ ) لە دەککە ، ئەوانیش و خەڵکی ناوچەکەش بە پێی حاڵ یارمەتیان دەداو هەروەها سەردانی شاعیری ناسراوی ناوچەی بنکورە شێخ بابا عەلی بێداری ( ١٨٩٤- ١٩٤٩ ) ی دەکرد و پەیوەندیان پێکەوە هەبوو . پێم وابێت لە کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەمی ڕابردوودا، وەفاتی کردووە و گۆڕەکەشی ئەکەوێتە گوندی (ئاوایی گەورە ) وەوە تەنانەت قسە لەسەر ئەوەش دەکرێت کە گوایە لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی عوسمانیدا

برایەکی ئەفسەری سوپا بووە .

**٣ - جاران لە لادێکانی ناوچەی بنکورەی ئێمەدا** ، بە بیرم دێت ، بە ژووری میوان دەوترا ( دیوەخان ) ، بە ژووری نووستن و بە تایبەتی ئەوەی کە جل وبەرگ و نوێن و خەرزینی مالانی تیا دادەنراو ڕێک دەخرا دەوترا ( نیشتمان ) و بە حەمامی خۆشتنی مالانیش دەوترا ( سەرشۆرک ) ، شوێنێکیش هەبوو پێی دەوترا ( ئاگردان ) ، ئەمەیان شوێنی موبەقی ئێستای گرتبووەوە و زۆر جاریش کەنووی ئاردی مالان و هیزەی ڕۆن و قاپ و قاچاخ بە زۆری لێرە دادەنران ، جگە لەوە ( تەنووربان ) یش هەبوو بۆ شوێنی نانکردن و هەروەها ( بەردەلان ) یش هەبوو ، ئەمەیان لای دەرگای حەوشەوەی مالانەوە بوو بەرەو دەرەوە ، شوێنێکی دیش هەبوو تەنها لە مالانی ئاغا وکوێخا وخەلکانی دەولەمەند و دەست ڕۆیشتوواندا بەناوی ( حەرەم ) ەوە کە ئەمەش تایبەت بوو بە ژنانی میوانەوە ، شان بە شانی ئەوانەش ( کولەنان ) هەبوو کە زیاتر مەشکەی دۆ وکونەی ئاو خواردنەوەی لەسەر دادەنرا بە جۆرێک یەکەمیان : لە کەولی خۆشەکراوی مەڕو بەران و هەندێ جار گوێرەکە و دووەمیان : لە کەولی خۆشەکراوی ئاژەلی بچووکی وەک مەڕو بزن و گیسک کاوڕ دروست دەکران ، بە مەرجێک لە کاتی گروونیاندا واتە ( کەندنیان ) داکوون نەبوونایە زۆر باشترو پەسەند تربوون . بە جۆرێک هەموو ئەمانەی کە دەیلێم : هەر هەموویم ، بە واقعی لە مالی خۆماندا، لە ناوچەی بنکوورە و گوندی غێدان دیوە و تەنانەت بە چاوی خۆم دیومن کە چۆن دروست دەکران و چۆن بەکار دەهێنران بۆ کاتی پێویست .

**٤ - کچی کافرۆش :** چیرۆکی کچی کافرۆش یان ئەفسانەی کچی کافرۆش ، وەک گەلێک چیرۆکی دیکە ، چەندین گێڕانەوەی جیاوازی بۆکراوە . بە زۆری گێڕانەوەکانیش لە سەر یەک هێل یەک دەگرنەوە ، بەوەی کە گوایە ئەم کچی کافرۆشە ، کچێکی کورد بووەو زۆرجوان و دلگیرو سەرنج ڕاکێش بووە . لە کۆتاییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی ( ١٩١٤– ١٩١٨ ) دا ، کاتێک ئینگلیزەکان هاتوونەتە باشووری کوردستان . حەزیان لێی کردووە ولەگەل خۆیان ڕاپێچیان کردووە ، واتە ڕفاندوویانە ، هەندێ لە چیرۆکەکانیش باس لەوە دەکەن کە



گوایە کچی کافرۆش لە کاتی ئەوەی لە ناوتەیارەدا بووە و ڕفێنراوە . خۆی فڕێ داوەتە خوارەوە بۆ ئەوەی نەبێتە ئەسیری دەستی چەپەلی ئینگلیز ، ئیدی لێرە بەدواوە ئەم چیرۆکە بۆتە بابەتێکی ئەفسانەیی و دەماو دەم دەگێڕدرێتەوەو لە هەمانکاتیشدا ، بۆتە جێی سەرنجی زۆرێک لە شێوەکارو نیگار کێشانی ڕۆژ هەلات و ڕۆژئاواو بەزۆری لە بەرهەم و کارە هونەریەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە ، ڕەنگە کاریگەریی و ئەو ڕەنگدانەوەیەش بووبێت کە وای لە زۆرێک لە نیگارکێش و شاعیرو هونەرمەندانی کوردیش کردبێت کە بە هەمان ڕەوت بایەخیان بەم بوارە ئەفسانەییە یان واقعیە دابێت و کردبێتیانە هەوێنی کەڤال و لەوحە و شیعرو کارە هونەریەکانیان لە ڕابروودا ، هەرچەندە ئەم بابەتە چ وەک ئەفسانە و چ وەک لێکدانەوەیەکی واقیعی لەناو ئەفسانەی گەلانی تورک و عەرەب و تاڕادەیەک نەتەوەکانی دیشدا ڕەنگی داوەتەوە و هەریەکەشیان بە جۆرێک خۆیان بە خاوەنی ڕاستەقینەی دەزانن . بڕوانە: دکتۆر فەرهاد پیربال قەساب ، کورد لە دیدی ڕۆژ هەلاتناسەکانەوە ، چاپی سێیەم ، چاپخانەی شڤان ،(سلێمانی : ٢٠٠٩) ل ١٩١– ١٩٤ .

# شرۆڤەكردنی چەند پەندێكی پێشینانی كوردی



عەبدولستار شارباژێڕی

مێژووی نەتەوەی كورد هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە تا دەگاتە ئێرە، پڕە لە كارەساتو ڕووداوی مێژوویی، كە زۆرینەیان دڵتەزێنو ناخۆشن، ئەوانیش لە سێ جۆردا خۆیان دەبیننەوە، یان ئەوەتە مەسەلەی نەتەوەییو نیشتمانین لە ئەنجامی دەستدرێژی دەوڵەتی داگیركەردا كراونەتە سەر گەلەكەمان، یان ئەوەتا كارەساتی سروشتی بوون وەكو لافاو بومەلەرزەو هەرەسی بەفرو تا دوایی. سێیەمیشیان ئەو كارەساتە كۆمەڵایەتیانەن كەلە ئەنجامی كێشەی نێوان تاكەكانی كۆمەڵگای كوردەواریدا ڕوویانداوە، بەهەر هۆیەكی كۆمەڵایەتی بێ وەكو ژنو ژنخواز، مەسەلەی موڵكدارێتیو زەویوزار، كێشەی نێوان خاوەن موڵك و جوتیار، كێشەی عەشایری نێوان خێڵو هۆزەكان، بەتایبەت خێڵە ڕەوەكیەكان واتە:

ڕەوەندو كۆچەرییەكان كەبەردەوام كێشەی لەوەڕاندنی مەڕو ماڵات ڕەوە ئەسپو مایناكانیان هەبووە لەگەڵ گوندنشینەكاندا، بێگومان نەتەوەی كوردیش وەكو هەموو نەتەوەكانی دیكەی ئەم جیهانە خاوەنی كەسانی خوێندەوارو ژیرو بلیمەتو دانا بووە، كەلە ڕێگەی ئەو كەسانەوە توانراوە زۆرینەی ئەو كێشەو تنگەژانە چارەسەر بكرێنو یەكلایی بكرێنەوە، بەتایبەت كەلەو سەردەمانەدا دادگا دەزگای یاسایی بوونیان نەبووە، یان ئەگەر بووبێتیش زۆر كەمو كاریگەری زۆریان نەبووە، چونكە تەنها لەشارەكاندا هەبوونو دوورە دەستبوون لەخەڵكی گوندنشینو ئەوساش هۆكاری هاتوچۆو ڕێگەوبان وەكو ئێستا نەبووەو بەزەحمەت توانیوایانە بگەنە شارەكان، بەناچاری بۆ چارەسەری كێشەكانیان پەنایان بردۆتە بەر مەلای ئاینیو كەسانی دونیا دیدەو ڕیش سپیو تەنانەت كوێخاو ئاغاو میرو بەگەكانیش.

نەتەوەی كورد وەكو باسمانكرد بەهۆی ئەو هەموو چەرمەسەریو گێرمەوكێشەیەی ڕووبەڕووی بۆتەوە خاوەنی ژمارەیەكی گەلێك زۆرە لەپەندی پێشینان، كەهەر یەكەیان ڕەهەندی خۆی هەیەو لێكدانەوەی هەمەجۆری بۆ دەكرێو لەكاتی خۆشیدا ڕۆڵی گرنگو بەرچاویان هەبووە لە چارەسەری كێشەكاندا، ئەوەی جێگەی سەرنجو تێڕامانە ئەو پەندانە، كە كەس خاوەنەكانیان نازانێو دەماودەم وەكو میراتێكی دەوڵەمەند بۆ میللەتەكەمان ماونەتەوە، ئەوەندە بەنرخو بەهادارن كەلەم سەردەمەی ئێستای ئێمەدا، كە سەردەمی جیهانبینیو برەوسەندنی ئامێرە ئەلكترۆنیەكانە، لە چركەساتێكدا لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە دەتوانی بچوكترین هەواڵی ئەوپەڕی گۆی زەوی بزانی، بەڵام ئەو پەندانە تا ئێستا كاریگەری خۆیان هەر ماوەو تەنانەت زۆرێك لە ڕۆشنبیرانو بیرمەندانو توێژەرە كۆمەڵایەتیەكان ئەم پەندانە ناوهاخنی بابەتە زانستیو ئەدەبیو كۆمەڵایەتیەكانیان ئەكەن بۆ سەلماندنی بابەتەكانیانو ڕازیكردنی خوێنەر یان گوێگر یان بینەر لەسەر ڕاستو دروستی بابەتەكەیان.

لە ڕاستیدا ئەو پەندە مەسەلە كۆنانە ئەوەندە زۆرن، كە ڕەنگە لەدوو توێی چەند بەرگە كتێبێكدا جێیان نەبێتەوە، بەڵام لێرەدا چەند پەندێك ڕاڤە دەكەینو مانای گشتی لەكاتی ئاخاوتندا بەكارمان هێنان، بزانین لەكوێداو بەچ مەبەستێ بەكاریان دەهێنن، زۆرجار گوێم لە هەندێ پەندی كوردی بووە لەدەمی هەندێ كەسەوە، كە ئەو پەندە هیچ پەیوەندییەكی بەو مەسەلەیەوە نەبوو كە وەك نموونە بۆی هێناوەتەوە.

ڕۆژێك برادەرێك، كە كەمێ خۆی بەڕۆشنبیر دەزانی كێشەیەكی كەم پارەی هەبوو.. داوای پارەی لە برادەرێكی كردبوو، ئەویش بەهەر هۆیەك بێ نەیدابوو پێی، برادەرەكە كەبۆی باس دەكردم، هەناسەیەكی هەڵكێشاو وتی: مامۆستا گوێی مەدەرێ خوا كەریمە (سوار تا نەگلێ نابێ بەسوار)، پێم وت: برا شیرینەكەم ئیشناڵڵا كێشەی پارەكەت چارەسەر دەبێ، بەڵام توخوا پەندە كوردییەكان بەهەڵە بەكارمەهێنە، بۆ ئەو كێشەیەی تۆ دەبوایە ئەم پەندەت بەكاربێنایە بتوتایە: ( ئەگەر كەڵەشێریش نەبێ هەر ڕۆژ دەبێتەوە) واتە: با ئەو برادەرەش یارمەیت نەدات.. خوا دەرویەكی تر هەر دەكاتەوە دەفەرموو چەندت پێویستە با من

یارمەتیت بدەم، مەبەستەکە ئەوەیە زۆر گرنگە هەر تاکێک لەتاکەکانی کۆمەڵگای کوردی لەمانای پەندەکان تێبگاتو لەشوێنی گونجاوی خۆیو لەجێگەی پێویستدا بەکاریبهێنێو بیکاتە بەڵگەی بەهێز بۆ قسەکانی، گرنگی ئەو پەندانە لەوەدایە کەچەندین سەدەیە وتراونو بەهای خۆیان تا ئێستا وننەکردووە، لە گەڵ ئەو بەرەو پێشچوونەی لە بواری زمانەوانیدا هاتۆتە پێش، بەڵام کەسانێک هەڵنەکەوتوون بتوانن دوو پەندی بەپێز وەکو ئەو پەندانە دابرێژن.. لێرەدا ئاماژە بەچەند پەندێک ئەدەین بەهیوای ئەوەی سوودی خۆیان هەبێو بەزیندوێتی بمێننەوە بەتایبەت لای گەنجەکان، چونکە لە ڕاستیدا ئەو پەندانەشمان وەکو هەموو شیعرە فۆلکلۆرییو کەرەسە کەلەپوورییەکانمان بەرەو فەوتان ئەچن ئەگەر هەوڵی کۆکردنەوەو تۆمارکردنیان نەدرێت.

لێرەدا ئەم چەند پەندە ڕاڤە دەکەینو شوێنی بەکارهێنانیان ڕووندەکەینەوە:

**١. بەڕیش نییە بە ئیشە:**

واتە کردار مەرجە نەک بوونی ڕیش، مەبەست لەوەیە کەهەندێک کار هەیە لەلایەن گەنجێکی بێ ڕیشەوە ئەنجام دەدرێت.. ڕەنگە بە دەکەسی خاوەن ڕیش ئەنجام نەدرێ.. بۆ نموونە: کاتێک پزیشکێکی گەنجی بێ ڕیش نەشتەرگەرییەکی پزیشکی ئەنجامدەدات، بێگومان ئەو نەشتەرگەریە بەسەد سۆفی ڕیشدار ئەنجام نادرێ، بۆیە وتوویانە ( بەڕیش نییە بە ئیشە).

**٢. هەر کەس سمێڵی سوور بوو هەمزاغانییە:**

دەڵێن هەمزاغای باپیراغای مەنگوڕ کەبڵباسن، پیاوێکی تا بڵێی ئازاو جەسور، خاوەن سفرەو خوان، دەست پاکو دڵپاک، پیاوێکی تێکۆشەرو خانەدان بووە، ئەم پیاوە موو زەرد بووە، واتە: سمێڵی سوور بووە.. ئەم پەندەش بۆ ئەوە وتراوە، کەهەر کەس سمێڵی سوور بوو بە هەمزاغای مەزانەو مەرج نییە هەر کەسێک سمێڵی سوور بوو ئەوا دەبێ وەک هەمزاغا ئازاو لێهاتوو خاوەن نانو تێکۆشەر بێت.

**٣. تا ماڵ وەستا بێ بە مزگەوت حەرامە:**

ئەم پەندە بۆ کەسانێک دەوترێ کە نازانن چۆن پارەو ماڵی خۆیان خەرجدەکەن، یان خەرجکردنەکەیان لە شوێنی خۆیدا نییە، واتە پیاوێک ماڵەکەی هیچی تێدا نییە، لێفەیەک نییە منداڵەکانی پێیبخەون، بەرگ لەبەریاندا نییە، برسیو ڕووتو قوتن، بەڵام سەرۆک خێزان ئەگەر چەند پولێکی لە گیرفاندا بێ لە جیاتی ئەوەی پێداویستی ماڵو منداڵەکەی بێ جێبەجێ بکات، دەچێ دەیداتە فەرشێک... یان چەند بەرماڵێک بۆ مزگەوتێک، لە گەڵ ئەوەی خزمەتی مزگەوت لای خودای گەورە پاداشتەکەی هەر لای خودا خۆیەتی، بەڵام خودا هەرگیز پێی خۆش نییە کەسێک ماڵو منداڵی برسیو داماوبنو ئەگەر چەند پولێکی هەبێ پێداویستی ماڵەکەی دابین نەکاتو بیخاتە مزگەوتەوە.. ئەم پەند مەبەست هەر مزگەوت نییە، بەڵکو هەر پڕۆژەیەکی دیکەش دەگرێتەوە کە ماڵو منداڵ لە پێش هەموویانەوەیە.

**٤. بەکەر ناوێرێ بەکۆپان ڕموکوتێتی:**

مەبەست لەکەسێکە، کە تواناکانی بەسەر ڕکابەرە بەرامبەرەکەیدا نییە، لەبەرامبەردا خراپە لە گەڵ کەسێکی بێدەسەڵاتی ئەو یان زیان بە سامانو ئاژەڵەکانی دەگەیەنێ، کە ئەمەش بەڵگەی بێدەسەڵاتیە، بۆ نموونە: پیاوێک ئاغایەک غەدری لێدەکات، پیاوەکە هیچ دەسەڵاتی نییە، دەچێ یان کلکی وڵاخێکی دەبڕێ یان خەرمانەکەی دەسوتێنێ.

**٥. تەشی ڕێس تەشی ڕێس بێ بەکلکی کەریش تەشی دەڕێسێ:**

واتە: کەسی لێهاتوو شارەزاییەکی ناکەوێ لە ئەنجامدانی کارو کەسابەتدا، لەهەر کاتو شوێنێکدا بێ ئەگەر کەرەسەی پویستیشی لەبەردەستدا نەبێ، شتێک پەیدا دەکات کارەکەی خۆی پێ جێبەجێ بکات، واتە دەسەوسان ناوەستێ چاوەڕوان بکات.

**٦. پیاوی دەسەوسان چ لە گەرمیان چ لە کوێستان:**

مەبەست لەو کەسانەیە کەلە کارو کاسپیدا دەست سپینو هیچ کارێکیان لەبەر ناڕوات، جا ئەگەر لە گەرمای گەرمیاندا بێ یان لە سەرمای کوێستاندا بێ، بە پێچەوانەشەوە کەسی چاپوکو بەدەستوبرد لەهەر شوێنێک بێ ناهێڵێ کارەکانی بوەستنو ڕایاندەپەڕێنێ.

**٧. مانگەوشەو سەر لە ئێوارە دیارە:**

بۆ کارێک بەکاردەهێنرێ کەهەر لە سەرەتاوە ئەنجامەکەی ڕوونوئاشکرا بێ، شەوێک مانگ بەئاسمانەوە دیاربێ، هەر لە ئێوارەوە هەست بەڕوناکییەکەی دەکرێت.

**٨. دار هەڵبڕە سەگی دز دیارە:**

ئەگەر سەگێک زیان بەخش بێ، لەناو چەند سەگێکی کەدابێ کەدارت لێبەرزکردنەوە سەگە زیان بەخشەکە یەکسەر، کلکی دەکات بەناو گەڵیداو تێی دەتەقێنێ، مەبەست لەوەیە کەسێک تاوانێکی کردبێ، هەر کەسەیری ناوچاویت کرد، ئاشکرا دەبێ کەتاوانبارە.

**٩. بزن بۆ شەوێک جێی خۆی خۆشدەکات:**

واتە مرۆڤ دەبێ هەمیشە لە هەوڵدا بێت بۆ دابینکردنی

ژیانێکی خۆش‌و ئاسوودە، چونکە کەس ناتوانێ تەمەنی مرۆڤ دیاری بکات چەندە. ئایا زۆر دەژی یان کەم دیار نییە.

**١٠. مشتێک نموونی خەروارێکە:**

کڕیارێک کە فەردەیەک دانەوێڵە- گەنم — جۆ- چەڵتوک- نیسک نۆک...هتد دەکڕێت لە گونیەیەک تەنها لێوچێک یان مشتێک لەو بەرهەمە وەک نموونە دەردەهێنێ سەیری پاکوپیسی‌وباش‌و خراپی دەکات. مەبەست لەوەیە ئەگەر تۆ بتەوێ چاکەو خراپەی کەسێکبزانی، ئەوا لەوەرگرتنی نموونەیەکی کردارەکانیەوە بەباشی دەیناسی.

**١١. ئەوی لەمشک بێ جەواڵ ئەدڕێ:**

بۆ کەسێک بەکاردێ کەهەر لە منداڵیەوە کردارەکانی خراپ‌و ناشایستەن‌و کتومت وەکو باوکی دەرچۆتەوە، کە دیارە باوکیش پیاوێکی باش نەبووەو بە خراپ ناسراوە. واتە ئەو کارە خراپەی باوکی تەواوی نەکردووە کوڕەکەی تەواوی دەکات.

**١٢. سەگ بەزەبری کلکی ئێسقان دەشکێنێ:**

ئەگەر تێبینی بکەیت کاتێ کەسەگێک دەیەوێ ئێسقانێک بشکێنێ‌و بیخوات، کلکی لە زەوییەکە توند دەکات‌و تین دەداتە خۆی، واتە سود لەهێزی کلکی وەردەگرێت بۆ شکاندنی ئێسقانەکە، ئەم پەندە بۆ کەسێک بەکاردەهێنرێ کە بە پشت‌و پەنای کەسانی دیکەوە دەتوانن کاری خراپە ئەنجام بدەن.

**١٣. گورگ‌و مەڕ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە:**

بۆ سەردەمێک بەکاردەهێنرێ کەوڵات ئەمن‌و ئاسایش بێ‌و دۆست‌و دوژمن پێکەوە وەک برا بژین‌و کەس غەدر لەوی دیکە نەکات (هەر وەک دەڵێن خۆ زەمانی محەمەدی مەهدی نییە گورگ‌و مەڕ پێکەوە ئاو بخواتەوە).

**١٤. برا لە پشت برا بێ مەگەر قەزا لای خوا بێ:**

بەمەبەستی ئەوە وتراوە ئەگەر ئەندامانی خێزانێک تا دەگاتە تاکە تاکەی ئەندامانی گەل، ئەگەر هاتوو یەکگرتوو بوون‌و پشتیاندا بە پشتی یەکەوە، ئەوا دوژمن ناتوانێ دەلاقە بخاتە نێوانیان‌و هەمیشە سەرکەوتوو دەبن.

**١٥. مریشک خۆی خۆڵ بەسەر خۆیدا نەکات کەس بەسەردا ناکات:**

ئەم پەندە بۆ کەسانێک بەکاردێ کە خۆیان بەدەستی خۆیان کێشە بۆ خۆیان دروست دەکەن‌و کێشەکانی خۆیان قووڵ دەکەنەوەو تاوانی کەسی دیکەی تێدا نییە.

**١٦. بەری ڕۆژ بە بێژنگ ناگیرێ:**

بۆ مەسەلەیەک دەوترێ کە ڕاست‌و ڕوون‌و ئاشکرا بێت‌و کەس نەتوانێ ڕێگە لە ڕوونی یەکەی بگرێت، واتە هەرچەند بێژنگێک لە ڕووی خۆردا ڕابگری ئەوا تیشکی خۆر لەکونەکانیەوە هەردێ‌و ڕێی لێ ناگیردرێت.

**١٧. ماڵی سپی یان پارەی سپی بۆ ڕۆژی ڕەش:**

بۆ ئەوە دەوترێ کە مرۆڤ دەبێ لە ژیاندا بیرۆکەی پاشەکەوت کردنی ماڵ‌و پارەی هەبێ، تابتوانێ لە ڕۆژانی ڕەش‌و تەنگانەدا سوودی لێوەربگرێت‌و بەکاری بێنێ‌و دەست لەبەر کەسدا پان نەکاتەوە.

**١٨. سەری نایەشی‌و پریاسکەی تێدەپێچێ:**

بۆ ئەو کەسانە بەکاردەهێنرێ کە خۆیان لە کێشەو گرفتی کەسانی دیکەوە دەهاڵێنن‌و بۆیان دەبێتە گرفت‌و تووشی نارەحەتیان دەکات.

تێبینی/ زۆرێک لەپەندەکان لەنێوان نەتەوەکاندا هاوبەشن‌و هەر نەتەوەیە بەزمانی خۆی دەری دەبڕێ، لەبەر ئەوە دوور نییە هەندێ پەندی تورکی‌و فارسی‌و عەرەبی کەوتبنە ناو زمانی کوردی‌و بەپێچەوانەوەشەوە چونکە پێکەوە هاوسنوورین.



# لەبارەی ڕۆشنبیریو جێماوەکانەوە



قادری حاجی عەزیز

باوەڕناکەم لەجیهاندا هیچ گەلێک هەبێت بەوێنەی گەلی (چین)، کە ئەوەندە سەرکەوتووبێت لەگواستنەوەی لایەنە چاکەکانی کەلتورو بۆماوەکانیان لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی ترو لەنگەری ڕاگرتبێ لە نێوان ڕۆشنبیری ئاسایی و پێداویستی سەردەمەکەیان لەوانەیە تا ڕادەیەک ژاپۆنیەکانیش کێ بەرکێیان لەگەڵ چینییەکاندا کردبێ لەو بوارەدا، بەڵام هیچ وڵاتێک ناگەتە چین چونکە چین لەپێشەنگی گەلانی ئاسیادایە لەوبارەیەوە زۆر چاک دەتوانێ پارێزگاری لەجێماوە ئاساییو کۆنەکەی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بکەنو لەو وڵاتەدا گەلێ نهێنیو شارەزایی و کارامەیی خۆیان هەیە کەبە ئاسانی دەتوانن لە نەوەیەکەوە بیگوێزنەوە بۆ نەوەیەکی تر، بێ ئەوەی پشت گوێی بخەن، یا بەبێ بچڕانو وەستاندن بێئەوەی دەسەڵات کەسێک ناچار بکات یا پڕوپاگەندەی بۆ بکرێت یا لە میدیاکانەوە پڕوپاگەندەی بۆ بکرێت. دیارە لێرەدا بەساڵاچوان ڕۆڵی کاریگەری خۆیان دەبینن، چونکە ئەوانیش بەهەمانشێوە ئەو ڕۆشنبیریانەیان بۆ ماوەتەوە، کە ڕۆژگار سەلماندویەتی بونی ئەو بۆماوانە کەڵکێکی زۆی هەیە بۆ ژیانی خەڵک بۆیە گواستنەوەی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر ئەرکێکی نەتەوەیی یە دیارە کەلتووری نەتەوەییش چەند جۆرێکی هەیە، هەندێکیان کودەیینو هەندێکیان زارەکین، هەندێکی تریان پەیوەندیان هەیە بەژیانی کۆمەڵایەتیەوە وەکو داب‌ونەریتو بەرگدروونو مۆزیکو هەڵپەڕکێو وەرزشو مامەڵە لەتەک سرووشتداو لەگەڵ گیانلەبەرەکاندا، ئەستێرەناسی شارەزایی و زانیاری لەبارەی ڕوەکو دارستانەوە، گڵ وبەردی بەبەهاو ڕووداوە سروشتیەکانو گۆڕانی وەرزەکان دیاردە گرنگەکان ئەمانە لەو کۆمەڵگایانەدا کەڕێژەی نەخوێندەواری تیایاندا بەرزە بەشی زۆر ئەو کلتورە بەزارەکیو لەسنگەو بۆ سنگ دەگوێزرێتەوە بێئەوەی کەس داوایان لێبکات یا پێیان بڵێ تەمەندارەکان ڕۆڵی شایستەی خۆیان دەبینو کەسیش چاوەڕێی ئەوە ناکات کەدەسەڵات فەرمان بدات یا هەر کەسێکی تری ئایینی یا بەهۆی فەتواوە نەوەکان شارەزایی کەلتورەکەیان ببنو لەهەمان کاتدا چێژ لەجوانیەکانی سروشتەکەشیان وەربگرنو ئاگایان لەجەستەیان بێتو ڕێز لەگیانو جەستە بگرنو لەڕێی مەشقو ڕاهێنانی وەرزشییەوە بەتایبەتی ئەو بزافو جموجوڵەیە کە بۆ ماوەیەو بابوباپیران پەیڕەوییان کردووە وەکو (یاری یە فۆلکلۆرییەکان) بەوێنەی چینییەکان ئەو یاریانەییان فێری نەوەی نوێ دەکرد کەیاریەکی میلیینو لەناو خەڵکدا باون وەکو یاری (ئەلوشۆو شایی شی) هەروەها منالان فێری ئەو لەنگەرە ڕاگیراوە دەکەن کەلە سروشتدا هەیە بەهۆی یەکتر تەواو کردنو هەماهەنگی لەنێوان ڕەگەزە جیاجیاکانی ناو سروشتو پارێزگاری کردنیان، چونکە پارێزگاری لە سروشت بەهەموو پێکهاتەکانەوە پارێزگاری کردنە لەخودی مرۆڤەکان خۆیان دواجار دەبێتە هۆی بەردەوام بوونی ژیانو زیندەگی.

بە پێچەوانەی (چین)ەوە لەوڵاتی ئێمەشدا گەلێ لایەنی کەلتوری بۆماوە هەیە کە ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە ژیانی ڕۆژانەمانەوە. بەتایبەتی داب‌ونەریتە ڕێکوپێکەکان، بەڵام پشتگوێ خراونو ئاوڕیان لێ نادرێتەوەو لەدامودەزگا پەروەردەییەکانیشدا پشتگوێ خراون لەلایەکی ترەوە بەداخەوە نەوەی نوێمان. بەهۆی لوت بەرزیو قێزهاتنەوەیان لەهەموو بابەتە جێماوەکان نەبانن خۆ مەرج نیە هەموو شتێکی کۆن خراپ بێتو هەموو شتێکی نوێ باش بێت ئێمە دەبێت، بەگشتی ئاگامان لە ڕابوردومان بێت تابتوانین بەرەو ئایندە هەنگاو هەڵێنین، بۆیە نەوەی نوێمان بەدوو دڵی و ڕاڕایی دەڕواننە شتەکۆنەکان بەبەردەوامی بەلای کەلوپەلو شتە نوێکاندا دەچن هەر لەبەر ئەوەشە کە کاڵایەکی بریقەداری هاوردەو پڕوپاگەندە بۆکراو لەپێشترە لەلایان لەکاڵایەکی خۆماڵی، زۆرجاریش ئەو کاڵایانە کە ڕوودەکەنە وڵات لە میدیاکانەوە بانگەشەیان بۆ دەکرێت.

لەلایەکی ترەوە دەبێت ئاگامان لەوەبێت کەکەسانێکی زۆر شارەزامان هەن لەوکاتانەدا کە زیندوونو وەکو پێویست کەڵکیان لێوەرناگیرێ بەتایبەتی کە ئەوان شارەزایی تەواویان هەیە لەڕووی کەلتوری نەتەوەکەیانەوەو خاوەنی ئەزمونێکی زۆرن لە ژیاندا، ئەو شارەزاییەی کە هەیانبوو لەنێو کۆمەڵگەدا دەنگیان دابۆوەو ببوونە هۆی بەیەک گەیاندنی کەسەکانو بەبەردەوامی گەشیو جوانیان دەدا بە ژیانی خەڵک بەهۆی ئەو هونەرە میللییانەوە کە بە درێژایی ڕۆژگارو تەمەن تیایا قاڵ بوبون لە شێوازی گۆرانی میللییو هەڵپەڕکێو گەڕەلاوژێ تا دەگاتە داب‌ونەریی خۆراکو ڕازاندنەوەی سینیو خوانو بۆنەی بووکگواستنەوەو شەوارەو هەرەوەزو گۆرانی هەمە چەشنەی کارو بۆنە جیاجیاکانی دێراو هەڵدانو شەتڵ لێدانو بژارکردنو شەو پاراوو دروێنەو خەرمان هەڵگرتنو توتنەوانیو توتن شکاندنەوەو ساوەر کوتانو توتن بژارنو ئەمانە هەریەکەیان زنجیرەیەک لە

وشەو پەندو گۆرانیو مەتەڵو شیعری میللی لەخۆ دگرێ ئەم سامانە گەورەیە لەنەوەیەکەوە دەگوێزرایەوە بۆ نەوەیەکی تـر ئەگەر بمانەوێ ئەوکارە مەزنانـە زیندوبکەینەوە دەبێت هانا بۆ شـارەزایانی ئەو بوارە بەرینو لەفێرگەکاندا بەرنامە هەبێـت لەهـەر قۆناغێکـدا بابـەت گەلی خۆیـان بخوێننو منداڵانـیو گەنجەکانی پێ ئاشـنا بکەن، دیـارە ڕژێمە یەک لـەدوا یەکەکانی عێراق هەرگیز ئەوەیان بەکورد ڕانەبینیوە، تەنهـا ئـەوکارە دەبێتە هۆی بەیـەک گەیاندنـی نەوەکان، ئاشـکرایە شـارەزابوون لەفۆلکلۆرو کەلەپـووری میللەتێک بەهیـچ شـێوەیەک نابێتـە ڕێگـر لەبـەردەم پێشـکەوتنو دایەلۆگو تێکەڵاوبوون لەم سەردەمەدا.

نووسـەری بابەتەکە ئەڵێت: چینییەکانمان دیوە لە پاریس کارێکـی وایـان ئەنجـام دابو لـەو وڵاتـەدا وات دەزانی لەو کاتـەدا لەنێـو گەڕەکێکـی چینـدا هەڵسـوکەوت دەکەیت بەچـاوی خۆم چەند جـۆر کەلوپەلوشـتومەکی چینیم دی کەلە پیشـانگەیەکدا گەڕەکو شـەقامەکانی پاریسـی داگیر کردبـوو، لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕەفتـارو هەڵسـوکەوتیان زۆر سـەردەمیانە بو، هیـچ کام لەدیکۆرو ڕازاندنەوەو شـێوەی مامەڵـەو شـوێنی کرینو فرۆشـتنو هەموو ئـەو لایەنانەی کەکتومـت لەبازاڕو کوچـەو کۆڵانی چینیـەکان دەرچوون فەرامۆش نەکرابون هەر لە چێشـتخانەو بەرگدرونو مۆزیکو دابو نەریتـی خۆیانو گەلێ لایەنـی تر واتە ژیانی ڕۆژانەی چینییەکانیان گواسـتبۆوە بۆ ناو فەرەنسـیەکان خۆ دیارە بەرهەمی زانستی نوێو تەکنەلۆژیاو هەموو دەرهاویشتەکانی ئەم سەردەمەیان فەرمۆش نەدەکرد ئەو کارە مەزنەی ئەوان خۆی لە خۆیدا گرێدانی کەلتوری چینییەکان بوبە کەلتوری فەرەنساوە لەلایەکی تریشـەوە بەوکارەیان دەیسەلمێنن کە ڕۆشنبیری چینی لەدۆخێکی چەقبەستودا نیەو بەبەردەوامی لەجوڵەدایـە، لەگـەڵ ئەوەشـدا ئـاگاداری ئـەوەن کەبـەو چالاکیانەیان نابنە هۆی ئازاردانراو سەرئێشـە بۆ کۆمەڵگای فەرەنسی وەکو توند ڕەوەکان نین، کە ببنە هۆی ئازاردانی ئـەمو ئـەوە بـە پێچەوانـەوە هـەوڵ دەدەن کـە کەلتوری فەرەنسـیەکان دەوڵەمەندەتر کەن لە ڕووی (کۆزمۆپۆلیتی) یـەوە (گەردونی) دەیانـەوێ پاریـس ڕەنگاوڕەنگتر بکەن، ڕورایەکی جیهانی هاوبەشـی پێدەبەخشـن ئەو کاروچالاکیە مەزنانـەش بەگشـتی لـە ئەسـتۆی کەسـانی ڕۆشـنبیرو خۆبەخشـی چینیدا لە مامۆستایانو ڕاهێنەرانو شارەزایانی ئەو بوارە دیارە ئەوانە گۆڕەپانو سـەیرانگاکان هەڵدەبژێرن بـۆ ئەنجامدانـی ئەو چالاکییانـەی کە دەبێ لە شـوێنێکی کراوەدا ئەنجام بدرێت زۆرێک لە گەمەو یارییەکانیان دەبەنە ئەو شـوێنانەی وەکو یارییە میللیەکانیـان بەتایبەتی یاری (تای شیو ئەلوشو).

لەگـەڵ ئەو کەسـانەدا خۆیان ماندو دەکەن کـە دەیانەوێ فێـری ئەو یاریانـە ببن هەر لەوێـدا دابونەریتی گەلی چین دەگەیەنـنو زیندوی دەکەنەوە چونکـە ئەوانە یاری گەلێکن کە ڕەگـو ڕیشـاڵی بەمێـژووی مرۆڤایەیدا ڕۆچوە لە ئامێزی ڕۆشـنبیری ڕۆژاوادا دەردەکـەوێ. پیشـاندەدرێت جگـە لە گەمـەو گرنگی دەدەن بە سـەماو هەڵپەڕکێی چینو گۆرانی میللیو چارەسەرکردنی نەخۆش بەگژوگیاو ڕێگەی میللی.

ڕاپەڕینو پێشـکەوتنی چینییەکان لەم سەردەمەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتـەوە کەلە هەوڵدان بەبەردەوامـی متمانە بگێڕنەوە بـۆ کەلتـوری خۆیان کە ئەو کارە دەبێتە هۆی گرنگی داون بـە لایەنـی گیانـیو جەسـتەیی چینییەکان لەوێـدا لایەنی گوزەرانو بەیەکەوە ژیانو مامەڵەی دروست لەگەڵ سروشتدا دێتەکایـەوە ئـەوە پێمـان دەڵێـت کە گەلی چیـن گەلێکە زینـدووەو توانـای پێشـکەوتنی هەیـە بۆیـە بەبەردەوامی چینییـەکان لەباری کێبەرکێـدان لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوادا و لە ئێسـتادا وەکو دەزانین توانیویانە دەسـت بەسەر هەموو بازاڕەکانی جیهاندا بگرن.

ئەوەتـا فرۆشـگاو بازاڕەکانمـان لێـواو لێـون لەکەلوپەلی چینی، هەرچەنـدە لـەڕوی جۆری شـمەکەکانەوە قسـەو بـاس هەڵدەگرن، بـەڵام بەو کارەشـیان چمکێکـی مرۆیی دەنوێنـنو خزمەتێکـی زۆری چینی هەژارو کەم دەسـەڵات دەکـەن بەتایبەتی لـە ئەوروپاو وڵاتانی جیهانی سـێیەمدا بـە کورتیو بەکوردی ئـەو ڕۆژگارە رابورد کە ئێمەی کورد بەهیوای ئەوەبیینو (داوای زانسـت لەچیـن) بکەین، بەڵکو دەبێـت ئێمەی کوردیـش بەخۆمانـدا بچینـەوە. هەرچەند ئـەو کارە مەزنە دەبێت لە ئەسـتۆی دامـودەزگا بەرپرسو گەورەکانـدا بێـت بـەڵام خۆشـبەختانە لەنـاو کوردانـدا کەسـانی دڵسـۆز پەیدابون کەسـەر گەرمی کاری مەیدانین بۆ دەوڵەمەندکردنـی گەنجینەی کەلەپووری کورد، چونکە ئێستا ئەگەر کەمێکیان تۆمارکرا بن بەشی زۆریان هەروا لە سـینگی بەسـاڵاچواندان، بەڵام ئەو کارە خەمخۆرو دەزگای کارای دەوێـت وا تازە بەتازە ئەو بیرۆکەیە لەلای ڕۆڵەکانی ئەم میللەتە چەکەرە دەکات، لەسـەرو هەموو شەوە هەوڵی کەسانێک دەبێ بەرز ڕابگیرێ لە دەڤەری (زاخۆ) کە قۆڵی جوامێریان لێ هەڵماڵیوەو کاری مەیدانی بۆ فۆلکلۆر دەکەن لیژنـەی تایبەتیان پێکهێناوەو گونـد گوند دەگەڕێن بۆ ئەو مەبەسـتە ئەوەی ئەو دڵسـۆزانە دەیکەن جێگای ستایشو ڕێز لێنانە.

*سەرچاوەکان*

بۆ نووسینی ئەم بابەتە کەڵک لەم سەرچاوانە وەرگیراوە.
١. ڕۆژنامەی (المدی) ژمارە (١٦٣٧) ڕێکەوتی ٢٠١٥/١٠/٢٥.
٢. نوسـینی **لطيفة** الدليمي ( ئاسـۆی فۆلکلۆر ژمارە (٢٧) ساڵی ٢٠٠٧.



## بەیتی دڵداری

# کوڕوکچە ئەڤینداریکی ناوچەی ساڵەیی

کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ئاسۆ کەلهوڕ

کەلەپورو فۆلکلۆری کوردی، بیری پڕبەهاو جوانی سەرگوزشتەو داهێنانی سەردەمەکانی خۆیانە، کە تێکڕا بریتین لەسەربووردەو بەسەرهاتو هەقایەتی کۆن، ئەوەتا (مەکسیم گۆرکی) لە وتەیەکدا دەڵێ: (ئەگەر دەتەوێ لە ڕابردووی گەلێک شارەزا بیت، لە فۆلکلۆرەکەیەوە بۆی بچۆ) واتە ڕابردووی گەلی کوردیشمان لە فۆلکلۆرو کەلەپورەکەیەوە لێی بڕوانە.کەخاوەن کەلەپوورو فۆلکلۆرێکی فرە زەنگین و دەوڵەمەندە ...

هەر وەکو ئاشکرایە، هەموو میللەتیک شانازی بە مێژووی خۆیانەوە دەکەن، چ جای میللەتی کوردیش،کە خودان هزرێکی جوانو مێژوویەکی گەورەو خەرمانێکی بە پیتو بەرەکەتی کەلەپوورو فۆلکلۆری کوردییە.. ئەو کەلەپورو فۆلکلۆرەی، کەگەنجینەیەکی گەورەی لە شاراو ڕەوسەی زمانو ئەدەبی ڕەسەنی کوردیمانو مەڵۆیەک لە کەلەپورو فۆلکلۆری کوردی هەیە، کەئەوانەش هەر هەموویان بوونەتە دەسمایەی ئەو دەوڵەمەندیە ئەدەبیەی کەگەلەکەمان هەیەتی .

### مەڵۆیەک لە شیعری فۆلکلۆری ناوچەی ساڵەیی

دەڤەری (ساڵەیی) یەکێکە لەناوچە کۆنو دێرینەکانی مێژوو، ناوچەیەکی کشتوکاڵی پڕ لە شارستانیەت کە سەر بە پارێزگای کەرکوکە، خەڵکەکەی خاوەن هەستو هزرێکی ناسکو جوانی نەتەوەیین، خەڵکێکی ڕەوشتبەرزو خودان بە دابونەریتێکی کوردانەی عەشرەتی، ناوچەیەک تژی لە گەنجینەیەکی ڕەسەنو گەورەی کەلەپوورو فۆلکلۆری کوردی، خەڵکێکی سادەی ئەڤیندارو ئایینزانو ڕووناکبیری نەتەوەیی.

ئەمەش نموونەیەکە لە بەیتی دڵداری کوڕو کچە ئەڤیندارێکی

**کوڕ : دەچمە سە ر چیای حەمرینێ**
**دێنم چارۆکە شینێ**

**کچ : گەر ئەتۆ یەخسیرم بی**
**دەبێ بە نێچیرم بی**

**کوڕ : کچی باش، کراس قوماشێ**
**دەچمە چاکی گرگاشێ**
**بە شێخەکەی وەکاشێ**
**هەر لێت دەستێنم ماچێ**

**کچ : چ حەددت هەیە کوڕە**
**یەجگاردڵم لێت پڕە**
**لەو کەین و بەینە بەدە**
**مەیگەینە ئەو حەدە**

**کوڕ : بەو ئێوارەی مەغریبە**
**عەشقم بۆ تۆتەییبە**
**مەمکوژە بە خاڵەوە**
**مەمدەرە دەست ساڵەوە**
**ساڵی پیری و یەخسیری**
**فڕێم داتەوە فەقیری**

**کچ : کوڕێکی جوان وژیری**
**هەرچەندە زۆر فەقیری**
**خاوەنی ڕاو تەگبیری**
**زۆرم پێ دێی سەبووری**

**کوڕ: لە عەشرەتی ساڵەیی**
**کوێربووم یارم نەگەیی**
**نەگەیشتە فریای ژانم**
**نەبووە لۆکەو دەرمانم**

کچ : کەسم کورە کەلهـوڕی
کەی بۆمن هەڵدەپەڕی
لە عەشقی دیداری من
بۆخەوی بێداری من

کوڕ: دڵم کچەگەڵۆزی
بەپەنجەی شانە ئاسات
کەی دێی سەرم بدۆزی
رۆژێ دێ بتگوازمەوە
بتکەم بە بوکێ هۆزی

کچ: حەمرینی شێرە سواران
ئیلهامی جوانی یاران
چەشنی گوڵە شلێرە
ناسک و نازداری لێرە

کوڕ : کچێ بۆ ئەوەندە جوانی
ئەی ئەستێرەی ئاسمانی
کاروانکوژەی بەیانی
سینە سەوزی ساڵەیی
گەورە بە کوڕ پێگەیی

کچ : ئەی شاخی نێچیرڤانێ
جێ راوی مامزان کوانێ
من مامزێکی سڵم
!کەنگێ دەگەیــــــە دڵم

کوڕ: دڵ بۆ عەشقت پەشێوە
کەینێ دەگەم بە ئێوە
ئێوەی کارمامزی سڵ
دەرۆی مەنزڵ بەمەنزڵد

کچ: ئەی کوڕ کوڕی کوڕانی
تۆ دڵداری چووزانی
خۆشەویستی من بۆتۆ
!دەسووتێ و لێی دێ بۆسۆ

کوڕ: خۆشەویستی ئیلاهی
خوایە بمدەی پەناهی
نەمخەیە تاریکایی
! لێم نەستێنی بینایی

کچ: گەر ئەتۆ عەشقبازی
ئەمن نایکەم دەسبازی
ئەگەر تۆ بەمن رازی
دەبێ بێی و بمخوازی

کوڕ : کچێ ئەی سوور گوڵی من
بولبولی سەر چڵی من
خونچەی باخی دڵی من
ئەمشەو دێم بۆ خوازبێنی
شاجوانی شێخ بزێنی

تێبینی
ئـەم بەســەرهات‌و گوڵـە بەیتـە شـیعرە فۆلکلۆریانـەم لـە بەڕێـز (مـام عـەلی ئەحمـەد هەمـزە کـۆری سـاڵەیی) وەرگرتــووە، ناوبــراو لــە ســاڵی ١٩٣٩ زاینــی لــە گونــدی (قــەرە ســالم )ی ســاڵەیی لەدایکبــووەو ئێســتاش لەژیانـدایــەو لــە شـاری کەرکـوک نیشـتەجی یـە ......



تابلۆی د. محمد عارف

# تاوێک لە خەڵوەتی تەهلیلە و موناجات و...
# حەیران و بەیتە ئاینییەکانی حاجی دەروێش برایمی دەفژەن دا



ئامادەکردنی : حەمە ئەحمەد جاف
هەولێر – کۆتایی ٢٠١٤

## کورتەیەک لە ژیانی دەروێش برایم

حاجی برایم دەروێش مستەفا لە ساڵی (١٩٣٠) زایینی دا لە گوندی (لهێب) ی ناوچەی ( کەندێناوا) ی دامێنی چیای ( قەرەچوغ) ی سەرکەش لە بنەماڵەیەکی هەژاری ئایینی و نیشتیمانپەروەرو هونەردۆست لە دایکبووە ..حاجی برایم وەک سەرجەم منداڵانی گوند

لە حوجرەی مزگەوتی گوندەکەی خوێندوویەتی ،هەڵبەتا قورسی ژیان و نەهامەتی گوزەرانی خۆی و خێزانەکەی وا لە دەروێش برایم دەکات دەست لە خوێندن هەڵگرێ و رووبکاتە کاسبی کردن لە پێناو پەیداکردنی بژێو بۆ خۆی و خێزانەکەیان ، هاوکات هەرئەوەش وا لە حاجی برایم خانەوادەکەی دەکەن لە گوندی لهێب بارکەن و بەماڵەوە رووبکەنە گوندی ( سەرگەڕان)

حاجی برایم لە تیرەی مامە سێنی ئەحمەد ئارکەی هۆزی بڵباسە ،ئەمەو چەند ساڵێ دوای بارکردنیان بۆ گوندی ( سەرگەڕان) کەئێستا بۆتە ( ناحیە) حاجی مستەفای باوکی لە ساڵی ١٩٤٨ لە رێی گەڕانەوەی (حەج) بە کارەساتی وەرگەڕانی ئۆتۆمۆبێل گیان لە دەست دەدات و کۆچی دوایی دەکات ،دەروێش برایمیش لە دوای کارەساتی لە دەستدانی باوکی دەبێتە دەروێش و لە تاوی مەرگی دڵتەزێنی باوکی شێت دەبێت و دەچێتە خەڵوەتەوە ، خەوو خۆراک لە خۆی حەرام دەکا و بە لەگەڵ ژەنینی دەف دا خۆی بە تەهلیلەو سەڵاوات و دانانی شیعر و گوتنی حەیران و لاوکی ئایینی سەرقاڵ دەکات ، هاوکات هەر لەو خەڵوەتەدا خولیای دانانی شیعرولای لایەو لاواندنەوەی پڕ لەغوربەت و تەسەوفی ئایینی لە سۆنگەی دڵدانەوەی خۆیدا ، هەموو ئەو رووداوگەل و کارەساتانەی کە بەسەر دەروێش برایمی دەفژەن هاتوون ، بۆتە هۆی ئەوەی کە رووبکاتە دنیای حەیران و لاوکی دینی وگوتنی گۆرانی و سروودی ئایینی لەگەڵ لێدانی تەهلیلەو سەڵاوات و خوێندنەوەی مەولوودا ....



دەروێش برایمی دەفژەن

شایانی باسە دەروێش برایم لە ساڵی ١٩٩٠ دا سەردانی ماڵی خوای کردووە و فەریزەی حەجی بەجێ هێناوە ....بەس مەخابن هیچ یەک لەو سەرچاوانەی بۆ ئەم بابەتە سودم لێوەرگرتوون ئاماژەی بە ساڵی کۆچ دواییکردن و ماڵئاوایی ئەو پیاوە نەکردووە ، بۆیە بمبوورن کە ساڵی کۆچی دوایی کردنیم نەنووسیوە .....

## ژیانی هونەری دەروێش برایمی دەفژەن

دەروێش برایم دوای وەرگرتنی تەریقەت، لە سەردەستی هەردوو شێخ عەبدولکەریمی بەرزنجی و شێخ عەبدولکەریمی دارەخورما لە ناوچەی ( قەراج و کەندیناوا) ی هەولێر لە ساڵی ( ١٩٤٩) ی زایین دا بە یەکجاری تۆبە دەکات و رێگای دین و خواپەرستی هەڵدەبژێرێت و و دواتر لە هەمان ساڵ روو دەکاتە ناوچەی خۆشناوەتی وبەدەم لێدانی دەفەوە دەستدەکات بە وتنی حەیران و لاوکی دینی و بەستەو مەقامی ئایینی، و هاوکات دەنگی خۆش ودەفژەنینی باش وا لە دەروێش برایم دەکات لە شاری هەولێر ، لە مزگەوتی حاجی

بەکری زێڕنگەر بکرێتە بانگدەری مزگەوتەکە، و ئەمەو دواتر لە ساڵی (١٩٦٧) دا دەگوێزرێتەوە مزگەوتی حاجی قەرۆک لە گەڕەکی ئیسکانی هەولێر( حاجی برایمی دەفژەن ) لەگەڵ کاری بانگدەریدا بەهۆی دەنگە خۆشەکەیەوە سەرقاڵی وتنی حەیران و لاوک و بەستەو ومەقامی ئایینی و لێدانی تەهلیلەو سەڵاوات و خوێندنەوەی مەولودی پیرۆزی پێغەمبەری مەزن (د.خ) بوو ، لە سەرجەم مزگەوتەکانی ناو شاری هەولێرو دەوروبەری ، ئەمەو وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێدا ، حاجی برایم دوای وەرگرتنی تەریقەت وازی لە وتنی حەیران و گۆرانی پڕ لەسۆزی دڵداری دەهێنێ و بەتەواوی خوو دەداتەوتنی حەیران و بەستەو مەقامی ئایینی و تەسەوف ، دەروێش برایم هەرچەندە نەخوێندەوار بوو ، بەڵام زۆرینەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی ئەزبەر بووە لەوانە ( مەحوی و نالی و تاهیربەگی جاف و سافی هیرانی و جاهید و مەلاخەلیلی موخلیـ× و مەلاعاسی و بێخود و ناری و مەولەوی و حەسەن شنۆیی و حەقیقی و وەفایی و شیرازی ......تاد)

هاوکات دەروێش برایم، شیعری هەموو ئەو شاعیرانەی جگە لە ئەزبەربوونیان هەرهەموو شیعرەکانی بە گۆرانی و سروو دی ئایینی بەدەم ئاوازو ژەنینی دەفەوە بەدەنگە خۆشەکەی گوتونی، بۆ نموونە ئەو بەیتە جوانە ئاینییەی (مامۆستا حەسەن شنۆیی) بە ئاوازێکی خۆش و بە دەنگێکی خۆش و بەدەم لێدانی دەفەکەیەوە چڕیوە کە دەڵیت:

**چونکە ئەمڕۆم یار نەدیوە ، دڵ دەکاتن شیوەنێ**
**جەرگودڵ وابۆی دەسووتێ ، هەروەکو دارەبەنێ**

دەروێش برایمی دەفژەن ، شیعری تەسەوف و ئایینی شاعیرانی کلاسیک و حەیران ولاوکی دینی و گۆرانی و سروودومونا‌جاتی ئایینی ئاوێتەی دەنگە زوڵاڵەکەی خۆی و دەفەکەی کردووە ، هاوکات شیعری شێخ لەتیفی شێخ مەحمودی حەفیدی لە بەرکردووەکە بەبۆنەی کۆچی دوایی شێخ مەحمودی حەفیدەوە لە زۆربەی بۆنەو خوێندنەوەی مەولوودەکاندا چڕیویەتی : هەروەک دەڵێت:



وەتەن هاوار دەکا بۆ کورد
دەڵێ سەرداری کوردم رۆ
سەرۆکی کوردو کوردستان
بزورگێکی نەبەردم رۆ
ئەوەی کوردە لە دونیادا
هەمووی ئەمڕۆ وا غەمناکە
لە عێراق و لە ئێرانا
هەتا سوریا تەماشاکە
بەهەوری ماتەم گیراوە
لە بێ خاوەنی ئەم خاکە
سلێمانی بەیەک ئاواز
بڵێن : سەرداری کوردم رۆ

* * *

ئەمەش نموونەیەکە لە حەیرانە ئایینییەکانی حاجی برایمی دەفژەن کەدەڵێت:

خۆزگە گۆڕەک بام
لە گۆڕێ نەورۆزێ شین ببام
لە سەرکێوێ عەرەفات
رۆژی عارەفەی وەکی خێوەتی حاجیان هەردەدا
لەو مەقامی عەرەفات
لەناو غوبارو تۆزێ
ئەی گەلی موسڵمانان...
دەیاڵا بەعام بچینە خزمەتی،..
شاهی مەدینەی ئەحمەدی موختار

لەوێ لەگەر عەزیزو خۆشەویستان بکەین جەژنە پیرۆزێ
ئەگەر لەگەر جەژنە پیرۆزێ و
بابی خۆم و دەروێشان مردم
هەندێ ئاخت بۆ هەرێنم
ئەورۆ بەوێ پایزێ.....
نەخۆشەکی گەلە گرانم
لە بۆ رەزامەندی خودای کەرەم کە دەمەکی وەرە سەرینم
ئەی گەلی موسڵمانان.....
با هەرگرین دەفەو عەلەمان
تەپری و بەیداغان
شۆڕببینەوە لۆ شاری مەدینەی
لە خزمەت حەزرەتی رەسوڵڵا
عەزیزو خۆشەویستان ببینم



تێبینی:
* ئەو سەرچاوانەی لەنووسین وئامادەکردنی ئەوبابەتەدا سوودم لێوەرگرتون:
١- ژمارە (٤) ی گۆڤاری ( خۆری ئیسلام) نووسینێکی برای نووسەر (ئەنوەر ئیبراهیم بڵباس) لە سەر ژیانی هونەری ( دەروێش برایمی دەفژەن) لاپەڕە (٣٧-٤٠) حوزەیرانی ١٩٩٩هەولێر.
٢- زۆر لە و قسانەشم لە زاری خوالێخۆشبوو ( حاجی سەید سەلیم سەرگەڕانی ) وەرگرتووە
ئەو پیاوە ( رەحمەتی خوای لێ بێت) کاتی خۆی کە لە ژیاندا بوو لە ساڵی ١٩٩٧ئەودەمیش ماڵم لە گەڕەکی ( سێتاقان) ی هەولێر بوو ، بۆی گێڕاومەتەوە.....


# دای حسنۆ کەچا میرێ جزیرێ بووە ئێزدی



**خەیری شنگالی**

زەمانەکی دای حسنۆ ل کەراسەکی دە ناڤی وێ (سپیاڤ) بوو، خلمەتکارا شیخادی بوو، (لالشێ) بوو. ئیڤاری دای حسنۆ چووە جیهێ خوە دا بنڤێ، ب ئەمر و ئیرادە ڕەبلعالەمین، سبەهی زوو دە ڕابوون دیتن دای حسنۆ ئەمرێ خودێ کریە. علم دانە ئێزدیا، گۆ: وەلا (فوقرا) بەر مالا شیخادی ل گەلیێ زیارەت ئەمرێ خودێ کریە. هاتن ڤێشارتن و ب حەق کرن. روهێ دای حسنۆ چوو ل باژاڕێ جزیرا بۆتا دەرکەت، ڕوهێ وێ کەتە بەر بەدەنا عەیالا میرێ جزیرا بۆتان. و ڕەبلعالەمین کەچەک دا عەیالا میرێ جزیرێ و عەمرێ وێ پشتی بووینە هەفت سال، ڕوهێ خوە ناسکر، زانی ل کەراسەکی دە فوقرا بوو ل گەلیێ زیارەت ل (لالش)ێ و خلمەتا شیخادی دکر. ڕوهێ وێ ل ور دەرکەت. وێ زارۆکا کچک حەمرێ وێ هەفت سالن، بنێ تشتی دینێ ئیزدی ژی بقەعەرێ نیزیکی خوە ناکە. ڕۆژ ب ڕۆژ خوە ژ مالبابا خوە جدا کر. ئۆدەیەک خوە و تەشت و بەرۆشێت خوە جدا کرن. پا ڕەبلعالەمین ژیرە کربوو، عبادەتا سبەهی و نێڤاڕۆژێ و ئیڤارێ دکر ل زەمانێ (سپیاڤێ) خلمەتکارا شیخادی ئەو عیبادەت هاتە بیرێ. خلمەتکا خوە ئیڤارێ دکە و حەمرێ وێ بوویە هڤدە (١٧) سال. خۆرتەک ل دەرێ مالێ ڕە چوو هەکە دی کەچا میرێ جزیرێ یە، لبسێ وەکە فوقرایێ لێ یە، لبسێ وێ چەند تەمامی سپیە. ل ئۆدەیکا خوە دەیە، دەرێ پەنجەرێی ڤەکریە، کە پەردە نا ب سەر دەیە، دیت عیبادەتا خوە دکە. گۆ: ب وی خودیێ، ئەڤ عیبادەت ئە وەکە ئا ئێزدیایە. خالا خوە داییتێ هەکە بێگونەە خلمەتا خوە تەمامکر، خودێی تەمامە. گۆ: شەهدە و ئیمانا م ب ناڤێ شیخادی و تاووسی مەلەکە. خلمەتا خوە وەکە ئێزدیا کر و شەهدا خوە وەکە ئێزدیا دا... ئەو زلام چووە با میرێ جزیرێ. گۆ: میرێ جزیرێ. گۆ: بەلێ. گۆ: دێ ب ڕەبلعالەمین م ئیرۆ یەکە ئێزدی ل مالا تە دە دیتیە، دوعا خوە تکر. گۆ: تە چلۆ یەکە ئێزدی ل مالا م دە دیتیە؟ گۆ: ب ڕبلعالەمین کەچا تە وەکە ئێزدیا م دیتیە، شەهدەتیا خوە دایە و گۆتیە شەهدە و ئیمانێت م ب ناڤێ شیخادی و تاووسی مەلەکە و سلتان ئێزیە. میر گۆتێ: کوڕۆ هەکە ئەڤ دەرەو بێ، ئەزێ تە کوژم. گۆ: دێ هەڕە بانیکێ. بانی کرێتێ، کەچا میرێ جزیرێ یە دەرباسی مجلسێ بوو، وەکە فوقرەیەکی ژ ئێت گەلیێ زیارەتە. میر گۆ: کەچا م. کەچکێ گۆ: بەلێ. گۆ: ئەڤ خۆرت دبیژێ، وەلا کەچا تە عیبادەتا ئێزدیا کریە و شەهدە و ئیمانا خوە ب ناڤێ تاووسی مەلەک داینە. کەچکێ گۆ: دێ وەلا دینێ تاووسی مەلەک دینەکی حەقە. گۆ: لازم خۆرت ڕاست دبیژێ؟ گۆ: ئارێ وەلا ڕاست دبیژێ. میر گۆ: کوڕۆ ت هەڕە حەقێ تە ژ من و کەچا م نەبێ. میرێ جزیرێ ب کەچا خوە دە کەت و نەکەت متقالەک ل سێری نەکر. هن میر قەعەری، گۆ: دێ پا ب ڕەبلعالەمین هەکە ئێزدی وێ ب تەڤە ئێن، ئێن. نائێن ب ڕەبلعالەمین ما ئەز تە بکوژم. کەچا وی گۆتێ: مالەڤا، چێل ڕۆژی موهلەتدانێ بدە م، ڕۆژا چێل و یەکێ هەکە ئێزدی ب م ڤە نەهاتن، هنگێ خوینا م ل تە خوەش حلال بێ. ل زەمانێ هەسنێ هوێری بوو (بنێڕە دارا مالباتا هەسنێ هوێری). هەسنێ هوێری هنگێ مەزنێ هوێریا بوو. میرێ جزیرێ چێل ڕۆژ موهلەتدان دا کەچا خوە. سبەهی زوو دە کەچا میرێ جزیرێ هیڤیەکە خوە ژ نورا شێشم کر، گۆ: ت ل ئینداد ئێزدیا بێی و ل ئینداد م ژی بێی. کەچا میرێ جزیرێ هاتە دەرێ ئۆدەیکا خوە خۆرتەک ل زکاکێ ڕە دچە. حسنۆ گۆ: کوڕۆ. گۆ: بەلێ. حسنۆ گۆ: هەڕە ل باژاڕێ جزیرا بۆتا بنێ ت یەکی ئێزدی ژ مڕە نابینی. ئی شارەزا بوو، گۆ: ت کەچا میرێ بۆتایی، هەکە نوهە م گۆتە

پرسکە... یەکی گۆ: ل شارعێ هە دەیە. ل سەرێ شارعێ پرسکر. دیت کەچا میرێ جزیرێ ل دێری دەیە. پیشبەر هات، گەهشتنە یەکو دۆ، گۆتێ: کی مالا میرێ جزیرێ یە؟ حسنۆ گۆتی: وەرە م تەلبا تە کریە. ئێ هوێری گۆ: ت کەچا میرێ جزیرێی؟ گۆ: ئارێ وەلا... گۆ: ب شیخ مەمندێ م، هەکە م ت ل گەلیێ زیارەتێ دیتبای منێ گۆتبا ت فوقرەیەک ژ ئێت گەلیێ زیارەتی. دەرباسبوو... گۆ: کورۆ. گۆ: بەلێ. گو: ل من و ڤان بێ نمەتیە. ئو رۆژا دینە ئو ئەز دبینم دینێ ئێزدی و تاووسی مەلەک ئی حەقە. بنێ د (٢) عالەم د ئێزدیا نایێن ب علمێ خودێ نائاخڤن. م ژ دەستێ ڤانا خەلاس کن. گۆ: کەچا میرێ جزیرێ. گۆ: بەلێ. گۆ: جە ب رەبلعالەمین ئەڤ جەواب، ئەڤ گالەگال ل بەر هەسنێ هویری دە ئەزێ بیژم. گۆ: وەلا ئەز نکارم چمە با میرێ شیخا و ئیختیارێ مەرگەهێ. گۆ: هەکە تە گەهاندە هەسنێ هوێری وێ گەهە وان. گۆتی: هەزار سلاڤێ ل هەسنێ هوێری بکە. بلا ئەو ب ریا خوە هەزار سلاڤێ ل میرێ شیخا و بابێ شیخ بکە. گۆ: عەلێکم و سەلام. گۆ: بیژ رۆژا دینە ئو ئەز دبیژم دینێ تاووسی مەلەک ئی حەقە، بەلکی د (٢) عالما ژ مرە ناشینێ، م ژ دەستێ ڤان خلاس ناکە. گۆ: دێ مالەڤا، تە گۆنەهێ خوە ئاڤیتیە ستوێ م، ئەزێ چم ئاڤێژمە ستوێ هەسنێ هوێری. کورک هات، خەرجین داییتێ، بیع و بازارا خوە کر، بەرێ خوە دا گوندێ هەسنێ هوێری. چووە دەرێ دیوانا مام هەسن، غولام و بەنی پیشبەر هاتن، گۆ: کورۆ ئەڤ چ د (٢) دەوارن، ت هاتیە دەرێ دیوانێ. گۆ: شوغلەکی م ل با مام هەسن هەیە. دەرباسی یەکی ئێزدی، وەرە با کەچا میرێ جزیرێ، وێ بیژی، ب وی خودێی ئەز نایێم. جەوابەکێ بدە م، بلا ئێ ئێزدی قانع ببێ. حسنۆ گۆ: دێ مالەڤا بیژێ، هەکە ئی ئێزدی بێ بیژێ، رۆژا حەشەر و مەشەرێ، ل سەر پرا سەلاتێ، شیخادی و مەلەک شیخەسەن رۆژا ئاخرەتێ گونەهی م ستوێ وی بێ، هەکە نەیێ. ئەزی ب شوغلەکێ قەسدیمە نێڤ ئێزدیا، هەکە ئی ئێزدیە وێ ئێ. کورک هاتە نێڤ بازارێ جزیرا بۆتا گەریا، دیت یەکی هوێری یە ل نێڤ بازارێ جزیرا بۆتا بیع و بازارا خوە دکە، د (دەوار) د پیرەینە. ل دەرێ دکانەکێ دەی سەکنیە. گۆ: کورۆ تی ئێزدی؟ گۆ: هەکە ئێزی بڤێ ئەزی ئێزدی مە. گۆ: ت ژ کێ عەشیرێی؟ گۆ: ژ عەشیرەتا هوێریا، مەزنێ مە هەسنێ هوێریە. گۆ: کورۆ، کەچا میرێ جزیرێ گۆتیە م، هەزار سلاڤێ لیکە، بلا بێتە با م. شوغلێ م ژی هەیە. گۆ: دە ب وی خودێی، م ژ ئێزیێ خوە شەرمە، ئەز چمە با کەچا میرێ جزیرا بۆتا، نوهە ئە عەلمۆدەیە... وەلا ئەز ناچم شوغلێ م ل بال نینە. گۆ: کورۆ ئەڤ جەواب گۆتیە م، هەکە تە دڤێ تێ چی و تە دڤێ ت ناچی. چ جەوابە؟ گۆ: گۆتیە رۆژا حەشر و مشەرێ، ل سەر پرا سەلاتێ، شیخادی و مەلەک شیخەسەن، رۆژا ئاخرەتێ گونەهێ م ل ستوێ وی بێ، هەکە نەیێ ئەزی ب شوغلەکێ قەسدینمە نێڤ ئێزدیا. گۆ: ب شیخ مەمندێ م، هەکە سەرێ م تیچوویە ئەزێ چم. گۆتە خوەدانێ دکانێ: غرادێت م کار کە، ئەزێ چمە با کەچا میرێ جزیرێ. دەوارێت خوە شداندن و بارکرن و بەرێ خوە دا مالا میرێ جزیرێ. کانی مالا میرێ جزیرێ؟ ل ڤر پرسکە و ل ور



دیوانێ بوو، سلاڤ ل حادر و گۆهدارا کر. گۆتن: عەلیکم و سەلام. یەکی گۆ: وەرە ڤێدەرێ... ئێدی گۆ: وەرە ڤێدەرێ... گۆ: ب شیخ مەندێ م، م سۆند خواریە ما ئەز ڤێ جەوابێ ل بەر هەسنێ هوێری دە بیژم. گۆ: کورێ م وەرە دەرباس بە. چوو ل بەر مام هەسندە روونشت، گۆ: مام هەسن. گۆ: بەلێ. گۆ: کەچا میرێ جزیرێ گونهێ خوە ئاڤیتیە ستوێ م ئو ڤەیە م گونەهێ خوە ئاڤیتە ستوێ تە. گۆتیە هەزار سلاڤێ ل میرێ شیخا و ئیختیارێ مەرگەهێ بکە، ئو هەزار سلاڤێ ل مام هەسن بکە بەلکی د (٢) عالم دینا ژ نێڤ ئێزدیا ژ مە رە دشینن، م ژ دەستێ ڤان خەلاس بکە. پشتی چوویی، هەسنێ هویری ب شێڤ ل بەر کوچکا قەعوێ دە روونشت و قەعوەیەکێ ڤەدخوە، قەلونەکێ ڤەدخوە، گۆ: ب شیخمەندێ م، ئەڤ جەوابەکە مەزنە ئو لازمە ئەز د سوارا بشینمە قەسرا بەعدرێ (بەعەدرا شیخا)، گونهێ ڤێ هرمەتێ ئەز ژ ستوێ خوە بکم. هەسنێ هوێری سبەهی زوو دە دەنگ ل د (٢) سوارا ژ غولامێت خوە کر و بەرێ خوە دانە قەسرا بەعەدرا شیخا. ژ تافیقێت خودێ رە چەند موختار ل باسکێ شیخا هەینە، ب ئیختیارێ مەرگەهێ ڤە وێ رۆژێ چووینە با میرێ شیخا عەزیمەتە، هەکە ب شوغلەکی چووینە، هەموو ل دیوانا میرێ شیخانە. ب سوارێت هوێریا کەتنە بەعەدرێ دە، چوونە خەزنتلرەحمان .زیارەتێ بوون، علم و جەواب ژ میرێ شیخا رە چوو. گۆ: د سوار د هۆێریا هاتن. گۆ: بلا کەرمکن دەرباس بن. دەرباسی دیوانا میرێ شیخا بوون، سلاڤ ل حادر و گۆهدارا کرن. گۆ: عەلیکم و سەلام. مێرێ شیخا ل حالێ ئێزدیا دپرسی و ل حالێ هەسنێ هوێری ئو هوێریا ژی پرسی. گۆتن: هەسنێ هوێری هەزار سلاڤێ ل وە دکە. سوارەکی ژی گۆتێ، گۆ: میرێ م و ئیختیارێ مەرگەهێ ت ژکی هادری. گۆ: کەچا میرێ جزیرێ، گونەهێ خوە ئاڤێتیە ستوێ هەسنێ هوێری، ئەمێ نوهە ژ ستوێ هەسنێ هوێری ئاڤێژنە ستوێ وە. گۆ: وێ هرمەتێ گۆ، رۆژا دینە، دینێ تاووسی مەلەک دینەکی حەقە، بنێ هوون د (٢) عالم دینا ناشینن وێ کەچکێ خەلاس کن. هەردۆ سوارێت هوێریا ڤەگەریان. میرێ شیخا ب سەر ئیختیارێ مەرگەهێ دە فەتلی، گۆ: بابۆ؟ گۆ: بەلێ. گۆ: ب خەزنتلرەحمان لازم ئەم بشینن... ئێ گۆ: ئەز ب عالما نزانم... د (٢) قەرتە بەران ل گەلیێ زیارەتن شروتا علم گەهشتییێتێ. هەکە ب علمێ خودێ بێ، وەلە ژ حەق هەردۆکا نایێن. وەلا هەکە ب زلم و زۆری بێ وێ ژ حەق ئێن. گۆ: دێ مالەڤا، بشینە با هەردۆکا. جەوابا میرێ شیخا ل سەر هەردۆکا سەکنی. هەردۆ مام هاتنە قەسرا بەعەدرا شیخا. میرێ شیخا، ئیختیاری مەرگەهێ گۆ: گەلی ماما. گۆ: بەلێ. گۆ: ئەڤ رۆژا دینە ئو بەلکی هوون ژ ورڤە نەیێن، هوون سەرێ خوە ل ئوغرا ئێزی دن و هوونێ ب کەچا میرێ جزیرێ ڤە چن. گۆ: دێ مالەڤا، خەلەفا مە ل خودێ، ئێقین خودێ ل ڤێ یەکێ قەرڕاندیە ئەمێ چن. هەردۆکا کارێ خوە کر و د (٢) دەوار ژیرە ئانین و جلکێت بژوین ل خوە کرن و سبەهی زوو دە خوە ژ قەسرا بەعەدرێ بەردان. شیخەکی شیخمەندا ئی ل جەراحیێ یە. حەمرێ وی نەبوویە (١٨) سالْ، جەدحە، جوامێرێ شیخمەند پاشا، گیانێ م ب گۆڕی، حلمێ وی جەدحی گەهاندێتێ. هەردۆ مام ل بەر گر دەرباسبوون، ئەو جەدح ئی ل بەر شەش هەفت سەخلایە، ل بەر بەرخا ل سەر گر دچەرینێ، ل بەرە دەرباسبوون. جەدحی گۆ: گەلی ماما. گۆ: هوون چەند د کوبارن؟ گۆ: بەلقتیۆ، چ کوباریا مە یە؟ گۆ: ئەز سلاڤگەها شیخمەند پاشا بووم و هوون ل بەر مرە هاتن و وە سلاڤ ل م نەکر. گۆتنێ: سبا تە ب خێر. گۆ: ب خودێ ئەز زانم هوونێ ب کور دە چن. ئو ب شیخمەندێ م، هوونێ ل ئێندادا کەچا میرێ جزیرا بۆتا چن. هەکە وە ئەز ب خوە رە برم، هوونێ ب ساغی ئێن و هەکە وە ئەز نەبرم، هوون ب سلامەتی نایێن. هەردۆ مام ل بەردە هاتن، گۆتن: جەمالا شیخمەند پاشا ئاڤا، علمێ تە گەهاندییێتێ دەستێ وی ل سەر سەرێ خوە دانین، لێ زیارەتیبوون و گۆتن: ب مەرە وەرە. وی جەدحێ گۆپالکێ خوە دالقان، کەپەنێ خوە پیدەکر و دەستێ خوە لیکدان. گۆ: یا ب ئزنا رەبلعالەمین... ئەو بووە خەلاتەک ژ وێ مالێ رە چوو. وی چەدحی دا پی وان. گۆتنێ: وەرە یا ل پشت مە سوار بە یان ل بەر مە. گۆ: ب شیخمەندێ م، ئەزێ سڤکم، ئەزێ ب وەرە مەشیم. تشتێ مە ژ دەڤێ جوامێرا بهیستی، گۆ شێڤەکێ

چوون ل با هەسنێ هوێزی نڤستن، ڕۆژا دیترێ گەهشتنە جزیرێ، علم و جەواب. ژ مێرێ جزیرێ ڕە چوو ، گۆ: میهڤان هاتن. میرێ جزیرێ گۆ: ئێت منن یان ئێت حسنۆینە؟ کەچا میرێ جزیرێ گۆ: وەلا ل ئیندادا م هاتینە و ئێت منن. تا وەکە بخورێ برن و چووە پیشیێ... وەی گەلی ماما هوون ب خێر هاتن ژ وێدەرێ هەتا ب ڤێدەرێ، هوون ل سەر سەرا و سەرچاڤا هاتن. برنە ئۆدەیکا خوە. وەختێ شیڤێ، گۆ: جارێ ئەزێ جەرببینم. گۆ: کتۆ کتۆ وەرن، ئەزێ دەستێ وە بشۆم. یەک ژی چوو. گۆ: بابۆ. گۆ: بەلێ. گۆ: ئەز نزانم ئیڤاری بەرێ خوە بدمە کێ ژ وە؟ مامەکی گۆ: ئەز غولامتیا وان دکم، ئەو مەزنێت منن. مامێ دی هات، وی ژی وسا گۆت. جەدحێ کچک هات. گۆ: کەچا قەنج. گۆ: بەلێ. وی گۆ: ب یەک دەرەجێ، ب یەک جەوابێ ئەز ژ هەردوا مەزنترم. بلقتیۆ تێ کچۆکی، ئەو د مەزنن. گۆ: کەچا قەنج ت نزانی. گۆ: چلۆ ت ژ وان مەزنتری؟ گۆ: هەکە ئەو مرن ئەز کارم وان بشۆم. ڤێ جەوابێ نەبێ وەلا ئەز غولامتیا وان دکم. دەستێ خوە ل پشتێ دا گۆ: ئیشەلا، خلمەتکارێت م ب خەلاتن. ماسیگرەکی ماسیەکی کەسک گرت، ئانییە دیوانا میرێ جزیرێ. یەکی هادر نەبوو. گۆ: میرا. گۆ: بەلێ. گۆ: ماسیەکی کەسکی سپەهیە م ژ تەڕە ئانیە. میرێ جزیرێ دا ئاقلێ خوە گۆ: ب شوغلەکی تشتەکە ئەز ژ حەق ئێزدیا نەهاتیمە، ب ڤی ماسی ئەزێ ژ حەق ئێم. ڕابوو زێڕەک دا ماسیگری. میر گۆ: کا بەڕۆشەکە م بینن. بەڕۆشەک ئانین ئاڤ بەردانێتێ، دۆر بەڕۆشێ هەموو لحیم کر، د (٢) قول لێ کرن. ئەو ماسی بەردایێتێ و کرە بن تەختێ خوە دە. هەرسێ عالمێت ئێزدیا ب کەچا مێرێ جزیرێ ڤە هاتنە دیوانا میرێ جزیرێ. چێل مەلایی بسلمانای گولستان خوەندیە، ل ئالیێ دیترێ ڕوونشتن. چێل مەلەیە و چێل قورعانی ل بەر دەیە، هەرسێ عالمێت ئێزدیا و کەچا میرێ جزیرێیە ل ئالیێ دی روونشتن هەتا ئەو کەلیمەیەکێ ژ قورعانێ دخوەندن، هەردۆ عالمێت ئێزدیا جەوابا وان دبیژن و دوا ژی تاڤیژنە سەر. خلالا نەبووە سەعەتەک هەر چێل مەلاییێت بسلمانا نکارین نڤیسینا ل قورعانێ دە بخوەندن. میرێ جزیرێ ڕابووە سەر خوە. گۆ: ئەشهەدوبلا، ئەز ل مەلاییێت خوە دنێرم، نزانن کەلیمەیەکێ ژ قورعانێ بخوەندن. هنەکا دگۆ: ئەم گا و ماسی دبینن. هنەکا دگۆ: ئەم عرش و کورسی دبینن. ئو قورعانە ل بەر وان دەیە، نزانن بخوەندن. گۆ: دێ ب ڕەبلعالەمین، ئەز ب ڤێ یەکێ ژێ ناکم. وە ژ مەلەیێت م بر، بەس ئەز ڤێ یەکێ ناکم. گۆتن: چما؟ گۆ: لازم هوون زانبن چ ل بن تەختێ م دەیە. جەدحێ کچک ڕابووە سەر خوە، گۆ: میری جزیرێ. گۆ: بەلێ. گۆ: ب کوباری نەپەیڤە، ئو ل سەر خوە ڕە ل خودێ بنێڕە. گۆ: چێل مەلەیێ تە هەیە، هەکە مەلا گۆ، ئەم تشتەکی ژێ نزانن دووڕا ئەو ل مە. گۆ: وەلا جەوابا تە ئە ب حەقیە. گۆ: گەلی مەلا، هنەکا ژ وە دگۆ، ئەم عەرش و کورسی و گا و ماسی دبینن. چ ل بن تەختێ م دەیە؟ مەلا گۆ: ب وی خودیێ، ئەم تشتەکی ژێ نزانن چ ل بن تەختێ تە دەیە. گۆتن: نا جەدحێ کچک گۆ: گەلی ماما، قەولێ قادی عەسکەر ب سەر م دە بخوەندن . قەولێ قادی عەسکەر ب سەر دە خوەندین، کەو (کە ئەو) جەدحک ب دەفتەرێ کەت، روهێ وی سەیری هات ل گەلیێ زیارەتی کەت و تشتەک نەدی. ئەڤ دەقا قەولێ قادی عەسکەرە: (١) عاشقۆ، نەی ژ ڤی زەمانی، مەحفەلێت گران دەنگ هلانی، عاشقۆ، دا بدەیین مەدەهێت ئێزید و ڤی سلتانی. (٢) عاشقۆ، مێرا و مەحفەلێت گران دەنگ تێیە، عاشقۆ، دا بدەیین مەدەهێت ئێزید و خودێیە. (٣) عاشقۆ، مێر و مەلەکا، عاشقۆ، دا بدەیین مەدەهێت ئێزید و خالقە. (٤) عاشقۆ، سوڕ ددینە. (٥) عاشقۆ، سوڕ ددینە، ئاخفتبوو ژ مە مەحفەلێت مریدا. (٦) عاشقۆ، ئی نورینە، ئاخفتبوو ژ مە مەحفەلێت زەرگونە، عاشقۆ، بدەیین مەدەهێت شەمسەدین و مەلەک فەخرەدینە. (٧) عاشقۆ، یی مۆمنە، ئاخفتبوو ژ مەحفەلێت مەزنە، عاشقۆ، دا بدەیین مەدەهێت مەلەک شێخ سنە. (٨) عاشقۆ، کۆچەکێ پیرا، ئاخفتبوو ژ مەحفەلێت میرا. (٩) عاشقۆ، دەردو مەندە، هنجی مێرێ کوباری نەفس بلندە، ئەو دێ ل ئۆغلەما سلتان ئێزی بت هندا. (١٠) عاشقۆ، تەمامبوو هەزار و سییە، هنجی مێرێ وەلییە، عاشقۆ، یی ماش جەنبەقییە. (١١) عاشقۆ، هن و هەزار دهەرتە، عالەم بوو جملەتە، وەعد وێ هاتی، سلتان ئێزید تەسلیمی دەستێ

فەقیرا کەت ماش و بەرات و خەتە. (١٢) عاشق متعەلمی و جەمە، دێ دا هربت عیسا بن مەریەمە، وەعد وێ هاتی، سلتان ئیزی دێ بەتال کەت، خەت و کتێب و قەلەمە. (١٣) عاشق متعەلمی و جەمایە، دێ دا هربت عیسایە، وەعد وێ هاتی، سلتان ئێزی دێ بەتال کەت، کتێب و قەلەم و هندایە. (١٤) عاشقۆ حاکمێ ڤی شارستانی، دەست ل کێلەکا خۆ وەرانی، گۆت: داد و مەداد ژ دەستێ ڤی سلتانی. (١٥) عاشقۆ، وێ ل قادی و غافلا، هاوارا خۆ مالڤە دبرە، گاڤا چوو دیوانا سلتان ئێزی، وێ بت کاسە و بادیە و کۆندرە. (١٦) عاشقۆ، وێ ل قادی کوربە، سلتان ئێزی نادەت شار بە، گاڤا چۆ دیوانا سلتان ئێزی، وێ بت کاسە و بادیە و مایە. (١٧) وەی ل قادی عەنکارە، هاوارا خۆ مالڤە دهنارە، گاڤا چۆ دیوانا سلتان ئێزید، دیت کچەکە ل بالە، وەکی ڤەگەڕیان ل مالە، دیت کچک ل مالە! (١٨) قادی عەسکەر، دبێژتە: مالا خۆ ب سورە، چی حوکم هاتی ژ وە ڕا، ما هوون دێ ئێزدی بن ب کچ و کورە! (١٩) گەلی قادی و مەلا و سەیدا، هوون ژ ئیمانێ مەبن بەعیدە، من ژ بەر وە شەهدە دا ب سلتان ئێزیدە. (٢٠) وەی ل خاتوونا دۆتا میرە، هوون خودیێ خۆ مەکەن ژ بیرە، من بەر وە شادا خۆ دا ب ئێزیدە و فەقیرا. (٢١) قادی بوختانە، دلێ وان گرتبوو کۆڤانە، قادی عەسکەر ڕوو دکەت ئاهین و ئەرزنگێت گرانە. (٢٢) قادی عەسکەر سوکا دچییە، ژ یارا خۆ پرسییە، گەلۆ: حال و حەوال ژ دەستێ حاکم چی یە؟ (٢٣) قادی عەسکەر دبێژتە یارا خۆیە، ڕەڤین بێ فایدەیە، سلتان ئێزی مال و مەزەل ل مە کریە مەیە. (٢٤) قادی بێ خەت و بەراتە، بەرێ وی مابوو تاری و زلمەتە. (٢٥) قادی عەسکەر نەمابوو چوو حکیاتە، قادی عەسکەر بلند کەت گۆتنە. (٢٦) گەلی قادی و مەلا و سەیدا، و برمە سەر خێرا منە دێ چنە با سلتان ئێزیدە، ببنە دۆست، نکارین ڤێڕا ببنە دژمنە. گەلی قادی و مەلا و سەیدا، چوونە با سلتان ئێزیدە، یا سلتان ئێزی... تو شێخی، ئەم مریدن. چوو ل بەحرا سەکنی و تشتەک نەدیت، روهێ کورک سەیری ل بەر کورسیا جوامێرێ تاووسی مەلەک دە سەکنی. جوامێرێ تاووسی مەلەک گۆ: شیخ. گۆ: بەلێ. گۆ: ماسیەکی کەسکی ل بەرۆشێ دەیە و (فلان ماسیگری) ژ بازارێ جزیرا بۆتا دایتێ، فلان رۆژێ فلان دەقیقێ، فلان سەعتێ، دێ ڤە هەڤالێ وی ل بەحرێ دە مایە، م بەردا بال. ڕابە بیژێ هەکە نە د (٢) ماسی نە ژی، ڕابە مە هەرسێکا بکوژە. جەدحێ کچک ڕابووە سەر خوە و هەردۆ مام پیشبەر ڕابوون. گۆ: میرێ جزیرێ. گۆ: بەلێ. گۆ: ماسیەکی کەسکە. گۆ: ب سەد قورعانی ڕاستە. گۆ: بسە، ئەز جەوابا خوە ب تەمامەتی بدم، وەلا تشتێ باخویێ م گۆتی، گۆ فلان ماسیگری دایە تە. گۆ: وەلا ڕاستە. گۆ: فلان رۆژێ و فلان دەقیقێ و فلان سەعەتێ. گۆ: وەلا ڕاستە. گۆ: دێ هەڤالێ وی ماسی ئی ل وێ بەحرێ دە مابوو. باخویێ م تاووسی مەلەک، ل پیش چاڤێ م بەردا بەرۆشێ، دێ هەکە نە د (٢) ماسی نە، دیسا سەرێ مە ببرە. میرێ جزیرێ سۆند خوار، گۆ: هەکە د (٢) ماسی نە، ئو تاووسی مەلەکێ وە هەڤالێ وی بەردایە وێ بەرۆشێ. بارخان میرێ جزیرێ ژ مالا میرێ جزیرێ ژ مەتبەخ و شیلانێت شیخادی ڕە چە. ئو هەر یەکێ ژ وە ئەز سەد (١٠٠) زێڕی بدمێتێ و سێ خەلاتا ژی ل سەر ملی ژی بکم. دەرێ بەرۆشێ ڤەکرن، ژ تافیقێت خودێ ڕە، هەردۆ ماسی ل زکێ بەرۆشێ دە دچن و تێن، دەست ئاڤیتە، گۆپالێ خوە. گۆ: گەلی مەلا. گۆ: وە مالا وی مێری ل هەفت میراتا بریە، وەلا ڕاستە تاووسی مەلەکێ ئێزدیایی خورتە. گۆ: گەلی ئێزدیا. گۆ: بەلێ. گۆ: هەریەکێ ژ وە ئەزێ سەد (١٠٠) زێڕی دمیتێ و سێ (٣) خەلاتا ئەزێ ل سەر ملا کم. ئو بارخانێ ژ گەلیێ زیارەت ڕە چە. وەلا ڤە کەچا منە هەکە قیما وێ ل ڤر نایێ، بلا ئەو ژی ب وە ڕە بێ. کەچا وی گۆت: میرێ جزیرێ. گۆ: بەلێ. گۆ: مالا تە ئاڤا. گۆ: م دڤێ ئەز چمە نێڤ ملەتێ خوە، م بیریا گەلیێ زیارەت کریە. تشتێ مە ژ دەڤێ جوامێرا بهیستی، بارخانەکە کامل ژ مالا میرێ جزیرێ هاتە گەلیێ زیارەت و حسنۆ کەچا میرێ جزیرێ سیە و هەفت (٣٧) سالا بووە مەتبەخچیا گەلیێ لالشێ، ناڤێ وێ دایی حسنۆ بوو. نوهە تربا وی وێ مەعلومە ل مەزەلا ئێزدینە میردەی ڤەشارتیە و سەرێ گۆهدارا ژ مڕەی ساخ.

# دوو بەسەرهاتی کوردەواری



ڕازاوە عەبدولکەریم سلێمان

## تونی بابا



تونی بابا کەوتۆتە سەر ڕێگەی نێوان کەلارو وارماواوە، ئەڵێن: جگە لەوەی چەند ئەشکەوتێکی تیایە (٤٠) دەرگاشی هەیە. هەتاکو ئێستا هیچ کەسێک بەتەواوی نەیتوانیەوە بەناویا بگەڕێتو شارەزایی لە دەرگاکانی دا هەبێت.

ئەڵێن: لەکاتی خۆیدا دێوێکی زەبەلاحی یەک چاوی تیابووە، کەس نەیوێراوە بچێت بیکوژێت، هەرچی چووە بۆ کوشتنی نەگەڕاوەتەوە.

لە دەوروبەری شەمێرانا پاشایەک بوو، تاقە کچێکی زۆر جوانی ئەبێ. وتی: هەرکەسێ بچێت چل قاپی تونی بابام بۆ ڕزگار بکات کچەکەی خۆمی لێ مارە ئەکەم.

کوڕێکی خەڵکی دەوروبەری شێروانەش عاشقی کچی ئەم پاشایە ئەبێت. ئەمە بە هەل ئەزانێو لەتەک هاوڕێیەکی خۆیا یەن بۆ قەڵای شەمێران بۆ لای پاشا. پێی ئەڵێن، ئێمە هاتووین هەتا ئەو دێوەی تونی بابا بکوژین.

ئەڵێ : باشە، بەڵام ئەوەی بۆ کوشتنی ئەو دێوە چووە نەگەڕاوەتەوە!.

ئەڵێت: قەینا ئەچن. شیرو ڕموتیرو کەوان لەخۆیان ئەبەستنو لە دەرگا یەکیەوە خۆیان ئەکەن بەتوونی بابایا. چەند شیوو دۆڵو ئەشکەوت ئەگەڕێن، دێوەکە نابینن، شەویان بەسەردا یەت، شەکەتو ماندو هیلاک ئەبن، ئەڵێن با تۆزێ بخەوین.

یەن قاچەکانیان پێکەوە چووت ئەکەنو شانیشیان پێکەوە ئەنوسێننو ئەخەون دەمەو بەیانی دێوەکە، بەو شێوەیە ئەیانبینێت سەری سڕ ئەمێنێتو ئەڵێ:

چل دەران گەڕام دەرە بەدەرە
نەم دیوە بنیایەمی دوو سەرە

کوڕەکان لەدەنگی دێوە خەبەریان ئەبێتەوەو خێرا ڕمێک ئەکەن بەچاویاو کوێری ئەکەن، ئینجا بەشیر ئەی کوژن، دەمولچی ئەهێنن بۆ پاشا.

پاشا کچەکەی پێشکەش بە کوڕەکە ئەکات، دوای حەوت شەو حەوت ڕۆژ شایی و زەماوەند لەگەڵ چەند سوارێکی تردا ئەگەڕێنەوە بۆ قەڵای شیروانە.

## مام وسێن


لە زەمانی قەیما دزێتی زۆر باوبوە، ئەوەی دزی نەکردایە بەپیاو دانەئەنراو ژنیشیان نەئەدایە. ئەڵێن: لەدەشتی شارەزووردا. پیاوێک بوو، ناوی مام وسێن ئەبێ. دەفعەیەک مانگای ماڵێک لەماڵەکانی ئاواییەکەیانا ئەکا بەماڵی خۆیانا. بۆ ئەوەی بتوانن بەئیسراحەت بیخۆن خەبەر بۆ قەوم و قیلە ئەنێرانو ئەڵێن (مام وسێن) عەمری خوای کردوە. قەوم و خزمان هەموو لەماڵی مام وسێن خڕ ئەبنەوە. مام وسێنیش خۆی ئەشارێتەوە. مانگاکە سەر ئەبڕنو جاجمێکی پیا ئەدەنو دایەپۆشن.

هەرچی خۆی ئەکات بەماڵا تۆپەڵێ قوڕ ئەیەن بە شانیا هاتو هاوارو باوکە ڕۆ لە ئاواییا بەرز ئەبێتو. پیاوێکی شەریکە دزی قەیمی، زۆر بەکوڵ ئەگریاو بەکەس دانە ئەسەکا، لەوکاتەیا چاوی بە قاچی مانگاکە ئەکەوێت، کەلە ژێر جاجمەکەوە تۆزێکی دیار ئەبێت. ئینجا فەرق ئەکا، کە شتێک لە ئارادایە. بە سۆزو لاواندنەوەیەکی بەکولەوە ئەڵێ:

قەومە با بگرین وە لەنگەر
قاچی گاقولی کەوتووتەدەر

ئەم دوو سەرگوزشتەیەم لە باوکم وەرگرتووە، کەلە دایکبووی ساڵی ( ١٩٢٧)ـە.

# ئەلیادە و بەسەرهاتی ئەفسانەیی



پیرداود مەخمووری

لەنێو ئەدەبیاتی هەموو میللەتانی دونیاو لە هەموو چەرخ‌و زەمانێکدا داستانە شیعری ئەلیادە لە پێشەوەی هەموو داستانەکانە، ئەلیادەو ئۆدیسە دوو شاکاری شیعری یۆنانین، هی شاعیری بە نێوبانگ (هۆمیرۆس) ن، داستانە شیعر لە ئەلیادەو ئۆدیسە بەپێزترو جوانترو تراژیدیاتر نەگوتراون، چەندین چیرۆکی گەورەو بچووکیان تێدایە دژوارترین ئەو چیرۆکانەش (شەڕی تەروادە)یە.

هۆمیرۆس لە نێوان سالانی (١٠٥٠- ٨٥٠ پ. ز) ژیاوە، ئەوەی ئەلیادە لە داستانەکانی پێش خۆی جیادەکاتەوە ئەوەیە، هەموو چیرۆکەکانی ئەلیادە بەدوای یەکدادێن‌و بێ پچڕانەوەن.

کێشەی گەورەی نێوان ئەدیبان‌و مێژوونووسانی ئەدەبی ئەوەیە، ئایا هۆمێرۆس خاوەنی ڕاستەقینەی داستانە شیعریەکەیە، یاخود ئەو وەکو شاعیرێکی گەڕۆک ئەزبەری کردوەو بڵاویکردۆتەوە؟ چونکە خەڵکی لەوە دەپرسن دەبێ ڕووداوی ناو داستانەکە هی چ سەردەمێکبن، هەندێکیش وازەن دەبەن کە چیرۆکەکان هی سالانی (١١٠٠ پ. ز) بن.

بیزایستراتۆس

داستانە شیعری ئەلیادەی هۆمیرۆس کەسێک بەناوی (بیزایستراتۆس) کۆیکردۆتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ چەرخی دووەمی ئەدەبی یۆنانی کە تاکو سالانی (٦٠٠) پ. ز دەخایەنێ، هۆمیرۆس لە داستانە شیعری ئەلیادەدا سوودی لە شیعری شاعیرانی پێش خۆی وەرگرتووە، چونکە کامڵی‌و داهێنانی داستانە شیعریەکە لە پڕێکدا پەیدا نەبووە، بەر لە ئەلیادە چەندین داستانی کورت کورت هەبوونە، بەڵام کاریگەریان هەندەی ئەلیادە نەبووەو هەندی ویش بە زیندوویی نەماونەتەوە.

گرنگترین بازنەی داستانەکە باس لە شەڕی تەروادەو سێوە زێڕینەکەی پاریس‌و هێلین‌و رفاندنی‌و هێنانی هێزی یۆنانی بۆ تەروادەو نۆ ساڵ شەڕی گەورەی ئەو شوێنە دەکات، داستانەکەی تەروادە لە تووڕە بوونی ئەخێلەوە دەستپێدەکات‌و بە مردنی هیکتۆر کۆتایی دێت، هەرچەندە شەڕی نۆ ساڵەی تەروادە کۆتایی دێت، بەڵام داستانە شیعریەکە تەواو نابێ، چونکە داستانی دیکەی بەدوادا دێت.

داستانی ئەلیادە بەمجۆرە دەستپێدەکات، تیتیس خوداوەندی دەریاکان شوو بە پیلۆس پاشای تیسالیا دەکات، سەرجەم خوداوەندەکان ئامادەی گواستنەوەکە دەبن، لە ئاهەنگەکەدا خوداوەندی شەڕو جەنگو تێکدان سێوی زێڕینی پێشکەشکردو ئاگاداری کردنەوە کە سێوەکە دەبێتە هی جوانترین ئافرەتی ئامادە بوو، لێرەدا هەریەک لە (ڤینۆس و مینیریاو یۆنۆ) کێبڕکێیان دەکرد لەسەر سێوە زێڕینەکە.

خوداوەنەکان هەوڵیاندا لەم هەڵبژاردنەدا دووربکەونەوەو بێ لایەن بن (پاریس)ی کوڕی پاشای تەروادەیان کردە دادوەر، ڤینۆس جوانترین کچی یۆنانی بە پاریس ناساند

ئەویش سێوی زێڕی دایە ڤینۆس، ڤینۆس داوای لە پاریس کرد بچێتە وڵاتی یۆنان و هێلینی کچی جۆبیتیر ولیدا و ژنی منیلاوس پاشای ئەسپارتە هەڵبگرێت.

پاریس هەلی دیارنەبوونی منیلاوسی قۆستەوەو (هێلینی) ئیغراکردو فراندی، کە منیلاوس گەڕاوەو هەواڵەکەی زانی، دین و هاربوو، سوپایەکی گەورەی بە سەرۆکایەتی (ئەجامەمنوونی) برای و (ئەخیلی) پاڵەوانی پێکەوەنا، گریکەکان گەمارۆیان سەپاند و شەڕیانکرد، وارێککەوت دوو کچ بەدیل کەوتنە دەست سوپای گریکەوە، یەکێکیان درا بە (ئەجامەمنون)و ئەویدیکەش درایە (ئەخێل).

لە ئەلیادەدا باس لەو پەنجا رۆژەی کۆتایی نۆ ساڵەکە دەکرێت، کاهینێکی پەرستگای ئەپۆلۆ کە کچەکەی کەوتبووە دەست سوپای گریکەکان و پێشکەش بە ئەجامەمنون کرا بوو، هەوڵی دا کە کچەکەی خۆی رزگاربکات، ئەجامەمنون بە ناشیرینتر شێوە پێشوازی لێکرد، کاهێنەکە لە ئەپۆلۆ پاڕایەوەو داوای لێکرد کە دەردو بەڵایەکی گەورە بەسەر ئەو سوپایەدا بێنی، گریکەکان لە نزا و پاڕانەوەی کاهینەکە ترسان نەبادا دەردێکیان بەسەر بێنێ، بۆیە داوایان لە ئەجامەمنون کرد کە کچەکەیان بۆ بگێڕێتەوە.

ئەجامەمنون بەو مەرجە رازی دەبێت کە کچی کاهینەکە ئازاد بکات، ئەگەر ئەو کچەی کەوا پێشکەش بە ئەخێل کراوە بیدەن بە ئەو، لێرەدا ئەخێل تووڕە دەبێ و دەڵێ ئەگەر ئەو کچەی لێبسترێنێتە ئەوا لە مەیدانی شەڕ دەکشێتەوە، ئەجامەمنون گوێ بەو قسەی ئەخێل نادات، ئەخێل بڕیاردەدات کە بگەڕێتەوە چادرگەکەی لە سەربازگەو دەڵێ: ئەگەر هەموو گریک کۆربێتەوە پارمەتیان نادات.

ئەجامەمنون لەگەڵ سەرکردەکانی سوپاکەی کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامداو گەیشتنە ئەو رایەی کە نابی بگەڕێنەوە وڵاتەکەیان بەبێ ئەوەی سەرکەوتن بەدەست بێنن، چونکە گەڕانەوە بەبێ دەستکەوت شەرمەزاریە بۆ یۆنانییەکان، بریاری هێرشێکی گەورەیاندا، تەروادییەکان بەم هێرشە دەزانن، خۆیان ئامادە دەکەن و هیکتۆر هێزێکی تازە پێکدێنێ، پاریس و ئینیاس دەکات سەرکردە بۆ رووبەرووبوونەوەی گریکەکان.

منیلاویس چاوی بە پاریس دەکەوێت و بڕیاردەدات کە تۆڵەی ئەوەی لێبکاتەوە کە چەند ساڵێک پێش ئێستا هێلینی ژنی رفاندوە، پاریس هەوڵدەدات کە لە منیلاوس دووربکەوێتەوە، لەنێو ئاپۆرەی جەنگاوەرەکانی خۆی حەشار دەدات، هیکتۆر گلەیی لێ دەکات و دەڵێ خۆزگە بمردبای و بەمجۆرەم نەدیتبای، لەبەر هەندێ پاریس خۆی بۆ بەرامبەر بوونەوەی منیلاوس ئامادە دەکات و دەڵێ: دەبێ هێلین بۆ جەنگاوەری سەرکەوتوو بێت، هیکتۆر رازی دەبێ، گریکەکان بەو مەرجە رازی دەبن، بەڵام دەبێ هێلین لەلای بریاموس بێت و ئەو جێبەجێ کاری مەرجەکە بێت.

هێلین لە تەنیشت بریاموس دادەنیشێ، پاریس و منیلاوس لە گۆڕەپان بەیەکگەیشتن، زۆری نەمابوو منیلاوس بە شمشێرێک پاریس تێکبشکێنێ، خوداوەندی جوانی ڤینۆس دەگاتە هانایو پاریس بۆ کۆشکی تەروادە دەرفێنێ، ڤینۆس لەسەر شێوەی ئافرەتێکی جادووگەر دەگەڕێتەوە لای هێلین و پێی دەڵێ کە پاریس لە کۆشک چاوەڕێی دەکات، سەرەتا هێلین رازی نابێ، بەڵام ڤینۆس بەهەر شێوەیەک بێت قەناعەتی پێدەکات و رازی دەبێت کە بگەڕێتەوە کوشک بۆ لای پاریس.

منیلاوس هەوڵدەدات کە دوژمنەکەی ببینێ، ئەجامەمنون هات و گوتی، مادام منیلاوس بەسەر پاریسدا سەرکەوت دەبێ هێلین بگەڕێتەوە لای، لەناکاو خوداوەندی شەڕ (مینیرڤا) بە جلی جەنگاوەرێک دەردەکەوێت و سەربازێکی تەروادیەکان هاندەدات کە بەتیرێک منیلاوس بشکێنێ، بەم کردارە ئەجامەمنون دین و هار دەبێت، بڕیاردەدات کە هێرش بکرێتە سەر تەروادیەکان، شەڕێکی گەورە روویدا، خوێن وەکو جۆگەلە دەڕۆیشت.

هیکتۆر و هاوڕێیانی بڕیاریاندا کە بگەڕێنەوە کۆشکی تەروادەو داوای لە ژنانی تەروادە کرد کە قوربانی پێشکەش بە خوداوەند مینیرڤا بکەن، هیکتۆر هەوڵی دا پاریس بدۆزێتەوە، پاریس گەڕابۆوە لای هێلین، هیکتۆر داوای لە پاریس کرد کە بگەڕێتەوە بۆ مەیدانی جەنگ، چونکە ئەو هۆکاری ئەو شەڕەیە، هیکتۆر پاریسی بە پیاوێکی ترسنۆک زانی، لەبەر هەندێ گەڕایەوە لای ژن و منداڵەکەی و ماچی کردن و گەڕایەوە مەیدانی جەنگ.

چیرۆکی گەڕانەوەی هیکتۆر بۆ لای ژن و منداڵەکەی زۆر کاریگەر بوو، چونکە دەیزانی کە جارێکی دیکە نایانبینێتەوە، ژنەکەی هەوڵیدا، کە نەگەڕێتەوە مەیدانی شەڕ، چونکە پاش نەمانی هیکتۆر کەسێک نەماوە ساخبێریان بکات، کەسوکاری نەماون، هیکتۆر زۆر بە نەرم و نیانییەوە توانی قەناعەت بە ژنەکەی بێنێ و بگەڕێتەوە مەیدانی جەنگ، ئەو بەشەرمەزاریی دەزانێ کە مەیدان چۆل بکات کوڕانی وڵاتەکەی بێ سەرکردە بجەنگێن، نابی ترسنۆک بێت و لە مەیدان نەبێت، ژن و منداڵەکەی ماچ دەکات و دەگەڕێتەوە شەرگە، پاریس کە هیکتۆر دەبینێ ئەویش دێتەوە

مەیدان، تەروادیەکان کە هەردوو سەرکردە دەبینن زۆر دلخۆش دەبن و بە پاڕانەوە و هاندان چەپڵەڕێزانیان دەکەن.

هیکتۆر هاتەوە مەیدان و لەگەڵ ئەجاکس مەیدانیان لێکدی خواست تاکو خۆرئاوابوون لێکیان دا، بڕیاریاندا شەڕ بوەستێنن و بەیانی دەست پێبکەنەوە، مەلیکی تەرواده بڕیاریدا کە شەڕ بوەستێ بۆ ئەوەی هەردوولا مردوەکانیان بنێژن و بریندارەکانیان چارە بکەن.

ئەجامەمنوون کۆبوونەوەی بە سەکردەکانی کرد، داوای لێبووردنی لە ئەخێل کردو ئەیاکس و ئۆلیسوسی ڕەوانەی لای ئەخێل کرد بۆ ئەوەی قەناعەتی پێبکەن و بگەڕێتەوە بۆ مەیدان و شەڕش بکات، هەروەها گفتی ئەوەشی دایێ کە یەکێک لە کچەکانی خۆی پێشکەش بکات، ئەخێل رازی نابێ بگەڕێتەوە مەیدان.

ئەجامەمنون و سەرکردەکانی (منیلاوس، نەستوور، ئۆلیسوس، دیومیدیس) بڕیاریاندا کە کەسێک بەدزی ڕەوانەی ناو سەربازگەی تەرواده بکەن، ئۆلیسوس و دیومیدیس بەدزییەوە چوونە ناو سەربازگەی تەروادیەکان و چەند ئەسپێکیشیان لێ دزین و گەڕانەوە، بەیانی کە شەڕ دەستی پێکردەوە ئەجامەمنون بریندار دەکرێت، هیکتۆر بەردەوام دەبێت لە هێرش کردندا، گریکەکان دەگەڕێنەوە سەربازگەکانیان.

ڕۆژی پاشتر ئەیاکس گورزێک لە هیکتۆر دەدات و دەیخاتە سەر زەوی، هەوڵیدا بەدیل بیگرێ، تەروادەییەکان ڕزگاریانکرد، تەروادەییەکان بەبێ سەرۆک مانەوە، حاڵیان شپرزە بوو، پاشەکشێیان کرد بۆ کۆشک، جۆبیتێری گەورە خوداوەند، ئەپۆلۆی خوداوەندی ڕەوانە کرد بۆ ئەوەی چارەسەری هیکتۆر بکات.

بیترۆکلیس هاتە لای ئەخێل بۆ ئەوەی قەناعەتی پێبکات تاکو بگەڕێتەوە مەیدان، بەڵام بێسوود بوو، ئەخێل گوێی لێ ڕانەگرت، بیترۆکلیس داوای لە ئەخێل کرد کە جلوبەرگ و خودەو کەرەستەی جەنگی خۆی بداتێ تاکو شەڕ بکات، ئەخێل جلوبەرگەکانی خۆی دایێ، بیترۆکلیس هاتە مەیدان و جلی ئەخێلی لەبەرابوو، خوودە پۆڵایینیەکەی لەسەر دانا تەروادەییەکان ترسان، بیترۆکلیس هێرشی کردە سەر هیکتۆر، زۆری هیلاککرد، ساربیدۆن ڕێگەی لێگرت، بیترۆکلیس ئەوی لە زەویدا، دووبارە گەڕایەوە لای هیکتۆر، خوداوەند ئەپۆلۆ خوودەکەی لەسەری بیترۆکلیس فڕێدا، بە دیارکەوت کە ئەوە ئەخێل نییە و بیترۆکلیسە تەروادەییەکان چوونە سەری و زۆر بە سەختی برینداریان کرد.

بیترۆکلیس کوژرا، هەواڵەکە گەیشتە لای ئەخێل، ئەخێل زۆر دڵتەنگ بوو، بۆی گریا، هەر بەگریانەوە هاواری کردو گوتی دەبێ تۆڵەی بیترۆکلیسی هاوڕێی بکاتەوە.

ئەجامەمنون داوەتێکی خوانی بۆ سەرکردەکانی کرد، بانگهێشتی ئەخێلی کرد، ئەخێل ڕازی نەبوو خواردن بخوات هەتاکو تۆڵەی بیترۆکلیسی نەکاتەوە، بەشەو جلێکی شەڕیان بۆ ئەخێل هێنا، ئەخێل سواری ئەسپەکەی دەبێت لە مەیدان هاوار دەکات، بانیاس بۆی دەچێت، ئەخێل بەرمێک لە زەوی دەدات، جارێکی دی هیکتۆر بۆ دەردەچێت لە مەیدان بەیەک دەگەن، ئەگەر خوداوەندەکان بە هانای هیکتۆرەوە نەگەیشتبان ئەخێل بەیەک گورز دەیخست، تەروادەییەکان پاشەکشێیان کرد هەتاکو رووباری (ئەکسانتۆرس) ئەخێل زۆری پێکردن و دوازده یەخسیری لێ گرتن، دیلەکان دەپاڕانەوە کە نەیانکوژێ.

ئەخێل، هکتۆری لە دەرگای کۆشک بینی، هەوڵیدا بیگاتێ، هیکتۆر کە چاوی بە ئەخێل کەوت زۆر ترسا، ئەخێل ئاگر لە چاوانی دەبارەی، هیکتۆر خۆی لە کۆشک پەستایەوەو دەرگای داخستەوە.

خوداوەند ئەپۆلۆ لەسەر شێوەی برایەکی هیکتۆر هاتەپێش و داوای لێکرد کە یارمەتی بدات، هیکتۆر گەڕایەوە مەیدان و لەگەڵ ئەخێل تێکگیران، ئەخێل گوتی دەبێ بتکەمە خۆراکی سەوگورگان، هیکتۆری زۆر بە سەختی بریندارکرد، دەستەکانی بەستن و لەدوای گالیسکەکەی خۆی ڕایکێشا تاکو گەیاندیە لای لاشەی بیترۆکلیس، ئەخێل بڕیاریدا کە دوازده دیلەکە ئاگرتێبەردەن و، لاشەی هیکتۆریش فڕێ بدرێتە بەردەم سەگەکانی.

بریامۆسی باوک دێتە لای ئەخێل و داوای لێکرد کە لاشەکەی هیکتۆری بداتەوە، ئەخێل دڵی نەرم بوو، داواکەی قەبووڵکرد، بریامۆس لاشەی هیکتۆر بۆ تەرواده دەگەڕێنێتەوە، دایک و خوشک و ژن و ئافرەتانی تەرواده بە گریانەوە پێشوازی لە تەرمی هیکتۆردەکەن، بە مردنی هیکتۆر ئەلیادە تەواو دەبێت.

ئەدیب و نووسەران و مێژوونووسانی دنیا سوودیان لە هەردوو شاکاری هۆمیرۆس وەرگرتووە، بەڵام ئەدیبانی کورد بە تایبەتی تەنیا گوێبیستی ناونیشانی ئەو شاکارەن زۆربەیان ئاگاداری بەسەرهاتەکە نین.

سەرچاوە:

(*) معجم الفولكلور، الدكتور عبدالحميد يونس/ الهيئه المصريه العامه للكتاب ٢٠٠٩.

# وەنەوشەو بەڕەزا

*دوو عێلە کوردی ناوداری گەورە لە کوردستان گەرمیان و کوێستان دەکەن، خەریکی بەخێوکردنی مەڕومالات دەبن. یەکێ لەو عێلانە عێلی حامورشاو ئەوکەیان لەعێلەکانی جاف دەبێ.*
*جگە لە سەرەک عێل چەند پیاوە ماقول هەبوو، کەوا راوێژیان پێدەکراو قسەیان لێوەردەگیرا. کچ و کوڕی شۆخ وشەنگی ئەو عێلانەش خاوەن ئەخلاقێکی گەورەو رەوشت بەرز بوون.*

١. لە عێلی ((حامورشا)) کچێکی بەناوبانگو ئازایان هەبوو بەناوی ((وەنەوش))ـەوە ناسراوو دیار بوو.
٢. کوڕە بالا بەرزو بەشەرەفی عێلی ((جاف)) کەلەبەر چاو بوو لەناو خەڵکیدا دیار بوو بەناوی ((بەڕەزا))وە ناسرابوو.
بەڕێکەوت ساڵێک لە ساڵان ئەم دوو عێلە لەکاتی گەرمیانو کوێستان کردندا لەیەک نزیک دەبنەوە.
کوڕانی (عێل)کاریان هەر شوانیو بەرخەوانی بووە. رۆژێک ((بەڕەزا)) لەلای ڕان بەرەو دەوارەکان دەگەڕێتەوە، لە ڕێگەیدا کانییەکی بچووک دەبێت. دەیەوێت لەسەر ئەو کانیە دەموچاوی بشواو ئاوبخواتەوە لا ئەدا بۆ سەر کانیەکە، دەبینێ کچێکی زۆر جوان لەسەر ئەو کانیە دانیشتووە. هەر کە دەیبینێ حەزی لێدەکاتو عەشقێکی خودایی دەچێتە دڵیەوە.
بەدەستووری کوردەواری سڵاو لە کچە دەکاتو ((وەنەوش)) بەشەرمەوە وەڵامی دەداتەوە.. ((بەڕەزا)) لەبەر خۆیەوە، ئاه. کە چەند جوانە خوایە چۆن بیدوێنم.
((وەنەوش)) بەشەرمەوە چاوە گەشەکانی بەرز دەکاتەوەو هەناسەیەک هەڵدەکێشێ، وەڵامی سەلامەکەی دەداتەوەو کەمێ بەرز دەبێتەوە بۆ ڕێزگرتن لە کوڕە کە نایناسێ.
دەیەوێت بڕوات. بە ڕەزا ئەڵێ:
کەنیشکە جوانەی باڵا وەک چنار
حەز ناکەم بڕۆی نەمێنی لەدیار
پێمخۆشە بزانم تۆ لەکام عێلی
ئاوا بەتەنها لەم کەژە، وێڵی


یاسین سەعید سەرچناری

وەنەوش:
کەنیشک حامورشام بۆ ناو ڕان ئەچم
شوان چاوەڕێمە مێگەل ئەدۆشم
تۆ لەکوێوە دێیت دیارە هیلاکی
وەقسەتا دیارە گەنجێکی پاکی.
لە کەژۆ هاتوی یان هی ئەو عێلی
ئاوا بەتەنها دێوانەو وێڵی
دەکەونە قسە کردنو بەتەواوی باسی عشقی خۆیان بەیان دەکەن. پاش ماوەیەکی کەم لەیەک جیا دەبنەوە. هەروەها بەمشێوەیە ماوەیەکی زۆر یەکتر دەبینن و عەشقێکی زۆر بەتینو پاک لەبەینیاندا دروستدەبێ. لەبێبەختی ئەم عاشقە ((عێل)) باردەکاو هەریەکە بەلایەکدا دەڕۆن.
عێلی ((بەڕەزا)) بەرەو گەرمیانو لە چەند گوندێکا جێنشین دەبن.
عێلی ((وەنەوش)) بۆ کوێستانو بۆ بەخێوکردنی مەڕومالات.
ماوەیەکی زۆر چەند ساڵێک لە یەک دوور دەکەونەوە ((بەڕەزا)) ئاگری خۆشەویستی هەڵیدەگرێو هەرچەند کەسوکارو ماڵی باوکی تیایدا دەپاڕێنەوە سودی نابێت دەڕوات بۆ گەڕان بەدوای هەوراگەی خۆشەویستەکەیدا چەند شەوو ڕۆژ دەڕوات ئەم شاخو ئەو شاخ هیلاکو ماندو بەدوای عێلی ((حامورشا)) دا دەگەڕێ.
لەناکاو تووشی شوانێک دەبێتو پرسیاری لێدەکات. شوانە ئەڵێ: بەخوا برا زۆر دوورن ئەبێ جوتێ کاڵەی ئاسن لە پێبکەی هەرکات زانیت وا بینیت کاڵەکانت کون بون ئەوا ئەیاندۆزیتەوە بە عەقڵی شوانەکە یەعنی جێگاکەیان زۆر دوورە.

((بەرەزا))ی نەگبەت چەند شەوو رۆژێک بەم هەردوو کێوانەدا ئەرِوات، تووشی شوانێکی تر دەبێت، پرسیاری لێدەکات شوانە ئەڵێ: ئەو عێلە دەبینی ها لە سەر ئەو کانیو ئاوە. ئەوە عێلی (حامورشا)یە شوانە زۆر بە زەیی بە ((بەرەزا)دا دێتەوە هەندێ نانو خواردنی ئەداتێ بەرێی دەکا، کە دەگاتە لای دەوارەکان تووشی منداڵێ دەبێو پرسیاری لێدەکاو دەڵێ: کاکە بچکۆل بم وەسیاقەت چەند پرسیارم هەیە وەلامم ئەدەیتەوە منداڵ ئەڵێ بەڵێ بەرەزا ئەڵێ:

ئەو ماڵە گەورەی تێلا پاڵوپشت

هەڵ چنریاوە دەستور حاکمان گشت

ئەوە ماڵە کێیە!؟ ئەڵێ: ماڵی باوکی ((وەنەوشە))

ئەڵێ: ئەو ماڵە گەورەی وا هەڵ دریاوە

وەبان چەترەوە پەیوەست کریاوە

ماڵی کێیە؟ ئەڵێ: ماڵی باوکی وەنەوشە

ئەڵێ: ئەو ماڵە گەورەی ناوەندی ماڵان

ئەوەتە لەناویا خانمو خەزاڵان

ئەوە ماڵی کێیە؟ ئەڵێ: ماڵی باوکی وەنەوشەو جێگای حامورشا خۆیەتی!

بەرەزا ئەڵێ:

ئەم چادرە گەورەی ئەمەتا لە پاڵم

رازاوەتەوە وەک ماڵی حاکم

ئەوە ماڵی کێیە؟

ئەڵێ ئەوە جێگای خزمەتکارانی ((وەنەوشە)).

بەرەزا ئەڵێ:

دەوارە گەورەی سەد نەوع ئەنوێنێ

زوو شەیدای ئەوێ هەرکەس بیوینێ

بۆنی گوڵاوی وا دێت بەسەرما

رۆحو زیندەگی کردەوە بەرما

ئەوە ماڵی کێیە؟

منداڵ ئەڵێ ئەوە دەواری ((وەنەوشە)) بەتەنها خۆی لێیدائەنیشێ.

بەرەزا: یەکسەر دەرِوات، کەبۆی روونەدەبێتەوە ماڵی وەنەوشە ئەچێت لەدیوی دەرەوە پاڵ ئەدا بەدەوارەکەوەو ئەڵێ:

پاڵم دا وە پاڵ گەورە ماڵەوە

خاوەن ماڵەکەی ها لە ماڵەوە

دەروون گرتی تاو..

رەحمەت لەوکەسەی بێنێ تۆزێ ئاو

((وەنەوش))، کە گوێی لەم دەنگە دەبێت بەلایەوە غەریب نابێت. هەڵدەستێ دێتە دەرەوە سەیر ئەکا کابرایەکی چڵکنو ریش هاتوو بەجلوبەرگێکی دراوەوە. دانیشتووە نایناسێ: بەڵام بەرەزا ئەو ئەناسێتەوە لەخۆشیاندا خەریکە باڵبگرێ.

وەنەوش: میوان ئاو ئەخۆی یان ئاوو دۆ

بەرەزا: کەنیشکە دۆ دەم وشکە، کەمێ ئاو بێرە.

وەنەوش هەڵساوە پەنجەی شمشاڵ وەک مینای بێگەرد

ئاوی دایە دەم بەرەزای رەنگ زەرد

وەنەوش شک ئەکاو ئەڵێ:

سوێندێکت ئەدەم وە پاشای جەبار

تۆ لەکوێوە دێیت، هۆ خاڵۆی رێبوار

بەرەزا:

ئەو خوا گەورەی ئێمەی کرد جیا

ئەگەر تۆی وەنەوش منیش بەرەزا

وەنەوش ئەڵێ:

کیژە کوردێکی بێ خەوشم

زۆر دەمێکە چاوەرِێتم

کە تۆ بەرەزا بی!!

منیش وەنەوشم.

ئیتر جارێکی کە بەیەک شاد دەبنەوەو پەیمان تازە دەکەنەوە.

بەرەزا:

چەند سەحرام بری کەوتم وەکۆدا

زۆر عەزابم چەشت من وە دوای تۆدا

فرمێسکم زۆر رِشت بەوا وەیلاوە

زۆر غەریبیم دی بەدوای لەیلاوە

ئاخری خواوەند رەحمی پێ کردم

تاوە باڵاکەی تۆ شادی کردم

ئەوەنە گەراوم هیلاکو بێ هێز

هەموو کوردوستان تا شاری تەورێز

ئەوەندە گەراوم هێزم نەماوە

بومە کۆترەکەی دەم دوور لە ئاوە

ئەوەنە گەراوم عمرم کۆتایە

گەرانەکەی من وەدوای تۆدایە

ئەگەر تۆ نەبی لە گەرِیانم چی

لە دورِ کەوتن ماڵ باوانم چی

عێلو عەشرەتم گشت وەلا ناوە

تەنها خەیاڵی تۆم ها وەلاوە

هەر بۆ تۆ ئەژیم هەر بۆ تۆ ئەمرم

رۆژی قیامەت دامێنت دەگرم

ئەگەر خواوەند بدات مرادم

ئەنا تا رۆژی مەحشەر ناشادم

وەنەوش دەست دەکا بەقسەو ئەڵێ:

دڵنیام وایە خاترت جەم بێ
لە منەوەیە شت ئەبێ کەرەم بێ
منیش بەرگی غەم ئەوەتا لەبەرم
من وەکو تۆ نیم، من دەست بەسەرم
ناتوانم دەردی دڵی خۆم بێژم
داخۆ ناسۆری تۆ هەڵ برێژم
خەمو پەژارەو خەفەتە بەشم
بەختی خۆم وایە خۆم چارە ڕەشم
با ئیتر لەیەک جیا نەبینەوە
چون جارێکی تر یەک ناگرینەوە

بەرەزا:

من لێرە ڕازیم وە خزمەت کاری
با باوکت کارێ بۆمن کا دیاری

وەنەوش:

ئەچێتە دیوەخانەکەی باوکی سەیر دەکا بە تەنها دانیشتوە کەدەبینێ ((وەنەوش)) چوو بۆ لای زۆری پێ خۆش ئەبێو ئەڵێ یاخوا بەخێر بێیت کچی خۆشەویستم بێ دانیشە.

وەنەوش: خۆی بۆ ناگیرێ تا باوکی سوئالو جوابی لە گەڵ دا بکات یەکسەر وتی: باوکە کاورایەک هاتە بۆ شوانی ئەگەرێ فەقیرە بۆ نایکەی وەشوان.

حامورشا: پیاوێ چۆنە خەڵکی کوێ یە لە کام لا هاتوە.

وەنەوش: لەبەر ئەوەی لە دڵی خۆیدا شیرینەو زۆر بەجوانی باسی دەکات. باوکی دەزانێ وەنەوش کاری پێیەتی وتی ناوی چیە؟

وەنەوش: وتی ناوی (بەرەزایە) باوکی یەژێ. بچۆ پێی بێژە؟

ئەگەر بەرەزا ناگرێ بەهانە
گۆچان هەڵگرێ زۆر مەردانە
بوێ وە شوانی ئەو ڕانمانە
ماوەی ٧ ساڵم من بۆ داناوە
بوێ وە هاوسەر ئەو چاوە جوانە

(( وەنەوش)) لە خۆشیاندا یەکسەر هەستاو هەر بیری نەبو خوا حافیزی لە باوکی بکا گەڕایەوە لای بەرەزا.

(( وەنەوش)) زۆر بە پرتاو هاتەوە ناو دەوارەکەو بە (( بەرەزا))ی وت مژدەم بدەرێ باوکم ڕازیە بتکا بەشوان دوای حەوت ساڵ شوانی ڕازیە من بدات بەتۆ.

((بەرەزا)) بەمجۆرە وەڵامی دەداتەوە :

هەی کیژە کوردەکەی ناو تەیمانەکەم
هەی لە جیاتی شەرتە شوانەکەم
لە جیاتی حەوت ساڵ حەفتا ساڵ کەمە
بەشەرتێ باوکت پێم نەکا گەمە
خوایە مرازی گشت کەس وەک من بەی
دوای ئەو عەتایە وە لەیلی شاد کەی



نەک شوانی مێگەل من خزمەت کارم
بەس نیە شادم وە مەیلی یارم
من لە ئەمڕۆ وە ئەچم بۆلای ڕان
خزمەتیان ئەکەم لە کەژو کێوان
وەنەوش تۆش ئەوان وە من بسپێری
بەیانیان زوو بێی تۆ بۆ بەر بێری
شەرتی پیاوی مەرد من دڵسۆزتان بم
جێی ڕەزامەندی گەلو هۆزتان بم
پیاوەتی باوکت قەت نەکەم لە یاد
بەڵکو هەردوکمان بگەین وە مراد

((بەڕەزا)) هەر لەو ئێوارەوە ئەچێتە لای ڕان لەو کەژو کێوە، ماوەیەکی زۆر بەدڵ خۆشی شوانی خۆی ئەکاو ((وەنەوش)) ڕۆژانە ئەچێ بۆ لای بۆ مەڕ دۆشین بەیەک شاد دەبن.

لای ماڵی باوکی ((وەنەوش)) هەر ڕۆژە دەستەیەک پیاو دەچن بۆ خوازبێنی ((وەنەوش))، بەڵام ((وەنەوش)) شوو بەکەس ناکاتو باوکی هەر ئەڵێ وەعدم داوە بە ((ڕەزا)) وەختەکە کەم ئەبێتەوە چەند مانگێکی ئەمێنێ.

ڕۆژ بەڕۆژو ساڵ بە ساڵ مەڕوماڵاتی ماڵی ((وەنەوش)) لە قەڵەویو زیاد بوندان زۆر بە دڵسۆزییەوە خزمەت ئەکرێن. دوو سێ ئەوەندەی جاران زیادیان کردوە هەموو عێل بەلایانەوە سەیرە. دوو برا بەناوی (شاکە) و (مەنسورخان)، کەهەر لەو عێلە بوونو ئامۆزای باوکی ((وەنەوش)) بوونو دێن بۆ خوازبێنی ((وەنەوش)) ئەمانە. کوڕە هەڵکەوتووی عێل بوون و خۆیان بەشت دەزانی ماوەی یەک مانگ لە ماڵی (حامورشا) دادەنیشن هیچ قسە ناکەن هەموو ڕۆژێک خواردنو خزمەتی چاک دەکرێن. لەدوای یەک مانگ ئەڵێن جەنابی ((حامورشا)) ئێمە وا یەک مانگە هاین لەماڵی تۆ بۆچی نەگفتێکەو نەگو؟

((حامورشا)):

ئەگەر خانە خوێ لەمیوان بپرسێ
ئەڵێن ئەو کابرایە لەنان ئەترسێ
خۆتان ئەزانن عادەت وەهایە
ئەبێ دیاری کەن چیتان داوایە

منسورخان:

گوڵێ لە باخت کەرەم کە پێ مان
حەساو گەورەیت بفەرموو پێمان
دەستی تارێکی مەخەرە ڕێمان
هەرچی ئەفەرموی بیسێنە لێمان
شاکە ئامۆزاتە خاکی بەر پێتە
تۆچی بفەرموی سەرمان لەڕێتە
نابێ وەنەوشی جوانو بەڵەک چاو
بیدەی وەکەسێ بێ ئەسڵو بێ ناو
چۆن ئەبێ شوانێ بێ وە زاوامان
لەناو عەشرەتا بزرێنی ناومان
عێلو عەشرەتمان سەریان سوڕماوە
ئاخر چۆن وەنەوش ئەدەی بەو پیاوە
شەرتە وەشەرتی خوا بیکوژین
لەو کەژو کێفە خوێنی بڕژین
وە گەر پیاوەتی لامان نەما بێ
ئەگینا ((وەنەوش)) بۆ ئەو هەر نابێ
((وەنەوش)) خاوەنی ٤٠ ئامۆزایە
ئەمکارە ئەیکەی توخوا ڕەوایە
داینێ بۆ ئێمە تۆ هەقت نەوێ
ئەو لەدەست ئێمە قوتاری ناوێ
پیسی نەگبەتی شوانی گێژو وێژ
ئەبێ لاشەکەی بێ وە خۆڵەمێش
لەت لەتی ئەکەم جا ئەیسوتێنم
هەر بەم زوانە خوێنی ئەڕژێنم
ئەبێ زاوایی ئەو لەناو گڵ بێ
نەک بێ وە گەورەو سکڵ سەد دڵ بێ

باوکی وەنەوش زۆر ئەپارێتەوە ئەڵێ تازە وەعدم داوە، کچەکە ڕازیە حەیام مەبە حەوت ساڵە ئەم کوڕە شوانی منە شتی وا مەکەن وەخوا هەر داومەو براوەتەوە.

شاکەو منسورخان. بەتوڕەییەوە هەڵدەسنو دەڕۆن. لەڕێگا توشی پیرەژنێک دەبن لێیان ئەپرسێ بۆ وا شێواون چی قەوماوە توخوا بێژن با بزانم.

ئەوانیش هەر بەدەم ڕۆیشتنەوە ئەڵێن شتێک ڕویداوە. ئاخر چۆن ئەبێ وەنەوش بدرێ وە پیاوی بێگانە؟

پیرەژن. ئەڵێ: ئەوە عاسانە بۆ قسە ناکەن ئەوە دابنێن بۆ من. ئەڵێن هەرچی تۆ بتەوێ ئێمە ئەتدەینێ هەر بە شەرتێ بچی لەو کەژە دەرمان خواردی بکەی. با ئێمەش دڵ حامورشامان لێ نەیەشێ (وەنەوش)مان لەدەست نەچێ لەناو قەومان عەیبدار نەوین.

پیرەژن ئەڵێ: بەکێشانەی وەزنی خۆم خوریم بدەنێ من دەرمانخواردی ئەکەمو نایەڵم کەس بزانێ. ئەوانیش ڕازی دەبن.

دوای هەفتەیەک پیرەژن خۆی سازدەدات دەڕوات بۆ



ئەو کەژە بۆلای بەڕەزا.
بەڕەزا کەلە دورەوە ئەیبینێ وا پیرەژنێک هات بەرەو لای ئەو دڵی دەخورپێ. ئەڵێ خوایە شتێ نەقەومابێ وەنەوش نەخۆش نەبێ ئەم پیرەژنە چییە واهات بۆ لای من زۆر دەترسێ. بەرەو پیرەژن دەڕوات هەر لە دورەوە پرەژن دەڵێ:
عەمرت نەمێنێ ڕەزای بێ وجوو
لە ڕەنجی حەوت ساڵ حەوت ڕۆژت مابوو
هیچ حساوی پیاو بۆ تۆ نەکرا بوو
لە ماڵ حامورشا وەنەوش کردی شوو
بەڕەزا هیچ پرسیاری لێ ناکا وەک شیشیی سورەوەکراو بکەن بە جەرگی دا یەکسەر پەلاماری پیرەژن ئەدات نایەڵێ هیچ قسەی کە بکات هەڵی دەگرێ بەرزی دەکاتەوە ئەیدات بەقەد شاخێکداو هەر لە ئاسمان ڕۆحی تیا نامێنێ هەلا هەلای دەکات هەر وەک شێت ئاگای لەخۆی نامێنێ کە باسیی لە شوکردنی وەنەوش ئەبیستێ.
دوای ئەوەی پیرەژن ئەکوژێ زۆر ئەترسێ لەوەنەوش دوربکەوێتەوەو ئەم پیرەژنە پیسە کارێکی خراپی بۆ دروستبکا، ئەو ڕۆژە هەتا سبەی بەیانی زۆر نیگەران ئەبێت. بەیانی ڕانەکەی ئەکات بەو کێوە کەبەرامبەر دەوارەکانی (عێلە) هەتا بزانێ چی ڕوو ئەدات هەر چاوەڕوانە. لەدەمەو نیوەڕۆدا سەیر ئەکا وا (( وەنەوش)) بۆ مەڕ دۆشین لەدوو دیارە واهات.
بەڕەزا لە خۆشیاندا خەریکە باڵ بگرێ جار جار بیر لە کوشتنی پیرەژن دەکاتەوە توشی دڵەڕاوکێ دەبێت هەزار خەیاڵ دەکاتەوە هەر بە نیوەناچڵی دەچێتە سەر خەیاڵێکی تر هەتا وەنەوش ئەگاتە لای خێرا بەرەو ڕوی دەڕوات دەست دەکات بەگریان و ئەڵێ؟.

بم بە قوربانی کۆشکو تەلارت
ئەمە چەند ڕۆژە بۆ نیە دیارت
نازانی کە من حاڵم خەراوە
هەزار نەگبەتی دەورەی لێمداوە
دەنگوباس چیە توخوا بێژە پێم
چۆن باسمان ئەکەن چیان ئەوێ لێم
وەنەوشەکەی من وابێ وەفا وێ
دوای حەوت ساڵ ئەبێ ڕەنجم وەباوێ
بگرە ها خەنجەر گیانم دەربێنە
هەر بەدەستی خۆت من بفەوتێنە
پێم چاکە بمرم من وەدەستی تۆ
نەوەک دوای حەوت ساڵ ببم ڕەنجەڕۆ
ماڵی وێرانم من چەند بێ کەسم
خوایە گیان تۆ بوی وە فریاد ڕەسم

ئەی خوا هاوارە ئامان سەد ئامان
فریام بکەوە تو خاتری قورئان
هابە و خەنجەرە پارە پارەم کەن
نەک بەجێم بێڵن وا ئاوارەم کەن
بێ کەسو بێ دەر بێ براو بابم
خوایە رەحم کەی وە دڵەی کەبابم
بێ وەفایی تۆ وا دیاری دا لێم
گوناهم چیە بۆ وا ئەکەی پێم
ماوەی حەوت ساڵە ئەکەم چاوەڕێ
هەربەو ئومێدەم شەرتم تەواو بێ
بەزەیت نایە وەرەنجی دوریم
ئاخر من بێ تۆ چۆن بێ سەبوریم

بەرەزا زۆر بەزەیی بەحاڵی خۆیدا دێتەوە زۆر ئەگریو گلەیی لەوەنەوش دەکات، بەلاَم وەنەوش ئاگای لە هیچ نیە زۆر سوێندی بۆ ئەخوا کە ئاگای لە پیرەژن نیەو هیچ شتێک روینەداوە زۆر دڵی ئەداتەوە. بەرەزا هەر قەناعەت ناکا.

بەرەزا ئەڵێ:

وەنەوش ئەم شەو خەوم دیوە من نامێنم، منو تۆ بۆ یەک نابین، هەتا ٣-٤ رۆژی کە بەیانیان کەلە خەو هەڵسای سەیری سەری شاخەکان بکە ئەگەر سەری شاخەکان دوکەڵو تەم بوو ئەوا بزانە کە من ماوم.ئەگەر بینیت ئەو نێریە پۆشە١ کەلە هەموو نێریەکان٢ گەورەترە لە پێش ڕانەکەوە هاتە خوارەوە لەو کەژە جا بزانە بەتەواوی ئەوا من نەماوم. وەبەسەرهاتی پیرەژنی بە تەواوی گێرایەوە بۆ (وەنەوش) وەنەوش زانی، کە ئەو گەڕ پێ کردنە هی (منسورو براکەیەتی) زانی کە بەزمێک دەگێڕنو توشی بەلاَی دەکەن. بۆیە (وەنەوش) دەست دەکا بە گریانو دەڵێ:

گەر تۆ نەمێنی منیش نامێنم
من لە دوری تۆ چۆن بگوزەرێنم
شەرتە وە بێ تۆ ژیانم ناوێ
پێش باڵات ئەبێ وەنەوش نەمابێ
ئیشاالله خەوت بەتاڵە بەتاڵ
قسەی وا مەکە مەمکە پەشێو حاڵ

بەرزا:

وەنەوش دە هەڵسە تۆ بەسەلامەت
وادیداری تۆ گەییە قیامەت
منو تۆ یەکتر نابینینەوە
مەگەر لەو دونیا یەک بگرینەوە

هەردوکیان دەست دەکەن بەگریانو لە یەک جیا دەبنەوە (( وەنەوش)) بەرەو ماڵو ((بەرەزا))یش بەرانە مەرەکەیەوە بەرەو شاخ دوو رۆژ لەوە دوا. (شاکەو منسورخان) کە دەزانن پیرەژن نەماوە هەردوکیان بە دزی عێلەوە شەو سەردەکەون بۆ ئەو شاخە لەکاتی نیوەشەودا کە (بەرەزا) لەلای ڕانەکەی بەلای ئاگرێکی گەورەوە پاڵکەوتووە، هەر بیری لە ((وەنەوش)) دەکردەوە فرسەتیان لێهێناو زۆر نامەردانەو بەبێ کەسی کوشتیانو لاشەی فرێدرایە ناو ئەو ئاگرەی کە خۆی کردبویەوە. وەدوو باوەشە داری کەیان خستە سەر ئاگرە کە بۆ ئەوەی زوو بسوتێ.

بەیانی زوو (( وەنەوش)) کە هەڵسا لە خەو یەکسەر قسەکانی ((بەرەزای)) وە بیر هاتەوە سەیری شاخەکانی کرد بینی سەری شاخەکان هەمووی دوکەڵو تەم گرتوویەتیو هەروەک ((بەرەزا)) باسی بۆ کرد بەو جۆرە بوو.

خێرا بە پەلە بەرەو شاخ رۆیشتو رویکردە ئەو شوێنەی کە (بەرەزا)و ڕانەکەی لێیە لە شاخ نزیکبووەوە بینی (نێرییە) گەورەکە وا لە پێش ڕانەکەوەیەو ڕان بەبێ خاوەن وا لە شاخ هاتە خوارەوە (وەنەوش) دڵی داخورپا زانی (بەرەزا) نەماوە دەستیکرد بە گریانو وتی:

ئەو برکە ڕانەی نێریەکەی پۆشە
بەرەزا شوانەو وەنەوش مەردۆشە
هەرخۆم وەقوربان ڕانی بێ خاوەن
شەرتت تەواو بو ئەیکەین زەماوەن
زەماوەندی من کەوتە گڵەوە
زۆر ناسۆری تۆم ها وە دڵەوە
دەمێکە دڵم جەفا ئەکێشێ
خۆ نابێ دڵی تۆم لێ بیەشێ
گەر تۆ نەمابی منیش نامێنم
بەو ئاگرەی تۆ خۆم ئەسوتێنم
ئەو کەسەی داخی تۆی ها لە سەرە
وە تەمای منە ڕەنجی بێ وەرە
من بۆ کەس نابم کەس نادوێنم
شەرتە وە خەنجەر جەرگم دەربێنم
عێلو عەشرەتم هەواڵەی خوا ون
خۆشی نەبینن هەر رەنج وەباون
کشت کوریان بمرێ جگەر سوتاو بن
روتو ڕەجاڵ بن بێ نانو ئاو بن
باخیان بێ وەر بێ کەسیان نەمێنێ
خوا هەقی منو تۆ زوو بسێنێ

ماڵی وێرانم ڕەنجی بێ وەرم
بێ تۆ قوڕی کوێ بکەم وەسەرم
گەر تۆ نەما بی من بۆ بمێنم
ڕازی دڵی خۆم چۆن بدرکێنم
بەڕەزای ماندوم بەڕەزای مەردم
وەسیەتەکەی تۆ کاری تێکردم
تۆ لەدەستم چوی رۆیشتی وەمەردی
زانیم خەوەکەی تۆ زوو دێتە دی
ئەی خوا بم کوژی یا من نەمێنم
تا لەوێ مەرگی بەرەزا بینم
خوایە هاوارە هەقم بسێنە
دوژمنم لاڵکە کە گیانی دەربێنە
رەزا دە هەستە وەختی ناوڕانە
رەزا سەیرکە وەنەوش میوانە
(( وەنـەوش)) بـەم جـۆرە بەگریـان سـەر دەکەوێتـە سـەر شـاخ. دەبینـێ ئاگرێکـی زۆر گـەورە کراوەتـەوە بۆنـی گۆشـتو بـۆن سـوتاوی لێدێ. دەزانێ (( بـەڕەزا)) وا کـوژراوەو سـوتاندویانە ئەمیـش ئەوەنـدەی تـر ئارامی نامێنـێ، کـە بـۆی ڕون دەبێتـەوە بـەرەزا نەمـاوە بۆیـە ئەڵـێ:
لە جزە جزی گۆشت سوتانی ئێسقان
یارەکەی منە ئەسوتێ وە قرئان
عەشرەت هاوارە برا مردە خۆم
لەدوای تۆ من چۆن ناسوتێنم خۆم
ئای قور وە سەرم پشتم شکاوە
کێ باوەڕ ئەکا رەزاش نەماوە
زۆر بەزەیم دێت وەبێ کەسی تۆ
بێ براو باوک وەتەنیایی تۆ
خوا تۆ دڵی من دامرکێنە
دوای من بە زویی تۆڵەبسێنە
هەی ڕۆ هەزار ڕۆ شینو ڕۆڕۆمە
غەمی کەم نیە هەر غەمی تۆمە
من چی بکەم لەدەس دنیای بێ وەفا
من بەجێ مێنم یارەکەم ئەوا
من خۆم بەدبەختم ڕەزا من کلۆڵە
بوینە خۆڵەمێش لەم چیاوچۆڵە
کەس نائومێدی ئاوا نەبینێ
هیوا براو بێ خوی بسوتێنێ
من بەتەمابووم بچمە کۆساران
دەوار هەڵبدەم لە سەروی ماڵان
خەڵک بەخیلی بەن وە ماڵو حاڵم
بۆخۆم دانیشم ((ڕەزا)) لەپاڵم
نەمزانی کەوا بەختم بێ بەختە
چۆن شیوەن نەکەم زایەڵەم سەختە
لاشەم نەمێنێ هەلا هەلابم
ببمە خۆڵەمێش تەفرو تونا بم
خۆمن ناتوانم تۆڵە بسێنم
جەرگی دوژمنت وەچنگ دەربێنم
زایەڵەو گریان ئەبێ وە بەشم
چار. هەر ئەوەیە خۆم بسوتێنم
شەرتە نەمێنم شەرتە نەمێنم
هەربەو ئاگرە خۆم بسوتێنم
خۆ نابمە هاوسەری دوژمنەکانم
منیش لەدوای تۆ نابێ بمێنم
ئاگر خۆت بگرەو دەست بەرە باڵم
لەباوەشی تۆ ئەبێ بناڵم
دەبم سوتێنە با زوو تەواو بم
لەگەڵ بەرەزا با تێکەڵاو بم

یەکسـەر خـۆی هەڵئەداتـە نـاو ئاگرەکـەوەو بەسـەر لاشـەی بـەرەزادا دەسـوتێ

ڕەوانشـاد ( یاسـین سـەعید قادر)لـە سـاڵی ١٩٥٠ی گونـدی کانیسـپیکەی سـەرچناری شاری سلێمانی لە دایکبـووە. ژیانـی بەکاروکاسـپیو زۆربـەی سـاڵەکانی تەمەنیشـی بـە پێشـمەرگایەتی بەسـەربردووە. خاوەنـی برایـەکو خوشـکێکی شـەهیدەو بـرا گـەورەی عەبدولقـادر سـەرچناری شـاعیرو ڕۆمـان نووسـە.
لـە ڕۆژی پێنجشـەممە ١٨/ ٨/ ٢٠٠٥ کۆچـی دوا ماڵئاوایکـردو لـە گۆڕسـتانی کانیسـپیکە لەتەنیش خـوشو بـرا شـەهیدەکانی بەخـاک سـپێررا.


١ ـ پـۆش: ئـەو حەیوانەیـە گوێچکـەی سـپیە و خـۆی ڕەشـە.
٢ ـ نێـری : ئـەو حەیوانەیـە کـە شـازەو لەنـاو مێگـەل ئەهێڵنـەوە.

# حەیرانی صالحی نیسکۆ

دەگێڕنەوە
کەژۆ ناوێک ڕەسمێکی هەبووە ئەحمەد ئاغای کوڕی سمایل ئاغای نیسکۆیە.. عەشقی ئەو ڕەسمەبووە.. خۆی بەرایی بەچاویدا نەهاتووە بچێتە خوازبێنی کەژۆ.. سالّحی نیسکۆیە، کە نۆکەرێکی ئەو ئەحمەد ئاغایە بووە.. بەسواری ئەسپێکی حدودیو بۆی لێکردووە تەختی ڕەوانی لغای مرواری لەبۆ سالحی دەنیسکۆیە ناردویەتی بۆ خوازبێنی..
سالّحی چووە بۆ خوارێ بەرەو گەرمێنو بەو ئەسپەوە مالّی (کەژۆ)یەی دیوەتەوەو خوازبێنی بۆ کردووە.. بەلاّم کەژۆ عەشقی خۆی بووەو هەر لەوێ لە گەلّی ڕێکەوتووە ئەگەر پەیمانی لێ وەربگرێتو شو بکات بە سالّح پاش ئەوەی بەپیلانێک بەبوکی دەیبەن بۆ ئەحمەد ئاغاو هەموو مەسرەفێکی پێ دەکەنو پاشان ڕەنج بەخەساری بۆ ئاغا دەمێنێتەوە.
ئەوەی خوارەوەش حەیرانەکەی بەیتی سالّحی نیسکۆیە:

ئەی لە ئەحمەد ئاغایەی کوڕی سالّحی نیسکۆیە
عاشقی گرفتاری کەژۆیەی مالّ وێرانە بوو
لەبۆ سالّحی بێنە دەرێ ئەسپەکەی کە حدودی یە
لێی کەتەختی ڕەوا نیە
سەرینمە لغاوی مروارییە
لەبۆ سالّحی کەنیسکۆیە
دابنیشێ لەسەر زینی یە
قاچێ باوێتە ئاو زینگی یە
برواتە خوارێ بەرەو گەرمێنی یە
بۆ لای کەژۆیەی دەمالّ وێرانیە
داخۆ گفتوگۆی زاری چی یە

پاش گەیشتنی سالّحی نیسکۆ بەمالّی کەژۆ وە پەیمان بەستنیان بۆ یەکتری ئینجا حەیران بەردەوام دەبێتو دوای ئەوەی کەژۆیان بەبووک هێنا حەوت شەوو حەوت ڕۆژ شایی یان گێڕا بە درۆ بۆ ئەحمەد ئاغا..
لە دواهەمین شەوی دەهۆڵو زوڕنادا کەژۆ داوای



ئا: بەکر پشدەری

قاوە دەکا لە سالّحی نۆکەری ئەحمەد ئاغا لەکاتی خەوتن، بەلاّم داواشی لێدەکا لەگەلّی بخەوێ تاکو بەیانی ئەگرنا هاوار دەکاو حەیای سالّحی دەبا..
ناچار تا بەیانی سالّح لە گەلّی خەوتو کەوتە ڕنینی باخی پرتەقالّی کەژۆ بەیانی کاتێک خەبەریان بۆوە.. کوڕی ئەحمەد ئاغا ویستی قاوە بگێڕێ بۆ دیوەخان، بەشوێن سالّحی دا دەگەڕا لەباخەلّی کەژۆدا دۆزییەوەو پیلانەکەیان لێ ئاشکرا بوو لای کوڕی ئەحمەد ئاغا.. بەلاّم کوڕی ئەحمەد ئاغا زۆر عاقلّ بوو ئەم شتەی لێ نەکردن بەهەراو بە سالّحی وت بۆت دەکەم.
تەکبیرێ.. بچۆ لە کادێنی هەندێک کا بەسەر خۆت دا بڕێژەو زگی خۆت بخە ڕەژانو بلّێ نەخۆشم منیش ئەچمەوە بۆ دیوەخانێو دوو نۆکەر ئەنێرم بەچوار دەستە بتهێنن بۆ دیوەخانی باوکم بەم شێوەیە بۆی ئەپۆشێو ئەلّێ دەرمانی دەردی سالّحی نۆکەرمان دوو پیالّە قاوەی گەرمە پاش ئەمە شایی بەتالّ دەبێ، ئاغا شک بەتەواوی ئەخاتە سەر سالّح کەوا کەژۆ خۆشی دەوێو ناچێتە باخەلّی ئاغا..
بەمجۆرە ئاغا ئەیەوێ بە پیلانێک سالّح بەرێت بۆ ڕاو لەوێ لەناوی ببات بەم شێوەیە..

بۆ سالحی نیسکۆیە لەبۆی هێنایەدەر
ئەسپێکی لەڕ لەگەلّ شیرێکی دار
بۆ خۆشیان ئەسپی چاکیان دایە بەر
لەگەلّ شیری دەبان
ڕۆیشتن تا پشتە بان
کەژۆ ئیشارەتی سالّحی کرد
سالّح بەئەحمەد ئاغای وت



قتوو دار جگەرەم لەبیرچووەو ئێستا دەتان گەمێو
هاتەوە بۆ ماڵەوە بۆ لای کەژۆ
کەژۆ لەبۆی هێنایە دەر ئەسپی کەحدودی یە
لێی کرد تەختی ڕەوانی یە
سەری خست لغاوی مروارییە
لەبۆساڵحی کەنیسکۆیە
دانیشێ لەسەر زینی یە
قاچێ باوێتە ناو زینگی یە
برۆ بۆ ڕاو ڕاووشکارێ لەگەڵ ئاغا
هەتا تۆش ئەگەڕێیتەوە

بەبار خەزنە ئەبەخشمەوە بەسەر هەژاراندا لەبەرئەوەی کەسەرکەوی پاشان ساڵح بەرەو ڕاو ڕۆی کەگەیشتە ئەحمەد ئاغای کوڕی سمایل ئاغا. ئاغا چاوی بەساڵح کەوت وتی ئای چیمان بە خۆمان کردو لەدڵی خۆیدا وتی دەرەقەتی نایەین مەگەر بەفێڵ لەسەر کانیە نیوەڕۆ پاش ڕاو فێڵی لێبکەین.

لە سەر کانیەکە ئەیانەوێ ساڵح بفەوتێنن بیانوی پێ ئەگرن، بەڵام ساڵح دەزانێ مەبەستیان لەناو بردنی یەتی، زۆر مەردانە دێتە دەستو بەگورجی ئەحمەد ئاغا دەکوژێو کوڕەکەشی ئەسیر دەکات.. کوڕەکەی دەڵێ بیکە بەخاتری خوا ئەو شەوەی کەلە باخەڵی کەژۆی ماڵ وێرانمدا گرتیو بۆم پۆشیت چووم لە دیوەخانێ وتم نەخۆشە.. مەم کوژە.. بەڵام ئینجا ساڵح هاتەوە بەسەربەستی چی بەوەزن سوکەو بەقیمەت گرانە لەگەڵ کەژۆیەدا پێچایانەوەو بردیان بۆ مەملەکەتێکی تر، وەدێ کەشیان بۆ کوڕی ئەحمەد ئاغایە بەجێ هێشت.

سەربەندەی ئەم حەیرانەش .. با بڵێم..
ئاوی چەمی چۆمان
مەروێم لەگەڵ ماوەتان
دۆڵبێشکو بەرامبەران
مۆکەبەم لەگەڵ قەیوان
فەیاڵو کانی گۆران
هەموو ئەم بەندو باوە
لەکرێی دوو ماچم داوە
باوکی خەبەر ئەنێرێ
ئەڵێ پارەم لات ماوە
هەرمێ بەهەنار بێ
لەبن دەرکێ دیاربێ
یارم شەدەی لار بێ
چاوی پڕ لەغومار بمکوژە
خەنجەر بێنەو بمکوژە
با گیانم ڕزگار بێ!

تێبینی:
زانستی ئەم حەیرانە
لەزاری کاک ئەحمەد رەسوڵ ئەحمەد لەحیم چی لەکارگەی چیمەنتۆی سلێمانی وەرگیرا، کەتەمەنی (٦٥) ساڵ دەبێتو خۆی دەفەرموێت (٢٠)ساڵ دەبێت ئەم بەیتەم لەبەرەو دەیلێم!.

# بەزمی پشیلە


عبدوڵڵا حەسەن قادر

بسم الله یا ڕەحمانو یا ڕەحیم
یا پاشای شوکرەلحەلیم
لەفزێ ئەکەم جاڤو کار
بەشکو زوانم بێ بەیار
یار ببینێ لەدڵم
فەقییەکی غافڵم
هەروەک قازان ئەکوڵم
هانەوتم بەرەو ڕوو
پشیلە بوو پەیا بوو
سەد مریشکیشم خواردبوو
سەد مریشکم بوو،کونجو شین
گارکە گارکی سەرچڵین
خۆش خۆش کەهەڵفڕین
پشیلە تاقی لێ بڕین
هەر کەڵەشێرێکمان مابوو
بۆ شەوێمان مەلا بوو
ناو کولێنیکمان نابوو
بەیانی ئەویش نەمابوو
لەهەموو لایەکو شینو واوەیلا بوو
ئێوارە هەتاو لە سەر کۆ
حەیفم کوێخا ئەوڵڵا بۆ تۆ
کەوتیتە هەلەکەو هاتوچۆ
برا من بەجارێ دوانزەم خوراوە
بەجارێ پشتم شکاوە
هەموو مریشکمان خوراوە
مام نادر تۆ چاتری
بەس نییە گڕ ناگری
کردم شوانی بزنو مەڕ
شەرتیان دامێ وشکو تەڕ
با بارۆکەم بیتە بەر
میوانم بێ سەر عەسکەر
دائەنیشن خۆش نەزەر
بەبێ هێلکە ئەچنە دەر
یاخوا نەمری بەدەرزی
بۆ بێنم ئاوی ساردی
بۆت بکەم نەخشی پاش بەردی
کاکە لێم بکەن تەگبیران
بەکەڵی دەرگای پیران
مەلا بێ وەزیران
پشیلە بگرین یەخسیران
مام نادر نەکورتی نەدرێژی
ساحێبی بەرماڵو نوێژی
نەمری خوێنی پشیلە ئەرێژی
ئێوارەیەکیان دوکەڵ بوو چاوم ئێشا
پام لە پاساران کێشا
کلکی پشیلەم گرتو ڕامکێشا
پشیلە لێم وەرگەڕاوە
تونگ بە دەسما نوساوە
چنگی ئەتووت مشارە
دەسی کردم زەخمارە
خوێنی پیاهاتە خوارە
وتم ئەی لەمن چەن حیزو بێ خێرم
بێ تفەنگو بێ خەنجیرم
بە پشیلەیە ناوێرم
مەنجیش بینە پێی نەوێرم
بەمانگی سێ ڕۆژ نێرم
ئاخ کوڕەکەم بمایە
حەقی باوکی بسەندایە
پشیلەی بخنکاندایە
هەر لەولاوە پور نەرگس
بەختە ختەو فسەفس
هەم بەتێڵاو هەم بەلیس
هەڵیبڕی بۆ شاری بەدلیس



١. ئەم هۆنراوە فۆلکلۆرییە. لە ١/ ٨/ ١٩٨٨ لەنەنە خورشیدە وەرگیراوە ئەو حەلە تەمەنی (٩٣) ساڵ بوو، لەدایکبووی ١٨٩٥ی زاینییە، دانیشتووی شاری سلێمانی، گەڕەکی مامۆستایانە، لەبنچینەدا خەڵکی پێنجوێنە.

# هەقایەت بۆ منداڵان
# لالۆ شکاری و بۆقەکەی



جەباری لۆڤەر (شاڵی)

هەبوو نەبوو لە سەر ئەم زەمینە سروشتی دڵفڕێنو تەلیسماوی هەبوو، هێندەی سروشت ئەم گەردوونەش جوانتر عەشقو خۆشەویستی هەبوو. بەڵام هیچ گیاندارێک بێ ئەوینو عەشق نەبوو بەڵام مرۆڤ هیچیان وەکو یەک نەبون، نەلە عەشقو نەلە ئازایەتی و تەماعو نە شێوەیان لە یەکتر ئەچوو.

بەڵام جێگەیەک لەم زەمینەدا، لە ژێر ئەم ئاسمانە شینەدا لە دامێنی چیایەکی بەرزدا ئاوەدانیەکی جوانو سەرسوڕهێنەر هەبوو کە پێکهاتبوو لە چەند ماڵێک ئەم خەڵکانەی زۆر سەربەستو بەکامەرانی ئەژیان، لەدوری دێکەوە گۆمە ئاوێکی ڕازاوە بە قامیشەڵان هەبوو.

لەم ئاواییەدا ژنێکو پیاوێک هەبوون کە ژنەکەی تەبیعەتێکی جیاوازی هەبوو بەجۆرێک پیاوەکەی خستبووە ژێر چاودێرییەوە بەجۆرێک ئەم ژنە دڵی پیس بوو پیاوەکە نەیئەوێرا قسە لە گەڵ هیچ ئافرەتێک بکات، وە هاتوچۆی کەسی نەئەکرد ئەیویست ژنەکەی پەلاماری نەداتو دەنگی هەڵنەبڕێت کەسی لێکۆنەکاتەوە

هەر لەبەر ئەوەش دوای کاروهیلاکی داربڕینەوەو بردنی بۆ بازاڕو فرۆشتنی کە ئەگەڕایەوە ئەچووە سەر ئەو گۆمە ئاوەو سەرنجی ناو گۆمەکەی ئەدا سەیریکرد بۆقێکی جوان جار جار سەر لە ئاوەکە ئەهێنێتە دەرەوەو خۆی ئەکاتەوە بەناو ئاوەکەدا هەر وەک ئەوەی بیەوێ قسان لە گەڵ پیاوەکە بکات کەناوی (لالۆ شکاری) ئەبێ بۆ زانیاری شکار مانای ڕاو دێت چەند ئێوارەیەک پیاوەکە سەر لەو سەیرانگایە ئەدات کە گۆماوەکەی لێیە وای لێدێ کە حەز بکات ببینێ چونکە بەڕاستی تەنیایی هەر بۆ خوا باشەو مرۆڤ ناتوانێ بەتەنیا لە شوێنێک بمێنێتەوە جا لەبەر ئەوە بۆقەکە هۆگری بینینی پیاوەکە ئەبێتو پیاوەکەش زۆر بەکەیفو خۆشییەوە سەرنجی ئاوەکە ئەدات جارەش بۆقەکە بەدەنگی خۆش ئەخوێنی قیرە قیڕ ئەکات وەکو گۆرانی بڵێت پیاوەکەش بۆی ئەسەنێتەوە .

وای لێدت پیاوەکە ئالودەی ئەو شوێنە ئەبێتو کە ئەچێتە سەر گۆمەکە دەستەسڕەکەی پڕ ئەکات لە میوەو ئەیدات بە بۆقەکە، بۆقەکەش دەستئەکات بەگۆرانی وتن پیاوەکەش کە ئەچێتە سەر گۆماوەکە ئەم گۆرانیە ئەڵێت:

**بۆق بۆقیلەی ناو ئاوێ**
**سەر بێنە سەر گۆڵاوێ**
**من ماچ ئەکەم هەردوو چاوێ**

بۆقەکەش یەکسەر لە ئاوەکە سەر دەردێنیو دەست ئەکا بەگۆرانی بەمجۆرە:

**بەخێر بێت لالۆشکاری**
**بۆ خۆتو دەستو دیاری**
**خوا تۆ بهێڵی بۆ من**
**دەمپارێزی لە ماری**

ناو ناوە بۆقەکە لە ئاوەکە دێتە دەرەوەو گۆرانی ئەڵێت لالەشکاریش ناوە میوەی جوانی بۆ هەڵئەدات بەمشێوەیە لالەشکاری و بۆقەکە هەموو ڕۆژێک کات ئەبەنە سەر.

خۆ ئەم لالەشکاریشە لەبەر تەنیاییو بۆ ئەوەی تۆزێ خۆی بخافڵێنێ تەواو هۆگری ئەم بۆقە ئەبێ ئێواران زۆر بە زەوقو خۆشییەوە ئەگەڕێتەوە ماڵەوە کە نانەکەی ئەخوات دوای ئەوەی ئەم پیاوە منداڵی نابێت لە گەڵ ژنەکەی دەنگە دەنگیان ئەبێو دوای ئەوەی هیلاک ئەبێ خەوی لێئەکەوێت،بەڵام لەیلای

ژنی لالەشکاری تێبینی ئەکات کە مێردەکەی وەکو جاران نەماوەو بەتەواوی مەیلی گۆڕاوە کە دێتەوە بۆ ماڵەوە درەنگ دێتەوەو بەدەم خۆیەوە گۆرانی ئەڵێت!.
لەیلای خێزانی دڵی لە پیاوەکە پس ئەکاتو بیر ئەکاتەوە کە ئەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئەبێ مراقەبەی مێردەکەی بکات بزانێ خەریکی چییە!
چەند جارێک خۆی لە مێردەکەی ماد ئەداتو بۆی دەرئەکەوێ، کە ئەچێتە سەر ئەو گۆماوە، دوای ئەوەی کە لەیلا دڵپیس ژنی لالەشکاری ئەبینێ بۆقێک جار بەجار لە بەرخۆیەوە گۆرانی دەڵێتو ناوی لالەشکاری ئەبات، جا ژنەکە بۆی دەرئەکەوێ کە ئەم مێردەی حەزی لە بۆقەکە کردووە بۆیە مەیلی کەمبۆتەوەو دڵی واخۆشە.
جا ژنەکە بڕیار ئەدات کەهەق لەو بۆقە بکاتەوەو بۆ سبەی بەیانی زوو ئەچێتە سەر گۆمەکەو مقەڵیەک پشکۆی ئاگر لە گەڵ خۆی ئەباتە سەر گۆمەکەو... هەر کە بۆقەکە دەرئەکەوێ یەکسەر مقەڵیە پشکۆکە ئەڕێژێ بەسەر بۆقەکەداو هەموو گیانی بۆقەکە ئەسوتێنێو ژنەکە بەدڵخۆشییەوە ئەگەڕێتەوە ماڵەوە.
کە پیاوەکە دوای کارەکانی ئەچێتە سەر گۆمەکە لای ئێوارە ئەچێتە سەر گۆمەکەو سەیر ئەکات بۆقەکە دیار نییە. تۆزێک دائەنیشێو ئەم گۆرانیە ئەڵێت:

**بۆق بۆقیلەی ناو ئاوێ**
**سەر بێنە سەر گولاوێ**
**من ماچ کەم هەردوو چاوێ**

جا بۆقەکە کە داماو و سووتاو بووەو بە کۆڵەواری سەر لە ئاوەکە دێنێتە دەرەوەو ئەڵێت:

**نەیەمو نەتەیلێ**
**ژنەکەی تۆ ناوی لەیلێ**
**هەردوو چاوی من سوتەیلێ**
**ئیتر ئەڕۆم لەم لایە**
**ترسم زۆر لە لەیلایە**

منیش هاتمەوەو هیچیان نەدامێ، وای بە وایی یاخودا بگەنە تەختی پاشایی.

**چەپکێ گول و چەپێ نێرگز**
**مەرگتان نەبینم هەرگیزاو هەرگیز**

هەولێرنامەی کتێب



# ڕێوی و بزن



وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ڕەسوڵ بۆسکێنی

لەڕۆژێکی هاویندا خۆر تیشکی گەرمی خۆی پەخشدەکرد بەسەر زەویدا، زۆر گەرمابوو، بزن بەڕێگادا دەڕۆیشت زۆر تینوی بوو، بەدوای ئاوێکدا دەگەڕا، بیرێکی ئاوی لەسەر ڕێگاکە بەدی کرد، چوو ئاو لە بیرەکە بخواتەوە، کەسەیری کرد یەکێک لەناو ئاوەکەدایە.

ڕێوی کەوتبووە ناو بیرەکەو نەیدەتوانی بێتە دەرێ. بزن لەبەرخۆیەوە دەیگووت: ئەوە بیرەکەیە، ئێستا دەتوانم هەندێ ئاو بخۆمەوە، لەلایەکی بیرەکە وەستا سەیری کرد یەکێک لەنێو بیرەکەدایە گوتی: سڵاو! ئەوە کێیە لە خوارەوەیە؟ ئەتۆ کێی؟ ناوت چیە؟

ڕێوی گوتی: ئۆهـ... بزنی بەرێز، ئەوە منم ڕێویم.

بزن گوتی: نیوەڕۆت باش ڕێوی بەڕێز! ئەوە ئەتۆ چی دەکەی لەخوارێ؟

ڕێوی گوتی: لەسەرەوە ئاوی لێ نەبوو، ئەمنیش تینووم بوو، هاتووم ئاوێ بخۆمەوە.

بزن گوتی: ڕاست دەکەی بەڕێز ڕێوی، لەسەرەوە ئاوی لێ نیەو خۆریش زۆر بەهێزەو ڕۆژەکەی گەرمایە.

ڕێوی گوتی: ئاوی بیرەکە ساردەو خاوێنە، بزنی بەڕێز چاوەڕێی چیت؟ بۆچی نایەیتە خوارێ بۆ لای من، وەکو من لەم ئاوە ساردو خاوێنەی بخۆیەوە؟

بزن گوتی: بەڵێ دێم، بەنیازم باز بدەم یەک، دوو، سێ...

بزن خۆی هەڵدایە نێو بیرەکەی، ئاوی خواردەوەو گوتی: زۆر سوپاس بەڕێز ڕێوی بەڕاستی ئاوێکی زۆر ساردو خۆشە، بەڵام ئەمن بەپەلەم دەبێ زوو هەر ئێستا بڕۆم ماڵ و منداڵم چاوەڕێم دەکەن، خوات لەگەڵ ڕێوی بەڕێز.

بەڵام بزن سەیری کرد بیرەکە قوڵە و ناتوانێ بچێتەوە دەرێ، لەگەڵ ڕێوی لەنێو بیرەکەیدا مانەوە. ڕێوی هەلێکی باشی بۆ هەڵکەوت ویستی بەهۆی بزنیەوە خۆی دەرباز بکات، دوای تاوێک پێشنیارێکی بۆ بزنی کرد:

بزنی بەڕێز بۆچی ناڕۆیتە دەرێ؟

بزن گوتی: ناتوانم بڕۆمە دەرێ، نێو بیرەکە تاریکە و بەرزە و ڕێگای هاتنە دەرێی نیە.

ڕێوی گوتی: بەس لە ڕێگای هاتنە ژوورێوە دەتوانی بچییەوە دەرێ هیچ ڕێگای دیکەی لێ نیە، بزنی بەڕێز تەنیا ئەو ڕێگایە هەیە، دەتوانی باز بدەی بۆ سەرێ.

بزن گوتی: ئۆهـ... بەڕێز ڕێوی ڕاست دەکەی دەمەوێت باز بدەم هەر ئێستا یەک، دوو، سێ...

بزن نەیتوانی باز بدات، گوتی: جارێکی تر بازدەدەم یەک، دوو، سێ...

بزن هەر نەیتوانی باز بدات.

گوتی: ئۆهـ... بەڕێز ڕێوی دەبێ چی بکەین، بەڕاستی ئێمە لەو بیرەیدا گرفتار بووین، بەڕێز ڕێوی تکایە بیر بکەوە ڕێگایەک بدۆزەرەوە لەو بیرەی ڕزگارمان بێت و بچینە دەرەوە.

ڕێوی گوتی: بەڵێ من بیردەکەمەوە، بەڵکو ڕێگایەک دەدۆزمەوە، بەڵام ڕێگایەکی چوونە دەرەوە هەیە.

بزن گوتی: ئۆهـ... بەڕێز ڕێوی ئەو ڕێگایە چیە؟ تکایە نیشانم بدە.

ڕێوی گوتی: بەڕێز بزن گوێ بگرە، من دێمە سەرپشتی تۆ و باز دەدەمە دەرەوە، کاتێک من چوومە دەرەوە، لەلایەکی بیرەکە دەوەستم، دەتوانم یارمەتیت بدەم و بێیتە دەرەوە.

بزن گوتی: ئۆهـ... سوپاس بەڕێز ڕێوی، تکایە بچۆ سەرپشتم ، پەلە بکە، تکایە پەلەبکە.

ڕێوی چووە سەرپشتی بزن توانی باز بداتە دەرەوەی بیرە ئاوەکە، ئینجا چوو لەلایەکی بیرەکە ڕاوەستا و تەماشای بزنی دەکرد و گوتی: خوات لەگەڵ بەڕێز بزن.

بزن گوتی: خوات لەگەڵ، بەڵام بەڕێز ڕێوی تۆ نابێت بڕۆی هەر دەبێت یارمەتیم بدەی، چۆن یارمەتیم نادەی؟ ئێرە زۆر تاریکە، ئاوەکەش زۆر ساردە، بەڕێز ڕێوی تکایە یارمەتیم بدە بێمە دەرەوە، یارمەتیم بدە.

ڕێوی گوتی: زۆر داوای لێبوردن دەکەم بزنی بەڕێز، زۆر درەنگە و منیش زۆر شەکەت و ماندووم، هاوسەر و منداڵەکانم چاوەڕێم دەکەن، وا شەو داهات و دەبێ بە پەلە بڕۆمە ماڵەوە، زۆر سوپاس بزنی بەڕێز خوات لەگەڵ.

ڕێوی ڕۆیشتە ماڵەوە، بەڵام هێشتا بزن لە بیرەکەیدا بوو دەیگوت: بەڕێز ڕێوی، یارمەتیم بدە بێمە دەرەوە، هێشتا لە بیرەکەدام، یارمەتیم بدە بێمە دەرەوە، مەڕۆ بەڕێز ڕێوی...یارمەتی!...یارمەتی!! ...یارمەتی(١)!!!.

# کیسەڵ و فیل

ڕۆژێکیان کیسەڵێک بەفیلی گووت: هەرچەندە ئەمن زۆر چکۆلەم و لاقەکانیشم کورتن، بەڵام دەتوانم بەسەری تۆدا باز بدەم.
فیلەکە گووتی: دەتوانی بەسەر سەری مندا باز بدەی؟ دەی ئێستا باز بدە دەمەوێ بتبینم بەسەسەری مندا باز بدەی.
کیسەڵ گووتی: ئێستا ناتوانم ئەنجامی بدەم، نەخێر ئەورۆ ناتوانم ئەنجامی بدەم، ئێستا زۆر شەکەت و ماندووم، بەڵام بەیانی لای چێشتەنگاوێ دێمە ماڵەکەت، ئەوجا دەتوانی ببینی چۆن بەسەرسەری تۆدا باز دەدەم!
فیلەکە گووتی: باشە، بەیانی وەرە دەمەوێ بتبینم کە بەسەرسەری مندا باز دەدەی، کیسەڵێکی چکۆلەی وەکو تۆ، چۆن دەتوانێ بەسەر سەری فیلێکی گەورەی وەکو مندا باز بدات!
کیسەڵ ڕۆیشتە ماڵێ، لەگەڵ ژنەکەیدا باسیکرد، بەیانی خۆی و ژنەکەی زۆر بەخێرایی چوون بۆ ماڵی فیلی، کیسەڵ بە ژنەکەی گووت: دەمەوێت لەنێو ئەو گیایەیدا خۆت وەشێری، کاتێک گووتم هێێێی! ئەتۆ دەبێ بەخێرایی لە گیایەکەی بێیە دەرێ و بڵێی هۆۆۆۆ!
دوای ئەوە کیسەڵ بانگی فیلەکەی کرد: وەرە ئەمن ئامادەم، تکایە لێرە ڕاوەستە ئێرە شوێنێکی باشە بۆ من. دوای ئەوە کیسەڵ لە نزیک فیلەکە کەمێک جوڵاو گووتی: ئەمن سەیری گیایەکە دەکەم...
کاتێک گەیشتە ڕاست بە ڕاستی ژنەکەی گووتی: ئێە... ئێرە شوێنێکی باشە بۆ من، ئێستا ئامادەم بازبدەم، گوێ بگرە فیل، سەیرمکە ئەمن دەڵێم هێێێی، ئینجا باز دەدەم، بەخێرایی بەسەرسەری تۆدا باز دەدەم و لەو دیوی تۆ دەڵێم هۆۆۆو.
کاتێک کیسەڵەکە لاقەکانی چەماندەوە و خۆی ئامادە کرد بۆ بازدان، گووتی: هێێێی...
لەو دەمەدا هاوسەرەکەی لەودیوی فیلەکە لەنێو گیایەکە هاتە دەرێ و گووتی: هۆۆۆو...
فیلەکە بەخێرایی ئاوڕی دایەوە و کیسەڵەکەی لەوبەری دیت. بەلاقرتێوە بە کیسەڵەکەی گووت: کیسەڵ، ئەتۆ زۆر بەخێرایی بازت دا، نەمدیتی، توخوا ئەگەر دووبارەی بکەیەوە.
کاتێ کیسەڵ خۆی ئامادە کرد بۆ بازدان گووتی: هێێێی...
لەو کاتەدا کیسەڵەکەی دیکە لەودیوی فیلەکە لە گیایەکەی وەدەرکەوت و هاواری کرد: هۆۆۆو...
فیلەکە زۆر بەخێرایی ئاوڕی دایەوە گووتی: دووبارەی بکەوە، نەمدیتی، ئەتۆ بەسەر سەری مندا بازبدەی!
کیسەڵەکە دیسان دووبارەی کردەوە. نزیکەی بیست تا سی جاران ئەوەیان دوبارە کردەوە. فیلەکە سەیری لای چەپ و لای ڕاستی کرد و سەری بەرز کردەوە سەیری لای سەرەوەی کرد و سەری نزم کردەوە بۆ لای زەوی و سەیری هەرچوار دەوری کرد، بەڵام نەیبینی کیسەڵ بەسەر سەری ویدا باز بدات، ئینجا بەگاڵتەپێکردنەوە فیلەکە گووتی: سوپاس، ئێستا سەرم زۆر شەکەت و ماندوو بووە، ئەتۆ زۆر زیرەکی! کیسەڵێکی وەکو تۆ بچوک بەسەر فیلێکی گەورەی وەکو من دا بازبدەیت، تۆ زۆر بەخێرایی بەسەر سەری مندا بازت دا ! تۆ زۆر خێرای من نەمبینی تاقە جارێکیش بەسەر سەری مندا باز بدەی(٢)!.

# کەروێشک و فیل

کەروێشک و فیلێک هاوڕێ بوون، بەیەکەوە لەیەک ماڵدا دەژیان، کەروێشکەکە کێڵگەیەکی هەبوو، هەروەها فیلەکەش کێڵگەیەکی هەبوو، ڕۆژێک کەروێشکەکە بەفیلەکەی گووت: دەمەوێت لە کێڵگەکەی خۆمدا برنج بروێنم، بەڵام سەرەتا پێویستم بەکەسێکە خاوێنی بکاتەوە و بیکێڵێت، من بچوک و لاوازم، تۆ گەورەو بەهێزیت، تکایە دەتوانی کێڵگەکەم بۆ بکێڵیت؟ پاشان دەتوانم برنج بچێنم کاتێک برنجەکە ئامادەبوو پێگەیشت کەمێکت بەش دەدەم لەبەر ئەوەی یارمەتیت داوم.
فیلەکە هەمیشە لەگەڵ کەروێشک بەبەزەیی بوو، خۆشیدەویست، لەبەر ئەوە زەویەکەی بۆ کێڵا. کێڵان کارێکی زۆر قورسە، بەڵام فیلەکە بەوریاییەوە کێڵگەکەی بۆ کێڵا، پاشان کەروێشکەکە گووتی: برنجم نیە بۆ ئەوەی لە کێڵگەکەمدا بیچێنم، تۆ دەتوانی هەندێک برنجم بدەیتێ؟
فیلەکە هەندێک برنجیشی دایە. پاشان کەروێشکەکە گووتی: دەمەوێت برنجەکە بچێنم، بەڵام دەستەکانیشم زۆر بچوکن، دەتوانم چی بکەم؟ تکایە تۆ دەستەکانت گەورەن و دەتوانی بۆم بچێنی؟ دواتر کاتێک برنجەکە دەبێت بەشەتڵ، خۆم دەتوانم چاودێری بکەم.
فیلەکە ئیشی زۆری کرد و برنجەکەشی بۆ چاند. برنجەکە



گەورە بوو، هەموو کێڵگەکە سەوز بووبوو بە شەتڵی برنج. کەروێشکەکە گووتی: فیلی هاوڕێم من نەخۆشم، تام لێیە، تکایە دەتوانی ئاگاداری برنجەکەم بۆ بکەیت؟ فیلەکە چاودێری کێڵگەکەی کرد، هەموو ڕۆژێک لەبەیانی زووەوە هەتا تاریکایی ئێواری دادەهات، فیلەکە پاسەوانی برنجەکەی دەکرد، باڵندەکان نەیاندەتوانی لەترسی فیلەکە لەبرنجەکە نزیک بکەونەوە، چونکە زۆر گەورە بوو. کاتێک برنجەکە پێگەیشت و ئامادەبوو بۆ دروونەوە کەروێشک گووتی: فیلی هاوڕێم لاقەکانم ئازاریان هەیە، تۆ دەتوانی برنجەکەم بۆ بدروویتەوە و بیبەیتەوە ماڵەکەت؟ من ناتوانم.

فیلەکە برنجەکەی بۆ درووییەوە و بردیەوە ماڵێ، پاشان پاکی کردەوە، ئینجا کەروێشک گووتی: فیلی هاوڕێم تۆ هەموو ئیشەکانت کرد بۆیە برنجەکە هی تۆیە، تکایە دەتوانی تورەکەیەکی بچوک برنجم بدەیەی، هەوڵ دەدەم لەباتی ئەوە چاکەت بدەمەوە.

فیلەکە هەندێک برنجی خستیە ناو تورەکەیەکەوە و دایە کەروێشک، پاشان کەروێشک بەرێگایەکی درێژدا ڕۆیشت. زۆر شەکەت و ماندوو بوو دانیشت، برینجەکەی لەتەنیشت خۆی دانابوو، مریشکە سورەیەک هات تەماشایەکی تورەکەکەی کرد بۆنێکی خۆشی لێ دەهات، مریشک حەزی لەبۆنەکەی کرد، کونێکی بچوکی لەبنەوەی تورەکەکەی کرد، برنجی زۆری لێ ڕژا، مریشک برنجەکەی خوارد، کاتێک کەروێشک تورەکە بەتاڵەکەی بینی دەستی کرد بەگریان گووتی:

برنجەکە هی خۆم نەبوو هی فیلی بوو فیلەکە دابووی بەمن تاکو ئەم زستانە پێی بژیم، ئێستا تۆش هەموو برنجەکەت خوارد من دەبێ چبکەم؟

مریشکەکە گووتی: ببوورە مەگری،نەمزانی هی تۆیە،دوایی هێلکەیەکت دەدەمێ(٣).

# کەروێشکی سەرەڕۆ

کەروێشکێک لەگەڵ مریشکێکدا بەیەکەوە دەژیان و زۆر هاوڕێ بوون، مریشک وەک چاکەیەک لەگەڵ کەروێشک هێلکەیەکی خۆی دایە، کەروێشک سوپاسی کرد و هێلکەکەی هەڵگرت و ڕۆیشت، لە ڕێگا سەیری کرد کۆمەڵێک مەیمون بەرد و داریان لە دار سێویکی دەگرت، سێویان لێدەکردەوە، کەروێشکیش هێلکەکەی لەسەر زەوی دانا و وەک ئەوان ویستی سێوی لێ بکاتەوە، بەڵام لەنەکاو دارێک بەرهێلکەکە کەوت و شکا، کەروێشک دەستی کرد بەگریان گووتی: مریشک چاکەی لەگەڵ کردووم ئەو هێلکەیەی داومەتێ کەچی ئێوە هێکەکەتان لێ شکاندم، ئێستا من چی بکەم؟

مەیموونەکان گووتیان: مەگری ...مەگری، نەمانزانی و بەدەست خۆمان نەبوو، ئەو سێوەت دەدەینێ لە باتیان. سێوێکیان دایە، ماوەیەک ڕۆیشت، دوایی دانیشت پشووێکی بدات، بەڵام لەبەر شەکەتی خەوی لێ کەوت. هەندێک باڵندە هاتن سێوەکەیان خوارد،

کاتێ کەروێشک وەخەبەر هات، دیتی سێوەکەی خوراوە دەستی کرد بەگریان گووتی: مریشک چاکەی لەگەڵ کردبووم هێلکەیەکی پێدام، دوایی مەیموونەکان هێلکەکەیان لێ شکاندم لەبری ئەوە ئەو سێوەیان پێدام، کەچی ئێوەش سێوەکەتان خوارد، ئێستا من چی بکەم؟

باڵندەکان گووتیان: مەگری... مەگری، تازە ئێمە سێوەکەمان خوارد، بەڵام لەجیاتی ئەوە ها توک و پەڕی ملی خۆمانت بدەینێ.

کەروێشک توک و پەڕەکانی هەڵگرت و ڕۆیشت، بایەکی بەهێزی هات پەڕەکانی لەدەست بەربوونەوە و کەوتنە ڕووباری و ئاو بردی. کەروێشک دەستی بەگریان کرد بەڕووباری گووت: مریشک چاکەی لەگەڵ کردم ئەو هێلکەی پێدابووم، مەیموونەکان هێلکەکەیان شکاند لەباتیان سێوێکیان دامێ، سێوەکەش باڵندەکان خواردیان ئەو پەڕانەیان دامێ، کەچی ئەوا تۆش پەڕەکانت برد و ئەوا من مایەپوچ دەچووم!

ڕووبار گووتی: کەروێشک مەگری، لەجیاتی ئەوە ها هەندێ ئاوی سارد و شیرین و زوڵاڵت بدەمێ.

کەروێشک ئاوەکەی هەڵگرت و ڕۆیشت، لەڕێگا دانیشت پشوویەکی بدات هیچ ئاگای لێ نەبوو مێش هەنگەکان ئاوەکەیان خواردەوە، کاتێک پێی زانی دەستی کرد بەگریان گووتی: مریشک چاکەی لەگەڵ کردم هێلکەیەکی پێدام، مەیموونەکانیش هێلکەکەیان شکاند سێوێکیان پێدام، باڵندەکانیش سێوەکەیان خوارد پەری ملی خۆیان پێدام ئاوی ڕووباریش پەڕەکانی برد و ئەو ئاوەی پێدام کەچی ئێوەش ئاوەکەتان خواردەوە ئێستا من چی بکەم؟

هەنگەکان گووتیان : کەروێشک مەگری هەندێک هەنگوینت دەدەینێ.

هەنگوینەکەی هەڵگرت و ڕۆیشت، لەڕێیە شەکەت بوو دانیشت پشوویەکی بدات کەچی مێروولە دە هەنگوینەکەی وەروکان و خواردیان. کاتێک پێی زانی هەنگوینەکەیان خواردووە دەستی کرد بەگریان گووتی: مریشک چاکەی لەگەڵ کردم هێلکەیەکی دامێ، مەیموونەکانیش هێلکەکەیان شکاند سێوێکیان دامێ، باڵندەکانیش سێوەکەیان خوارد پەری ملی خۆیان دامێ، ڕووباریش پەڕەکانی برد ئەو ئاوەی دامێ، هەنگەکان ئاوەکەیان خواردەوە هەنگوینیان دامێ، کەچی ئێوە هەنگوینەکەتان خوارد ئێستا ئەمن چی بکەم؟

مێروولەکان گووتیان: کەروێشک مەگری... مەگری، ها ئەوە هێندێک گەنمت پێ دەدەین لەبری هەنگوینەکەت.

کەروێشک گەنمەکەی هەڵگرت و گەڕایەوە ماڵێ بۆ لای مریشکی، هەموو بەسەرهات و ئەو دەردەسەریەی بەسەری هاتبوو بۆی گێڕایەوە. مریشک گووتی: کەروێشک بەڕاستی ئەتۆ ئاژەڵێکی سەرەڕۆی بۆچی بەهێمنی بۆ خۆت دانانیشی؟

کەروێشک گووتی: دوای ئەو هەموو ماندووبوون و دەردی سەریە گەنمم بۆچیە؟ ها! مریشک با ئەم گەنمەت بدەمێ لەبری ئەو چاکەیەی لەگەڵت کردبووم ئەو هێلکەی کە پێتدابووم(١).

٦٠- The Oxford English course for the Republic of IRAQ
BY
S. HAKIM
A.S.HORNBY
D.C.MILLER
١٩٥٦ Third Edition

٦٠- The Oxford English course for the Republic of IRAQ
BY
S. HAKIM
A.S.HORNBY
D.C.MILLER
١٩٥٦ Third Edition

٦٠- The Oxford English course for the Republic of IRAQ
BY
S. HAKIM
A.S.HORNBY
D.C.MILLER
١٩٥٦ Third Edition

٦٠- The Oxford English course for the Republic of IRAQ
BY
S. HAKIM
A.S.HORNBY
D.C.MILLER
١٩٥٦ Third Edition

# گوڕنەتەڵە



عەبدول شاربازێڕی/ سوید

هەبوو نەبوو کەس لەخوا گەورەتر نەبوو.
کابرایەک بوو حەوت کوڕی هەبوو. کوڕی بچوکیان لەهەموویان عاقڵتر بوو، لەبەرئەوەی کەبچووکو کورتە باڵا بوو ناویان نابوو گوڕنەتەڵە.
زەمانی زوو بوو ئەو پیاوە زۆر فەقیر حاڵبوو، مناڵەکانی پێ بەخێو نەئەکرا. لەبەر فەقیری لێیان بێزار ئەبێت.
شەوێک لە شەوان لە گەڵ ژنەکەی تەگبیریان کرد کە بەیانی چوو بۆ ناو دارستان بۆ دار لەو کێووە، مناڵەکان لەگەڵ خۆی ببات بیانخلافێنێ تا شەو دایەت خۆیان لێبدزێتەوە، ئیتر دێوو درنج ئەیانبات ئەیانخوات چش بالە کۆڵیان ببنەوە.
ئەو شەوە گوڕ نەتەڵە گوێی لەو وتووێژە دەبێت. تا مەلا بانگدان ناخەوێت، کەباوکی ئەچێ بۆ مزگەوت بۆنوێژ لەدوای باوکی ئەڕواتە دەرەوە، چەمێک لەخوار ئاواییەوە ئەبێت ئەچێ یەک تورەکە زیخی سپی ئەهێنێت لەچەمەکە. کەباوکی لە نوێژ ئەگەڕێتەوە سەرو کولێرەیان ئەداتێ بەمناڵەکان تابیخۆن بەچاوە، براکانی ئەیخۆن گوڕنەتەڵە نایخوات کولێرەکەی خۆی ورد ئەکاتو لەگەڵ زیخەکە تێکەڵی ئەکات بێئەوەی باوکی بزانێت . دوای نانو چا خواردن باوکی تەورو تەوراس ئەکا لە کەرەکەو مناڵەکان ئەبا بۆ ناو دارستانە دورەکە لە کێوەکە.
کە ئەڕۆن گوڕنەتەڵە هەر ئەڕوا لەزیخەکەو کولێرەکە بەڕێگاکەدا ئەڕژێنێ بۆ نیشانە بۆ گەڕانەوە بۆ ماڵەوە. کە ئەگەنە ئەوێ باوکی خۆی دار ئەکاتەوە تا ئێوارێ، ئەنجا باوکی خۆیان لێ ئەدزێتەوەو ئەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە.
کە دێتەوە ماڵ تەماشا ئەکات ئەهلی دێ خێریان کردووە ئەو ڕۆژە زەکاتیان دەرکردووە بەشی سێ مانگیان بۆ هێناون، دایکی ئەڵێ شەڵا نەتبردنایە ئەوا ئەم ڕسقەیان بۆ هێناوین بەشی سێ مانگ، تا ئەویشمان ئەخوارد خوا کەریم بوو.
کە شەو دایەت براکانی گوڕنەتەڵە هەموو دەستئەکەن بەگریان. گوڕنەتەڵە ئەڵێ مەترسن من ئێستا ئەتان بەمەوە بۆ ماڵێ ڕێگەکەم نیشانە کردووە بەو نیشانەیەدا ئەتانگەیەنمەوە ماڵ. دوای خۆیان ئەداو بەنیشانەکەدا ئەیبات تا ئەگەنە ماڵ لەسەر پلەکان گوێیان لێئەبێت، دایکی ئەڵێ شەڵا هەر نەتبردنایە تا ئەم ڕسقەمان ئەخوارد خوا کەریم بوو. بۆ دوای ئەوەش. گوڕنەتەڵە ئەوەی کردە دەرسێکو خستیە مێشکی خۆی، زانی ئەمە دووبارە ئەبێتەوەو وایان لێئەکەنەوە. ئەچنە ژوورەوە بەدایکو باوکو بەیەک شاد ئەبنەوە. باوکی ئەڵێ باشە چۆن هاتونەتەوە؟ گوڕنەتەڵە حاڵو مەسەلەی بۆ ئەگێڕێتەوە. ئەڵێ وەڵا کوڕم عاقڵو زیرەک بوویت کە ئەوەت کردووە خوا عەمرت درێژ کات من دەستم لێداشتبوون.
ئەمێننەوە تا ئەو ڕسقە ئەخۆن کەبۆیان هاتووە بەخێر. سەرلەنوێ تەگبیریان کردەوە بیانبات بۆ شوێنێکی دوور لەوێ بەجێیان بێڵێت، گوڕنەتەڵە گوێی لەتەگبیرەکەیان ئەبێت، تا بەیانی خەوی لێناکەوێت هەر ئەمدیوو ئەو دیووی کرد لە ناو جێگەدا.
باوکی کە چوو بۆ نوێژ لەو دیوەوە دەرگاکەی داخست کە گوڕنەتەڵە ڕێگەی نەبێ بچێتە دەرەوە بەدوایدا تا باوکی لە نوێژ گەڕایەوە. نانو چایان خوارد.
گوڕنەتەڵەی سواری کەرەکە کرد تا مەجالی نەبێ وەک جاری پێشوو ڕێگەکە نیشانە بکات. ئەنجا باوکی مندالەکانی تری دایە پێشخۆی تا گەیینە دارستانە دوورەکە لە شوێنێکی دوورتر لەوی پێشوو. باوکی هەر داری کردو مناڵەکان داریان کۆکردەوە، تا شەو داهاتو تاریکی کرد، باوکی خۆی لێدزینەوەو گەڕایەوە بۆ ماڵ. شەوەکەی زۆر تاریکبوو، هەموو دەستیان کرد بە گریان، بەس گوڕنەتەڵە نەبێ، دەستیانکرد بەهاوار و

گریـان، ئەویـش ئەیـوت مەترسـن دارێکـی گـەورەم بـۆ بدۆزنـەوە لـە هەمـوو دارەکانی تـر بەرزتـر بـێ، بۆیـان دۆزیـەوە، گوڕنەتەڵـە چـووە سـەر دارەکـە تەماشـای کـرد ئاگرێـک لـەدوور ئەسـوتێ، کەهاتـە خـوارەوە پێشـیان کـەوت ئەوانیـش بەدوایـا ڕۆیشـتن بـەرەو تروسـکەی ئاگرەکـە تـا نزیـک بوونـەوە، شـوێنەکە دارو دارسـتانێکی چڕبـوو، تومەز ئـەوە ماڵـی دێـو بـوو، ڕوویـان تێکـرد، ماڵـی دوو دێـو بـوون کچیـان هەبـوو هـەر دایکـە دێوەکـە لەماڵـەوە بـوو، هـات بەپیریانـەوە وتی: دەک ماڵتـان وێـران بـێ ئێـوە سـەرتان لێشـێواوە بۆچـی وا ڕووتـان کردۆتـە ئێـرە!؟ ئێسـتا دێـوە گەورەکـە بێتـەوە هەمووتـان ئەخـوا. گوڕنەتەڵـە لەهەموویـان عاقڵـتر بـوو، یەکسـەر ڕایکـرد دەمـی نـا بەمەمکـی دێوەکـەوە وتی ئێمـە تۆمـان بەدایـک قبوڵکـرد ئەبـێ فریامـان کەویـت تەگبیرێکـمان بـۆ بکەیـت. ئەویـش وتی باشـە، ئەتـان شـارمەوە، بـەس نابـێ دەنـگ بکـەن. ئەوەنـدەی پێنەچـوو دێـوە باوکەکـە هاتـەوە، دەسـتیکرد بەبۆڵەبـۆڵ، وتی بـۆن دێ بـۆنی بێگانـان دێ، لـەم دەورو پشـتانە دێ.

دێـوە مێیەکـە وتی ئـەوە تـۆ خلەفـاوی شـتی وا نییـە، تـا ئەمینـی کـردەوە، دوایـی بـۆی باسـکرد کەشـتێکی ئـاوا هەیـەو لێیـان قەومـاوەو ڕوویـان کردۆتـە ئێـرە. گوڕنەتەڵـە لـەم کەیـن و بەینـەدا مراقـە بەیـان ئـەکات، بزانـێ دێـوەکان هەڵسـوکەوتیان چۆنـە! ئەوسـاکە دێـو ڕۆحـی خـۆی خسـتۆتە کولەکـەوە وە سـیحرەکەشی لەنـاو کەوشـەکانیا بووە.گوڕنەتەڵـە ئـەو شـتانە کەشـف ئـەکات ناخـەوێ خـوێ ئەکاتـە چاویـەوە.

دێـوەش قەناعـەت بـە ژنەکـەی ئـەکا هیچیـان لێنـەکا، بـەس لـە دڵـی خۆیـدا وای دانـاوە کەلـە نیوەشـەودا هـەر حەوتیـان پارچـە پارچـە بـکاتو بیـان خـوات. جـا دێـوەکان حـەوت کچیـان ئەبێـت، ئـەو کچانـە کڵاو زێڕیـان لەسـەردایەو نوسـتوون. گوڕنەتەڵـەش تەماشـا ئـەکات شـەش براکـەی خەویـان لێکەوتـووە. ئەچـێ هـەر حـەوت کڵاو زێڕەکـەی کچـەکان دائەکەنێـتو ئەیکاتـە سـەری براکانیو خـۆی. کـە ئـەوە ئـەکات، کچـەکان ئەباتـە جێگـەی بـراکانیو بـراکانی ئەباتـە جێگـەی ئەوان.مراقەبەیـان ئـەکات تـا دێـوەکان خەویـان لێئەکەوێـت.

گوڕنەتەڵـە بـراکانی بەخەبـەر ئەکاتـەوەو بـەس کولەکـەی ڕۆحەکـەی دێـوە نێـرە گەورەکـە ئەبـات لـە گـەڵ هـەر حـەوت براکـەی ئەیـدەن بـەو شـاخو داخو دارسـتانەدا، خۆیـان گـوم ئەکـەن. دێـوە گەورەکـەش نیـوە شـەو هەڵئەسـێت لەخـەو لەهیـچ نافکرێـت ئەچـێ یەکسـەر هـەر حـەوت کچەکـە سـەرئەبڕێت، وائەزانـێ کوڕەکانـن لێـی ئەخەوێتـەوە. کەبەیـانی هەڵئەسـتێ ئەڕوانـێ کچـەکانی سـەربڕاونو کـوڕەکان دیـار نەمـاونو خـۆشی سـەری بڕیـون، ئەیـدات بەسـەری خۆیـداو بـە بۆڵـە بـۆڵ بـە عاسـماندا ئـەڕوات، چەنـد شـاخێک ئەبـڕێو ئەیاندۆزێتـەوە. کولەکـەی ڕۆحەکـەی لای گوڕنەتەڵەیـە ناوێـرێ بچێتـە پێشـەوە، لـەدوورەوە بەقسـەی خـۆش ئەیـەوێ لێیبسـێنێتەوە.

گوڕنەتەڵـەش ئەڵـێ نەیەیتـە پێشـەوە، بەخـوا ئەیکێشـم بـە ئـەرزا. هـەر قسـەی خۆشـیان بـۆ ئـەکات، گوڕنەتەڵـە ئەزانـێ فێڵیـان لێئـەکات، کولەکەکـە ئـەدات بەبەردێکـی گـەورەدا، لـەولاوە دێوەکـە ئەتلیسـێتەوە ڕۆحـی دەرئەچـێ.

بـراکانی کۆئەکاتـەوە ئەڵـێ ئەچیـن کەوشـەکانی دائەکەنیـن، سـیحری دێوەکـە لـە کەوشـەکانایە. کەوشـەکان ئەکاتـە پێـی خـۆی ئەبـێ بەسـاحیر لەجیـاتی دێوەکـە. ئەمرئـەکات ھمانبـەرە پەنـای دێکـەی خۆمـان فڕێمان بـدە. کەئـەوە ئـەکاتو ئـەڕۆن بەدایـکو باوکیـان شـاد ئەبنـەوە.

بەسـەرهاتەکەیان بـۆ ئەگێڕێتـەوە کەچیـان بەسـەرهاتووە. خەڵـک وخـوا لێیـان کۆئەبنـەوە کـە ئـەو کـوڕە ئەمەنـە عاقڵـەو شـتێکی وایـان لێڕوویـداوە . ئـەو دەنگوباسـە ئەگاتـە پاشـای ناوچەکـە، ئەویـش ئەنێـرێ بەشـوێن باوکیـا ئـەو کـوڕە بـەرێ بـۆلای. کـە ئەیبـا پرسـیارێکی لێئـەکا ئەزانـێ جـوابی باتـەوە، کـە ئەزانـێ ئەوەنـدە عاقڵـە ئەیـکا بـە ڕاوێـژکاری خـۆی. دایکوباوکیـشی ئەباتـە ئـەوێ و هەموویـان دائەمەزرێنـێو ئیسراحـەت ئەکـەنو بـە خـۆشی ئەژیـن.

**چەپکێ گوڵو چەپکێ ریحانە**
**دابەشی بکە بۆ ئەو گوێگرانە**

# لە فۆلکلۆری ناوچەکانی خانەقی یەوە
# شوکەوە کردەت شوکەوە بردەت

ئیبراهیم باجەڵان

هەبوو، نەبوو کەس لە خوا گەورە تر نەبوو. لە یەکێک لە گەورە ئاواییەکان. کابرایەک کاسبکار بە عەتاریو کڕین و فرۆشتنی بەقاڵیەوە، خەریکبوو. هەر جارێک شتێکی دەکڕیو دەفرۆشت. زیاتریش خورماو دۆشاوو حەڵواو رۆن لە هەر شوێنو جێگایەک شتی لە ئەم جۆرانە فرە بوایە روویدەکردە ئەو شوێنە، تاکو بەنرخێکی گونجاو بیفرۆشێت، رۆژێک لە رۆژان ئەوانەی هاتوچۆی شاران دەکەن ئاگاداریان کردەوە کە خورمایەکی زۆر هەیە لە شارێکی دوور لەناوچەکەیانەوە.

کابرای کاسبکار پارەو پولی خستە باخەڵەوە، و چارەواکەی ئامادەکردەو ناوی خوای لێهێنا. بەرەو ئەو شارە کەوتە ڕێ. هەروەکو دابی جاران خەڵکی قۆناغ بە قۆناغ سەفریان دەکرد. بۆ ئەوەی تووشی ڕێگرو جەردەو درندە نەبنەوە. ڕێگەی دا لەبەرو بەرەو ئەو شارە کەوتە ڕێی. عەسرێکی درەنگ گەیشتە ئاواییەک، وای بەباشزانی شەو لە ئەو ئاواییە رۆژ بکاتەوە: جا بەهۆی زۆری سەفرکردنی بەتاقیکردنەوەکانی خۆیەوە بڕیاریدا، رۆبکاتە ماڵێکی دەوڵەمەندی دێیەکە، تاکو نەبێتە ئەرک بەسەر ماڵێکی کەم دەرامەتەوە. لەبەرایی ئاواییەکە چاوی کەوتە ماڵێکی بەرزو رێکوپێک ئیتر دڵنیا بوو لەوەی ئەم ماڵە ماڵی کەسێکی خاوەن مەروماڵاتە، جێگایەکی باشە بۆی. بۆیە بەرەو ئەو ماڵە چوو. لە دەرگای حەوشەکەی دا ژنێکی سەلار قورس هاتە دەنگیەوە دیار بوو کەیوانوی ماڵەکەیە. کە گەیشتە نزیک دەرگای حەوشەکە ژنەکە پرسیاری کرد ئەوە کێیە.

رێبوارەکە وتی: میوانە! میوان رائەگرن.

ژنەکەش وتی: میوان بەخێر هات بە سەرچاوان.

فەرموو برا وەرە ماڵەوە. ئەمجا ژنەکە جڵەوی چاراوەکەی گرد بەرەو تەویلە سەر ئاخورکان بردی.

لە هەمانکاتدا دیوەخانەکەی پێ نیشاندا. میوان چووە ژووری دیوەخانەوە. چاوێکی کەوتە پیاوێکی ریش سپی بە تەمەن. وەکو عادەت سەلامی کردو پیرەکەش بە گەرمی وەڵامی دایەوە. بەخێر هاتنی کرد.

ئەمجا دەستی کردە زیکرو ویردی. ویردەکە لەلای میوانەکە سەیر بوو. چونکە پیرەمەردەکە هەر ئەیووت:

**شوکر وە کردەت — شوکر وەبردەت**

**شوکر وە کارەکەی — کەس نەکردەت**

بەردەوام ئەیووتەوە.. کابرای میوان خویی پێڕانەگیرا..

پرسیاری کرد وتی: مامە گیان بەبێ ئەدەبی نەبێت ئەوە بۆ وەها دەڵێیت؟

پیاوە پیرەکە وەڵامی دایەوە وتی: کوری شیرینم شەوگار درێژە، حیکایەتی ئەم زیکرەت بۆ ئەگێڕمەوە.

هەر لە گەڵ ئەم گفتوگۆیەدا لەنێوان میوانو خاوەن ماڵ. درا لەدەرگا. کەیوانەکە بەرەو دەرگا رۆیی بەدەنگێکی پڕ لە خۆشەویستیو میهرەبانیەوە وتی: ماندو نەبن رۆڵە ئازیزەکانم بەخێرهاتنەوە. فەرموون لەدیوەخان میوانمان هەیە.

میوان سەری سڕما، چونکە بە مزندەی خۆیو لەدڵی خۆیەوە وتی: ناشێت ئەم ژنە. ژنی پیاوە پیرەکە بێت کەتەمەنی ئەم ژنە لە (٣٥) ساڵ تێپەڕی نەکردووە.



پیرەمێردەکـەش لـە سـەرو (٨٥)سـاڵانە کوڕەکانیـش تەمەنیـان نزیـک (٢٠) سـاڵانە. کـەس کـوڕی باڵابـەرز سـیویکی بـەس کـەرەت کـراو بـوون.

کاتێـک کردیانـە ماڵـەوە جڵـەوی ماینەکانیـان بـەرەو تەویلەکـە رادەکێشـا. لاشـەی ئاسـکێک لـە ژێـر زگـی یەکێـک لەماینەکانـەوە دیـار بـوو.

ئەمجـا هەرسـێ گەنجـە جوانەکـە. هاتنـە ژووری دیوەخانـەوە. بەگەرمـی بەخێـر هاتنـی میوانەکەیـان کـرد. پاشـان یـەک یـەک دەسـتی پیـاوە پیرەکەیـان ماچکـرد. ئەمجـا داوای مۆڵەتیـان لـە میوانەکـە کـرد. تـا بچنـە یارمـەتی دایکیـان بـۆ لـەتو پەتکـردنی لاشـەی ئاسـکەکە. دایکیشـیان دەسـتی کـردە ئامادەکـردنی خـواردن بۆیـان. خواردنێکـی خـۆشو بەتـام خـوارد دوای ئیسراحـەت. پیـاوە پیرەکـە وتی: میـوانی ئازیـز ئیسـتا ئیتـر نـورەی ئـەوە هاتـووە. چیرۆکـی ئـەم ویـردەت بـۆ بگێرمـەوە.

رۆڵـەی ئازیـزم.. هـەر لـە ئـەم ماڵـە مـنو خێزانەکـەم ژیانمـان بەسـەر ئەبـرد، سـەرقاڵی مـەڕداریو کشـتوکاڵ بوویـن.

لەسـەرەتا خـودای گـەورە دوو منـاڵـی پێـمان بەخـشی. بـەڵام بەهـۆی ئاوڵـەو سـورێژەوە هـەر بـە منـاڵـی مـردنو سـەریان نایـەوە.

تاکـو لـە ئاخـرە خـودا تەنیـا کورێکـی پێـمان بەخـشی. زۆر پێـی خۆشـحال بوویـن. چـاوەڕوانی ئـەو رۆژە بوویـن، کـە زوو گـەورە بێـتو ژنی بـۆ بهێنیـن. تـا تەمـەنی گەیشـتە (٢٢) سـاڵان بـە گوێـرەی دڵـی خـۆی ژنمـان بـۆی هێنـاو زەماوەندێکـی گەورەمـان بـەم بۆنەیـەوە کـرد، چەنـد کاورێکـمان سـەربڕی و پـلاو گۆشـتو شـلە ئامادەکـرا، هەمـوو خەڵکـی ئاوەیەکەمـان دەعـوەت کـردن. هـەر لـە بەیانیـەوە تاکـو نزیـک ئێـوارە دەهـۆڵو زورنـا هەڵپەڕکـێ بەردەوامبـوو. کـە خۆرئـاوا بـوو بـووکو زاوا چوونـە پـەردەوە.

لـە پـاش زاوابـوون تەقـەی خـۆشی کـرا، میوانـەکان پیرۆزباییـان کـرد بـەرەو ماڵـی خۆیـان گەڕانـەوە.

بەیـانی کـە ڕۆژ بـووەوە. قاوەڵتیـمان بـوو زاواو بـووک ئامادەکـردن چـاوەڕوان بوویـن لەخـەو هەڵسـن. تاکـو قاوەڵتیـان بـۆ بەرینـە ژورەوە. زۆر چاوەڕێـمان کـرد. بـەڵام دەنگیـان نەبـوو. نزیکـەی چاشـتەگا. داوام لەخێزانەکـەم کـرد. ئاگاداریـان بکاتـەوە. ژنەکـە رۆیشـت لـەدەرگا درا، بـوو کـە وەڵامـی دایـەوە وتی: دایـە گیـان هەرچـی ئەکـەم هەڵناسـن وا دیـارە خـەوی خۆشـە. خـۆت وەرە، خەبـەرداری بکـەرەوە.

کاتێـک دایکـی زاوا چـووە ژوورەوە بانگـی لەکـوڕ کرد-دەنگـی نەبـوو پاشـان دەسـتی دایـە سـەر دڵـی هیـچ چرکەیەکـی نەبـوو. ئیـتر زانی کـوڕە ئازیزەکـەی نەفـەس نەمـاوە و جوڵـەی لێبـڕاوە.

بەمجـۆرە کەدڵنیابـوو تەنیـا کورەکەمـان لەدەسـتچووە قیـژەو بانگـی لێبەرزبـووە تـا ئەوەهـا جگەرمـان سـووتاو ماڵـمان وێـران بـوو کوڕەکەمـان لەخۆشـترین شـەوی تەمـەنی خـوا بردیـەوە. لـەدوای سـەرچڵەو خەبەرکـردنی- بانگـی بووکەکـەم کـرد وتـم: کچـم ئێمـە ئیـتر ماڵـمان رمیـاو خوداوەنـد هەناسـە ساردی کردیـن.

ئیـتر بـا بانگـی مـەلا بکـەم هـەقو هقوقـی خۆشـت پێبدەیـن.و بگەڕێـوە ماڵـی باوکـت.

بووکەکـە وەڵامـی دایـەوە وتی: بـاوە گیـان شـەرع شـەرمی نیـە مـن دووگیانـم. ئەوەنـدە بـێ ئەمـەکو بـەد ئەسـڵ نیـم تێـدە لـە ئـەم وەختـە جێبێڵـم. ئـەم هەواڵـە ئومێدێکـی پەمبەخـشی. بـەڵام خێزانەکـەم بەرگـەی ئـەم کۆسـتەی نەکـردو کۆچـی دوایـی کـرد.

بووکـە خانەدانەکەمـان، کاری نـاو ماڵـی بەڕێـوە دەبـرد، بەنـدەش خەریکـی کاری دەرەوەی مـاڵ بـووم، بەیارمـەتی وەرزیـرو جوتیارەکان.ئـەو هێـزە هاتـە گیانمـەوە بەئومێـدی لەدایکبـوونی منداڵەکـەدا بـوو لەپـاش نۆمانـگو نـۆ رۆژ، وادەی منـداڵ بـوونی هـات..

نیشـتە سەردەسـتی مانـەوە. لـە جیـاتی کوڕێـک خـودا سـێ کـوڕی پێـمان بەخـشی. ئـەم سـێ گەنجەیـە کـە بەلامانـەوە دانیشـتنە.

جـا بـرا گیـان لەتوانـای کـێ هەیـە جگـە لەخـودای گـەورە. لەشـەوێکی خـۆش وەهـادا، تاقانەیـەک بباتـەوە لەخوایـش زیاتـر کـێ دەتوانێـت پاداشـتێکی ئەواهـا بداتـەوە. لـە پـاش ئـەو کارەسـاتە خۆشـییەکی بەمجـۆرە بخاتـە دڵانـەوە.

توخـوا ئازیـزم هـەق بەدەسـتمەوە نییـە- کـە شـەو و رۆژ زیکـرو ویـردی سـەر زوانـم ئـەم ویـردە بێـتو بڵێـم..

**شوکر وە کردەت شوکر وە بردەت**

**شوکر وە کارەکەی کەس نەکردەت**

ئیـتر تـا مـاوم هـەر ئەیڵێمـەوە چونکـە لەخـوای گـەورە زیاتـر کاری وەهـا لـەدەس کـەس نایـەت.

*ئـەم حیکایەتـەم لەپـورم (ئامینـە کەریـم سـمایلی مەحـلان)-بیسـتووە لەدایکبـووی ١٩١٠- ١٩٦٨.

کـردە: کـردەوە. بـردە، بردنـەوە. لێسـەندنەوە. چـارەوا: ئەسـپی بـار هەڵگـر. عەتـاری. وردە والـە فرۆشـتن- بەقاڵی.میـوەو رۆنو حەڵـوا فرۆشـتن.

زک: سک.

نیشت: دانیشت.

مەمان: مامان.

# شۆخێکی دڕندە



ئومید عوسمان ڕەزلەیی

دەگێڕنەوە لە یەکێک لە گوندەکانی کوردستاندا خەڵکی گوندێک زۆر بەخۆشی پێکەوە دەژیان، وەکو برا، بەڵام گرفتێکیان هەبوو ئەویش ئەوەبوو هەر ڕۆژێک ئاژەڵێک یان بێچووە ئاژەڵێکیان دیار نەدەما و ون دەبوو، نەدەدۆزرایەوە، زۆر جاران منداڵیشیان وون دەبوو، بەڵام پاش ماوەیەک ئێسکو پروسکی منداڵەکە، یان گیانلەبەرەکەیان دەدۆزیەوە، زۆر گرفتاری ئەو کێشەیە ببوون، بەڵام لەبەر ئەوەی وڵاتی خۆیان بوو نەیاندەتوانی چۆڵی بکەن، خۆیان بە قەدەری خوداوە گرێ دابوو، هەر لەو دێیەدا دوو گەنجی زیرەک و ئازا و لێهاتوو هەبوون پیشەیان ڕاوکردن بوو. سەرەڕای پیشەکەیان زۆر زیرەک بوون، جوان پۆش و ڕێک پۆشوو، قەشەنگ بوون، پێکەوە دەچوونە سەردان و سەیران، ڕاوکردنیان هەر پێکەوە بوو، لە خۆشی و ناخۆشیدا هاوکاری یەکتری بوون، هەر لەو لادێیەدا کە باپیر و بارامی لێ دەژیان، کچێکی زۆر جوان و نەشمیل و ئێسک سووک هەبوو، ناوی خەنان بوو، دڵی ئەو دوو گەنجەی بۆخۆی بردبوو، بێ ئەوەی کچەکە بزانێت کە باپیر و بارام ئەویان خۆش دەوێت، پاش ماوەیەکی دوورودرێژ بۆ خەنان دەرکەوت، کە باپیر و بارام خۆشیان دەوێت، بەڵام خەنان زۆر خۆڕاگر بوو بەڵێن و پەیمانی نەدا بەهیچ یەکێکیان، تا ئەو کاتەی باپیر و بارام کەوتنە کێبڕکێ و خۆشیرین کردن لەلای و خۆدەرخستن بۆ کچەکە، ئیتر نهێنی باپیر و بارام بۆ خەنان و تەواوی ئەو لادێ و لادێکانی تریش دەنگی دایەوە.

لەبەر ئەوەی ماڵی خەنان خۆپارێزی بکەن لە قسە و قسەڵۆکی خراپ لەگەڵ ڕیش سپی گوندەکە قسەیان کرد، ئەویش پیاوانی گوندەکەی کۆکردەوە و بانگی باپیر و بارامیان کرد و وتیان یان یەکێکتان واز لە خەنان بێنن، یان دەبێت گرەوێکتان لەگەڵ بکەین، هەر کەسێکتان گرەوەکەی بردەوە ئەوا خەنان دەدەین بەو کەسەتان، ماڵی خەنان و تەواوی لادێکە بە باپیر و بارامیشەوە بە وتەکانی ڕیش سپیانی گوندەکە ڕازی بوون، ڕیش سپیەکی گوندەکە، کە لەوانی تر گەورەتر و لێزانتر بوو گووتی کوڕەکانم ئێوە ڕاوچین و ڕاوچی زۆر باشن، لەبەر ئەوە مەرجی ئێمە ئەوەیە دەبێت هەر یەکێکتان نێچیرێکی باش ڕاو بکەن، کێتان زووتر گەڕایەوە لای ئێمە ئەوە ئەوەتان دەبێتە خاوەنی خەنان، خەنانیش بە مەرجەکە ڕازی بوو، دوای ئەو وتوێژە باپیر و بارام گەڕانەوە بۆ ماڵی خۆیان تاوەکو پێداویستی خۆیان، کە بۆ ڕاوکردن بەکاربێت ئامادەی بکەن و لەگەڵ خۆیانی ببەن، ئەو شەوە تا بەیانی باپیر و بارام هەر یەکەیان بەجیا بیریان لە کارەکەیان دەکردەوە و بیریان دەکردەوە کە چۆن سەربکەون بەسەر ئەو تەنگژەیەدا، کە بۆیان هاتۆتە پێش، کاتێک ڕۆژ بووەوە خەڵکی گوندەکە کۆبوونەوە بۆ ئەوەی باپیر و بارام بەڕێ بکەن و خواحافیزیان لێ بکەن، بەڕێیان کردن و خواحافیزیان لەیەکتر کرد و هەر یەکەیان بۆ شوێنێک چوون، کە خۆیان بڕیاریان لەسەردابوو.

پاش چەند کاتژمێرێک بارام ڕوی کردە دەشت و شیو و دۆڵێک، دوای ماوەیەک سوڕانەوە بینی وا ئاسکێکی زۆر جوان بەرەو سەرچاوەی کانیەکە دێت، بەڵام بارام خۆی لە کەمین دا و توانی ئاسکەکە بکاتە نێچیر و ئاسکەکەی ڕاوکرد و زۆر بە دڵخۆشی خۆی ئامادەکرد بۆ گەڕانەوە...

لەلایەکی ترەوە باپیر ڕوی کردە جەنگەڵستان و ڕەوەز و لێڕەوارێک کە زۆر بە سەختی و دژواری دەیتوانی ڕێ بکات، بەڵام خۆی بەستەوە بە چارەنوسێکی نادیارەوە، تاکە مەبەستی ئەوە بوو کە نێچیرێک ڕاو بکات و بتوانێت سەربکەوێت بەسەر بارام دا، بۆئەوەی خەنانی خۆشەویستی بەدەست بهێنێت، زانی کاتی زۆر درەنگ بووە، وە لای ڕوون بوو کە بارام گرەوەکە دەباتەوە، بەڵام بڕیاری دا تا نێچیرێک ڕاو نەکات نەگەڕێتەوە، بەردەوام بوو لە گەڕان، لەلایەکی ترەوە بارام گەیشتەوە لادێکەی خۆیان و خەڵکی گوندەکە بە ڕیش سپی و پیاو ماقوڵ و گەنج و پیر و منداڵەوە هاتنە پێشوازی بارام و بەخێرهاتنیان کرد، وە پیرۆزباییان لێ کرد بۆ سەرکەوتن لە ڕاوکردنەکەدا و بەدەستهێنانی خەنان وەک خۆشەویستی ژیانی.

پرسیاریان لە بارام کرد کە بۆچی باپیر دیار نیە؟!

بارام گوتی من هەواڵی باپیر نازانم! بۆچی مەگەر نەگەڕاوەتەوە؟! لە وەڵامدا گوتیان نەهاتۆتەوە، ویستیان بچن بۆ کێوماڵکردنی باپیر، بەڵام ڕیش

سپیەکە گوتی کاتمان زۆر لەبەردەستدا ماوە، وازی لێ بهێنن تا دەگەڕێتەوە، ئەوانیش گوێیان لە ڕیش سپیەکەیان گرت و هەریەکەیان چوون بەلای کاری خۆیانەوە.

خۆشەویستان و ئەزیزان با بگەڕێینەوە بۆ لای باپیری بێ بەخت، بزانین باپیر توانی ڕاوی نێچیرێک بکات؟ باپیر لەناو زاخرِ و چڕە دارێکدا بە دووی نێچیرێک دەگەڕا، بەڵام زانی درەنگە و خەریکە کاتی لەدەست دەچێت و کاتەکە بەرەو دوا نیوەڕۆ دەڕوات، خۆی گروج کردەوە و تاوی سەند تابتوانێ نێچیرێک ڕاو بکات، هیچ گوێی نەدایە برسێتی و تینوێتی، گەیشتە لای چەند بنە دەوەنێک بینی کەروێشکێک لەوێدا خەریکە کەروێشکە خەو دەکات، لەبەر ئەوە باپیر وەک گوڵ گەشایەوەو قەڕەوڵی لە کەروێشک گرت و تفەنگەکەی بەرەو کەروێشکەکە تەقاندو کەروێشکەکەی کوشتو خێرا گەیشتە سەر کەروێشکەکە و گەڕایەوە بەرەو لادێکە، بەڵام زۆری مابوو بگاتەوە لادێکە لەناو چەند ڕیزە شاخێک و چەند ئەشکەوت وکەورگێکدا کە چەند تەنگەڵان و دەرتەنگێک بوو لە ناوەڕاستی ڕێگاکەدا کچێکی زۆر جوان و ناوازە و بەژن و پەری ڕوخساری بینی، کە هەر لە مانگ دەچوو، کاتێک لە کچە شۆخەکە نزیک بۆوە، بینی وا خەریکە دەگری، باپیر لە بەردەمیدا وەستاو لێی پرسی: تۆ کێیت؟ ناوت چیە؟ بۆچی دەگریت؟ بۆچی بەتەنهایت؟ کوا کەسوکارت؟ کوا هاوڕێکانت؟ بۆچی بەتەنهایت؟ کچە شۆخ و شەنگەکە سەلامی لە باپیر کردو بەدەم گریانەو وەڵامی باپیری دایەوەو گوتی : ناوم هەژیانە، لەبەر ئەوە دەگریم کە لە خزم و کەس و کارەکەم بەجێماوم و تەنها نیم، بەڵام کاتی نیوەڕۆ لەگەڵ کاروانیەکەمدا دەڕۆیشتم، زۆرم تینو بوو، لێیان جیا بوومەوە هاتمە سەر کانی و ئاوێک، بەڵام بەسەر ماندوێتی خەوم لێکەوتبوو کاتێک بێداربوومەوە زانیم کە جێیان هێشتووم، لەبەر ئەوە خێرا دەستم بە ڕۆیشتن کرد و دیارە من لەپێش ئەوانەوە هاتوومەتە ئێرە، باپیرە وتی: ئێوە کێن و بۆ کوێ دەچنن؟ گوتی ئێمە هەموو ساڵێک گەرمیان و کوێستان دەکەین، لەبەر ئەوەی پیشەمان ئاژەڵداریە وا ئێستا دەمەو پایزە و وڵات زۆر ساردی کردووە دەگەڕێینەوە شوێنی خۆمان، دوای وەڵامدانەوەی ئەمجارەیان کچە شۆخەکە پرسیاری لە باپیر کردو وتی تۆ ناوت چیە؟ بۆچی لەم چۆڵەوانیەدا بەک کاتە درەنگە لێرەیت؟! باپیر وەڵامی دایەوەو گوتی: ناوم باپیرە، خەڵکی ئەو دێیەی نزیک خۆمانین، هاتوومەتە ڕاوکردن، بەڵام ئێستا دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە، کچە شۆخەکە گوتی باپیرەگیان تۆ نابێت من لەم چۆڵەوانیەدا بەجێ بهێڵیت ، بەخوا زۆر زۆر دەترسم، وا ئێوارەیە ئەوەتا خۆر بەرەو داچوون دەچێت و هەوا زۆر ساردی کردووە، باپیر گوتی: هەژیان ئێرە زۆر ترسناکە مار و مێروی زۆرە بابچینەوە گوندەکەی خۆمان، تۆ لەوێ پشو بدە، من خۆم دێمە سەر ڕێگاکە، هەرکات کاروانیەکەتان هات دەیان وەستێنم و تۆش ئاگادار دەکەمەوە تا لەگەڵیان بڕۆیتەوە، بەڵام هەژیان گوتی: باپیرەگیان بەخوا ناتوانم ئێرە بەجێ بهێڵم توخوا تۆ مەڕۆ، باپیر گوتی من زۆر دەمێکە لەماڵ بڕاوم دەبێت بگەڕێمەوە بەڵام دواتر باپیر بیری کردەوە کە ئەوە پیاوەتی و غیرەت نیە کە ئەو کچە شۆخە جێ بهێڵێت، لەبەر ئەوە بڕیاری دا کە لەلای هەژیان بمێنێتەوە، دانیشتن، پاش ماوەیەک هەژیان گوتی: باپیرەگیان زۆر سەرمامە چی بکەم؟ باپیر گوتی: هەژیان گیان ئێستا ئاگرت بۆ دەکەمەوە.. هەستا چوو هەندێک چیلکە و وردە دار و دڕک و داڵی هێنا ئاگری کردەوە، هەژیان لەبەردەم ئاگرەکەو لای باپیر خۆی ڕاکێشاو وتی: باپیرگیان بەڕاستی تۆم خۆش دەوێت، تۆ لەدڵی مندایت، مەرجە کە گەڕامەوە شوێنی خۆم تۆ لەبیر نەکەم و لەتۆ جیا نەبمەوەو ببمە هاوسەری ژیانت، باپیر ئەو پێ ناسینەی زۆر پێ خۆش بوو، چونکە دەیزانی کە خەنانی لەدەست دەرچووەو گرەوەکەشی دۆڕاندووە، ئێستا زیان لە نیوەی گەڕاوەتەوە زۆر باشترە، ئەمە لێکدانەوەی باپیر بوو بۆ هەژیان، پاش ماوەیەک لە گفتوگۆی خۆش لەنێوان باپیر و هەژیاندا بینیان ئەوا خۆر بەتەواوی داچووە، وە ئاگرەکەش هەندێ پشکۆی کەم نەبێت خەریکە تەواو دەکوژێتەوە، هەژیان گوتی باپیرەگیان کاروانەکە نەهاتن ئاگرەکەش خەریکە نامێنێت چی بکەین؟ باپیرە گوتی بەگوێم بکە با بگەڕێینەوە لادێکەی خۆمان، بەڵام هەژیان گوتی: باپیرەگیان من زۆر هیلاک و ماندوم چی بکەم بەخوا تۆ بڕۆ من هەر لێرە دەبم، ئیتر بواری بۆ باپیری چارە ڕەش نەهێشتەوە، باپیر بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە بیری لە خەنان و بارام دەکردەوە کە ئەوان بە مرادی خۆیان گەیشتن و ئەمیش لەم چۆڵەوانیەدا گرفتار بووە، هەستان لەگەڵ هەژیان کە چیلکە و دار کۆبکەنەوە، بەڵام بینی کە هەژیان لەو دارە گەورانە دەنەوێت لە بن دەریان دەهێنێت، قەلی قەوی دارەکان بە ئاسانی دەشکێنێت، باپیریش بە هەرچی هێزیەتی ناتوانێت لقە دارێک بشکێنێ، کە سەیری هەژیانی کرد زۆر ترسا و زانی کە هەژیان مرۆڤێکی ئاسایی نیە و هێزی لە ڕادە بەدەری هەیە، کە لەتوانای مرۆڤدا نیە،

زۆر ترسا بەڵام نەیتوانی ترسەکەی بەرامبەر بە هەژیان دەرببڕێت، هاتنەوە بۆلای ئاگرەکە، خۆشیان کردو کەوتنە قسەی خۆش کردن، هەژیان گوتی باپیرگیان من زۆرم برسیە، باپیرە لەترسا هیچی بۆ نەوترا، گوتی ئارامت هەبێ، تاکو تۆزێکی تر ئەگەر نەهاتن دەگەڕێینەوە بۆ لادێکەی خۆمان، هەژیان گوتی باشە، باپیر گوتی هەژیان گیان من تۆزێک دەخەوم ئاگات لە من بێت، هەژیان گوتی بخەوە من ئاگام لێت دەبێ، پاش ماوەیەک کە باپیرە خۆی کردبوو بە خەوتوو بەنیوە نیگاوە لەژێر باڵیەوە لە هەژیان ورد دەبۆوە، نەی دەوێرا بخەوێت، کاتێک بە ناکاو بینی شێوەی هەژیان گۆڕا، وە بە باشی هەژیانی بینی، چونکە مانگە شەو بوو، وە لە لایەکی ترەوە ئاگرەکە ڕوناکی زۆری بەدەوروبەری هەژیان و باپیر دەدا، بینی کە هەژیان بوو بە ئاژەڵێکی زۆر ناشیرین، دەمو لمۆزی زۆر گەورە چاوی داقڵیشاو و شاخی درێژ و چوار دەست و دوو قاچی هەتا بلێی درێژ و سمی وەک سمی گوێدرێژ وابوو، کلکی زۆر قەوی و لەدواوە لە ئەژدیها دەچوو، بۆڕە و نەڕەیەکی زۆر گەورەی لێوە دەهات و خێرا پەلاماری کەروێشکەکەی دا و سەری کەروێشکەکە نەبێت گشت لاشەی کەروێشکەکەی قوت دا و هەڵی لوشی بە ئاسانی، باپیر گوێی لە هارینی ئێسک و گۆشت و پێستی کەروێشکەکە بوو، لەناو دەمی هەژیاندا، پاش ئەوەی کەروێشکەکەی خوارد هاتە نزیک باپیر تا پەلاماری بدات و باپیر بخوات، بەڵام باپیرە هەر زوو کەوتە جوڵە کردنو خۆی بە ئاگا هێنایەوە لەکاتێکدا کە هەر نەخەوتبوو، پاشان هەژیان شێوەکەی خۆی گۆڕیەوە بۆ کچە شۆخ و شەنگ و جوانەکەی پێشو و گوتی باپیرە گیان بخەوە بۆ خەوت لێ ناکەوێت تازە بەیانی دەچینەوە ناو دێ، من بەڵێن دەدەم کە لە تۆ جیا نابمەوە، باپیر لە ترسا گوتی من زۆرم برسیە، تۆ بەگوێی منت نەکرد بچینەوە بۆ لادێکە، ئێستا چی بکەم تا بەیانی، لە هەژیان وایە باپیر پێی نەزانیوە لەدوای هەلێک دەگەڕا کە باپیر بخوات، بەڵام چیتر باپیر لە بیری خۆ ڕزگارکردندا بوو، باپیر سەیری ئاگرەکەی کردو وتی هەژیان گیان خۆ خەریکە ئاگرەکە دەکوژێتەوە، چی بکەین؟ هەژیان گوتی باپیر هەر نزیکی خۆمان درک و داڵ هەیە بچۆ بیهێنە با ئاگرەکە نەکوژێتەوە، بەڵام باپیر لەوە زیرەکتر بوو وتی من لەبرسا ناتوانم بڕۆم خۆ ئێوارە منت بینی چەندە ماندوبووم، دیارە تۆ شارەزاتریت توخوا هەژیان گیان تۆ بچۆ دار بهێنە، هەژیان گوتی باشە، کاتێک هەژیان ڕۆیشت بەرەو ئەو ئەشکەوتەی کە نزیک بوو لە خۆیانەوە باپیر خێرا تفەنگەکەی ئامادەکرد و ناوی خوای لێهێنا و تفەنگەکەی ڕوکردە هەژیان (دڕندەکە) و بەجوانی مشتی لێگرت و تەقاندی کاتێکی زانی بۆڕەیەکی زۆر گەورە هەستا کە ئەو چۆڵەوانیەی پڕکرد لە دەنگەکەی، وە باپیرە جارێکی تر تفەنگەکەی تەقاند لەکاتێکدا (هەژیان بووبوویە دڕندەیەکی ناشیرین و دەیویست پەلاماری باپیر بدات ) ئەوەبوو باپیر توانی بە سەختی هەژیان زامدار بکاتو بەرەو گوندەکەی بە ترسەوە هەڵبێت، کاتێک باپیر گەیشتە نیوەی ڕێگاکە لەوێدا بەبێ هۆشی کەوت و چی تر نەیتوانی بڕوات، بەڵام ئەسپەکەی بەبێ سوار ڕۆیشتە گوندەکە، کاتێ ڕۆژبوویەوە خەڵکی گوندەکە کە بینیان ئەسپەکەی باپیر لەوێدا لەبن دارێکی گەورەدا وەستاوە، خێرا کۆبوونەوەو بڕیاریان دا بەدوای باپیردا بگەڕێن، ڕویان کردە ئەو شوێنەی کە باپیری لێ کەوتبوو، دوای ئەوەی باپیریان دیتەوە، باپیریان هێنایەوە بۆ گوندەکە، پاش چەند ڕۆژ کە باپیر هاتەوە هۆشی خۆی هاتە قسە و گوتی خەڵکەکە من ڕوداوێکی لەو شێوەم بەسەردا هاتووە، من لەژیاندا نامێنم بەڵام توانیم ئێوە لەمردن ڕزگاربکەم، ئێوە بچن بۆ ئەو شوێنەی کەمنی لێ بووم لای دەرتەنگ و ئەشکەوتەکە، بزانن ئەو دڕندەیە ماوە، کاتێک خەڵکەکە چوونە ئەوێ بەڕاستی زۆر ترسانو سوپاسی خوای گەورە و باپیریان کرد، ڕیش سپیەکە گوتی هەرچەندە بارام زوتر گەیشتۆتەوە گوندەکە بەڵام باپیرە شایستەی گرەوەکەیە و دەبێت خەنان بۆ باپیر بێت، هەموویان ڕازی بوون لەسەر ئەم وتەیەی پیاوە ڕیش سپیەکە، بەڵام کاتێک گەڕانەوە گوندەکە، بینیان لەدەوری ماڵی باپیر شیوەن و گریانەو خەڵکی بە پەرۆشەوە بۆ باپیر دەگرین، پرسیاریان کرد ئەوە چی ڕویداوە؟! لەوەڵامدا گوتیان باپیر گیانی سپارد، بەو شێوەیە باپیر بووبە پاڵەوانی چیرۆکەکە، بەڵام بارام بووبە خاوەنی خەنان و پاش ماوەیەک لەمردنی باپیر خەنان و بارام ئاهەنگیان ڕێکخست و بوونە هاوسەری یەکتر و خەڵکی گوندەکەش لەسایەی قارەمانێتی باپیرەوە ڕزگاریان بوو لەو دڕندەیەی کە لەو ناوچەیەدا دەژیا.

ئەم چیرۆکە لە ناوچەی (شارباژێر) دەماودەم گێڕراوەتەوە، منیش وەک چۆن گوێم لێ بووە بەمەبەستی پاراستنی.


# بودجەیەکی کەمو بەخشینێکی زۆر

ئامادەکردنی : بەیان محەممەد



کۆمەڵەی کەلەپوورو فۆلکلۆری کورد، بیستوسێ ساڵ لەمەو بەر لە شاری سلێمانی دامەزراوە. ئەندامەکانی خۆبەخشانە هەتاکو ئێستە بەدەیانو سەدان چالاکیی هەمەجۆریان ئەنجامداوە، خزمەتێکی باشیان بە کەلەپوورو کەلتوری نەتەوەکەمان کردووە.

لەبەسەرکردنەوەی (ڕۆژی سلێمانی) بۆ ئەم کۆمەڵەیە، محەمەد مەردان سەرۆکی کۆمەڵەکە سەبارەت بەناوی کۆمەڵەکەیان کە(کۆمەڵەی کەلەپوورو فۆلکلۆری کورد)ـەو کوردستان نییە وتی: ((ئەمە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر، کەلە ڕۆژی (١٠/ ١١/ ١٩٩١)دا، ئەو بڕیارەیان داوەو بەباشیانزانیوە (کورد بێت)، چونکە چەند نەتەوەیەکی جیاجیا لە کوردستاندا ئەژینو کورد نین، کە بڵێین (کوردستان)، بێگومان ئەوانیش ئەگرێتەوەو ئەتوانن ببن بە ئەندام. بەڵام لە ئێستایا ناتوانن)).



لەبارەی ئامانجی کۆمەڵەکەیانەوە، محەمەد مەردان وتی: ((لە ڕاستیدا کۆکردنەوەو توێژینەوەی کاری فۆلکلۆر لە کوردستاندا مێژوویەکی دێرینی نییە، بەڵکو کەسانی دڵسۆزی بیانی بەمکارە هەستاونو لەجیاتی کورد بەرجەستەیانکردووە. بەڵام ئەکرێ بڵێین سەدەی بیست پانتاییەکی بەرفراوانبوو، بەڕووی نەتەوەکەماندا کرایەوە، کەبیر لە کۆکردنەوەو چاپکردنی گەنجینەی لەبن نەهاتوی فۆلکلۆر بکرێتەوە.. لەم بوارەشدا بەپێی ئاماژەکان مامۆستایان( ئیسماعیل حەقی شاوەیسو حاجی جوندیو ئەمینی عەبداڵو مەعروف جیاووکو..هتد) بەپێشەنگی ئەم بوارە دادەنرێن.

لەوە کاتەوە هەتاکو ڕاپەڕین کاری کۆکردنەوەو تۆمارکردنی کەلەپوورو فۆلکلۆر بەتاکە کەسی ئەکرا. بەڵام لەدوای ڕاپەڕینەوە کەشو هەوایەکی گونجاو ڕەخسا، کە بتوانین هەموو فۆلکلۆریستان لە ژێر یەک ڕەشماڵی کوردەواریدا کۆبکەینەوەو کاری بە کۆمەڵ بکەینو بەشێوەیەکی زانستیانەش مامەڵە لەگەڵ ئەو گەنجینەیەدا بکەین. ئامانجی سەرەکی ئێمە ئەمە بوو، کە هەموو فۆلکلۆریستانی کورد پێکەوە کار بکەین.

بەڵام بەداخەوە هەر زوو فۆلکلۆریستانی شاری هەولێر بەهۆی شەڕی نەگریسی ناوخۆی حیزبەکانەوە لە ئێمە جیابوونەوەو شتومەکەکانی لقی هەولێریان تەخشانو پەخشانکردو کۆتاییان بە کۆمەڵەکە هێنا!!.
تەنانەت (٤٢) هەزار دیناری سویسریش پارەی کۆمەڵەکەمان لە بانکەکانی شاری هەولێر دەست نەکەوتەوە)).

سەبارەت بەکاروچالاکییەکانیشیان سەرۆکی کۆمەڵەکە وتی: ((جگە لەدەرکردنی گۆڤارو ڕۆژنامەو چاپکردنی کتێب، هەتاکو ئێستا (١٣) پێشانگەی فۆلکلۆریمان بۆ شێوەکاران‌و پیشە میللییەکان کردۆتەوە، یەکێکیش لەو پێشانگەیانە بۆ ماوەی هەفتەیەک لە شاری سنە کردمانەوە جگە لەوە زیاتر لە (١٠) فێسیڤاڵی ئاهەنگسازی‌و جۆرەکانی هەڵپەڕینی کوردی‌و میلۆدییە ڕەسەنەکانمان ئەنجامداوە، ئەمیش تیایدا هەبوو هەفتەی خایاندووە. (١١) یانزە کۆڕی چلەی ماتەمینی‌و ساڵیادمان بۆ ئەندامە کۆچکردووەکانی کۆمەڵە سازکردووە،چەندین روماڵی مەیدانی ناوچەکانی (گەرمیان، هەورامان، سورداش... هتد) یمان کردووەو بەسەدان کاسێتی هەمەجۆری دەنگو ڕەنگمان لەجۆرە جیاجیاکانی کەلەپورو فۆلکلۆردا تۆمارکردووە، هەروەها بەدەیان کاسێتی چیرۆکی فۆلکلۆری‌و گەمەو ئاوازە فۆلکلۆرییەکانمان تۆمارکردووەو بەسەدان وێنەی فۆتۆشمان گرتووە، هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کە ساڵانە بە ئاهەنگسازییەک یادی کۆمەڵەکەیان دەکەنەوەو لە ساڵی (١٩٩٧) یشەوە تا ئێستا ئاهەنگسازی بۆ جەژنی نەورۆز دەکەن، ساڵانەش بەهاوبەشی پارێزگای سلێمانی‌و بەڕێوەبەرێتی کەلەپووری کورد یادی شاری (سلێمانی) دەکەنەوە.

## چۆن لەم کۆمەڵەیەدا دەبیتە ئەندام

سەبارەت بە چۆنیەتی وەرگرتنی ئەندام لەم کۆمەڵەیەدا، مامۆستا عەبدوڵا حەسەن قادر، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەرو دەستەی نووسەرانی



گۆڤاری (کەلەپووری کورد)و لێپرسراوی گروپی کەلار وتی: ((بە پێی پەیڕەو پڕۆگرامی کۆمەڵە ئەبێ کەسایەتیەکی ڕابردو پاکو ڕەوشت بەرز بێت، بەلایەنی کەمەوە دوو بابەتی بڵاوکراوەی فۆلکلۆری لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا هەبێت. هەروەها ئەبێ دوو ئەندامی دەستەی کارگێڕیش پشتگیری بکەن)).

## ئایە ئێوە تەنها لە شاری سلێمانیدا بوونتان هەیە، یاخود لەشوێنی تریش کار دەکەن ؟

عەبدوڵا حەسەن قادر: لە شارو شارۆچکەکانی تریش، وەک گروپ کاردەکەین، وەک: گروپی کەرکووک، خانەقی، چەمچەماڵ، قەڵادزێ، ڕانیە، چوارقوڕنە، کەلار، قەرەداغو هتد..

## ئەم کۆمەڵەیە لە پایتەختی ڕۆشنبیریدا لەتەنیا ژورێکی (بینای تۆفیق قەزاز)دان کەتا ڕادەیەکی زۆر بۆ کۆمەڵەکەتان شیاو نییە، ئایا هەوڵتان نەداوە بچنە شوێنێکی شیاو تر؟

عەبدوڵلا حەسەن قادر: لە ڕاستیدا چونکە ئێمە کۆمەڵەیەکی خۆبەخشین، پابەندی هیچ حیزبو گروپێکی سیاسی نین. بۆیە لەلایەن حکومەتەوە، وەکو پێویست بایەخی پێنادەن. جارێکیش لەلایەن ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبێکەوە خانومان بۆ گیراو گواستمانەوە، پارەی کرێی دوو مانگمان هاتە سەر، بەپەلە هاتینەوە بۆ ئێرە. لەم ڕۆژانەی ڕابردووشدا خاتوو (شاناز ئیبراهیم ئەحمەد) سەردانی کردین‌و لە نزیکەوە ئیش‌وکارەکانی کۆمەڵەی بینی. وتی: خانویەک بگرن ئێمە پارەکەتان بۆ ئەدەین. بەڵام ئەندامانی دەستەی کارگێڕ دوای تاوتوێکردنی گرتنی خانوو، وتیان خانو پێداویستی تری زۆر ئەوێت لەبەر ئەمە دوایان خست. هەر لەو سەردانەدا خاتوو شاناز کامێرایەکی فۆتۆو لاپ تۆپێکی پێشکەش کردین

## سرودی تایبەت بە نەورۆز

جەژنی نەورۆز پانتاییەکی بەرفراوانی لای ئەم کۆمەڵەیە داگیرکردووە، بەشێوەیەک ساڵانە یەکێک لە چالاکییە گرنگەکانیان یادکردنەوەی جەژنی نەورۆزە، بۆ ئەو مەبەستەش سروودێکی تایبەتیان بۆ نەورۆز داناوە، سەبارەت بەو سرودە مامۆستا عادل محەمەد کەریم، جێگری سەرۆکی کۆمەڵە وتی: ((کۆمەڵەی کەلەپورو فۆلکلۆری کورد لە سلێمانی پێشەنگی ئەو ناوەندە کولتوریانە بوو کە لە دوای ڕاپەڕینەوە بیری لە بەرز ڕاگرتنەوەی یادی نەورۆزی کوردانی کرد لە سلێمانی، بۆ ئەم مەبەستە هەندێ لە ئەندامان ماندو نەناسانە کاتی خۆیان بۆ ئەم یادە پڕ شکۆیە خۆبەخشانە تەرخانکردوەو قوربانی زۆریان داوە لە پێناویدا، لەم سەرو بەندەدا کاک محەمەد مەردان سەرۆکی کۆمەڵ هۆنراوەیەکی

بۆ نەورۆز نوسیبوو کە هۆنراوەکە گوزارشتێکی ڕاستگۆیانەی دانەر بوو بۆ یادەکە کاتێ هۆنراوەکەم بینی بڕیارمدا کە کارێکی ئاوازەی لێدروست بکەم، ئەوە بوو دەستمکرد بە داڕشتنی ئاوازو مۆسیقاکەی کە دابەشکردنێکی ئۆرکستڕالیانیەو تیایدا چەند ئامێرێکی کوردی تەوزیف کراون لەوانە ( سازو سەنتورو زەڕب) بەدەنگی خاتوونی هونەرمەند ( کیژان ئیبراهیم خەیات)و بەشداری کۆرس وترا. کارەکە



لەسەر پەیژەی دۆمانەر داڕێژراوەو لە کۆتایشدا دەگۆڕێت بۆ پەیژەی دۆ مێجەر کەئەم گۆڕانکاریەش پەیوەندی بە ناوەرۆکی هۆنراوەکەوە هەیە. واتە وشەی هۆنراوەو واتاکەی وای لەمن کرد کە بە پێویستی بزانم کە ئەم گۆڕانکاریە لە پەیژەی بنەڕەتی کارەکەدا بکەم.

## لەبۆنەو یادەکاندا هەر جارەو تیپێکی مۆسیقا کارەکانی کۆمەڵ ئەنجام ئەدەن بۆچی؟

عادل محەمەد کەریم: هۆکاری لۆجستی وایکردوە کە کۆمەڵەی کەلەپوورو فۆلکلۆری کورد لە سلێمانی خاوەنی تیپێکی مۆسیقای فۆلکلۆری تایبەت نەبێت. تا ئەم تیپە لە سەرجەم چالاکییەکانیدا بە خواستی کۆمەڵ لە ژێر ڕێنمای ئیدارەی کۆمەڵدا کارەکان ئەنجام بداتو بەڕێگایەکی تەندروست کارە هونەرییەکانی بە ئەنجام بگەیەنێت، ئەمە وایکردووە لەبۆنەکاندا کۆمەڵ پەیوەندی بەهەندێ دەستەو گروپی میللییەوە بکات تا هەندێ چالاکی هونەری بەخواستی خۆیان لەبۆنەکانی کۆمەڵدا پێشکەش بکەن.

## بۆچی لەم ساڵانەی دوایدا کارو چالاکییەکانی کۆمەڵ زیاتر لەیادی دامەزراندنی شاری سلێمانیو یادکردنەوەی نەورۆزدا چڕکراوەتەوە؟


عادل محەمەد کەریم: لەوەتەی کۆمەڵەی کەلەپورو فۆلکلۆری کورد دامەزراوە بەردەوام قەیرانی دارایی یەکێک بووە لەو ئاستەنگانەی کە بەرۆکی گرتووین، بەداخەوە نە وەزارەتی پەیوەندیدار نەلایەنی پەیوەندی دار وەک پێویست بەدەم چارەسەری گرفتی دارایی کۆمەڵەوە نەبون ،ئیتر نازانین هۆکاری ئەمە چیە؟ لەم دوایانەشدا وەک دەزانن نەک کۆمەڵ، بەڵکو زۆر ڕێکخراوو تیپی هونەریو شوێنی ڕۆشنبیری تر بودجەیان بڕدراو وەک کۆمەڵ بێ ناز کران، ماوەی ساڵێکیشە کە بودجە کراوەتەوە، دووبارە کۆمەڵەکەمان پەراوێز خراوەوەو بە بەراورد لە گەڵ چەند تیپو گروپێکی تر کە ئەندامو چالاکیان کەمە، ئێمە کەمترین بودجەمان بۆ دابینکراوە، ئیتر نازانم لایەنی پەیوەندیدار کەی پێداچوونەوە دەکاتو ئەم نایەکسانییە کەی چارەسەر دەکات، لەبەر ئەم هۆیەشە کۆمەڵ ماوەیەکی زۆرە کاروچالاکیەکانی لەو دوو بۆنەیەدا چڕکردۆتەوە، گەر نا دەیان خەونو خەیاڵو پرۆگرامی بە پێزمان هەیە خەریکە زیندە بەچاڵ دەکرێن.

## بودجەی مانگانەیان (٤٥٠) هەزار دینارە

سەبارەت بەو بودجەی کە لە حکومەتەوە وەریدەگرینو چۆن خەرجی دەکەن کەمال عەلی حسێن ئەندامی دەستەی کارگێڕو لێپرسراوی دارایی کۆمەڵە وتی: ((ئێمەش وەکو کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی تر کە ڕێگەیان پێدراوە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ کارکردن، لەلایەن وەزارەتی داراییەوە هاوکاری دەکرێین مانگانە بەبڕی (٤٥٠٠٠) چوارسەدو پەنجا هەزار دینار، بۆ ئەوەش پێش ئەنجامدانی هەر خەرجییەک دەستەی کارگێڕمان هەیە کە پێکهاتووە لە (٧) ئەندام ئەگەر بمانەوێت هەر بڕە پارەیەک خەرج بکەین بۆ هەر مەبەستێک بێت لەلایەن دەستەی کارگێڕەوە بڕیاری لەسەر دەدرێتو بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەی تایبەتمان هەیە بۆ خەرجیەکان کە کارەکە ئەنجام دەدەن)).

## ئایە ئەو بڕە پارەیە بەشی پێداویستیو چالاکییەکانتان دەکات؟

کەمال عەلی حسێن: نەخێر ئەو بڕە پارەیە کەمانگانە وەردەگیرێت بەشی خەرجیو چالاکییەکان ناکات، لەبەر ئەوەی ئێمە مانگانە بڕێک بۆ کرێی کۆمەڵەو پێداویستی خەرجی ڕۆژانە خەرج



دەکەین، ئەوەی کەدەمێنێتەوە ،چەند مانگێک جاری وا هەیە ساڵێک پاشەکەوتی دەکەین تابتوانین گۆڤاری کەلەپووری پێ چاپبکەین، یاهەر چالاکییەکی تر دێتە پێش بۆ ئەنجامدان، دەمەوێ ئەوەش بڵێم هەندێکجار لەلایەن کەسانی دڵسۆزو خەمخۆری کەلەپوورەوە هاوکاری دەکرێین لەکاتی ئەنجامدانی چالاکییەکاندا، بۆ نموونە لەکاتی یادی نەورۆزی ئەمساڵدا لەلایەن بەڕێزان: (حاجی فایەق کۆڵەکو ئەکرەمی ساڵحی ڕەشەو تیپی هونەرە میللییەکانو بەڕێوەبەرێتی گشتی کارەبای سلێمانی لە گەڵ بەڕێوەبەرێتی کەلەپووری کورد یادەکانی نەورۆز هەمیشە هاوکار بوون لێرەوەدەستخۆشیان لێدەکەینو نموونەیان زیاد بێت)).

## ئایە ئابوونەی مانگانە لە ئەندامان وەردەگرن؟

کەمال عەلی حسێن: نەخێر ئابوونەی مانگانە لە ئەندامان وەرناگرین. بەڕای خۆم دوو هۆکاری هەیە یەکەمیان ئەوەیە کە زۆربەی ئەندامانمان داهاتێکی کەمی خۆیان هەیە کەبەشی بژێوی ژیانی خۆیان ناکات، دووەمیش سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵە کەکار دەکەن خۆبەخشانە کارەکانیان ئەنجام دەدەن.

## تا ئێستا چاودێری دارایی سەردانی کردون؟

کەمال عەلی حسێن:بەڵێ چاودێری دارایی بۆ چەند جارێک سەردانی کردوینو وردبینی خۆی بۆ کارەکانمان کردوو، دواجار لە ساڵی ٢٠٠٩ بۆ ٢٠١٠ سەردانی کردوینو کاری خۆیان ئەنجامداوەو هەر تێبینیو سەرنجێکیان هەبوو بێت جێبەجێمان کردووەو خۆشبەختانە لەڕووی داراییەوە بەپێی یاساو ڕێنماییەکان کارەکانمان ئەنجامداوە.

## چالاکییەکان چۆن ئەنجام دەرێن؟

لەبارەی ئەنجامدانی چالاکییەکانیان خاتوو ڕازاوە عەبدولکەریم ئەندامی دەستەی گشتی وتی: (( پێشئەوەی دەست بەچالاکییەکە بکرێت، ئەندامە بەڕێزەکانی دەستەی کارگێڕ تاوتوێی دەکەنو نەخشەسازی بۆ دائەڕێژن، پاشان چەند لیژنەیەکی بۆ پێکدەهێننو کارەکانیان بەسەردا دابەش ئەکەن، ئەو ئەندامەشی ئەرکەکەی پێدەسپێرێت زۆر بەدڵسۆزانە جێبەجێی دەکات، لە ڕۆژی چالاکییەکەشدا تێکڕای ئەندامان بەهەئاهەنگی ئەو چالاکییە ئەبەن بەڕێوە)).

بەدەر لەکارو چالاکییە هونەرییەکان، لە بواری چاپکردنیشدا ڕۆڵی لەبەر چاویان هەیەو جێگە دەستیان دیارەو نامەخانەی کوردییان دەوڵەمەند کردووە، لەم ڕوانگەیەوە خاتوو ڕازاوە وتی: (( لەبەر ئەوەی وەکو پێویست هاوکاری نەکراوین، خۆمان بەچنگەکرێ توانیومانە (٣) سێ کتێبو ڕۆژنامەیەک بەناوی (فۆلکلۆر) و ڕۆژنامەی (کاڵێ)، کەتایبەت بوو بە کۆڕی چلەی ماتەمینی مامۆستا (شەهلا نامق) ی سکرتێری کۆمەڵە چاپ بکەین. جگە لەوانە تا ئێستا (٢٣) ژمارەی گۆڤاری (کەلەپووری کورد)و (١٤) ژمارەی ساڵنامەی (گرێ نەورۆز) کە ساڵانە لە






کاتی یادی جەژنی نەورۆزدا دەریدەکەین بڵاوکردۆتەوە، هەروەها لە ساڵیادی شاری سلێمانیشدا دوو ژمارەی گۆڤاریکمان بەناوی (سلێمانی) یەوە بەهاوکاری (بەڕێوەبەرێتی کەلەپووری کورد) چاپکردووە)).

**وەک دەزانین کۆمەڵەکەتان لەسەرەتای دروستبونییەوە خاوەنی کتێبخانەیەکی خۆیەتی، ئایا خوێنەر ئەتوانێت کتێبیان لێ بخوازێت؟**

ڕازاوە عەبدولکەریم: لە ڕاستیدا کتێبخانە ئەبێ کەسێک سەرپەرشتی بکات، کە دەرچووی بەشی کتێبخانە بێتو شارەزایی لە پۆلێنکردنیدا هەبێت، بەڵام کتێبخانەکە ئێمە راستە کتێبی باشمان هەیە. بەڵام بەهۆی نەشارەزایمان لەمبوارەدا نەمانتوانیوە بەشێوەیەکی زانستیانە پۆلێنیان بکەین، بەڵکو لە دواڕۆژدا کەسێکی شارەزا ڕێنمایمان بکاتو بەشێوەیەکی هونەریانە ڕێکی بخەینەوە، بەڵێ دەستمان بەرووی کەسەوە نەناوە، ئەوەی پێویستی بە کتێب بوو بێت یاومانەتێ، بۆ نموونە زۆرجار خوێندکارانی زانکۆ بۆ ڕاپۆرتی ساڵانە هاتوون بۆ کۆمەڵە، لە پێدانی زانستی لەسەر بابەتە فۆلکلۆرییەکان لەهەمان کاتدا کتێبیشیان لێ خواستووین.

سەبارەت بەدوا چالاکی کۆمەڵەکەیان خاتوو ڕازاوە وتی: (( بەشداریکردنمان بوو لەپێشانگەیەکی کتێب کە زانکۆی کۆمار بۆ زانستو تەکنەلۆژیا بۆ ژمارەیەک لە دەزگاکانی چاپو بڵاوکردنەوەی کردبۆوە)).

تێبینی:

ئەم دیدار بینییە لە لایەن بەڕێز( بەیان محەمەد ـەوە، بۆ گۆڤاری (ڕۆژی سلێمانی) ئەنجام دراوەو لە ژمارە (٢٤)ی هاوینی ساڵی ٢٠١٤ دا بەشێوەیەکی هونەریانەی جوان بڵاوکراوەتەوە. لەبەر گرنگی دیدارەکە، دوای مۆڵەت خواستن لە بەڕێز (کاوان ئەبوبەکر) جێگری سەر نووسەری ئەو گۆڤارە، بەباشمانزانی وەکو خۆیو بێ دەستکاری ئێمەیش لێرەدا بڵاوی بکەینەوە.

بەناوی ستافی گۆڤارەکەوە سوپاسی گۆڤاری (ڕۆژی سلێمانی)و خانوو بەیان ئەکەین.

**کەلەپووری کورد**



## سەربەست محەمەد قادر:
## * بازاڕی خەنجەرو داواکاری لە برەودا بوو
## * ئەو کەسانەی کاری شمشێر یان شیریان ئەنجام دابێت پێیان گوتراوە شیرگەر
## * باشترین جۆری خەنجەر دەبانە، گەر بیهاویتە ناو شیری ئاژەڵەوە دەیمەیەنێ

سازدانی: تۆفیق سەعید محەمەد



تۆفیق سەعید محەمەد - سەربەست محەمەد قادر

سەربەست محەمەد قادر لە ساڵی ١٩٤٦ لە سلێمانی و لە گەڕەکی کانی ئاسکان هاتۆتە ژیانەوە. سەرەتایی لە قوتابخانەی کانی ئاسکان تەواو کردووەو بۆ خوێندنی ناوەندی چۆتە ئامادەیی سلێمانیو پاشان بۆ پەیمانگەی مامۆستایانو لەوێ دەرچووەو پلەی مامۆستایێتی بەدەستهێناوە، بەڵام لە قوتابخانەدا دانەمەزراوە، بەڵکو یەکسەر لەبەڕێوەبەرایەتی پوختەکردنی تووتن لە سلێمانی دامەزراوەو لە ساڵی ١٩٦٧دا بەهاوکاری چەند هونەرمەندی تیپی مۆسیقای سلێمانیان دامەزراندووەو یەکێک بووە لە ئەندامە چالاکەکانی ئەو تیپەو بە ئامێری ((عـوود)) بەشداریکردوە، ساڵی ١٩٧٤ ڕووی لە چیاکردو بەشداری لە شۆڕشی ئەیلولدا کرد تا نسکۆی ١٩٧٥و گەڕاوەتەوە سلێمانیو هەر لەو ساڵەدا گوێزراوەتەوە بۆ ((بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێبوون)).

لە ساڵی ١٩٧٣ دا ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە، خاوەنی سێ کوڕو کچێکەو ئێستاش خانەنشینەو بەهیوای ژیانێکی شادین بۆی، هەر بۆیە بەچاکمانزانی ئەم دیدارەی لەگەڵدا سازکەین وەکشارەزایەکی بواری ((شیرگەریی))، کە زانیارییەکانی لەباوکی کۆچکردوویەوە بۆ ماوەتەوە.

*** سەرەتا پێمان خۆشبوو بزانین وشەی (شیرگەر) لە چییەوە هاتووە**

–بەڕای من ئەو کەسانەی ئەمکارەیانکردووە پێیان وتراوە شیرگەر واتە:

ئەوانەی کاری دروستکردنو چاککردنەوەی (شمشێروخەنجەر)یان کردووە.

*** سەرچاوەی ئەم زانیارییانەت لەکوێوەیە؟**

– ئەم زانیارییانەم لەباوکم وەرگرتووە خوالێی خۆشبێ.

*** سەبارەت بە ژیاننامەی باوکت خوا لێی خۆشبێت؟**

– باوکم کەناسراو بوو بە (حەمەی لەیلێ) لە دایکبووی ساڵی ١٩٠٥ یەکێک بوو لە پیاوە کۆنو ناسراوەکانی شاری

سلێمانی، زۆر منداڵبووە کە باوکی کۆچی دوایی کردووەو دایکی کەناوی (لەیلێ)بووە پەروەردەکردنی گرتۆتە ئەستۆ. لە سلێمانی واباو بووە زۆر کەسی تریش لەکەسایەتییەکانی شار بەناوی دایکیانەوە نازناویان بۆ دروستبووە. هەر لەمناڵییەوە خزمێکی خۆی، کەناوی (ئەحە ڕەش) بووە کاری (شیرگەریی) ئەنجامداوە لای خۆی وەک شاگرد دایناوەو کاری پێکردووەو کارەکە بەچاکیی فێربووەو دواتر بەردەوامبووە لەسەر کارەکەو تا بۆتە وەستایەکی ناوداری شاری سلێمانیو لەمکارەدا بووە تا ساڵی ١٩٦٣- ١٩٦٤ کە ڕژێمی بەعسیی ڕووخاو کارەکەی لێی قەدەغە دەکەنو ئیتر بەناچاری وازیلێدێنێت، پاش ئەمە لە ڕێی ناسیاوێکمانەوە کە کوردێکی دەوڵەمەندی شاری بەغدا بوو دەستدەکات بەکاری بازرگانی ، دوکانێک لەبازاڕی قیروانی شاری سلێمانی دادەنێتو دەست بەکاری ئازاد دەکات. جا هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولەوە دوو برام بوونە پێشمەرگەو ڕوویان لە چیا کرد ناویان (مەحموودو قادر) بوو لەبەری قەرەداخو گڵەزەردەو داریکەلی بوون، باوکیشم جار جار بە نهێنی سەردانی دەکردنو جارێک لەگەڕانەوەیدا لە ژاڵگەیەکی نزیک بەکرەجۆ سەربازە دڕندەکانی بەعس بەگیریی دێنو زۆر ئازاری جەستەیان دابوو ئەویش لەو تەمەنە پیرییەدا بەرگەیی ئەو تاوانەی نەگرت، بە گەیشتنەوەی بۆ ماڵەوە لە سلێمانی کەوت و ماوەیەکی زۆر لە ژێر چارەسەرو چاوەدێری پزیشکیدا بوو تا دەهات پەکی دەکەوتو لە ئەنجامدا کۆچی دوایی کرد.

**بەمەزندەی ئێوە ئەم پیشەیە لە چ سەردەمانێکەوە هاتۆتە شاری سلێمانی؟**

– لە ڕاستیدا زانیارییەکی وام نییە سەبارەت بەو سەردەمەی کە ئەم پیشەیە هاتۆتە شاری سلێمانیو دەزانین کە ئەم شارە تەمەنی زۆر کۆن نییەو مێژووی ئەم شارە تازەیە، وایدەبینم هەر لە دروستبوونی ئەم شارەوە لە گواستنەوەی لە قەڵاچوالانەوە بۆ سلێمانی وەستا کارامەکانیان لەگەڵ خۆیاندا هێناوەو ئەم پیشەیەش وەک پیشەکانی تر لە سلێمانیدا باو بووە.

*** ئایا شیرگەرەکان گوزەریی تایبەت بەخۆیانبووە؟**

– هێندەی من ئاگاداری ئەو کارە بووبم، گوزەرێکی تایبەت بەخۆیاننەبوو بۆ پیشەکەیان، چونکە ئەو وەستایانەی ئەو کارانەیان ئەنجامداوە زۆر نەبوون بەبیرەوەری من سێ وەستام بیرە، ئەوانیش لە دەوروبەری گوزەری ئاسنگەرەکان بوون.

*** ئەو دەستەیەی کاری شیرگەرییان کردووە چەند کەس بوون لە یەک کارگەدا؟**

– ئیشەکە زۆر لەوانە بوو لە کاتی ئێمەدا وانەمابوو کەوەستاکان فریانەکەوتوو پیا ڕانەگەنو چەند خەلفەو شاگردێکییان بووبێت، چونکە کارەکە زۆر وردەکاریی و جوانکاری تێدا بوو کەوەستاکان هەر متمانەیان بەخۆیان بوو، وە نەیاندەخستە بەر دەست خەلفەو شاگرد جگە لەهەندێک کاری سووکو بەردەستی نەبێت بۆ نموونە:

لەکاتی مشتوماڵکردنی تیغەکەدا خەلفە یا شاگرد پێویستی دەکرد یا بۆ دەماندنی کورەکە واتا گەشانەوەی بەهۆی مووشە دەمەوە.

*** ئەو کەرەسەو پێداویستییانەی بۆ کارەکە بەکار دەهاتن چیبوون؟**

– لە ڕاستیدا کەرەسەو پێداویستییەکان کەبەکار دەهاتن هەموویان سەرەتا سادەو ساکار بوونو هەموویان دەستی بوون، ئەوسا هیچ ئامێرێکی کارەبایی وەکو ئێستا نەبوو وەک: مشاری کارەبایی و درێلی کارەباییو ماتۆڕی هەوا.. هتد، بگرە سەردەمانێک کارەباش نەبوو، کە هەشبوو بۆ ئامێر بەکار نەدەهات، دەزانین کارەبا ئەوەندە ماوەیەکی زۆر نییە هاتۆتە شاری سلێمانییەوە بۆ نموونە:

ئاگر خۆشکردن بەهەمانەبوو، کونکردن بەئامێرێکی دەستی بوو پێی دەوترا (قایشکەوانە)و کارەکان بەچەند جۆرە چەکوشێکو چەند بڕبەنێکو مشارو تەشوێ بۆ ئەمکارە بەکاردەهات.

*** ئەو بەرهەمانەی لەکاری شیرگەریدا ئەنجامدەدران چیبون؟**

– بەرهەمەکان بریتی بوون لە: شمشێر، بەڵام بەکەمەیی، قەمەو هەموو جۆرەکانی خەنجەر، چونکە بازاڕی خەنجەرو داواکاری لەبرەودابوو.

*** ئایا کاری چاکسازییان دەکرد بۆ بەرهەمە کۆنەکان؟**

– بەڵێ کاری چاکسازیشیان دەکرد هاوشانی دروستکردنی خەنجەر بۆ نموونە؟ گەر دەسکی خەنجەر بشکایە وەک خۆی یا جوانتر نۆژەند کرایەوە، یا کێلانو چەرمی ڕووپۆشەکەی تێکبچوایە چاکدەکرانەوە بەهەمانشێوە مشتوماڵو زاخاویان گەر بویستایە بۆیان دەکرایەوە واتە خاوێنکردنەوەو تیژکردنەوە.

*** وەستاو خەلفە بەناوبانگەکانی پیشەی شیرگەریی کێبوون؟**

– بەڕاستی لەکاتی ئێمە دا وەستاو خەلفەکان زۆر کەمبوون، ئەوە یەکێکیان باوکم بوو، دووەم وەستا قادر بوو کە بە (قالەی مچیل) ناسرابوو، سێیەم ناوی وەستا حەسەن بوو کەبە (حەسەنە گیسکە) بەناوبانگ بوو، پێش ئەمان وەستایەکی تر هەبووە کەلە بیرەوەری مندا نەبووە، بەڵام باوکم باسیدەکرد ناوی وەستا ئەحمەد بوو پێیاندەگوت (ئەحە ڕەش).

**❊ گەر لەباسی جۆرەکانی شیر یا شمشێر بۆمان بدوێی؟**

– لەڕاستیدا هیچ زانیارییەکم دەرباری (شیر یا شمشێر) نیە، کەهەردووکیان یەکن، کاری دروستکردنی شمشێر هەر هەمانکاری خەنجەرە بەڵام تیغەکەی درێژەو دەسکەکەشی جیاوازە لە دەسکی خەنجەرو کێلانەکەشی، بێگومان درێژ ترو شێوەیەکی نیمچە کەوانەیی هەیەو ئەو کەسانەی کاری شمشێر یان ئەنجامدابێت پێیان گوتراوە شیرگەر ئەمناوە بۆ وەستا، خەنجەریش دروستە، هەروەک لەسەردەمی ئێمەدا زۆرباوی شمشێر نەمابو بەڵام ئەمکارەم لەباوکمەوە بیستووەو زیاتر دەروێشەکان ویستییان لەسەری هەبوو.

**❊گەر سەبارەت بەخەنجەر بۆمان بدوێیت؟ لەگەڵ بەناوبانگترین جۆرەکانی؟**

– خەنجەر جۆراوجۆر بوو بە گوێرەی ئەو پۆڵایەی تیغەکەی لێدروستدەکرا، چونکە هەندێکیان پاش تەواوبوونو سافکردنو زاخاوکردن جۆرێک هێڵومیلونەخش لە تیغەکەدا دەردەکەوتن پێیاندەگووت ((جەوهەر))وبەخەنجەرەکەشیان دەگووت ((خەنجەری جەوهەردار))، باشترین جۆریشیان خەنجەری ((دەبان))بوو، ئەمجا سەبارەت بەو کەرەسەیەی دەسکەکەی لێدروستدەکرا کەهەندێکیان پێی وتراوە: ((دەسک ماهی)) لەبەر سپیەتی دەسکەکە چونکە لەشفرەی فیل دروستکرابوو جوانییەکەی بێئەندازە بوو. جا جۆری تریشیان هەبوو ناوەکەی لەناوی ئەو شوێنەوە هاتبوو، کەلێوەی هاتووە بۆ نموونە: ((قەزبێن)) وا دیاربوو لە قەزوێنی ئێرانەوە هاتبوو. جگە لەمانە جۆری سادەو هەرزانیش هەبوون.

**❊ گرانترین جۆری خەنجەر لەنرخدا کامیانبوو؟**

– گرانیو هەرزانی خەنجەر دەگەڕایەوە بۆ کاری وەستاکە، من بزانم گرانبەهاترینییان خەنجەری دەبان بوو، کاتێ کەدەهاتنە سەر چاکیوو پیاهەڵدانی خەنجەرەکە دەیانگووت: خەنجەرێکە گەر بیهاویتە ناو شیری ئاژەڵەوە دەیمەیەنێت، واتە وەک هەوێن وایە، هەرچەندە خۆم تاقیم نەکردۆتەوە، بەڵام بیستوومە.

**❊ گەر سەبارەت بەدروستکردنی خەنجەر بۆمان بدوێی؟**

– دروستکردنی خەنجەر تا بڵێی ئەرکو زەحمەتی بێ ئەندازە بوو، چونکە کارێک بو زۆر وردەکاری دەیویست و وەستای بەسەلیقەو کارامەی دەویست کە دەبوو حەزو ئارەزووی لەکارەکە بوایە، تا زیاتر وردەکارو جوانکار بوایەو زیاتر ئارەزوومەندی وێنەکێشانو هەڵکۆڵینی بوایە، شێوازی خەنجەرەکە جوانترو تۆکمەترو سەرنجڕکێشتر دەبوو، کەلە سەرەتاوە سەرنجێک بدرایە لەو کەرەسەو بابەتە پیسو ناشیرینانە بڕوانە دەکرا ئەو شتە جوانەیان لێبێتە بەرهەم بۆ نموونە:

تیغەکە لە پارچە پۆڵای فڕیدراو دروستدەکرا وەک: شەفتی



وەستا محەمەد قادر

شکاوی ئۆتۆمبیل، یا پارچەی ڕێڕەوی شەمەندەفەر (سکەی شەمەندەفەر) کە ئەمانە دوای خراپبوونو تێکچوون فڕێدەدران، بەڵام وەستای شیرگەرکاری سەختی تێدادەکردن بەجۆرێک شاگرد ماوەی تاقێک واتە چوار تا پێنج کاژێر ئاگری کوورەی بەهەمانە دەماندو ئاگری جۆشدەداو دەیگەشاندەوەو وەستاش پارچە پۆڵاکەی دەخستە ناویو بەدو گازی جۆراو جۆری دەمودەسک درێژ ئەمدیواودیوی دەکرد لە ناو ئاگرەکەداو پاش سوور بوونەوەی پۆڵاکە بەچەند جۆرە چەکوشێکی گەورەو بچووک چەکوشکاریی تێدا دەکردو بەجۆرەها شفرەی تیژ هەڵکۆڵینی تێدا ئەنجامدەداو بە بڕبەنو چێوەسانی جۆراوجۆر سافکاری تێدا دەکرد تا ئەو شێوازەی وەردەگرت.

ئەمجا دەسکەکەی لە شاخی ئاژەڵ وەک گاو مانگاو مەڕو بزنو کەڵەکێوی دروستدەکرا کەخەڵکانی ئاسایی تەنانەت بێزیان لێدەکردەوەو دەستیان تێوەنەدەدا، چونکە بۆنێکی قێزەونی هەبوو کەنەتدەتوانی لای وەستاوە دانیشێت لەکاتی ئەنجامدانی دەسکەکەداو ئەمیش دوو تا سێ کاژێری دەویست، کەبەردەوام شاگرد هەر لەکوورە دەماندندا بوو وەستا ئەو شاخەی لەناو کورەکەدا گەرمدەکردوو بەگازەکەی دەستی ئەمدیواو دیوی دەکرد تا نەرم دەبۆوە، ئەمجا بەمشار بڕینی ئەمسەرو ئەو سەریو ڕاستکردنەوەیو پاشان دانانی لە قاڵبی تایبەتدا جۆری گەورەو بچووک بەپێی قەبارەی دەسکەکە قاڵبی بۆ هەڵدەبژاردو بەزەبری چەکوشو

پواز دەیهاویشتە ناو قاڵبەکەوە بەگەرمی و ماوەی شەوێک یا زیاتر تیا دەیهێشتەوەو پاش ساردبوونەوەی بەشێوەیەکی ڕاستو دروست دەقی خۆی وەردەگرتو لەسەر ئەو شێوازە ڕاستبوونەوەیە کە دەردەهات بەوجۆرەی دەشیا بۆ دەسکی خەنجەر بەمشارو بڕبەنو سمارتە دەبڕایەوەو ڕێکدەخراو سافدەکراو کە دەسکەکە شێوازی خۆی وەردەگرت ئەمجا بەکارامەیی لەتیغەکە دەبەسترا بەشێوەی دروست بەتوندوتۆڵی.

جا نۆرەی دروستکردنی کێلانەکە دەهات، کەلە پارچەداری ئاسایی دروستدەکرا، ئەویش پاش بڕینەوەو پاککردنەوەو ڕێکخستنی دارەکە لەباری خۆی دەکرا بەدوو کەرتەوە بەمشارێکی تیژو بەپێی قەبارەی خەنجەرەکە ناوی دارەکەی بەشێوەیەکی ئەندازەیی جوان هەڵدەکوڵراو وەک شێوەی تیغی خەنجەرەکە چاڵدەکرا تا بکرێتە ناوی، ئەوەندە فراوان نەبێت شل بێت پێی خەنجەرەکە بکەوێتە خوارەوەو هێندەش توند نەبێت هاتوچۆی خەنجەرەکە تیایدا ناڕەحەت بێت، جا دوای ڕێکخستنو سافکردنو جوانکردنی بەچەند نەخشونیگارێک، جۆرە چەرمێکی تەنکەبوو پێی دەوترا (مێشن) تەنکو جوانبوو لای دەباخچییەکان خۆشدەکراو دەکرایە چەرمێکی لەبار بۆ ڕووپۆشکردنی کێلانەکەو بە سرێش لێیدەدراو وشکبوونەوەی سرێشکە نەخشەکانی لە سەر دروستدەکراو ڕەنگدەکراو شەوقی هەڵدەهێنا پاشان خەنجەرەکەی تێدەگراو قەبارەی خۆی وەردەگرتوو دەستدەکرا بەڕازاندنەوەی کێلانەکەو لەسەرو خواری دەسکەکەش نیوەگۆیەکی لێدەدرا لەمدیو لەو دیوو کێلانەکەش بەجۆرە پولەکەیەکو ئەلقەی زەرد ئەڕازایەوە تا دەبووە ئەو خەنجەرە.

**※کڕیاری خەنجەرەکان کێبوون؟**

– زۆرتر پیاوە گەورەو ناسراوەکانو سەرۆک هۆزەکان وەکهێمایەکی کوردەواریو تەواوکەرێک بۆ جلوبەرگی کوردیو ڕازاندنەوەی خۆیان دەیانکردە پشتێنەکەیانەوەو تەزبیحێکی گرانبەهایان تێدەئاڵاند تا زیاتر جوان بنوێنن، گەر سەیری وێنەی پیاوە ناودارەکانی کورد بکەین دەبینین خەنجەریان بە قەدەوەیە وەک:

شێخ مەحموودی نەمرو مەلا مستەفای بارزانو سمایل خانی سمکۆ و ئاغاکانی پشدەرو بەگو بەگزادەکانی جاف بوون.

بیرمە شێخی نەمر زۆر حەزو ئالوودەی لەسەر خەنجەری باوکم بوو، باوکیشم زۆر بەچاکی بۆی دەڕازاندەوە.

لەناو شارەکانیش بەتایبەتی سلێمانی کوڕە ئازاو جەربەزەکان حەزو ئارەزوویان لەسەر خەنجەر بووە هەم بۆ ڕازاندنەوەو هەم بۆ بەرگری لەخۆ لەکاتی تووشبوونی شەڕدا.



خەڵکی دەرەوەی شاریش واتە دێهاتو گوندنشینەکان حەزیانلێی بوو، پێویستیان پێی بوو بۆ هاتوچۆو خۆپارێزی لەدوشمنانو ئاژەڵی دڕندە بەتایبەتی شوانەکانو جووتیارەکان.

کەسانی تریش هەبوون خەنجەریان وەک هێمایەکی کوردەوارییو ئەنتیکە دەکڕی لەشوێنێکی دیوەخاندا هەڵیاندەواسی شوێنەکەیان پێ جواندەکرد، بیرمە لەکاتی دروستکردنی هەردوو بەنداوی ((دووکان و دەربەندیخان))دا کەسە بیانییەکان پرسیاری دوکانی باوکمیاندەکردو داوای خەنجەری جوانیان لێدەکردو دەیانکڕیو دەیانبردەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان، کەڕەنگە ئێستا لەهەندێک لەمۆزەخانە ئەوروپاییەکاندا هەبن لەوانە فەرەنساییو ئینگلیزیو ئەمەریکاییان تێدابوو ئەوان وەک حەزێک لە کەلەپووری گەلان خەنجەریان دەکڕی.

**※ واتای مشتوماڵ چییەو بۆچی بەکار دەهات لەمکارەدا؟**

– مشتوماڵ واتای پاکردنو خاوێنکردنەوەی تیغی خەنجەرەکە بوو پاش مانەوەی زۆر یا زۆر بەکارهێنانی و تەڕبوونو ژەنگهێنانی ئەو کاتە پێویست بەمشتوماڵ دەکرا، ئەویش بە پاکردنەوەی بەگیراوەیەک لە ووردە سمارتەو ڕۆنو سمارتەکەش دوو سێ جۆری هەبو زبرو نەرم کەلە تیغەکە هەڵدەسووراو باش خاوێندەکرایەوەو وشکدەکرایەوەو دەسڕا ئەمجا گیراوەیەکی تری بۆ دەگیرایەوە لە (نەشادر))و ئاو کەبەم گیراوەیە زاخاو دەدراو خاوێنو جواندەبۆوەو هەرچی نەخشو نیگارو خەتومیلەکانی هەبوو هەموویان دەردەکەوتنەوەو وەک تازەی لێدەهاتەوە.

**※ ئایا شیرگەرەکان هاوکاری یەکترییان دەکرد؟**

– لە ڕاستیدا سەبارەت بەهاوکاری لە نێوان شیرگەرەکاندا ئەوەندەی بەبیری من بێت شیرگەرکان هێندە زۆر نەبوو، بە پەنجەی دەست ئەژماردەکران ڕێکبوون لە نێوان خۆیانداو کەمیش پێویستیان بەیەکدی هەبوو، بەڵام هەموویان دۆستو ناسیاوی یەکتر بوون.

*** تا چ سەردەمانێک کاری شیرگەریی مابوو، بەکوێ گەیشت؟**

- زۆر بەدیاریکراوی دەتوانم بڵێم کاری شیرگەریی لە ساڵی ١٩٦٣دا شوومی کۆتایی هات تاکە کەسیش لەوکارەدا مایەوە باوکم بوو، جگە لەو کەسانی تر نەمابوون باوکم لەسەردەمی ((زەعیم سدیق))ی ئامیر لیوای ٢٠ی سوپای عێراق کەلەم شارە بوو کەسێکی دڕندەی دژ بە کورد بو باوکمیان گرت بەتۆمەتی چەک دروستدەکا بەمەرجێک بەریاندا کەواز لەو کارە بهێنێت. لە ڕاستیدا هەر لە سەرهەڵدانی شۆڕشەوە جۆرە یاسایەکیان لەم وڵاتەی ئێمەدا دەهێنایە ئاراوە، کە بە (حوکمی عورفی) ناوزەند دەکراو بە پێی ئەو یاسایە هەموو جۆرە چەکێکو ئامێرێکی بریندار کار قەدەغەبوو سزای لە سەر بوو جا ئەو یاسا نالەبارە تەنانەت چەقۆشی دەگرتەوە کە پێی دەوترا (اسحله جارحه) واتە چەکی بریندارکەر.

لەبیرمە پێشتر لە ساڵەکانی ١٩٥٦- ١٩٥٧ دا کەسێکی سەربازی دژە کورد ناوی (عومەر عەلی) بوو (موتەسەریفی سلێمانی) بوو واتە پارێزگار، ئەم کابرایە فەرمانێکی دەرکردبوو بۆ گرتنی باوکم، کە دەیگرن‌و دەیبنە لای پاش مشتومڕێکی زۆرو بەتوندی داوا لە باوکم دەکا چیتر ئەو کارە نەکات ئەوە کارێکی قەدەغەیەو نابێ‌و ناکرێت ببێت، بەڵام باوکم قەناعەتی پێدەکات بەبەردەوامبوونی لەسەر کارەکە بەو مەرجەی نەدرێت بە دەڵاڵەکان بۆ فرۆشتنەوەی لەناو بازاڕدا.

لێرەدا ئەو پیاوە قسەکەی باوکمی بەهەند وەرگرتو لەکارەکەیدا مایەوە، بەڵام هەروەک باسی ((زەعیم سدیق))مان کرد پێشتر کەحوکمداری سەربازی سلێمانی بوو، فەرمانی گرتنی بۆ دەردەکاو دەیبەن بۆ لای، باوکیشم بەهەمانشێوەی موتەسەڕیفی پێشوو لە گەڵیا دەدوێت، بەڵام ئەم ئەمانەی لاپەسەند نەبوو هەر چاکبوو فەرمانی کوشتنی بۆ دەرنەکردبوو، فەرمانی کردبوو بەندیکەن‌و بیبەنە زیندان، پاش هەوڵو تەقەلایەکی زۆر بەو مەرجەی واز لەو کارە بهێنێو دوکانەکەی نەکاتەوە بەردراو ئازاد کرا، ئەمە مێژووی کۆتایی پیشەی شیرگەرییە لە سلێمانیدا.



*** ئەگەر دەزگایەک یا لایەنێک داواکاری هەبێت ئەمکارە ناوازە میللییەی شاری سلێمانی زیندو بکەیتەوەو ڕەسەنایەتی بکەیتەوە بەبەریدا ئایا ئامادەیت؟**

- لە ڕاستیدا کاری دروستکردنی خەنجەر یا پیشەی شیرگەریی هەروا ئاسان‌و ساکار نییە، زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێم ئەگەر ڕێکخراوێک یا گروپێک بیانەوێ بەوکارە هەستن ڕەنگە بکرێت، بەڵام بەتاکە کەسێک هەرگیز بڕواناکەم ئەنجامدرێت، چونکە ئەو کارە تەنها کارێک نییەو چەندین کاری لێدەبێتەوە، ئەمەکاری ئاسنگەریی یا دارتاشی یا زەڕەنگەریی.. هتد نییە بەڵکو چەند لقێکی لێدەبێتەوە، کە ڕەنگە ئەو هەموو سەلیقەیە لە کەسێکدا کۆنەبێتەوە ئارەزووی ئەو هەموو وردەکارییەی نەبێت، خۆ دووریش نییە کەسانی زۆر بە سەلیقە هەبن توانای ئەمکارەیان هەبێت بەڵام دەگمەنن، سەبارەت بەزیندوو ڕاگرتنی ئەمکارە لە شارەکەماندا من ئامادەی هەموو جۆرە زانیارییەکم بیاندەمێ‌و سەرپەرشتی کارەکەشیان بکەم.

*** داواکاریت لەلایەنە بەرپرسەکان سەبارەت بەبایەخدان بە پیشە میللییەکان چییە؟**

- ئومێد دەخوازم بەرپرسەکان بەبایەخەوە سەیری پیشە میللییەکان بکەن‌و کاری زیندووکردنەوەی ئەو پیشانە بگرنە ئەستۆ، چونکە ئەو پیشانە کەلەپووری نەتەوایەتیمانەو میللەتان بەهۆی کەلەپوورەکەیانەوە دەناسرێن‌و ئێمەش بەتاڵ نین‌و کەلەپوورمان هەیەو پێویست بەزیندووکردنەوە دەکات دەبێتە لایەنێکی بەسوودی گەشتوگوزاری وڵاتەکەمان‌و دەزانن کەلە کوردستانمان خاوەنی کەلەپوورو فۆلکلۆر خۆیەتی.

*** دوا وتەت ئەگەر ئێمە شتێکمان لەید نەبووبێت تۆش بیخەیتە سەر ئەم خەرمانە بۆ دەوڵەمەندکردنی؟**

- لەکۆتاییدا زۆر سوپاستان دەکەم‌و دەستخۆشیتان لێدەکەم بەمکارە پیرۆزەی پێی هەڵدەستن‌و بەتایبەتی کە ئێمەتان خوێندەوەو نزای تەمەندرێژیتان بۆ ئەکەم‌و هیوادارم بەردەوامبن لەم کارەو بە خزمەتێکی گەورەی دادەنێم.

# خالید حاجی:
# •خەڵکی تامەزرۆی کەلتوری باب‌و باپرانە
# •دەیانەوێ ئەم گەنجینە یە پارێزراو بێت
# •گۆڤاری کەلەپووری کورد هێشتنەوەی سروشتی جوانی کوردە

**سازدانی: عەلی تەنیا – ئاکرێ**



مامۆستا خالید حاجی خدر، یەکێکە لەفۆلکلۆریستە بەتواناکانی کۆمەڵی کوردەواری. لە شوێن پاشماوەی مەڵبەندی جیهانە جوان‌و ڕەنگاڵەییەکەی کوانوی ئاگردانی زەردەشتییەکان دا، لە ڕۆژی ١/٧/١٩٤٠ لەبن سایەو سێبەری کەش‌وهەوا فێنکەکەی (سیپە)ی ئاکرێدا هاتۆتە دنیاوە. لە ساڵی ١٩٧٣دا، کۆلێژی ئاداب بەشی کوردی لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە. هەروەها لە ساڵی ٢٠١٠دا خانەنشین کراوە، ئێستا لە شارە جوانەکەی ئاکرێدا دەژی. زۆربەی کاتەکانی بەخوێندنەوەو نووسین‌و کۆکردنەوەی فۆلکلۆر بەسەردەبات.

**پێمخۆشبوو بزانم سەرەتا چۆن هزری کۆکردنەوەی فۆلکلۆری لادروستبووە؟**

لەوەڵامدا وتی: دوای ئەوەی لەماناو مەبەستی گرنگی فۆلکلۆر گەیشتم.. لەترسی لەناوچوونی ئەم بەرهەمە زەنگین‌و گرنگەی باب‌و باپیرانمان هەستام هەستمکرد بەکۆکردنەوەی (( لاوک، حەیران، چیرۆک، گوتنێن مەزنا، بەسەرهات و مامک.. هتد)).

*** ئەکرێ باسی یەکەم بەرهەمی چاپکراوی خۆتمان بۆ بکەیت؟**

– بەڕاستی فۆلکلۆر وایلێکردم پێش هەموو شتێک بڕیار لەسەر چاپکردنی (گوتنێن مەزنا) بدەم، کە لە ساڵی ٢٠٠٨ دا چاپم کرد. ئەویش گشت گوتنەکان هی دەڤەری ئاکرێ‌و دەوروبەری بوون بەناوی ٢٠٠٨ گوتنێن مەزنا.. ئەمەبوو بەناونیشانی پەرتووکی یەکەمم. ئەم پەرتووکە دووجار چاپکراوەتەوە.

***باشە بەرهەمی چاپکراوی دووهەمت چۆن بوو؟**

– بەڵێ، بەرهەمی دووەمم لە ساڵی ٢٠٠٩دا چاپکرد بەناوی (قەڤتەک ژ کەلەپورێ ئاکرێ) ئەویش ئەم بابەتانەی لەخۆگرتووە" گوتن، داهێنان، سەرهاتی، لاوک، چیرۆک، حەنەک، پرسیار. ئەم بەرهەمەشم دووجار چاپکراوەتەوە.

*** دەتوانی باسی ئەو پەرتوکە چاپکراونەمان بۆ بکەی کەلە بازاڕدا نەماون؟**

– پەرتوکی (شەش گولێت وەراندی)، کەپێکهاتووە لە

شەش چیرۆکی ڕاستو دروست.. باس لە خۆشەویستی شەش گەنج دەكات. هەر زوو لەكتێبخانەكاندا هیچی نەمایەوە. زۆر لە هاوڕێو دۆستان داوام لێدەكەن. بەتەمام دووبارە چاپی بکەمەوە.

*** جگە لەم بەرهەمانە چەند بەرهەمی ترت چاپكردووە؟**

– لە ساڵی ٢٠١٢دا، پەرتوكێکم بەناوی (هزار مەتەلۆلک بۆ مروڤێت ژیر كۆك) چاپكردووە. ئەم بەرهەمە لەهەزار مەتەڵی دەڤەری ئاكرێ پێكهاتووە، لە گەڵ وەڵامەكانیدا. دوای ئەمە پەرتوكێكی ترم بەناوی (٦٠ ساڵ ئەزو ژیان) چاپكردووە، ئەم پەرتوكە باس لە ئەزموونی ژیانی خۆم دەكات، لەتەمەنی پێنج ساڵی تا شەست و پێنج ساڵی.. جگە لە باسكردنی ژیانم چەند یادەوەری خۆشی تێدا نووسراوە. لەگەڵ ئەوانەشدا ئەلبومێكی كاروپیشەی ژیانمیشی تیایە.

*** دوای نووسینەوەی ژیانت، چی ترت پێخۆشە چاپی بكەیت؟.**

– لە ئێستایا پەرتوكێكم بەناوی (ئەرێ تو دزانی) ئامادەیە بۆ چاپكردن، ناوەڕۆكەكەی باس لەكەلتوری دەڤەری ئاكرێ دەكات، وەک (داو دەرمان، بەرئاخ، ئامان، گژوگیاو هەندێ كاری دەستو ژیانی كۆن: كهارک، گرک، شەڤجەر، گوزەبەس)، وەک خواردنی فۆلكلۆریو زۆری تر پێكهاتووە. هەروەها چەند پەرتوكێكی تر بەناوی (٦٠ چیرۆک بۆ زاروكێن كوردا)، (چەند شیرەت بۆ گەنجو تولازا)، بێجگە لەمانە چەند وتارو گوتن لە سەر سروشتی ئاكرێ ئامادەن بۆ چاپكردن.

*** تاكو ئێستا هیچ بیرتان لەدامەزراندن، یا پێكهێنانی شوێنێكی كلتوریو فۆلكلۆری نەكردۆتەوە؟.**

– بەڵێ خەڵكی ئێمە تامەزرۆی كلتوری بابو باپیرانە، دەیانەوێ ئەم گەنجینەیە پارێزراوبێت، لەناو نەچێت. سەبارەت بەمە شارەوانی ئاكرێ لەدوو ساڵی ڕابردودا هەوڵی داوە چەندین بەرهەمی دەستی و پیشەیی لە پێشەنگەیەكدا كۆبكاتەوە بۆ ئەوەی خەڵكی بیانبینێ.


***مامۆستا بەڕێزتان وەكو فۆلكلۆر ناسێک سەبارەت بە گۆڤاری كەلەپووری كورد چی دەڵێی؟**

– بەڕاستی هەبوونی گۆڤارێكی وا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ زیندو هێشتنەوەو ناساندنی فۆلكلۆرو كلتور بە ڕۆڵەكانو هێشتنەوەی سروشتی جوانی كوردە. من زۆر دەستخۆشی لەو بەڕێزانە دەكەم، كەماندوو بونیان دیوە بۆ ئەم كارە گرنگە، جێگەی دڵخۆشیو شانازین. بەهیوای سەركەوتنو چالاكیی جوان..












# دۆسیەی تایبەت
# بە ڕۆحی بەرزەفڕی ڕەحیم سابیر



## ڕەحیم سابیر:


# ئەو کاتە دانا حەقیقەتی لێدەشێوێ کە نەزانەکان دەبنە دانا

محەمەد مەردان

**ڕەحیم سابیر، سەرچاوەی ئاوی ڕوونی کانێسکانی شارێک بوو، تینوێتی ڕەوە ئاسکەکانی کوردستانی ئەشکاند.. بەهێمنی هاتو بەئاوی (کانی سپی) لالشی ئێزدییان، گەڵای داری (کانی با)ی زەردەشتی ئاو ئەداو.. لەچیای دالاهۆو پێدەشتی شارەزووردا (هاوار)ی یارسانی لەدو توێی (سەرئەنجام)دا ئەنووسییەوە!.**
**لە هەر ڕوانگەیەکەوە تێت بڕوانیایە چیای (پیرەمەگروون)بوو. بۆ نەتەوەکەی**
**لە هێمنیدا (جەمال عەبدول)و**
**لە مۆزیک ناسیدا (عادل محەمەد کەریم)و**
**لەنووسینەوەی مێژووی میدیادا سێبەری (ئی. دیاکۆ توف)و**
**لەدنیای فەلسەفەدا تولەڕێی لوتکەی چیا بڵندەکەی (ئازاد حەمە)و**
**لەنەورۆز پەروەریدا (پیرەمێرد)و**
**لە دڵسۆزیشدا (ڕەحیم سابیر) بوو.**

ڕۆژی (٥/٩) ڕۆژێکی لێوانلێو خەماوی بوو. (دوانزە) هەمین چرای ناو دڵی کۆمەڵەی کەلەپوور بەجەستە خامۆشو بەرۆح لە قوڵایی دڵمانا داگیرسایەوە..
وەکو لەدنیای ئەندێشەو خەیاڵە وانەکانی خۆیدا گوتویەتی: (( هەندێ کەس، کەدەمرن مێژوو ناتوانێ لەبیریان بکات)).
بێگومان مێژوو بەردەوام چاودێرێکی ڕاستگۆیە، بەسەر ئاکارو کردەوە باشو خراپەکانی مرۆڤەوە. ڕاستیەکان وەکو خۆیان تۆمار ئەکات. ڕەحیم سابیریش خاوەنی بەخشیشێکی فرەیە، لەبوارەکانی: نووسینو ئامادەکردنو وەرگێڕاندا.
بۆیە ئەبێت بەیەکێک لەو مرۆڤانەی، کە هەرگیز مێژوو ناتوانێت لەبیری بکات.

## ئەندێشەکانی ڕەحیم سابیر



ئەندێشەکانی بریتین لە: کۆمەڵێ وتەی جوانی فەلسەفەئاسا، ئەویش بەدەر لە خەیاڵو ئەندێشەکانی خۆی، کەڵکی لەوتە جوانەکانی ناودارانی جیهانیو پەندە کوردییەکان بینیووە.
کاتی خۆی منو ڕەوانشاد (شەهلا نامیق)، بەرنامەیەکی فۆلکلۆریمان لە (ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان)دا هەبوو بەناوی (وەویلە)وە، لەهەمانکاتدا گۆشەیەکیشمان بەناوی (بەردوئەستێ)وە، لەگۆڤاری (کەلەپووری کورد) داهەبوو. ڕەحیم سابیر یەکێک بوو لە گوێگرانی بەرنامەکەو بەردەوامیش بەوتە جوانەکانی بەرنامەو گۆشەکەشی بەسەر ئەکردەوە.
پاشان بەهۆی درێژەپێدانی خوێندنی خاتوو (شەهلا)و چوونی بۆ زانکۆی سەلاحەددین لەشاری هەولێر بەرنامەو گۆشەکەشمان وەستان. ئەو وتانەی، کە ڕەحیم ناوی ناون (ئەندێشە) وا لێرەدا بڵاویان ئەکەمەوە، زۆریان فریایی گۆشەی بەردو ئەستێ نەکەوتن. هیواخوازین لەپاشە ڕۆژدا بەچاپ بگەیەنرێن.

## دانا

- هەموو کەسێ بۆ خۆی دەژی بێجگە لە دانا.
- ئەوەی بەدانای دەبەخشیت، ئەویش دەیکاتە دەنکە گەوهەرو پێتی دەبەخشێتەوە.
- دانایی پێ نادرێو موڵکی کەسیش نییە.
- ئەو کاتە دانا حەقیقەتی لێدەشێوێ، کە نەزانەکان دەبنە دانا.
- جیاوازی نێوان برسیو حەکیم ئەوەیە:
یەکەمیان بۆ خۆییو ورگی دەژی.
دووەمیان بۆ فەزیلەتو حەقیقەت.
- ئەوەی ژێر دەیدا بە ناژێر، ناژێر نایدا بەژێر.

- ئەسپ سواری ژیرو لێزانی دەوێ.
- حەکیم کوڕی جیهانە.

## حەق

- حەق بۆ گەلێکی کلۆڵ کتێبێکی پیرۆزە.
- حەق دەگوترێ، نافرۆشرێ.
- حەقیقەت ئەو کاتە جوان دەبێت، کەدەوترێت.
- حەقیقەت لەورگا جێگەی خۆی ناگرێ، لەدەم دێتە دەرەوە.
- حەقیقەت چەند دەم شیرین دەکات، ئەوەندەش بۆنی دەم خۆشدەکات.
- ئەوەی دوی حەقیقەت دەکەوێ نەگبەتە، بەڵام ئەوەی لێی تێنەگات. زەلیلە.
- فەیلەسوف ئەو کاتە لەدایک دەبێت ، کە حەقیقەت قبوڵ بکرێت.

## فەلسەفە

- فەلسەفە پێداگرتنە لەسەر حەقیقەتو چاکە.
- فەلسەفە لێدوانە لەحەقیقەتو گەڕانە بەدوایدا.
- فەلسەفە ئاینێکی تری مرۆڤایەتیە.
- فەلسەفە ئەوەیە، کەبەرامبەرەکەت بخەیتە بیرکردنەوە.
- فەلسەفە گەر بەسادەییو بەڕوونی گوزارشتی لێ نەکرێ، دەبێتە سەفسەتە.

## قسە

- قسەی جوان فەلسەفەیە.
- قسە بەلیرەش هەیە.
- قسەی حەکیم هەنگوینە.
- قسەیش پشەیە.
- قسە لیرەیە.
- قسە گەر فرۆشرا خۆڵە، گەر ببەخشرێ گەوهەرە.
- گوتەی سادەو بەمانا بەرهەمی ئەزمونە.
- قسەزان دەم داناخات.
- قسە بەڵگەی بیرکردنەوەیە، هەردوکیان یەکسانن بەلۆژیک.
- زۆرجار مرۆڤ لەقسە ناگات، بۆیە دەبێ بەرەفتار لەگەڵیدا بدوێیت، کەواتە ڕەفتار بەشێکە لە زمانی جەستە، بەرامبەرەکەت حاڵی دەکەیت، کەشتێک هەیە لەبری قسە.
- درۆکردن تەنها بەقسە نیە، بەڕواڵەتیش دەردەکەوێ.
- بەلاسایی کردنەوە مرۆڤ فێر نابێت، بەڵکو بەدیالۆگو ئەزموونو بیرکردنەوە.

- پڕ بەورگت قسە مەکە، پڕ بەدەمت قسەبکە.
- ژێر خانی قسە بیرکردنەوەیە.

## نان

- نانی بەمنەت تاڵە.
- نانی بەمنەت ژانەسکی لەدوایە.
- نانی بەمنەت ملکەچیی لەدوایە.
- نانی بەمنەت دەست شتنی ناوێ.
- نانی بێ ڕەنج تامی نییە.
- نانی نیەو تەنور بۆ هاوسێکەی دادەخات.
- کولێرەی چەور زگی گەورەی دەوێ.
- نانو چەرمە سەریان وتووە.

## فەزیلەت

- فەزیلەت بەشێکە لەنیعمەتی مرۆڤ.
- فەزیلەت قسەی زل نیە، بەڵکو زانستو ئاکارە.
- بەبێ بەرامبەر کارکردن فەزیلەتە.
- کوشتن بەدەستی ژێر فەزیلەتە، بەڵام بەدەستی نەزان کارەساتە.
- زەردەشت داهێنەری فەزیلەتە.

## هەمەجۆر

- هەموو شتێکت پێبەخشیم، بۆیە خۆمت پێدەبەخشم.
- لەقژی دەکاتەوە بۆ سمێڵی.
- خۆ دەرخستن بەشێکە لەنەخۆشی.
- چاکەو پیاوەتی بەزۆر کەس ناکرێت.
- با لاپەڕەکان بخوێنینەوە.. ئەوجا هەڵیبدەینەوە.
- گەر نەشنووسیت پێویستە قەڵەمەکەت دەمە نادەمێ بەکاربهێنی، بۆئەوەی قەڵەمەکەت کول نەبێ.
- جوان بیربکەرەوە بۆ ئەوەی لە کاتی خەوتندا تووشی وڕێنە نەبیت.
- جەستەش مۆزیکاو ئاوازی تێدایە.
- چوونە مەیدانی جەنگەوە بێ پلان سەختە، سەرکەوتن تیایدا حیکمەتە.
- مردنیش جۆری هەیە.
- مردو خەون نابینێ، هەر زیندووە خەون دەبینێ.
- هەندێ کەس، کەدەمرن مێژوو ناتوانێ لەبیریان بکات.
- بیرکردنەوەی جوان، مرۆڤی ناشیرین جوان دەکات.
- تا حەزمان لەسەر کورسی بێت، دادپەروەر نابین.
- مەلەکردن لە ئاوی لێڵدا خۆ تراندنە.
- ئەوەی بیەوێ نەخۆشییەکانی کۆمەڵگا چارە سەر بکات، دەبێت لە یەک کاتدا نەخۆشیش بێتو پزیشکیش بێت.

کتێبخانەی ئەلێکترۆنی


- سزا چێشتن لەنادادپەروەری چاکترە.
- مەشق نوێت دەکاتەوە.
- بیرکردنەوە لە کۆڵە بەرد قورسترە.
- گەمژەیی تۆ ئەوەیە، کەهەموو کاتێک هەمان شت چەند بارە بکەیتەوە.
- ڕێگایەکم پیشاندایت لەبری ئەوەی خۆت بدۆزیتەوە، کەچی خۆت بزرکرد.
- ڕووخاندن ئاسانە، بنیات نانەوە سەختە.
- نووسەر دەبێت وەک جەنگاوەر بێت.
- کە دادپەروەریو یاسا لە شارێکدا نەبوو، پێت سەیر نەبێ ستەمکارو ستەم لێکراو لە تاسێکدا ئاو بخۆنەوە.
- لەخۆبایی بوون سەر ئەشکێنێ.
- کراسەکەمم پێ بەخشیت، کە چڵکن بوو فڕێت دا، کراسێکی ترت لەبەر کردو منت بێبەشکرد لەهەردوکیان.
- مریشکێکم پێشکەشکردیت هێلکەت بۆ بکات، کەچی لەهێلکەچۆوەو دوای چەند ڕۆژێک کردتە ورگتەوە.
- ئـەوەی بۆمی هەڵدەڕێژیت، ئەوا لە سەر سینیەکی زێڕین پێتی دەبەخشمەوە.
- گەر هیچت لەدەست نەیەت، سەرە ڕێگە چۆڵکەو ڕێ لەکەس مەگرە.
- کەزانیت کارێک سەختە ئـەوا بەگۆرانیەک دەست پێبکە.
- کوێر دەبیستێ، بەڵام نابینێ.
- لەبیرچوونی چاکە، چاکەیە.
- سەری لەنێو ورگیدایە.
- قاچی لەناو ورگیدایە.
- وەک زەردەواڵە وایە.
- کەهەستام، وتت حەڵوا شیرینە.
- کەکارت پێمبوو دەبیتە گەورەو برا بۆم، کەکارت پێم نەما دەبیتە زڕ برا بۆم.

## خەمخۆرێکی دڵسۆزی نەتەوەکەی بوو

ڕەحیم سابیر کەسێکی هێمنو لەسەرخۆی کورد پەروەرو هاوڕێیەکی هەمیشەیی خوێندنەوەی کتێبو مشورخۆرو خەمخۆرێکی دڵسۆزی کەلەپوورو فۆلکلۆری ڕاستەقینەی نەتەوەکەی بوو..

کاتی خۆی لەگەڵ ناردنی (ئەندێشە) جوانەکانیدا ئەم دوو کورد واتەنیەشی بۆ ناردین، کەبیدەین بەڕەوانشاد مامۆستا (جەلال مەحمود عەلی)، کە لەو بوارەدا کاری ئەکرد.

ئەمەش گوزارشت لەجوانیو دڵسۆزی ئەو مرۆڤە ئەکات. ئەویش لەگەڵ کارەکانی خۆیدا هەرچییەکی دەست بکەوتایە ئەینووسیی، ئەگەر لەگەڵ کارەکانی خۆیدا نەگونجایە، ئەیدا بەو کاسانەی لەو بوارەدا کارئەکات، وەکو ئەم نموونەیە:


ئەم دوو ئیدیۆمە لەدەمی (فاطمە علی سعید) فەسووم
وەرم گرتووە تکایە بیدە بە بەڕێز مامۆستا جەلال
بزانە ئەو جۆرە ئیدیۆمە هەیە لە هەردوو کتێبەکەیدا
گەر نییە ئەوا بیخاتە سەر ئیدیۆمەکانی تر لەگەڵ
سڵاو ڕێزمدا..

١- دەستم لە هەویرە هەر ئەوەندەم لەبیرە
٢- دایکی ئاتە خانم هەر ئەوەندەی لێ دەزانم

(ڕەحیم سابیر محەمەد قادر) لە ڕۆژی ١٩٥٩/٤/١ لە گەڕەکی کانێسکانی شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە. وەکو زۆربەی منداڵانی کورد لە گەڵ خوێندندا محەلەبی و شەکرلەمەی فرۆشتووە، کاری کرێ کاریشی کردووە. هەتاکو پۆلی دووی ناوەندی خوێندووە.

لەتەمەنی هەرزەکاریدا خولیای (شیعر لەبەرکردن، وێنەکێشانو خوێندنەوە) بووە.

ئەو عەشقە وایلێکردوە خۆی فێری زمانەکانی عەرەبیو فارسی ببێت.

لە ڕۆژی (٢٠٠٤/٢/١٠) بوو بە ئەندامی (کۆمەڵەی کەلەپوورو فۆلکلۆری کورد)و ژمارەی (٨٤)ی پێناسی ئـەو کۆمەڵەیەیی پێبەخشراوە. هـەروەهـا ئەندامی (یەکێتی نووسەرانی کورد، لقی سلێمانی بوو.


لە کاتی سەربازیدا سـەرانـی ڕژێمی بەعس، چەکی کیمیاییان لەسەر چەند سەربازێکی کورد تاقیکردەوە، کاک ڕەحیمیش یەکێک بوو لەو سەربازانە. بەوهۆیەوە تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بوو. کاتێ نەخۆشییەکەی دۆزرایـــەوە، هـەمـوو مانگێک لەنەخۆشخانەی هیوا دەرزییەکی بۆ ئەکرا.

لەو ڕۆژگارەدا، کەچەکی کیمیایی لەسەر (ڕەحیم سابیر) تاقی ئەکرایەوە، کۆمەڵێ نووسەرو هونەرمەندی بێ هـەڵـوێـسـت نـووسـیـنو کـارە هـونـەریـیـەکـانـیـان لە خزمەتکردنی ئەو ڕژێمەدا بوون، کە کیمیاییان لە سەر ڕەحیمو کوردەکانی تر تاقی ئەکردەوە.

لـەدوای ڕوخاندنی ڕژێمی بەعسیش بـوون بەجانتا هەڵگری بەر پرسە کوردەکانو لەمڕۆژدا لەپێش کەسانی دڵسۆزی وەکو ڕەحیم سابیرەوەن!

دیارە دوای هەوڵو تەقەلایەکی زۆر حکومەتی هەرێمی

کوردستان هیچیان بۆ ڕەحیم سابیر نەکردووە، بۆیە بێ ئومێد بووەو هانای بۆ مرۆڤ دۆستانو (ڕێکخراوی خاچی سووری نێو دەوڵەتی) بردووە، کە چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە، رۆحی لەمەترسی مردن ڕزگار بکەن، هەتاکو زیاتر خزمەت بەمرۆڤایەتی بکات.


ناو/ رحیم صابر محمد قادر
مواليد/ ١٩٥٩/٤/١
ناونیشان/ سلیمانی - کوردستان - ئاوبارە ژمارەی گەڕەک (٤١٦) کۆڵان (٤) ژمارەی خانو (٢٢٧)
فامیلی / ١. دڵسۆز محمد غریب أحمد
٢. کوردونیا رحیم صابر محمد
٣. گریسکان رحیم صابر محمد
٤. کۆشیال رحیم صابر محمد
پیشە/ مفەوەز لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گومرگی سلیمانی
نوسەر/
بەرهەمە چاپکراوەکان:
١- پیشەی دەسەڵات لە قورئاندا - مەلائەمینی سیانی ٢٠٠٠
٢- جنۆکە - زەردەشت بەڵخی ٢٠٠٣
٣- جان جاک ڕۆسۆ - وەرگێڕان ٢٠٠٤
٤- ڤۆلتێر - وەرگێڕان ٢٠٠٤
٥- سوکرات - وەرگێڕان ٢٠٠٥
٦- کوردۆلۆجی (بەرگی یەکەم) ٢٠٠٥
٧- فەلسەفەی مێژوو ٢٠٠٥
٨- مێژووی ماد ٢٠٠٥
٩- سۆفیستەکان ٢٠٠٨
١٠- چەمکە فەلسەفیە سیاسیەکان ٢٠٠٩
١١- ئێزدیەکان ٢٠٠٩
١٢- بنەماکانی موزیک ٢٠٠٩
١٣- کوردۆلۆجی (بەرگی دووەم) ٢٠٠٩
١٤- حکومەتی میللی کوردستان ٢٠١١
ئەو بەرهەمانەی ئامادەن بۆ چاپ:
١- ئاتا - لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ئایینیە.
٢- ئەرستۆتالیس - ژیان و کارە شانۆییەکانی.
٣- مێژووی فەلسەفە - دوو بەرگ
داواکارم بەڕێزان ڕێکخراوە مرۆییەکانی تەواوی جیهان بەتایبەتی ڕێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی لە ڕێی دیکۆمێنتەکانەوە هانائەبەم بۆ بەڕێزتان کە فریای خۆم و خێزانەکەم بکەون. خۆم نەخۆشم بەهۆی ئەو بەلگانەی هاوپێچە لەڕووەهاتن وکچێکیشم نەخۆشە. نوسەرم و بێجگە لەو بەرهەمانەی سەرەوە لەدەیان ڕۆژنامەو گۆڤاردا نوسینم بڵاوکردۆتەوە. هانام هێناوە بۆ ئێوەی مرۆڤ پەروەر بۆ ئەوەی چارەسەرێکم بکەن بۆ ئەوەی زیاتر خزمەتی مرۆڤایەتی بکەم بێ بەرامبەر.
رحیم صابر محمد قادر
٢٠١١/٧/٦

بەداخەوە کەی ڕەوایە لەوڵاتێکی دەوڵەمەندی پڕ لەنەوت دا، کەسانی دڵسۆزی وەکو ڕەحیم سابیر گیان لەدەست بدات!!

هەرچەندە لەگەڵ دێوەزمەی مەرگدا لەململانێدا بوو، لە هەمانکاتدا بەرنامەڕێژی بۆ هیواو خواستەکانی دارشتبوو.. بەداخەوە چیتر مەرگ مەودای نەدا بە ئاواتەکانی بگاتو زیاتر خزمەتی نەتەوەکەی بکات. لە ڕۆژی (٢٠١٥/٥/٩) پەڵە هەورێکی ڕەشی چڵکن بەری تیشکی خۆری زێڕینی پێنووسەکەی گرت!.

کتێبە چاپکراوەکانی نووسەر:

لەگەڵ ئێشو ئازاری ڕۆژگارێکی پڕ چەرمەسەریو ئەو نەخۆشییەیی ، کە پەرێشانی کردبوو، جگە لەو بابەتانەی لەگۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بڵاویکردبوونەوە، ئەم کتێبانەشی بەچاپ گەیاندووە:

١. ڕیشەی دەسەڵات لە قورئاندا، مەلا ئەمینی سیانی ٢٠٠٠.

٢. فەلسەفەی مێژوو، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠١.

٣. کوردۆلۆژی، لێکۆڵینەوەیەکی ئایینی مێژوویە.
لە مەڕ کۆمەڵگەی کورد، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠١.

٤. جنۆکە- زەردەشت بەڵخی ٢٠٠٣.

٥. ئەندریە کریسون ڤۆلتێر، وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە ٢٠٠٤.

٦. جان جاک ڕۆسۆ، وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە ٢٠٠٤.

٧. مێژووی ماد، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٥.

٨. سۆکرات، وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٥.

٩. فەلسەفەی مێژوو، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٥.

١٠. کوردۆلۆژی.
لێکۆڵینەوەیەکی سایکۆسۆسیۆلۆژییە، لەمەڕ کۆمەڵگای کورد، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٥.

١١. سۆفیستەکانو خوێندنەوەیەک بۆ سۆفیستەکان.
لێکۆڵینەوەیەکی فەلسەفی بەراوردکارییە، سلێمانی ٢٠٠٨.

١٢. چەمکە فەلسەفیە سیاسیەکان، سلێمانی ٢٠٠٩.

١٣. ئێزدیەکان.
لێکۆڵینەوەیەکی ئایینی- مێژوویە، سلێمانی ٢٠٠٩.

١٤. بنەماکانی موزیک.
ئامادەو وەرگێڕان، لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی فەلسەفیە، ٢٠٠٩.

١٥. حکومەتی میللی کوردستان.
لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی مێژوویە، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠١١.

هەواڵنامەی کتێب
























١٦. سۆمەرییەکان

١٧. سۆکرات، پیاوە ڕاستەقینەکە ٢٠١٢.

کورتە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ئایینیە ٢٠١٢.

١٨. ڤاتا

لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی- فەلسەفە- ئاینیە.

دەربارەی رۆح، نەفس، بەدەن ٢٠١٢.

١٩. مێژووی فەلسەفە

فەلسەفەی دێرین- قوتابخانە فەلسەفیەکان لەتالیس تا دیمۆکریت، بەرگی یەکەم، ئا، وەرگێڕان ٢٠١٢.

٢٠. ئەریستۆخانیس

سەردەمو کارە شانۆییەکانی، وەرگێڕان ٢٠١٢

٢١. مێژووی فەلسەفە

فەلسەفەی دێرین- قوتابخانە فەلسەفیەکان

لەفیلولاوس تا پلۆتین، دواین فەیلەسوفی

سەردەمی دێرین، بەرگی دووەم، ئا، وەرگێڕان ٢٠١٢.

٢٢. مێژووی فەلسەفە

لە فیلون تانیکۆلاوس کوسانوس

سەرەتای ئاوێتەکردنی فەلسەفەو لاهوت

تادوا فەیلەسوفی لاهوتی سەدەکانی ناوەڕاست، بەرگی سێیەم، ئامادەکردنو وەرگێڕان ٢٠١٤.











# کاکە ڕەحیم

# (شەشە)کەی مناڵی گەڕەکی (کانێسکان)مان

کامیل ئەحمەد فەرەج

نەء .. با چاولێکەرییانە نەبێت.. محەلەبی فرۆشتن.. شەکر لەمە فرۆشتن.. هاوڕێی منالّی یەک گەڕەک- جووڵانەوە کۆمێدییەکان .. ناتۆرە سەیرەکان- (شەشە) ناوە پێ ناسراوەکەی کە ڕەحیم بوو..

کاکە ڕەحیم..

لەسەر نووسینەکانت پلەی زۆر کەس بەرزکرایەوە ئیمتیازات بۆ هەندێک فڕین.. بەڵام تۆ نێر بووی.. بۆیە نەیگرتیتەوە.. ڕەمبێ دیمانە شت کەم لەگەڵدا ڕێک خرابێت.. چی بکەین دیموکراتیەکەمان پێویستی بەماستاوو جووکە جووکو بەرتیلەو تۆش نەشارەزای هیچ کامیان بوویت نە ئارەزووی بەکارهێنانیشیانت ئەکرد.. گەلێک ئەتخوێندەوە.. درەنگ یا زوو مەڵێ وانیە.. ئاخر نابێ هەر ئەوان بڵێنو بخوێنرێنەوە.. و ئامادە نەبن کەس بخوێننەوە.

دەمێکە پێیان وتووم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ژمارەی خوێندنەوەکان زیاد بکات.. کورسیەکان.. لەق ئەبن.. بۆیە لەدوورەوە نیگایەک ئەکەنو ئەیکەنە نامەیەک. بەڵام نرخی خۆت نادەنێ.. تا خۆیان بێ نرخ نەبن. ژمارەی ئامادەبوونی چلەکەت لە ژمارەی ئامادەبووانی یادی پیرەمێرد زیاتر بوو، بەڵام لەیادی پیرەمێردا ڕیزێک گیرا بوو بەکامێرا کەلەوانەیە بڵێم هەرچەند کەسەو کامێرایەکی بەرئەکەوت..

کاکە ڕەحیم..


لە فەلسەفە تێنەگەیشتووین بۆیە تاکو ئێستا نازانین سەرچاوە (مرجع)ی بیرکردنەوەمان چۆنە؟!.

تۆ بە ئامانجی ناساندنی فەلسەفە دەستت کردە نووسین.. لەو کتێبانەی کەبە ژمارەیەکی زۆر بەناوونیشانی جیا دەرچوو.. لەوانەیە تەنها کتێبەکانی تۆو چەند دانەیەکی تر بۆچوونەکانی نەدزرابێتو درۆی تیا نەکرابێت..

کەچی پیاسەیەکی هەندەرانت نەکردو بێیتەوە ببیتە مانشێتی گۆڤارو ڕۆژنامە ڕزیوو پڕموهاتەراتەکان.

ماڵئاوا کاکە ڕەحیم

کوڕی بنەماڵەیەکی هەژار.. بەڵام بەهرەمەند.. بەشەرەف. ڕاستگۆ.. پاک.. نووسەرێکی سەربەرزو نەفسیەت بەرز ماڵئاوا..





# چەند وشەیەک بۆ مەرگی نووسەر (ڕەحیم سابیر)

فوئاد محەمەد ئەمین سەراج

دڵێک بۆ ژیان، قەڵەمێک بۆ داهێنان، هزرێک بۆ بیرکردنەوە خەرمانەیەک وشەو ڕەستەی ڕەنگاوڕەنگی نێو کتێبان بوو بە ئەدەب.
ئەدەبێکی فەلسەفی لە باخچە جوانەکەی فرە جۆری گۆڕەپانی تەمەنی (ڕەحیم)ی میهرەبان، ئەو حەزانەی کە ئاپورەی لە مێشکیدابوو تەمەنیشی کردبووە چراخان بۆ خزمەتی خاکو نیشتمان لەنێو خانویەکی بچوکو لە عەقڵێکی گەورەدا جریوەی وشەو دەنگی بەردەوام بوون مژدەی بەردەوامی دەبەخشێتە ژیان.
ئەو مرۆڤێکی ئاسایی و هێمن و بێ دەنگو عاشق بوو چێژی ئەوینی بۆ ئەدەبو فەلسەفەو فۆلکلۆردا دەوروژاندو بەوپەڕی لەخۆبردوونەوە بەنانو ئاوی خۆی دوور لە خۆسەپاندنو خۆ نواندن مۆڵەی کتێبەکانی تەواو بەرەنجی شانی بەچاپی دەگەیاند ئەو مرۆڤە گەورەیە کەنیشتمانی لەمناڵەکانی خۆشتر دەویست بەداخەوە جەستەی بەرەو ماندوبوون دەڕۆیشتو نەخۆشیەکی سامناک بەرۆکی گرتو کۆتایی بە ژیانو داهێنانی هێنا، کەبۆ ئێمە قەڵەمێکی داهێنەرو کەسێکی دڵسۆزو هێمنو نووسەرو ئەدیبیمان لەکیس بچێت درود بۆ گیانی پاکی، ئارامی بۆ گشتمان.

# قەڵەمێکی جوان و مرۆڤێکی ماندوو

سەردار قادر

وەک کەمانچە بەسۆزەوە ڕژایە نێو نۆتەی ژیانەوە..
ڕەحیم مرۆڤێک بوو بە سانای زمانە شیرینەکەی
دەیویست زۆر شتمان پێ بڵێ
ئەو هەموو خەمەکانی ناو ناخی خۆی باسدەکرد
بۆ ئێمەو گشت ڕازەکانی نێو دڵی بە زوڵاڵی دەردەبڕی
ئەو نووسەرە هەرچەندە هەناوی دەریایەکی
پڕ لەخەم بوو
بەڵام وەک تابلۆکێشکی پڕ لە بەهرە ئێشو ئازارەکانی
لەنێو تابلۆیەدا دەکێشا
ژیانی پڕ دەکرد لە شەپۆلی گۆرانیو بێدەنگ، بێدەنگ
جگە لەقەڵەمەکەی هیچ کەسێ هاوارێکی لێ نەدەبیست
ئەو هەمیشە لەسایەی عیشقیدا کاری دەکردو
وەک شەستە بارانێکی بەخوڕ دڵی بەگوڵستانەکانی
بەهارا
چوو بوو
ڕەحیم بۆ کوردستانی دەنووسییەوەو ئەو عاشق بوو
بەهەموو جوانیەکانی میزۆپۆتامیاو
وەک دڵێکی مەزن ئەوینی لێدەباری
من ئەم مرۆڤەم چەند جارێک بە سەر پێیەوە بینیبوو
چاوەکانی پڕ بوون لەگەلێک ئاواتی جوان بەسیمایەکی
خەمینەوە
وە ئێوارە باشی لێدەکردم وەک مرۆڤێکی کەنار گرتوو
دەژیاو
کەس گوێی لەدەردی دڵی نەگرتو هەتا گۆڕ باوەشی بۆ
کردەوە
ئەفسوف هەزاران ئەفسوس



# کۆڕی چلەی ماتەمینی
# نووسەرو وەرگێڕو فۆلکلۆریست
# ڕەحیم سابیر

**بەیان محەمەد**




بەهۆی ئەو بارودۆخە ناهەموارەی بەسەر کوردستاندا هاتووە.. حکومەتی هەرێمی کوردستان دوو شوێنی تایبەتی لێدەرچێت، برە پارەی مانگانەی تەواوی رێکخراوە ناحکومییەکانی باشووری کوردستانی بڕی!. (کۆمەڵەی کەلەپورو فۆلکلۆری کورد)یش، یەکێکە لەو رێکخراوانەی، کەمانگانە (٤٥٠) چوارسەدو پەنجا هەزار دیناری هەبوو ئەویشیان بڕی.

بۆیە بەدوای کەناڵێکدا دەگەڕا، کەهاوکاری کۆمەڵەی کەلەپوور بکات، هەتاکو چلەیەکی شایستە بۆ رۆحی (رەحیم سابیر) ئەندامی کۆمەڵە ساز بکات.

بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندییان بە (یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانی)ـەوە، کرد ئەوانیش بەهۆی بارودۆخەکەوە بودجەکەیان بڕابوو، وەڵامێکی ئەوتۆیان نەبوو. دوای چەند رۆژێک ئاگاداری کۆمەڵەیان کردەوە، کە رۆژی شەممە ٢٠/٦/٢٠١٥ لەهۆڵی تەوار کۆڕی چلەی ماتەمینی بۆ رەحیم سابیر ساز دەکەن.

بۆ ئەم مەبەستە دەستەی کارگێر تکایان لە بەڕێز (محەمەد ساڵح سەعید) کرد وتاری کۆمەڵەی کەلەپوور ئامادە بکات.

کاتژمێر ٣٠ ,٥ی ئێوارە کۆڕەکە دەستی پێکرد. سەرەتا بەڕێز (بەندی عەلی) پێشکەشکاری ماتەمینیەکە وتی(( بەڕێزان.. خوشکان برایان، کەسوکاری نووسەری کۆچکردوو م. ڕەحیم سابیر.. بەناوی یەکێتی نووسەرانی کورد/ لقی سلێمانییەوە بەخێرهاتنتان دەکەین بۆ چلەی ماتەمینی نووسەرو مامۆستای دڵسۆزو تێکۆشەر، کە هەمیشە قەڵەمەکەی لەخزمەتی نیشتمانو گەلەکەیدا بووە..

بەڕێزان چلەی ماتەمینیەکە بەساتێک وەستان بۆ گیانی پاکی مامۆستای نووسەرو وەرگێڕ ڕەحیم سابیرو سەرجەم نووسەرانی کۆچکردووی کورد دەسپێدەکەین)). هەروەها داوایکرد مۆمی تەمەنی خوالێخۆشبوو دابگیرسێنرێت.

وتاری یەکێتی نووسەرانی کورد/ لقی سلێمانی، لەلایەن بەڕێز د. شێرکۆ عەبدوڵڵاوە خوێندرایەوە. چەند جارێک پەیوەندیمان بەیەکێتی نووسەرانو بەڕێز د. شێرکۆ وە کرد، بەڵام وتارەکەمان دەست نەکەوت هەتاکو لێرەدا بڵاوییکەینەوە..

دواتر وتاری کۆمەڵەی کەلەپوورو فۆلکلۆری کورد، لەلایەن بەڕێز مامۆستا (محەمەد ساڵح سەعید)، ئەندامی دەستەی کارگێڕەوە خوێندرایەوە:

**کەسوکارو هاوڕێبازانی سەربەرزی**

**کاکە ڕەحیم سابیری خۆشەویستمان..**

**من پڕ بڕوام ئێستە هەموومان دەڵێین ( یادی بەخێر ) مرۆڤ نییە تەمەنی نوحی بۆ بێت.**

**کەسیش نییەماڵئاوایی نەکات!**

**بەڵام وەرن کەمێک بتانبەمە لای ئەم (ڕەحیمە) بەناوی دەستەی کارگێڕو ئەندامانی کۆمەڵەی کەلەپوورو فۆلکلۆری کوردەوە هاوسۆزیو شانازی خۆمانتان پێڕادەگەیەنین کە ئەو هەڵکەوتووە تایبەتە، وەک ئەندامێکی خۆبەخش لەگەڵماندا هەوڵی زیندووکردنەوەو تۆماری فۆلکلۆرو کەلەپووری میللیمانی داوە کە(ناسنامەی نەتەوەییمانە).**

**هێرشی داعشی خوێنڕێژی ئابڕوو تکاو بەملیۆن پێشمەرگە، گیانی بەرزە فڕیان وەک قۆچیی پێبەخشیوە!**

**بەڕێزینە!**

**ئەم ڕەحیمەش بۆ ئەو نەتەوەیە لەگەڵماندا لەکاردا بووەو بەدوای خۆیدا یادگاری جوانی بەجێهێشتووە.**

**ڕەحیمی هاو بڕوامان، پیاوی هاشە، سایە، پایەو مایە نەبووە!**

**بەڵام هێندەی ئێمە ناسییێتمان شێنەیی بیری دەکردەوە.**

**شایستە دەدوا. دڵسۆزانە هەوڵی بەخششی دەدا. هێورووپاک دەهاتە پێشەوە ئەو هەستی ڕەوشتبەرزیی لادروستدەکردین!.**

**بەڕێزان و خۆشەویستان**

**لای ئێمە ئەم کۆڕە بۆ کۆچو بەجێهێشتنی ئەو نییە. بەڵکو ئەمە جۆشو پەرۆشی ڕێزلێنانێکی ناخیو بابەتییە بۆ هاورێبازێکی کاراو هاوکاری بواری نووسینو بەدواداچوونی کەلەپوورو فۆلکاۆرو ناسنامەی کوردیمان، کەلەناو بێخی دێرینە مێژووینەکاندا بیاندۆزینەوە. ئەوە (چنگەکڕێیە) لە گڵو زیخی مێژوودا بیرکردنەوەیەکی زیرەکانەی کاکە ڕەحیمو ئەندامە بەهرەمەندەکانمان بووە.**

**ئێمە کەسایەتی ئەومان خۆشویست. ئەوە بوو لە پەیڤەکانیدا وەک بیرمەندێک ڕوودەکاتە کەسە نائاساو بەرژەوەند خوازەکانو دەڵێت:**

**(( پێشمکەوە، بەڵام وریابە نەمخەیتە ناو چاڵێکەوە!)).**

**جارێکی تریش بە پەژارەیەکی تاڵەوە دەڵێتەوە:**

**(( هەن بە زمانی لووس پلەوپایە پەیدا دەکەن. هی وەهاش هەیە زمانی حەقیقەتیان بۆ دەبێتە بەڵاو هەژاریدەکەن))!.**



**خۆشەویستان..**

**بێگومانم لەوەی کەلێرەوە ئەم بڕواداره (ڕەحیمە) ڕاستتر خۆی پێناساندن کەچەند ناقایلو دڵپەژار بوو بەرامبەر ئەو چاوچووە بەرژەوەند خوازانەی شیرازەی ساناى کۆمەڵایەتی کوردەواریمان تێکدەدەن!.**

**بەڕێزینە!**

**کاکە ڕەحیمی هاوڕێبازی کەلەپووری کوردایەتیمان لەبیرمەندیی و دڵسوتاویی خۆیەوە سکاڵایدەکرد.**

**ئەو بەناو پیرۆزیی ئاگردا، چراوگی ڕۆشنگەریی بلێسە پێدەکرد، کەسێتیی جۆرێک لەکوردانی تیادا هەڵدەسەنگێنێتو دەڵێت:**

**(( نەریتە کۆنەستییەکانی کورد بە هۆی تراژیدیاو سۆزی هەڵچوونو داچوونەوە لەبیر دەکرێن، ئەمەش مێژوویەکی لێڵ نیشاندەدات بەرامبەر نەریت،ئاکار فەلسەفەو مەعریفەی کورد کەئێمە زۆر بە توندیی خاوەنێتیی ئاگرو نەورۆز دەردەخەین. کەچی بنەماو ژێرخانە نەریتەکەی دەکوژین!)).**

**خۆشەویستانی کاکە ڕەحیم!**

**ئەمانە کورتەیەکی ئاماژە پێکەری ژانو ژانری ئەم مرۆڤە هەست ناسکە بوون کە بۆ پەیدایی ماف، پاکژیی، ڕاستیی و ڕەوایی نەتەوەکەی لەناخیدا شپرزەو کوڵاویکردبوو. لە کۆتایدا:**

**پێشنیاز دەکەم گشت نووسینو بەرهەمەکانی چاپبکرێنو وەک دیارییەکی جوانکار پێشکەش بە خانەوادەکەی بکرێت.**

**درورد بۆ ڕوانی پێشمەرگە شەهیدەکانمان و ئەم دڵسۆزەمانو نووسەرانو داهێنەرانی کوردو کوردستان.**

هەروەها چەند پەیڤێک لەلایەن بەڕێز کارزان موشیرەوە خوێندرایەوە.



# خامەیەکی هێمن




پانۆڕامایەک لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی نووسەر نمایش کرا، کەلە لایەن بەڕێز لوقمان محمدەوە ئامادەکرابوو.

تێبینی

١. ئەم بابەتەی لێرەدا دەیخوێنیتەوە، دەقی پانۆرامایەکی تۆمارکراو بوو کە لەلایەن لوقمان محەمەد ڕەشید ەوە بۆ مەراسیمی کۆڕی چلەی ماتەمینیی نوسەرو وەرگێڕ (ڕەحیم سابیر) ئامادەکرابوو، بەکامێرای ڕێبین ئەحمەد، ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٥/٦/٢٠ بەهۆی سینەما سکرینەوە پێشکەش بەئامادەبوان کرا.

٢. مامۆستا ئەسعەد عەلی – یش یەکێک بوو لەبەشداربووانی پانۆراماکە، بەڵام بەداخەوە بەهۆی هەڵەی تەکنیکییەوە دەنگی بەڕێزیان تۆمارنەکرابوو.


٣. قسەکانی کۆچکردوو، لە ئەرشیفی مامۆستا سالار فەتاح – ەوە وەرگیراون.

٤. پانۆراماکە بەرهەمی لقی سلێمانیی یەکێتی نوسەرانی کورد بوو.

**ڕەحیم سابیر:** من ناوم ڕەحیم سابیر محەمەد، خەڵکی سلێمانیم، لەگەڕەکی کانیەسکان لەساڵی ١٩٥٩ واتا لە ١٩٥٩/٤/١ لە دایک بووم، تەمەنی منداڵیشم وەکو هەر منداڵێکی کوردی هەژار ناخۆشبوو، ژیانمان ناخۆشبوو، ژیانی خێزانمان ناخۆش بوو، هەمیشە لە ئیشوکارو سەربازیدا بووم.

* **هەر لەتەمەنی منالییەوە عەوداڵی نوسین و خوێندنەوە دەبێت و لەتەمەنی ٢٧ ساڵیدا بەمرازی دڵی پڕ لەعەشقی دەگات و ژیانی هاوسەریی پێکدێنێت. لەگەڵ هاوسەرە خۆشەویست و دڵسۆزەکەیدا دەبنە خاوەنی دوو کچ و کوڕێک.**

**ڕەحیم سابیر:** ساڵی ١٩٨٦ ژنم هێناو ژنەکەیشم بەخۆشەویستی هێناوە، نزیکەی نۆ ساڵ



خۆشمویستووە، ئێستایش خاوەنی سێ منالم. یەکێک لەهۆکارەکانی بەردەوامیی ژیانم، بەڕاستی بەڕاستی خێزانەکەم بووە، خێزانەکەم زیاد لە حەد هاوکاریم دەکات و خۆشیدەوێم، منیش بەڕاستی خۆشمدەوێت، لە هەموو بوارێکدا.... تەنانەت کە لە ٢٠٠٥ وە توشی نەخۆشییەکی درێژخایەن بووم، هەر ئەو ئێستایش هاوکاری و یارمەتیم دەدات.

*** ئەگەرچی تاڵی و زەحمەتیی ژیان ناهێڵن ڕەحیم سابیر قۆناغەکانی خوێندن تەواو بکات، بەڵام خەمی گەل و نیشتمان و خولیای نوسین دەبنە زانکۆیەکی گەورەو چەندین توێژینەوەو کتێبی پێدەنوسن.**

**ڕەحیم سابیر:** لەبواری نوسیندا، نزیکەی ٣٥ ساڵە کتێب ئەخوێنمەوە، بەتایبەتی مێژووی کورد، دوایی کەوتمە بواری بازنەی فەلسەفەوە کە کۆمەڵگای کوردی یاخود مێژووی کورد ئەو بوارەی تیا نیە، بواری فەلسەفەی تیا نیە، حەزم کرد لەوەیش شارەزا بم، بەڕاستی ناڵێم شارەزاییم هەیە بەڵام توانیومە شتێک هەڵێنجێنم بۆ کۆمەڵگاکەم، بۆ خۆم نەبووە بەهیچ شێوەیەک، حەزیشم نەکردووە خۆم دەرخەم بەهیچ شێوەیەک، هەر ئەوەی بتوانم خزمەتی میللەتەکەم بکەم لە هەر درزێکەوە بێت، لەهەر ڕۆشناییەکەوە بێت، خزمەتی گەلە ستەمدیدەکەم بکەم، گەلی کورد، بەهەموو شێوەیەک لەهەموو بوارێکدا، بەهەموو شێوەیەک هەوڵمداوە چیم دەستەڵات بێت، چی بزانم، خزمەتی بکەم، ئەگەر بەردێکیش بێت بیخەمە سەر بەردێک بۆ میللەتەکەم، لەوە زیاتر هیچم نەکردووە، ئەوەیش کردوومە هیچ نیە، هیوادارێشم هەمیشە بەردەوام بم لە خزمەت کردن بە نیشتمانەکەم، بەڕاستی نیشتمانەکەم زیاد لە حەد خۆشئەوێت، باوەڕ ناکەم، لە منالەکانیشم خۆشترئەوێت.

*** سەرەڕای چەندین بابەتی جیاجیا لەگۆڤارو ڕۆژنامەکاندا، کتێبە بڵاوکراوەکانی ئەم قەڵەمە هێمنە بریتین لە:**

**جنۆکە، ڕیشەی دەسەڵات لە قورئاندا، جان جاک ڕۆسۆ، ڤۆڵتێر، سۆکرات، فەلسەفەی مێژوو، مێژووی ماد، سۆفیستەکان، چەمکە فەلسەفیە سیاسیەکان، ئێزدیەکان، بنەماکانی موزیک، حکومەتی میللی کوردستان، ڤاتا، ئەرستیۆ ڤانیس، مێژووی فەلسەفە بەدوو بەرگ، لەگەڵ سێ بەرگی کوردۆلۆژیدا.**

**ڕەحیم سابیر وەک خۆی باسی دەکات، لە ڕەشبگیرییەکەی پێش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی شاری کەرکوک دەستگیر دەکرێت و ٨ مانگ دوای ڕاپەڕین ئازاد دەکرێت.**

**هۆکاری نەخۆشییەکەیشی، وەک لەم پانۆرامایەدا باس دەکرێت، تاقیکردنەوەی گازە کوشندەکان بووە لەسەری، لەکاتێکدا ئەو خۆی سەربازی ئەو دەستەڵاتە بووە کە گازە**


سالح بێچار

**کوشندەکەی لەدژی بەکارهێناوە!، هەتا لەساڵی ٢٠٠٥ دا کاریگەرییەکەی لێدەردەکەوێت و هەر بەو هۆیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٥/٥/٩ بۆ دواجار ماڵاوایی دەکات.**

**ساڵح بێچار:** هەڵبەت لەباری لۆجیکیو فەلسەفیەوە قسەکردن لەسەر کەسێک کە دواجار خۆی بیسەری ئەو قسانە نەبێت یان وەرگری ئەو پەیامە نەبێت، بەڕاستی قسەکردنو پەیامگەلێکی ناتەواوە، چونکە تۆ هەرچیەک بڵێیت دەکرێ وابێت یان وانەبێت، کە ئەو ئامادەنیە لێتوەرگرێو وەڵامێکی هەبێت بۆ قسەکان. بەڕاستی بەگشتی بێدەنگ بوو، هەتا لەقسەکردنا لەپێکەنینا. زۆرجار پێکەنینێکی زۆر تایبەتی هەبوو، ئەو بەڕێزانەی لەنزیکەوە دەیناسن دەزانن. بەبێدەنگی ژیا، بەبێدەنگی بیری دەکردەوە، دەینوسی، مخابن بەبێدەنگیش مرد.

**محەمەد مەردان :** ڕەحیم سابیر یەکێکە لەمرۆڤە هێمنو لەسەرخۆکانی نەتەوەکەمان، مرۆڤێکی هەستناسکی، دڵپاکی، گوێڕایەڵی نەتەوەیی بوو.

**دڵسۆز محەمەد غەریب:** من هاوسەری ڕەحیم سابیری نوسەر بووم، وەکو ڕەفیقێک لەگەڵمانا بوو، وەکو ڕەفیقێک لەگەڵ کچەکانا بوو، قەت هەستی ئەوەیان نەئەکرد وەک باوکێکە. زۆر زۆر باش بوو لەگەڵمانا.. نازانم.. لەگەڵ برایا، لەگەڵ براژنەکانیا، لەگەڵ

دایکیا. قەت.. نازانم پیاوی وا هەڵناکەوێ. هیوایەتی ئەوەبوو لەگەڵ منداڵەکانیا دایمەن سوعبەت بکات، ختوکەیانی ئەدا، بەپاڵیانەوە دائەنیشت، سەیریانی ئەکرد. کە هاواری ئەکرد "ئادەی هەناسەکانم"، قەت بەناوی خۆیانەوە بانگی نەئەکردن..نازانم.. باوک نەبوو لەگەڵ ئەو کچانەدا. ئەوەنەی لەگەڵ باوکیانا ئەچوونە دەرەوە لەگەڵ من نەئەچوونە دەرێ. وەکو ڕەفیقێک بوو...ئیتر لەگەڵ ئەو هەموو ڕەفیقانەیاندا قەت نەیئەوت ئەوە کێیەو کێ نیە، پرسیاری لێنەئەکردن، ئەوەندە ڕاستگۆ بوون لەگەڵ باوکیانا، ئەویش وابوو شتیان لەیەک نەئەشاردەوە،


کەریم سابیر

هەموو کێشەی دڵی خۆیان بۆ باوکیان باس ئەکرد. باوەڕ بێت هەتا سەعات یەکو دووی شەو ئەو کچانە دائەنیشتن بەدیاریەوە گوێیان لە وتەکانی ئەگرت.

**کەریم سابیر:** ئەو برایەی من وردە وردە پێگەیشتو مستەوایەکی قوتابخانەی تەواوکرد، دوایی چووە بواری عەسکەرییەوە بووە سەربازو ئیتر لەسەربازی موعاناتی زۆر زۆر بوو، بەڕاستی کێشەیەکی زۆر گەورەی بەسەر هات لەسەربازیدا، ئەوە بوو لەشوێنێکی داخراودا تاقیکردنەوەی غازی خەردەلیان لەسەر ڕەحیمی برامو کۆمەڵێ عەسکەری تر کرد کە کورد بوون، لەیەکێک لەسەربازگەکانی نزیک شاری موسڵ، نێوان شاری موسڵو هەولێر..ئەمە یەکێک بوو لەهۆکارەکانی کە ئەو برایەی من توشی ئەو نەخۆشیە کوشندەیە ببێت، بەڵام نە خۆیشیو نە ئێمەیش نەمانئەزانی هەتا دوای کۆمەڵێ


خاتوو دڵسۆز

فەحسو پشکنین دەرکەوت کەئاسەواری ئەو غازە خەردەلەیە ئەم توشی ئەم نەخۆشیە بووە. وردە وردە ئیتر لەڕێگەی دکتۆرو عیلاجەوە چارەسەری بۆ کراو لەڕێگەی خەستەخانەی هیواوە جورعەی کیمیایی وەرگرت. ئیتر زۆرجار بێتاقەت ئەبووپێی، مەسەلەن کەدەرزیەکەی وەردەگرت ئەهاتە ماڵەوە بێتاقەت ئەبووپێی.

**دڵسۆز محەمەد غەریب:** کە ئەچووم دەرزیە کیمیاییەکەم لێئەدا بەدیاریەوە بووم ئەیوت "دڵسۆز توخوا بەدیارمەوەبە، حەز ئەکەم لەگەڵما بیت، چونکە کەسوعبەتم لەگەڵ ئەکەیت هەست ناکەم نەخۆشم". وەکو ڕەفیقێک وابووین.

کەریم سابیر: ئەو خێزانەی کە ئەوی تیابوو، بەڕاستی یارمەتیەکی زۆری ئەو برایەی منیان داوە، دایمە بەدەمیەوە بوون، لەگەڵیا بوون، بەدەرەجەی یەک خێزانەکەیو دوو کچو کوڕەکەی، بەڕاستی من لێرەدا سوپاسیان دەکەم کە بەو تەمەنە درێژە خزمەتیان کرد. ئەم برایەی من نۆ ساڵ زیاتر، نزیکەی دە ساڵ لەگەڵ ئەم نەخۆشیەدا ڕۆیشت.

**محەمەد مەردان:** سەرەتای هاتنە ناو دنیای ئەدەبەوە بە ڕەسم هات، بە شیعر هات، شیعری هەبوو، وێنەکێشێکی زۆر باش بوو، بەڵام


محەمەدمەردان

خۆشەویستیی نەتەوەکەی وایلێکرد هەرچی شتی هەیە کورتی بکاتەوە لە مێژوو، مێژووی فەلسەفە، ئاینزا کوردیەکان، هەر لەیارسانو ئێزدیەکانو زەردەشتیەکان. نوسینێکی بێشوماری هەیە لەسەر نەورۆز بەتایبەتی لەسەر ئاگری نەورۆز. دوای ئەوە خاوەنی ١٦ تا ١٧ کتێبی چاپکراوە، بەدەر لەوە چەند دەستنووسێکی تری لەپاش بەجێماوە. یەکێک لەو شتە جوانانەی کاک ڕەحیم کە لای من بەجێیهێشتووە وتەیە، هەمووی فەلسەفەیە، ئەوە بەنیازین ئەمجارە لەگۆڤاری کەلەپوری کورد بڵاوی بکەینەوە، تێکڕای ئەو وتانەی کاک ڕەحیم هیچی وای

جیاواز نیە لە وتەی ناوداران.

**یوسف محەمەد بەرزنجی:** پەیوەندی منو کاک رەحیم بۆ سەردەمێکی زۆر دەگەڕێتەوە، زیاتر لە ٣٠ ساڵ زیاترە ئەو پەیوەندیەی ئێمە. ئەو پەیوەندیەی منو کاک رەحیم زیاتر لەڕێگەی براکەیەوە بوو (کاک کەریم)، ئەو کاتانە ئێمە لە چایخانەی شەعب لەگەڵ مەحمود خاکیی ڕەحمەتیدا کتێبخانەیەکمان هەبوو بەناوی کتێبخانەی خاکی، کە بەناوی مەحمود خاکی خۆیەوە بوو، کاک رەحیمو کاک کەریم کە برای یەکتری بوونو براکانی تریشیم هەر بەهۆی کاک کەریمی برایانەوە کە برا گەورەیان بوو، ناسی. کاک رەحیم زوو زوو سەردانی ئێمەی ئەکرد بۆ کتێبو لەگەڵ نوسەرو ئەدیبەکانی ئەو سەردەمەدا لە گازینۆی شەعب کە ئەو مەکتەبەیەمان هەبوو، لەسەر شەقامی مەولەویش لەپەنای بەریدەکەدا کتێبمان دائەنا، ئەهات بۆ لامانو زوو زوو یەکتریمان ئەبینی، ئەو زۆر زۆر عاشقی کتێب کڕینو خوێندنەوەو تێکەڵاوبوونی ئەدیبانو نوسەرەکان بوو. کاک رەحیم یەکێکە لەپیاوە تێکۆشەرەکان، یەکێکە لەڕووناکبیرە باشەکان، یەکێکە لەوانەی کە عاشقی کتێبە، زۆر کەڕەت لەیەکێتی نوسەرانیش بینیومە بەشایەتی کاک سەلام مستەفاو ئەمانە دایمە بۆ کتێب ئەهات حەزی ئەکرد ئەو کتێبانەی دەستکەوێو لای خۆی بیانپارێزێو بیانخوێنێتەوە. خوێنەوارێکی زۆر زۆر باشیش بوو.

کەریم سابیر: ئەو بوارانەی رەحیمی برام بواری حەیەوی جوان بوون کەئیشی تیا کردووە، بواری وەرگێڕانو بواری نوسینی خۆی. وەرگێڕانەکانی زۆرە، نوسینەکانی خۆی زیاتر لە ٢٠ کتێب ئەبێت، کۆمەڵێکی هەر ماوە دەستنووسە، کۆمەڵێکی ماوە لەکۆمپیوتەرەکەیدایە هەر ماوە. بەتوانای خۆیو بەم مەعاشە کەمەی کە خۆی هەیەتی، توانیویەتی شتەکانی خۆی ببات بەڕێوە، بیکات بەئیشو بیخات بەڕێوە. خۆتان دەزانن ئەم شوێنەی کە ئەمی تیا ژیاوە نزیکەی ٥٠ بۆ ٦٠ مەتر دەبێت بەداخەوە، ئینسانێک بتوانێت لە شوێنێکی ئاوادا، لەشوێنێکی داخراوی ئاوادا، بەڕاستی ئێرە قفڵە، کە دێیتە ژوورەوە وائەزانیت لەسجنێکدایت، ئینسانێک بتوانێت لەم سجنەدا ئەو شتانە بنوسێت، گەورەییە بەڕاستی، بەڕاستی گەورەییە. ئەوەی براکەم کردی ئەتوانم بڵێم بە زۆر کەس ناکرێت، بەڵام بەداخەوە.. تەمەنو...مردن....

**ساڵح بێچار:** سەرەتای ناسینی من بۆ کاک رەحیم دنیای کتێبو کتێب فرۆشتنو کتێب گۆڕینەوە بوو، سەرەتای هەشتاکان. دواتر وەکو هەر دوو هاوڕێیەک، وەکو هەر دوو گەنجێک بەڕاستی دەیان خاتیرەمان هەیە لەزۆر بواردا. ئەتوانم بڵێم لەنەوەدەکاندا لەبواری بیری نەتەوەیشدا فەترەیەکی زۆر پێکەوە کارمان کرد.

دڵسۆز محەمەد غەریب: زۆربەی خەڵکەکان بەدوای کتێبەکانیا ئەگەڕان، ئەیگوت "دڵسۆز کێ ئەیەوێ قەیناکات بیدەرێ چونکە توانای نیە بیکڕێت" ئەیوت " من خۆم دەزانم کتێب چەند خۆشەویستە". ئەو برایەی ئەیوت "وەرە پێشانگای کتێب کراوەتەوە وەرە رەحیم با بچین" ئەچوو کۆمەڵێ کتێبی ئەهێنایەوە. ئەوەندە کتێبی لا خۆشەویست بوو. جاروابوو مەکتەبەکەیم پاک ئەکردەوە ئەیوت " کێ دەستکاریی کتێبەکانمی کردووە؟" ئەموت "من پاکم کردۆتەوە" ئەیوت "دەزانم، دیارە پاک کراوەتەوە". ئەمەندەی کتابەکان خۆشئەویست شەوو ڕۆژ بەلایانەوە ئەوەستا، شەوو ڕۆژ سەیریانی ئەکرد.

**کریسکان رەحیم:** کە شتی ئەنوسی سەیری دەستیم ئەکرد، ئەیوت "بۆ سەیری دەستم ئەکەیت ؟"، ئەموت "دەستوخەتت زۆر جوانە، زۆر عەنتیکە ئەنوسی، تۆ چۆن ئەو دەستوخەتە جوانەت هەیە لەکاتێکدا خوێندەواریەکەت تەواو نەکردووە، تا دووت خوێندووە، چۆن ئەو هەموو شتە ئەزانیت !" ئەیوت "ئینسان بەوەنیە شەهادەیەکی هەبێت ئیتر هەموو شتێک ئەزانێ، ئینسان ئەبێ ڕاکات بەدوای شتا، کتێب نایەت بۆ بەردەمی ئەبێ خۆی ڕاکات بەدوای کتێبەکەدا". هەر کتێبێک دەرئەچوو ئەیوت "بڕۆین ؟ گوڵە گیان بچین کتێب بکڕین؟"، ئەموت " باشە باوکە". ئەو فێری کتێب خوێندنەوەی ئەکردم.


یوسف محەمەد بەرزنجی

**یوسف محەمەد بەرزنجی:** پاش ئەوەی کە کوردستانی نوێو ئەوانەیش دامەزرا، هەر لەگەڵ کاک رەحیمدا زۆر کەڕەت یەکتریمان ئەبینیو ئەو هانی منی ئەدا کە شت بنوسم لەکوردستانی نوێو ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی ئەو سەردەمەدا، چەندین بەرهەممان بەیەکەوە بڵاوئەکردەوە. پاشان لەگۆڤاری مەدەنیەتیش هەر بەیەکەوە چەند وتارێکمان بڵاوکردەوە. ئەمە بەلای کاک رەحیمەوە ئەوەی پیشان ئەدا کە ئەیەوێ جێدەستی خۆی لە نێو ئەدیبو نوسەرەکاندا دەرخات.

**محەمەد مەردان:** یەکێک بوو لەئەندامە هەرە دڵسۆزو خۆشەویستەکانی کۆمەڵەی کەلەپورو فۆلکلۆری کورد، بەڕاستی جێدەستی لەکارەکانی کۆمەڵەی کەلەپوردا دیارە. هەروا پێمخۆشە نموونەیەک لەجوانیەکانی کاک رەحیم باس بکەم، لەساڵی ٢٠٠٥ یادی نەورۆزمان کردەوە، ئێمە لای پردی خەسرەو خاڵەوە بۆ توی مەلیک بەپێ رۆیشتین، لەو کاتەدا ئێمە مەشخەڵێکی ئاگرمان هەبوو لە توی مەلیک دامانابوو، بیرمان لەوە ئەکردەوە یەکێک بەدیاریەوە دانیشێت، کاک رەحیم یەکسەر وتی "من ئەمەوێ لای دانیشم". واتا لە ٩ ی بەیانیەوە هەتاکو نزیکی ئێوارە کاک رەحیم بەبێ ئەوەی نانێک بخوات یان ئاوێک بخواتەوە بەدیار ئەو دارانەوە دانیشتبوو لە توی مەلیک. دوای ئەوە لەنەورۆزی داهاتوودا مشکیلەمان جلەکانی پیرەمێرد بوو، ویستمان بچین بۆ کۆنەفرۆشەکان بۆ جلێکی وا کەشایانی پیرەمێرد بێت، کاک رەحیم وتی "ئەوە بۆ من جێبهێڵن"، تەکسیەکی گرتووە، ماڵیان لەئاوبارە بووە، رۆیشتووە بۆ ماڵەوە، قاتێکی خۆی هەبووە، لەوێ بەتەکسی هاتۆتەوەو پێشکەشی پیرەمێردی کردووە، کاتێ کە لەبەریکردووە وتویەتی "وەڵڵایی زۆر جوانە هەر ئەڵێی پیرەمێرد خۆتیو جارێکی تر ئەمە دیاریی منە بۆ تۆ."

**یوسف محەمەد بەرزنجی:** کاک رەحیم ئەو کاتانەی لەسەربازیدا بوو لەکەرکوکو بەتەمەن لەئێمە هەڵکشاوتر بوو، زوو زوو سەردانی ئێمەی ئەکرد. ئەوە بوو ئەو کاتانە من لەڕێکخستنداا ئیشم ئەکرد، سەردەمی هەشتاکان، لەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەدا بووم، کاک رەحیم زۆر کەرەت موجازەفەی بەژیانی خۆی ئەکرد، چەندین مەعلوماتی گرنگی بۆ ئێمە ئەهێنا، منیش ئەمگەیاندە شوێنەکانی خۆی. یەکێک لەو کتێبانەی کەزیاتر لە ٣٠ ساڵە پاراستوومە (تمرد الاکراد...تمرد فی کردستان ) بوو کە ئەوە لە مەنزومەی شیمالیو لەوانە تەبع کرابوو، ئەو کتێبەی بۆ من هێنا لەو شوێنە، کە ئەو لە تابیعەو لەو شتانە زۆر زۆر شارەزایی هەبوو چونکە تەبعی ئەکرد. من زانیاریی زۆر زۆرم لە کاک رەحیم وەرگرت.

**کەریم سابیر:** ئەوەی کە من فەخری پێوە ئەکەم بۆ ئەم برایەی من، کە توانی لەگەڵ ئەو نەخۆشییە کوشندەیەدا، بتوانێ دابنیشێ وەرگێڕان بکات، بنوسێ، لەبواری نوسیندا کۆڵی نەدا، تا دووی شەو سێی شەو، هەموو ئامانجێکی ئەو نوسینو نوسینەوە بوو.

**دڵسۆز محەمەد غەریب:** شەوو رۆژی ئەخستە سەریەک، هەفتەیەک کیمیایی لێئەدرا دوای ئەوە بەردەوام ئەبوو لەگەڵ نوسیندا. ئەیوت "دڵسۆز فریاناکەوم با زوو نوسینەکان بنوسم". تا دوو و سێی شەو لەگەڵ کچەکەم دائەنیشت تایپیان ئەکردو نوسینیان ئەکرد.


خاتوو کریسکان

**کریسکان رەحیم:** دایم پێمئەوت "باوکە ماڵەکەمان بچوکە"، ئەیوت "گرنگ ئەوەیە دڵمان خۆشە" ئەیوت "هەیە نیەتی" ئەیوت "قەت سەیری سەرەوەی خۆت مەکە دایم سەیری خوارەوەی خۆت کە، بزانە هەیە نیەتی، هەیە نانی بەیانیی نیە بیخوا بەڵام ئێمە خۆش ئەژین، ژیانمان خۆشە، گرنگ ئەوەیە دڵمان خۆشە". ئەو بیری لەوە نەئەکردەوە چەندی لەگیرفاندایە بیری لەوە ئەکردەوە چەندی لەمێشکدایە، چەند ئەنوسێ. ئەموت "باوکە بۆ وا بەپەلە ئەنوسی؟" ئەیوت "ئاخر ئەترسم فریانەکەوم، ئەترسم بمرم کتێبەکانم بەجێبمێنن" ئەموت "وامەڵێ باوکە، ئینشەڵڵا زۆر ئەژیت، ئینشەڵڵا کتێبەکانت دەرئەچێ، ئینشەڵڵا خەڵک هەمووی ئەیخوێنێتەوە" ئەیوت "ئەزانم". ئەموت "باشە بۆ سیعرێکی وا کەم ئەنوسیت لەسەر کتێبەکانت، هەیە نوسەرەکەی هیچ نیە، کتێبەکەی یەک فلس ناهێنێ، یەک دنیا نرخی لەسەر داناوە، کەس ناتوانێ بیکرێت، تۆ بۆ وایت ؟!" ئەیوت " نا، من ئەزانم تەلەبەی وا هەیە یەک دینار لەگیرفانیا نیە پێویستی بە کتێبە بیخوێنێتەوە" ئەیوت "من لەبەرخاتری ئەوانە ئەنوسم، لەبەرخاتری پارە نانوسم".

**ساڵح بێچار:** چەند جاریش لەلای خودی خۆم کە بەداخەوە باسی کردووە کە من ئەرکەکەم قورسترە، کۆمەڵێ پرۆژەم هەیە، هەتا کۆمەڵێ تایتڵو ناونیشانی دەگوت لەو کتێبانەی کە دەبێت تەواویان بکات. من هەر لەم موناسەبەیەدا بەداخەوە ئەڵێم، لەگەڵ هاورێی ئازیزم نوسەرو کۆمەڵناس مامۆستا سالار فەتاح قەرار بوو (هەڵبەت کارەکە هی ئەو بوو بەڵام ئارادەیەک بەپێشنیارو رێنوێنی من بوو) کە کارێکی دۆکیۆمێنتاری لەسەر بکات، دەستیشی پێکرد، ئەمیش وەکو هەموو شتەکانی تر بەداخەوە کە مەرگ نەیهێشت ئەم کارەیش تەواو ببێت.

**یوسف محەمەد بەرزنجی:** هیوادارم نوسەرانو دەزگا رۆشنبیرییەکان هەوڵبدەن بەرهەمەکانی ئەو پیاوە،

ئەم کەسە ماندوونەناسە، کۆبکرێنەوەو بۆی چاپ بکەن‌و ئەمانە لەبیر خەڵک نەچنەوە.

**دڵسۆز محەمەد غەریب:** کۆمەڵێ شتی ماوە تەواوی نەکردووە، ئەیوت "من زۆرم ماوە جارێ، ئەبێ هەمووی تەواو کەم، بۆ ئەوەی کورد پێویستیی بەو نوسینانەی منە، باخەڵک ئیستیفادەی لێبکات". بەدەستی خۆی، بەگیرفانی خۆی، قەت کەس پاڵپشتی نەبووە هەمووی لەسەر ژیانی خۆی سەرفی کردووەو دەیوت "با خەڵک ئیستیفادەی لێبکات، با خەڵک لەو وتە جوانانە ئیستیفادە وەربگرێ".

**کەریم سابیر:** بەداخەوە سەد جار بەداخەوە، کەس‌و هیچ لایەنێکی وا نەیانتوانی بێن باوەش بۆ ئەم کوڕە بگرنەوە، بزانن ئەم کوڕە چی پێیە، چی پێنیە، لە چ بوارێکدا ئیش دەکات. دەستی یارمەتی زۆر کز بوو، زۆر لاواز بوو بۆ ئەم برایەی من، تەنیا چەند کەسێک نەبێت کە من لەوانەیە لەدوورەوە بیانناسم، لەگەڵ ڕێزما بۆیان، خۆیشم یارمەتیدەرو پاڵنەری یەکەمی بووم لەکڕینی کتێب بۆی، لەیارمەتیدانی. کچەکانی توانیویانە کۆمەڵێ شتی بۆ بخەنە سەر کۆمپیوتەرەکەو بۆی حازر بکەن‌و بۆی تەرتیپ بکەن بۆ ئەوەی بۆ چاپ ئامادە بێت. ڕەحیمی برام، یەکێک لەسیفەتەکانی ئەوە بوو تەنازولی بۆ کەس نەئەکرد، لەدەرگای کەسی نەئەدا، بەداخەوە ئەیشیزانی لەوانەیە وەڵامێکی وای نەدەنەوە. من خۆم چەند جار چوومە لەگەڵیا بۆ کۆمەڵێ دەزگا، ناوی دەزگاکان نابەم ئێستا خۆیان دەزانن کە ئەم قسەیە دەکەم، ئەو دەزگایانە کەچووین کتێبێکی داناوە دوای چوار مانگ، پێنج مانگ، دوای شەش مانگ وتویانە وەڵامت ئەدەینەوە، کەچووینەتەوە وتویانە کاکە وەڵڵا ئەم کتێبە ناکرێ، چاپ ناکرێ، بەکار نایەت، کۆمەڵێ ڕەخنەیان لێگرتووە، بەڵام بەداخەوە هەر خۆیشیان لەو دەزگایە، کۆمەڵێ خەڵک هەبوون لەنوسینەکەی ڕەحیمی برام شتیان هەڵئەهێنجاو لەشوێنێکدا بەوتارێک لەگۆڤارێکدا بڵاویان دەکردەوەو خۆیان پێ‌ئەبردە پێشەوە.

**ساڵح بێچار:** من هەمیشە، ئێستایشی لەگەڵ بێت، ڕەحیم وەکو نموونەیەک لەهەمووومان دەبینم، یەعنی ئەوە ڕەحیم نەبوو ڕۆیشت، ئەوە ئێمە بووین، چونکە ڕەحیم ساڵانێک بوو بەداخەوە کە بەو دەردە کوشندەیەوە دەتلایەوەو دەیناڵاند، لەکوێرە دێیەک نەبوو، لەناوەڕاستی شارێکدا بوو کە دواجار پێیدەڵێن پایتەختی ڕوناکبیری، ئەندامی زۆر شوێن‌و بنکەو کۆمەڵەی ڕوناکبیری بوو، یان هەموویان ناسیویانە، ژمارەی کتێبەکانی زۆر زۆرترە لەژمارەی کتێبی ئەو کەسانەی کەڕەنگە نیوسەدەیە لە ساحەکەدان، بەڵام بەڕاستی بەقەد لاپەڕەکان‌و بەقەد کتێبەکانی ئەو، بەرهەم‌و بەخششیان نەبووە بۆ ئەدەب‌و بۆ ڕوناکبیریی کوردی، بەتایبەتی ئەو بوارە زۆر زۆر تایبەتانەی کە کاک ڕەحیم تێیدا دەنوسی، وەک بواری فەلسەفە، وەکو بواری توێژینەوەی کۆمەڵایەتی، ئاینی، فەلسەفی، کە ئەتوانم بڵێم تا ئێستایشی لەگەڵ بێت، نوسەرانی ئەو بوارەمان بە پەنجەی دەست ئەژمێردرێن.

**کەریم سابیر:** جا من لەڕێی ئەم کامێرایەوە داوادەکەم لەدامودەزگا حکومیەکان، دامودەزگا ڕێکخراوەییەکان، دامودەزگا ڕۆشنبیریەکان، ڕۆشنگەریەکان، خەڵکانی



ڕۆشنبیر، با ئەم خەڵکانە کە زیندوو بن لەیادیان نەکەن، دەستی یارمەتیو دەستی دۆستایەتیو کوردایەتیو نەتەوەییان بۆ درێژ بکەن. براکەی من ڕۆیشت، ئێمەیش دەڕۆین، بەڵام کۆمەڵێ کەسانی تر لەدوای براکەمەوە ماون، حەتمەن کۆمەڵێ خەڵی باشی جوان هەن، کۆمەڵێ خەڵکی ڕاستگۆو نەتەوەپەرست هەن، با ئەوانیش وەکو براکەی منیان لێنەیەت، تکا ئەکەم دەستگیرۆییان بکەن، بەهانایانەوە بچن، شەرت نیە ناحیەی مادی، ناحیەی مەعنەویش پێویستە.

**ساڵح بێچار:** بێگومان قورسە قسەکردن لەسەر مەرگی ئینسانێک، هاوڕێیەک، نوسەرێک، چونکە بەر لەهەر شتێک کەقسەت لەسەر مەرگی کرد بەو مانایەی کە تۆ ئیتر دواجار موعتەریفی بەمەرگی ئەو کەسە، کە من ڕەحیم سابیر بەڕاستی وەک ویژدانی خۆم هەتا من بژیم ڕەحیم ئەژی لە ڕۆحما، نەمردووە.

**کەریم سابیر:** ئێمە هەمیشە لەیادمانەو لەیادمان ناچێت. برای من بوو برای خەڵکانی دڵسۆزی نەتەوەو کوردایەتیو نیشتمانپەروەرەکانە.

**کریسکان ڕەحیم:** باوکم خۆشەویستییەکی ئەوەندەی بەجێهێشتووە لام، باس ناکرێت، هەتا مردن ئەگەر باسی بکەم تەواو نابێت.

**دڵسۆز محەمەد غەریب:** من خۆم نازانم چۆن ئەو پیاوە بەو شێوەیە ڕۆیشت لەوماڵەدا بەبێدەنگی، عومرێکی کورت......نازانم خۆشەویستیی ڕەحیم قەت تەواو نابێ...قەت کۆتایی پێنایەت...بەو تەمەنە کورتە بە جێیهێشتین.

دواتر وتەیەکو چەند سەرنجو تێبینیەک کەلەلایەن بەڕێزان (سالار فەتاح)و (د. ئازاد حەمە) وە پێشکەشکران.

لەکۆتایدا وتاری بنەماڵە لەلایەن بەڕێز (کوردۆنیا)ی کوڕی نووسەرەوە خوێندرایەوە

( (بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

بەڕێزان ئامادبووانی مەراسیمی ماتەم گێڕانی چلەی خوا لێخۆشبوو (ڕەحیم سابیر)..

بەڕێزان: ئەدیبان، نووسەرانو ڕۆشنبیران، هونەرمەندان، فۆلکلۆریستنا، دۆستانو هاوڕێو خزمە بەڕێزەکان.

بەناوی بنەماڵەکەمانەوە سوپاسی ئامادەبونیتانو ئەو هەموو هاو خەمییەتان ئەکەم، کەلەم کۆستە گەورەیەدا هەستمان بەتەنیایی نەکرد.

دڵنەوایتان ئارامی بەبنەماڵەکەمان بەخشی. سەربەرزین. کەخاوەنی ئێوەی بەئەمەکین، گەورەیی ئێوەو دڵسۆزیو ماندونەناسی کۆچکردووی باوکمان ڕۆشنگەری ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، کە ئەم نیشتمانەی ئێمە هەرگیز لەخزمەتکردن ناوەستێ، هەمیشە لە خزمەتکردنندان.

لێرەوە ئەمانەوێ ئەوە بڵێین: باوکە ڕۆشنبیرە نیشتمان پەروەرەکەمان ئارامو دڵنیابوو، ڕەوانشادبیت.. دووبارە سوپاسی ئامادەبونتان ئەکەین، لەیەزدانی مەزن داواکارین هەمووان تەندروست باشو دوور لەکەسەرو ناخۆشی بن. بێگومان هەڵوێستو کرداری چاکەو جوامێری.

**خانەوادەی ڕەحیم سابیر**



هەواڵنامەی کتێب

# سەلام مەنمی
# قەڵەمێکی ڕەسەنی پڕاوپڕ لە گوڵاو بو

**محەمەد مەردان**

مامۆستا سەلام مەنمی، ناوی تەواوی (سەلام غەفوور ڕەزا)یە. لە ڕۆژی ١١ \١٧ ١٩٣٤ لە گوندی (باڕۆیی) بازیان هاتۆتە دنیاوە ، بەڵام لەبەر ئەوەی باوکی مەلای شیخ مەحموود بوو ، زیاتر لە گوندی (داریکەلی) ژیاوە. لای باوکی قورئان و ( ئەحمەدی) شیخ مەعروفی نۆدێ و گوڵستانی شێخی سەعدی خوێندووە..

لە تەمەنی (١٣)ساڵیدا چووە بۆ شاری سلێمانی و لە مزگەوتەکاندا درێژەی بە خوێندن داوە، ساڵی ١٩٥٩ چووە بۆ وڵاتی میسر ، لە زانکۆی ئەزهەر خوێندویەتی . لە ساڵی ١٩٦٠ گەڕاوەتەوە بۆ وڵاتی ئێراق و لە شاری بەغا زانکۆی شەریعەی تەواوکرد ، بە کالۆریۆسی لە ئاداب دا وەرگرتوە ، زیاتر لە (٣٠) ساڵ مامۆستای ئامادەیی بووە ، ماوەیەکیش سەرپەرشتیاری پسپۆڕی زمانی عەرەبی بوو لە شاری سلێمانی . بە داخەوە لە رۆژی پێنجشەممە ١٩\ ٢٠١٥\٤ کۆچی دوا ماڵئاوایی کرد!



مامۆستا سەلام کەسایەتیەکی دڵسۆز و دڵپاک و قسە خۆشی ناو جیهانە رەنگاڵەییەکەی ئەدەبیاتی کوردی بوو.. چارەکە سەدەیەک زیاترە وەک بنەوانی سەرچاوەی کانیەکی ڕوونی دەوڵەمەندی لەبن نەهاتووی کەلەپوور و فۆلکلۆری کورد بووە، لەم دیدگایەوە ببووە ئەستێرکێک بۆ کۆکردنەوە و تۆمارکردن و دانانی زەخیرەیەکی دەوڵەمەندی فۆلکلۆر..

هەروەها لە دنیای نووسینی: کورتە چیرۆک و نۆفلێت و ڕۆمان دا، شوێن دەستی دیارە و وشە و ڕستەو دەستەواژەکان لەمرۆدا بوون بە مەڵۆو شارایەکی سودبەخش بۆ دەوڵەمەند بوونی خەرمانی فەرهەنگسازی فەرهەنگ نووسان..

مامۆستا سەلام ،داکۆکی کارێکی دڵسۆزو خەمخۆرێکی ڕاستگۆ و خاوەن قەڵەمێکی جوان و سەنگەرێکی بەهێز بوو ، بۆ بەرگریکردن لە گەنجینە و سامانی لەبن نەهاتوی نەتەوەکەی..

بێگومان لە دوای کۆتایی پێهێنانی (ماد)ەکان ، هەخامشییەکان لە سەردار و پەردوی مادەکان دانیشتن ، داب و نەریتەکانیشیان بەرجەستەکرد بۆ خۆیان . لەشکرکێشی ئیسلامەکانیش دوای روخاندنی ساسانیەکان ، (نەتەوەی کوردیش بەشێکبوون لەوان). هەوڵی شێواندنی داب و نەریت وڕێو ڕەسمەکانیشیان دان و زۆریان شێواندن.





مامۆستا سەلام لەم ڕوانگەیەوە لە لاپەرە (١٢)ی کتێبی ( چەند بابەتێک دەربارەی کەلتووری نەتەوەی کورد)دا ، کە لە ساڵی ٢٠٠٠دا چاپی کردووە ، ئەڵێت ((...دەبێ نووسەری کورد چاکی کەواکەی لەم مەیدانەدا لێ بکات بە لادا و هۆشیارانە شان بداتەبەر ئەم بارە ، ئەوەیش خزمەتی سامانی نەتەوەیە، ئەو سامانەی هەمیشە لە ژێر چەقۆی دوژمناندا ناڵاندویەتی و هێڵی ڕاست و چەپیان بەسەردا هێناوە،یاخود کردویانە بە موڵکی خۆیان و کەس نەیوێراوە بڵێ لەل...! بەڵام بە داخەوە ئەم لایەنە پشتگوێ خراوەو کەمتر لای لێ کراوەتەوە ، هەندێکیش گاڵتە و لا قرتی پێ دەکەن..


گاڵتە کردن بە سامانی نەتەوایەتی، گاڵتەیە بە کوانوو و مێژوو و داب و نەریت و ژیانی رابوردوومان ، گاڵتەیە بە زەردەشت و ئاڤێستا و خۆشیان)) لە هەمان کتێب دا و لە لاپەرە (١٣) دا ، ئاماژە بە ناوەڕۆکی نامەی دکتۆراکەی شاعیری هاوچەرخی عەرەب (ئەدۆنیس) ئەکات، کە وەک نمونەیەک هێناویەتەوە و ئەڵێت (( نامەکەی ئەدۆنیس لە ژێر ناوی (سامانی نەتەوایەتی عەرەب لە نێوان داهێنان و چاولێکەریدا)یە... لای ئەو کەلەپووری رەسەن و مرۆڤ دۆست ، پەرستگاو گەنجینەی ژیان و پێناسەی کۆمەڵ و هەوێنی پێشکەوتن و شارستانییە)).

دیارە مامۆستا سەلام لە ڕوانگەی دڵسۆزی خۆیەوە ، ئەم نموونەیەیی ئەدۆنیسی هێناوەتەوە ، کە شاعیرێکی مەزنی وا نامەکەی لەسەر سامانی نەتەوەکەی خۆی هێناوە. کەچی هەندێ لە نووسەر و شاعیرانی نانەتەوەی ، گاڵتە و گەنجەفە بە سامانی نەتەوەکەی خۆیان ئەکەن ، بە هۆکاری ڕێگری پێشکەوتنی دا ئەنێن!! ئەمە لە کاتێکدا هەمیشە داگیرکەران بە هیچ جۆرێک لە ئێستا و رابردودا ڕێگەیان بە نەتەوە ژێر دەستەکانیان نەداوە کار لەسەر گەنجینەکانی خۆیاندا بکەن.. لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی شێواندن و سرینەوەشیان داون.

بۆیە لەم تێڕوانینەوە مامۆستا سەلام ئەڵێت (( داگیرکەر هەمیشە گەرەکێتیی ڕووی ئەو سامانە بشێوێنێ و مەبەستی خۆی تیا تۆماربکات و پاشە ڕۆژی لێڵ بکات و پردێکی پرلە














ترس و گومان لە نێوان رابوردوو و ئێستا و داهاتوودا دروستبكات و رێگەی گەشەكردنی ژیان ببەستێ. داگیركەر كار بۆ ئەوە دەكات ، كە هەر سێ دەمەكە لێكدابرێ و ڕووی ڕاستی مێژوویش لیخن بێ...((.

هەركاتێ تروسكەیەكی هیوا بەخشی ئازادی ڕەخسابێت، دڵسۆزانی بواری كەلەپوور و فۆلكلۆر هەوڵیان یاوە (كۆمەڵەیەكی فۆلكلۆر ) دابمەزرێنن. ئەم هەوڵە لە سەرەتای ساڵانی شەستەكانی سەدەی ڕابردوەوە ، هەتاكو ڕاپەرینە مەزنەكەی زستانی ساڵی ١٩٩١ دووسێ جار دراوە ، بەڵام بەداخەوە سەری نەگرتووە.

ئەم هیوا و خواستانە بە هەوڵ و كۆشیشی خەمخۆران و دڵسۆزانی ئەم بوارەهاتەدی ، لە رۆژی یەكشەممەی ١٩٩١\١١\١٠ (كۆمەڵەی كەلەپوور و فۆلكلۆری كورد)یان دامەزراند.

مامۆستا (سەلام مەنمی)یش ، یەكێكبو لە ئەندامانی ئەودەستەی دامەزرێنەرە.

هەروەها لە هەردوو خولەكانی (یەك و دوو)دا ، ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر بوو ، زۆر بە دڵێكی خۆش و پاكەوە ، دڵسۆزانە ئەركەكانی خۆی جێبەجێ ئەكرد و بەشداری لە تەواوی چالاكیەكانیدا هەبووە.

## ڕۆڵی مامۆستا سەلام لە بواری كاری رۆژنامەوانیدا

چەخماخەی ڕاپەرینی باشووری كوردستان ، لە بواری رۆژنامەگەریدا ، پەنجەرەیەكی نوێی خستەسەر پشت. لە سەرەتای ڕۆژانی ڕاپەڕینەوە بەلێشاو گۆفار و رۆژنامە دەرئەچوو.

ئەمەیش هۆكاری ئاوی پەنگ خواردوی ئاخێزگەی كانیاوی نووسەران و رۆژنامە نووسانی كورد بوون ، كەلە كاتی پێش ڕاپەڕیندا دامودەزگاكانی رژێمی بەعس بەری لێگرتبوون ، بەڵام لە دوای ڕاپەرین وەكو بوركانێك تەقینەوە!

مامۆستا سەلامیش ، یەكێك بوو لەو نووسەرانەی كە لەم بوارەدا دەركەوت. وەكو: خاوەنی ئیمتیاز، لێپرسراو، دەستەی نووسەرانی چەند گۆڤار و رۆژنامەیەك وەك:

-خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری (كەشكەلان (.


٢-لێپرسراوی ئەدەب و هونەری رۆژنامەی (ڕێبازی ئازادی)

٣-ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (پەپوولە).
















٤-ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (جریوە).

٥-ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (کەلەپووری کورد) و ماوەیەکیش خاوەن ئیمتیاز بوو.

**– کتێبە چاپکراوەکانی مامۆستا سەلام:**

١- جووتیارێکی کۆڵنەدەر (نۆڤلێت) ١٩٧١

٢- چەکەرە (کورتە چیرۆک) ، بە هاوبەشی دوو چیرۆک نووسی تر ١٩٧٣.

٣- گلێنەی گۆریچەدراو (نۆڤلێت) ١٩٧٤.

٤- گێژاو (کورتە چیرۆک) ١٩٧٦.

٥- چووزەرەی بن پەردوو (نۆڤلێت) ١٩٧٩

٦- شەن (کورتە چیرۆک)١٩٨٥.

٧- ئەستێرەکان، بە هاوبەشی چەند چیرۆک نووس و شاعیری تردا ١٩٨٨.

٨- بەختیاری (کورتە چیرۆک ١٩٨٨.

٩- زمناکۆ (ڕۆمان) ١٩٩٨.

١٠- بەراوردی (١٠) ئەفسانە و چیرۆکی میللی ١٩٩٩

١١-چەند بابەتێک دەربارەی کەلتووری نەتەوەی کورد (فۆلکلۆر) ٢٠٠٠.

١٢- سنوورەکانی جیهان (ڕۆمان) ٢٠٠٥.

١٣- بیابانی سوور و مەملەکەتی عەزیاء.. ٢٠٠٧

١٤- شوانە بچکۆلەکان (چیرۆک بۆ منالان) ٢٠٠٧.

١٥- یاسا سپییەکان ٢٠٠٩.

١٦- چۆلەکەو بەفر (چیرۆکی منالان) ٢٠٠٩.

١٧- ژن لە چیرۆکی فۆلکلۆریدا ٢٠١٤.

١٨- خاڵی لۆکە (چیرۆک بۆ منداڵان) لە دەزگای سمۆرەیە بۆ چاپکردن.

١٩- لەبارچوونی ئاهەنگەکان (کۆمەلە چیرۆک) ئامادەیە بۆ چاپ.

**– ڕۆڵی مامۆستا سەلام لە بەراوردکاری چیرۆک و ئەفسانەی کوردی و جیهاندا**

دوای ئەوەی مامۆستایان( عەزیز گەردی و کەریم شارەزا) ، هەریەکەو لە بوارێکی تایبەتی بەراوردکاری جیاوازدا کاریان لەسەر ئەدەب و پەندەکاندا کردووە.


مامۆستا سەلامیش ، لە بواری بەراوردکاری چیرۆکی میللی و ئەفسانەکانی گەلان و نەتەوەی کورد دا ، بە یەکەم کەس دائەنرێت ، کە

هەواڵنامەی کتێب











ریزی سەرەوە لای راستەوە: عبدولجید ماوەتی ، عبدلکریم حمید عبدلکریم ، محەمەد مەردان، محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق، تۆفیق سعید محەمەد ،
دانیشتووەکان: لای راست عبدول شارباژێری ، سەلام مەنمی
دەستەی کارگێڕیی خولی دووەم
هەینی 1996/7/12 پیرەمەگرون

لەم بوارەدا کاری کردبێت. کتێبێکی لە ژێر ناوی ( بەراوردی دە ئەفسانە و چیرۆکی میللی)دا بە چاپ گەیاندوە، دواتر هەمان کتێبی بە زیادکردنی چەند ئەفسانە و چیرۆکی میللیی ترەوە چاپ کردۆتەوە.

مامۆستا لە لاپەڕە (٦) ی چاپی یەکەمی ئەم کتێبەدا ئەڵێت ( (بەراوردکردنی سامانی نەتەوەی کورد، لەگەڵ سامان و کەلتووری جیهاندا نیشانەی رەسەنی و زیندویەتی ، ئەوەتا سامانی لەبن نەهاتوی میللەتی کورد ، لەگەڵ هەموو کلک و گوێ کردن و دزی و فزییەکدا ، شان بە شانی کەلەپووری جیهانی هەنگاودەنێ))

ئاوێتە و وابەستە بوونی سامانی نەتەوەکان وەکو پێویست ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە ، یاخود کاری پێویستیان لەسەر نەکراوە. ئەم کتێبە ناوازەیەیی مامۆستا سەلام زیاتر ئەدەبی میلیی گەلانمان پێ ئاشنا ئەکات ، و ئاستی بەرز و نزمی ئەفسانە و چیرۆکە میللیەکانی کۆمەڵی کوردەواریش ئەخاتە تایی تەرازوی هەڵسەنگاندنەوە.

وەک:

١- بەردی نادر شا و ئەفسانەی سیزیفی یۆنانی.

٢- ئەفسانەی (ڕاو)ی کوردی و (خزمەتکار و نۆیۆنەکە)ی ئەفسانەی مەنگۆلی.

٣- کوڕە کەچەڵە و ئەفسانەی (میوان و خواپەرستی) هندی.

٤- ئەفسانەی (قەلەباچکە و قەلەڕەش)ی کوردی ، لەگەڵ ئەفسانەی (پارسۆک و کۆنیتا چۆن شەرعی خۆیان کرد؟

٥- (ڕۆژ و خدری زیندە)ی ئەفسانەی کوردی ، لەگەڵ ئەفسانەی (باڵندە بچووکە ناشرینەکە)ی ئەڵمانیدا.

٦- گەلگامێشی سۆمەری و (برز و کەڵەسەر)ی ئەفسانەی کوردی.

٧- ئەفسانەی (پیرەمێردە تەڵەکە بازەکە) ، کە ئەفسانەیەکی چینیە ، لەگەڵ چیرۆکی (پیاوێکی سپڵە)دا.

٨- عیشق و شەیتانەکانی تر، دوا ڕۆمانی ڕۆماننوسی کۆلۆمبیا (گارسیا مارکیز)ە، ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەی لەگەڵ ئەفسانەی (کچی شای پەریان)ی کوردیدا بەراوردکردووە، خوێنەریشی کردوە بە دادوەر. (ئەم ڕۆمانە مامۆستا رەئوف بێگەرد، لە فارسییەوە کردویەتی بە کورد).

٩- ئەفسانەی (کۆتر و ڕێوی و شینە شاهۆ)ی هندی و (ڕێوی و قەلەباچکە و کەو)ی ئەفسانەی کوردیدا بەراورد کردووە.

١٠- ئەندێشەی حەماڵێک و (مەنجەڵە نقومبووەکە)ی ئەفسانەی هند.

مامۆستا سەلام پێش ئەوەی بە جێمان بهێڵێت.. خزمەتێکی باشی بە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی کرد، خەرمانێ بابەتی فۆلکلۆریشی لە فەوتان ڕزگار کرد. جگە لەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی بابەتی هەمەجۆری کەلەپوور و فۆلکلۆریی تیا بڵاوکردونەتەوە، لە هەمانکاتدا چەند کتێبێکی فۆلکلۆریشی بە چاپ گەیاند و لە خەم ڕەخساندنی و کار ئاسانی بۆ توێژەرانی نەتەوەکەی کردووە..

ڕۆحی شاد

# کۆبەندێک لە کۆڕی یادی چلەی مامۆستا جەلال مەحموود عەلییەوە

**نووسین و ئامادەکردنی : محەمەد ساڵح سەعید**


## ژیاننامەی مامۆستا جەلال مەحموود عەلی

ساڵی ١٩٣٢ لە گەڕەکی مەڵکەندی شاری سلێمانی لە دایکبووە،ئەو خۆی بەنەوەی سوبحاناغای شارەزوور ناساندووە.

قۆناغی سەرەتایی خوێند لەهەڵەبجە، سلێمانیو قەرەداخ و ناوەندیشی لەهەولێرو سلێمانی تەواو کردووە.

لە ساڵی ١٩٥١ دا ماوەی سێ ساڵ لەبەکرەجۆ گوێزراوەتەوە بۆ (غازی)و ئەو قوتابخانەیە بووە بە (پیرەمەگروون).

ساڵی ١٩٦٤ بۆ خوێندنی زانکۆیی چووەتە بەغدا لەبەر باری ژیانیو بواری ئابوریی نەیتوانیوە بخوێنێتو ساڵی ١٩٦٩ گەڕاوەتەوە سلێمانیو لە قوتابخانەی مەولانا خالیدو دواتر بۆ قوتابخانەی توانا. ساڵی ١٩٨٢ خۆی خانەنشینکرد.



سەرقاڵی چیرۆکی منداڵان، کورتە چیرۆک، ئیدیەمو فۆلکلۆر بووە، فەرهەنگی (المنجد)ی لە چوار بەرگدا وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی.

١٩٩١ یەکێکبوو لەهاوکارانی دامەزراندنی کۆمەڵەی کەلەپورو فۆلکلۆری کورد). ئەندامی بنکەی ئەدەبی و رووناکبیریی گەلاوێژ بووە. هەروەها یەکێتی نوسەرانی کورد لە ١٩٧٠وە.

لە سیمیناری یادی سەد ساڵەی ڕۆژنامەنووسینی کوردییەوە ڕێنووسی کوردیدا گوتاری هەبووە لە (هەولێر).

لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا چەندین لێکۆڵینەوەو نووسین جۆراو جۆری بڵاوکردووەتەوە.

### بەرهەمەکانی

١. ڕێبازی ژیان – ١٩٧١- کورتە چیرۆک.
٢. فریشتەکان - کۆمەڵەچیرۆک.
٣. هەڵۆ بەرزەکان- ٢٠٠٧- کۆمەڵە چیرۆک.
٤. ئیدیەم لە زمانی کوردیدا- بەرگی یەکەم ١٩٨٢.
٥. ئیدیەم لە زمانی کوردیدا – بەرگی دووەم ٢٠٠٨.
٦. المنجد بە کوردیی- سەردەم.
٧. ئەستێرەو رشەدارەکان- ٢٠٠١.
٨. مهاباد (کۆمەڵە چیرۆک).
٩. چەپکە گوڵێک – کۆمەڵە چیرۆک.
١٠. بەرگی چوارەمی ئیدیەم – چاپنەکراو.
١١. کۆمەڵێک چیرۆکی فۆلکلۆریی – چاپنەکراو.

### کۆڕی چلە

یەکێتی نووسەرانی کورد لە سلێمانی، بە بەشداریی یەکێتی مامۆستایانی کورد، کۆمەڵەی کەلەپوورو فۆلکلۆری کورد ٢٠١٤ /٧/١٧ لە هۆڵی (تەواور) کۆڕێکی شایستەیان بۆ ئەنجامدا کە دڵنەوابیو ڕێزدارییەکی جوانبوو بۆ کەسوکار، هاوڕێیانو کەسوکارە بەڕێزەکەیو وەفادارییەکەیشبوو بۆ دڵسۆزانی نەتەوە کە خۆبەخشانە هەتا دوا هەناسەی ژیانیان بۆ گەلو نیشتمانەکەیان پێشمەرگانە خۆ دەڕەتێنن.

### گرتەیەکی ڤیدیۆیی لە کۆڕەکەدا

مامۆستایان:

١. عەبدولکریم شێخانی.
٢. ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی.
٣. د. هۆگر مەحموود فەرەج.
٤. مستەفا ساڵح کەریم.
٥. جیهان عومەر.
٦. ئەحمەد حسێن.
٧. محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق.
٨. محەمەد مەردان مەجید.

بروسکەی
**کۆمەڵەی کەلەپورو فۆلکلۆری کورد**

ئامادەبووانو کۆڕگێڕانی چلەی یادی کۆچکردنی مامۆستا جەلال مەحموود عەلی

بە پەرۆشێکی گەرمی میللیو کەلەپووریەوە، هاوخەمو بەشداری ئەم یادە ڕێزدارییە شایستەتان لەگەڵدا دەکەین. مامۆستا جەلال لە دامەزراندنی کۆمەڵەکە مانەوە، بەنووسینو بەکردار یەکێکبوو. لە ئەندامە چالاکەکان گەلێ ئەفسووس کەلە ناکاو هەموومانی بەجێهێشت.


درورد بۆ گیانی ئەم مامۆستایەو سەرەخۆشیی گەرم لەخانەوادەو کچو کوڕەکانی دەکەین.
کۆمەڵەی کەلەپوورو فۆلکلۆی کورد لە سلێمانی

## کەسو براو هاوڕێم
## چیرۆکنووسو نووسەر مامۆستا جەلال مەحموود عەلی

## .!((ماڵئاوایی لێکردین ))

محەمەد ساڵح سەعید

ئەم هەڵوێستەیە، ئەو ساتە دەگمەنانەیە کەمووچرکەی سەرسامی لەناخی مرۆڤدا دەخەملێتو لەقوڵایی هەستوسۆزییدا، وەک پێویستەیە، بیر لەو هەڵکەوتووانە دەکاتەوە کەخۆرسکانە شەو دەخەنە سەر رۆژ، بەبێ پێشوو خۆ دەرەتێنن، بەبێ رەچاوی بەرژەوەندی خۆیان- ئازا، ئازادو سەربەرز، وەک ئەرکی پیرۆز بەخشندەیی دەبەشنەوەو ئاسودەیی ژیانی نوێ بۆ گەلو نیشتمان دەرەخسێنن.
لێرەشەوە بێوڵەتیو نیگەرانی لەوەدایە کەخۆبەخشە پاکە بێگەردەکان فەرامۆشکراون بە بێناز سەربنێنەوە!.
منو کاکە جەلال هەر لەمنداڵیەوە دوو هاوڕێی گیانی بەگیانی یەکتربوین. دوو بەخێوکراوی یەکخێزانی بەمەلازادە ناسراوی گەڕەکی مەڵکەندی دێرینی شاری سلێمانی- شاری رۆشنبیریی و قوربانیدان بووین.
بەڵام ئەو لەدایکەوە تێکەڵ بە شێخایەتی شێخ حەمە مارف کەلە چلەکاندا شێخو مەلای مزگەوتی کۆنی مەڵکەندیبوو.
مامۆستا جەلال لە ساڵی پەنجادا بۆ ماوەیەکی کورت هاتە ریزەکانی حیزبی تەحەروڕەوە. هەر زوو وازی لێهێناو ئیتر هەرگیز پارتەیەتی نەکردەوە. بەبیرو هەست بوو بە خۆشاوێکی گیراوە لەئایین، نەتەوەو نیشتمانپەروەری راستگۆو زانستخواز، رەوشت بەرزو راستگۆ.
باوکمو باوکی خاڵۆزاو پوورزا بوون، دڵسۆزێکی راستی یەکتربوین. مەلا مەحموودی باوکی لەپۆلیسخانەکانی سلێمانی و هەتا هەولێری خۆشەویستدا کاتبوو. باوکم وەک من بەخۆشەویستی دەیلاواند. جەلالیش هەتا ئەو رۆژەی بەجێیهێشتین (مامە سەعید)ومنداڵەکانی بەنزیکترین کەسی خۆشەویستو (حەمە ساڵح) بەتەنها هاوڕێی دڵسۆزی بۆ نەوەکانی خۆی دەناساندو دەگێڕایەوە.
بە باوەڕی من مەلایەتی و شێخایەتییو ژیانی تایبەتی دانیشتوانی مەڵکەندی کەپێشوازییان لەبابەتەکانی کرد، گەلێکیان لەگەڵ شێخی نەمردا هاوسۆزی دامەزراندنی حکومەتەکەی بوون، بوونو ژیانی پۆلێک لەبارزانییە خەباتگێڕە دوور خراوەکان لە مەڵکەندیو چوونی هەندێک لەکەسەکانمان لەمەڵکەندی وەک پێشمەرگە لە کۆماری مەهابادا مێشکو سۆزی منو کاکە جەلالی هەژاندو زاخاو دایەوە، کە لە گەڵ توانای خۆیدا مامۆستا جەلالی سەربەخۆ بکاتە رۆشنبیرێکی نەتەوەیی و ئازادیخوازێکی پڕ بڕوا بە ئایین، دیموکراتو خۆبەستە بەنەریتی کەلەپووری باپیرانە.
بۆ سەلماندنی راستیی گۆڤاری گەلاوێژیش کاریگەرییەکی زۆری لەسەرمان هەبوە. ئەم بۆچوونانەی من فەرموون ئەم چەند پەیڤە ببیستن کەلە پێشکەشی بەرهەمەکانیدا، بەهەناسەی قووڵی پڕ دڵسۆزیو پاکییەوە، رووبەڕوو دەبێتەوەو خۆیان پێدەناسێنێت لە یەکێکیاندا وەک هاندەرێک دەڵێت:
(پێشکەشە بەهەموو ئەوانەی دڵیان بەکورد دەسوتێتو دڵی خۆیانی دەدەنێ)!.
دە ئێوە بیرێک لە (دڵسووتانو دڵپێدان بکەنەوە!).
لەبەرهەمێکیتریدا دەڵێت:
(پێشکەش بەو دڵسۆزانە بێت کەلەپووری کورد زیندوو دەکەنەوە).
منیش دەڵێم بایەخی ئەو بیرە لەوەدایە کە کەلەپوورو فۆلکلۆر، دەرخەری سامانی میللیی و تۆماری ناسنامەی نەتەوەییمان دەسەلمێنن کە ئەویش بایەخی پێدەدا.
ئەو لە کتێبێکی تریدا پێشکەشی بەشەهیدە نەمرەکانی کەسەکانی خۆمان دەکات وەک عیرفانی ئەندازیارو



تاهیرو فەرەیدوون و تەها و سەروەری عەلی قادر – لاوی شاعیرو خۆشنووسی زانکۆیی بەهرەمەند کەلە تاوانی بەعسی خوێنرێژدا ساڵی ١٩٧٤ قەڵادزێی بەرگە گریان خڵتانی خوێنکرد.

ئەم بەتایبەت پێشکەشە بە کەسایەتی خۆی تێکەڵ بە قوربانیدانی نەتەوەییمان دەکاتەوە.

مامۆستا جەلال لەبەرهەمێکی تریدا، وەک پەیام، کوڵی دڵی بەسۆزی، بیرو لێکدانەوەی خۆی بەمجۆرە رووبەروو دەکاتەوەو دەڵێت:


پێشکەش بە گیانی پاکی پیرۆزو بەنرخی ئەو قارەمانە نەمرانە بێت کەبە خوێنی گەشو شیرینیان، سەربەرزیی و ئازادیی و ئاسایشیان بۆ کورد سەندرا.


واتە بەخەباتو قوربانیدان سەندوویانەو بەخۆرایی وەرنەگیراوە. دیارە ئەم سۆزدارییەی لە سەردەمی خەباتی پرشکۆی (بەرەمی کوردستانیدا بووە) لە شاڵاوە شۆڕشگێڕییەکانی راپەرینە مەزنە سەرتاسەرییەکەی ١٩٩١ی نەتەوەکەماندا بەوجۆرە هەستی جوانو دڵسۆزانەی خۆی دەبڕیووە.

مامۆستا جەلال، لەدوا پێشکەشی بەرهەمێکیدا دەڵێت: (پێشەکەش بەوەی جەرگی بۆ نەتەوەکەی بسوتێت، کەموکوڕیی نەکات لە دڵسۆزیی و کارگوزاریدا. ئێوە بیستان (جەرگسووتان بۆ نەتەوە)!.

مامۆستا جەلال لەهەردوو کۆنگرەی مامۆستایانی کورد-دا لە شەقڵاوە (٩٥٩- ٩٦٠) کەمن سکرتێری لقی نەقابە بووم وتاری سلێمانیم بەجلی کوردییەوە دەخوێندەوە دەوری چالاکی دەبینیی و لەگشت کایە روناکبیریی و ئەدەبییەکاندا کاریگەریی چالاکانەی هەبووە.

درورد بۆ گیانی کاکە جەلال و بەرهەمدارە داهێنەرەکانی نەتەوەکەمان. بۆ گیانی شەهیدانو نووسەرانی کۆچکردووە.



# کتێبی چاپکراو

خوێندنەوەو ناساندنی: بەیان محەمەد

## ١. سۆرێ چاوشین.
## ٢. شێخ فەرخو خاتوون ئەستێ.
## ٣. سەرگوزشتەی گێڕانەوەی خەوەکانی پادشا.
## ٤. هاتو نەهات.

# سۆرێ چاوشین

کۆمەڵێ هاقایەتو ئەفسانەی فۆلکلۆری کوردییە. لە ئامادەو کۆکردنەوەی مامۆستا (پیر داود مەخموری)یە. بریتیە لە (٣٦٦) لاپەڕەی قەبارە (٢٤× ١٧سم)، ژمارەی (١٤٠)ی بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیایی کوردییە. هەروەها ژمارەی سپاردنی (١٠٧١)ی ساڵی ٢٠١١ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی دراوەتێ.

سەرپەرشتی هونەریو بەرگ: عوسمان پیرداودو نەخشەسازی: ڕزگار محسینو هێڵکاری: قەرەنی جەمیلە.

لەچاپخانەی ڕۆژهەڵات لەشاری هەولێر چاپکراوە. (٤٤)چیرۆکو ئەفسانەی هەمەجۆری لە خۆگرتووە، وەک: پادشای شاری جابلوقا، بەختیارو پیرەداک، تیژڕۆ، پاشای پارەوانو تەیری بەخت، خدرۆکەجوو، دۆستایەتی مرۆڤو سەگ، ڕاستگۆیی، شێرودارکەر، شێرۆو گوڵەندام، شینەدرۆ، کوڕەکەچەر، گوڵبەدەم، مەکرباز، وەسیەت، سۆرێ چاوشین، عوسکەراوکەر، ئاو فرۆش، بازشکێن، پاشاو کوڕەکەی، پاشای بۆق، بالورەشێت، بزن شیردا لۆدپیردا، پیاوچاک، بەزمی ڕێوی، پیرەژنو کێشکۆکە، تەماع، تۆڵە، مرچانەکۆر، حەرامزادە، حەسەنی پنەدۆز، دڵشێرو شێردڵ، ڕاستگۆیی، ڕێوی کوێستانو گەرمێن، سەیە رەش، سێ برا، کاکە میرزاو زارا خاتوون، کراسی خوری، کیژە جۆتیار، کیژە قازەوان، ماسیگر، مەهتاب، مرواری، مریشکە قوندە، مەعبو و د و مەحموود.

لە




هەواڵنامەی کتێب

پانتایی ناوەخنی هەقایەتو ئەندێشەو خەیاڵبەندی ئەفسانەکاندا دەردەکەوێت، کوڕە کەچەڵەی پاڵەوانی ئەفسانە کوردییەکان، هەمیشە لە گەڵ هەژارو نەدارەکاندایەو ئەو ئاستەنگانەی دێنە پێش خەڵکی حەکیمانە چارەسەریان بۆ ئەدۆزێتەوە..

یان دەبینین هەموو هێزو توانای دێوە شەڕ خوازەکان بەشکاندنی کولەکەی ڕۆحیان لەناودەچنو کۆتایی بە ژیانیان دێت. یان ئەوینداری لەدو توێی هەقایەتو ئەفسانە کوردییەکاندا دوای گێرمەو کێشەو تەنگو چەڵەمەیەکی زۆر بەیەک دەگەن..

مامۆستا پیرداود، لە پێشەکی ئەم کتێبەدا دەڵێت: (( ئەو کۆمەڵە هەقایەتو ئەفسانانەی لەم کتێبەدان بەری ڕەنجو ماندووبوونی چەندین ساڵەی خۆمە)).

ئەویش هەندێک لە چیرۆکو ئەفسانەکانی لەم بەرێزانە وەرگرتووە:

- ئەفسانەی (سۆرێ چاوشین) و (گوڵبەدەم)لە (حاجی مستەفا)ی گوندی لاوەری وەرگرتووە.


-(پاشاو کوڕەکەی) و (کیژە جۆتیار)ی لە (حاجی مستەفا)ی بندیان وەرگرتووە، کەیەکێکە لە هەقایەتخوانە بەناوبانگەکانی بندییان.

- مریشکە قوندە: یەکێکە لەو هەقایەتانەی، کە بەزۆر شێوە بڵاوبوتەوە. بەڵام وەکو مامۆستا پیرداود ئاماژەی پێکردوە: ئەو تێکستەی لە (ئامینە حەمەدەمین)ی نەنکی بیستووە، کەتەمەنی لە سەرووی (٧٥)ساڵیدایە، بەرەچەڵەکیش خەڵکی سەردەشتەو هێشتا لە ژیاندا ماوە. دەیگوت ئەمیش لەدایکی خۆم (زخۆکی خالان)ی بیستووە.

- مرواری: لە (حاجی حوسێن جووجە)وەرگرتووە لە ساڵی ١٩٨٠، ئەوکاتە تەمەنی لە سەرو (٧٥) ساڵیدا بووە. ئەمیش یەکێکە لە هەقایەتخوانە بەناوبانگەکان.

- شینەدرۆ: ساڵی ١٩٧٩ لەرەوانشاد (جەوهەر عارەب حاجی قادر) مەخمووری وەرگرتووە.

- کوڕە کەچەر: لەحاجی (مستەفا)ی خەڵکی دیبەگە وەرگرتووە، کەلە ساڵی ١٩٨٠دا کۆچی




دوایکردووە، ئەوکاتە تەمەنی لەسەرو هەشتا ساڵیدا بووە.

- بازشکێن: لە (حاجی ئەحمەد خۆشناو)، ناسراو بە (ئەحمەدکە) وەرگرتووە .لە ساڵانی هەشتاکاندا کۆچی دوایکردووە.

- پیاو چاک: لەنەجمەدین پوور محەمەدی تەمەن (٥٥) ساڵ وەرگرتووە، خەڵکی مهابادی خۆرهەڵاتی کوردستانە.

- تەماع: لە (حاجی مریەم حەمەدەمین) وەرگرتووە، تەمەنی (٧٥) ساڵەو خەڵکی گوندی (حوشترالوکە).

- تۆڵە:لە ساڵی ١٩٨٠ لە ( سمایل مام قادر) وەرگرتووە، کەدانیشتوی مەخمور بوو. ئەمیش یەکێکە لەهەقایەتخوانەکان.

-مرچانەکۆر: لەساڵی هەشتاکان لە (عەولا)ی

کورتـان دروو وەرگرتـووە.

- حەسـەنی پینـەدۆز: ئـەم ئەفسـانەیەیی لـە (مـام مینـە مەحمـود) سـەروچاوەیی تەمـەن (٨٠) سـاڵ وەرگرتـووە.

- ڕێـوی کوێسـتانو گەرمێـن: لـە مـام (حاجـی ڕەسـووڵو سـوانی) وەرگرتـووە، کەتەمەنـی (٨٠) ساڵ دەبێتو لە گەڕەکی (باداوە)ی شاری هەولێر دادەنیشـێت.

- سـێ بـرا: لەکابرایەکـی خۆشـناوی بیسـتووە، کەخەڵکـی گونـدی (کاموسـەکی) بـووە، هەناروتریـێ هێناوبـووە گوندەکەیـان.

- کاکـە میـرزاو زاوا خاتـوون: ئـەم ئەفسـانەیەیی لـە (حاجـی حوسـێن) بڵبـاس، خەڵکـی گونـدی

(جمکـەو بنبێرس)ـە، تەمەنـی (٧٥) سـاڵ دەبـوو وەرگرتـووە، بـەڵام ئێسـتا لـە ژیانـدا نەمـاوە.

**:سەرەتای هاتنەناو دنیای فۆلکلۆرەوە**

مامۆسـتا پیـرداود وەکـو زۆربـەی نووسـەرانی تـر، دەسـتپێکی نووسـینی بەهۆنـراوە دەسـت پێکـردووە. بـەڵام وەکـو خـۆی لـە پێشـەکی ئـەم کتێبـەدا ئامـاژەی پێکـردووە، لـە سـەر داوای مامۆسـتا (هێمـن)ی شـاعیر کـەم تـا زۆرێـک دەسـت بـەرداری شـیعر نووسـین بـووە، لەجیهانـە ڕەنگاڵەییەکـەی کەلەپـوورو فۆلکلـۆردا دێـژەی بەکارەکانـی داوە، لـەم ڕوانگەیـەوە دەڵێـت: (( مـن لـە سـەر ڕاسـپاردەی مامۆسـتای گـەورەو شـاعیری هـەرە بـەرزی کـورد (هێمـن مەهابـادی) ڕووم لـەو ڕێچکەیەکـردو شـانم دا بـەر فۆلکلـۆر کۆکردنـەوە، ئەگینـا لایەنێکـی دیکـەی ئەدەبیـم بـۆ خـۆم هەڵبـژارد بـوو، کارم تێدا دەکـرد، هەرچەنـدە دڵنیـاش بـووم لەسـەر نەکەوتنـم لـەو بـوارەدا، وەکوئـەو چەنـد کەسـەی کـە ئێسـتاش شـەڕ بـە شـیعر دەفرۆشـن)).

هەروەهـا بەهێنانـەوەی نموونەیەکـی جـوان کۆتایـی بەنووسـینی پێشـەکیە کـەی دێنـێ

(( دەگێڕنـەوە دەڵێـن: جارێکیـان باڵندەیەکـی دەنگخـۆشی دنـدووک سـوری سـەرباڵ شـینو جـوان، لـە گەورەیـی بەقـەدەر زەڕنەقوتەیـەک دەبـوو، هێلانـەی لەسـەر زلکەدارێـک چـێ کردبـوو لـە ناوەڕاسـتی ڕووبـارێ، هەرجارێـک کـەوا شـەپۆلی ئـاو دەهـات یـان بایەکـی بەهێـزی بهاتایـە ئـەو زلکـەدارەی بەهێلانەکـەوە دەهەژانـدو جـار جـارەش بەئاوەکـەی دادەدا، تەیـری بەسـتەزمانیش هـەر دەیخوێنـدو دەیچریکانـد، لەکەسـێکیان پـرسی دەبـێ ئـەو تەیـرە بەسـتەزمانە چـی بڵـێ؟، دیـارە کابـراش لـە زمـانی تەیـرو تـواری دەزانیو گـوتی: ئـەم تەیـرە لەخوێندنەکەیـدا دەڵـێ:

ئـای مەفتـەن چەنـد خـۆشی، دەبـێ جێگایـەک هەبـێ لـە مەفتـەن و جێـی مـن خۆشـتر)).

لـە جێیەکـی تـری پێشـەکییەکەیدا دەڵێـت: خـوا یـار بـێ ئەوەندۆکـە تەمەنـەی کەماومـە بەخوێندنـەوەو نووسـینو مەیدانی فۆلکلـۆی خەرجـی دەکـەم.

لـە یـەزدان داواکاریـن مامۆسـتا تەمـەن درێـژ بکات بـۆ زیاتـر خزمەتکردنـی ئەدەبـی فۆلکلـۆری کوردیمـان..

ماوەتـەوە بڵێیـن مامۆسـتا ئـەم کتێبانـەی بەچـاپ گەیانـدووە:

١. ناسینی فۆلکلۆر، بەغدا ١٩٨٥

٢. لاسو خەزال، هەولێر ٢٠٠٠.

٣. دوو بێوەژن، هەولێر ٢٠٠٢.

٤. پیرە هەولێر، هەولێر ٢٠٠٤.

٥. سەربردەی ژیانی منداڵیم، هەولێر ٢٠٠٨.

٦. گـەڕان بـەدوای ئەفسـانەدا (لێکۆڵینـەوە) هەولێـر ٢٠١٣.

هەروەها ئەم کتێبانەشی ئامادەن بۆ چاپکردن:

١. کۆڕو مەجلیسی حەیران بێژان.

٢. سۆرێ چاوشین، بەرگی دووەم

٣. ناسینو لێدوان لە ئەفسانەی کوردی.

# شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی

- لێکۆڵینەوەی: ڕێبوار حەمەتۆفیق
- ژمارەی بڵاوکراوە: ١٥١
- چاپی یەکەم: چاپخانەی کەمال لە سلێمانی
- تیراژ: ٥٠٠
- ژمارەی سپاردن (١٧٢٨) ی ساڵی ٢٠١٣

## پێناسین:


تا ئێستا وەک پێویست ئاوڕ لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆر نەدراوەتەوە، ئەو هەنگاوانەشی کە بۆ کۆکردنەوەو نووسینەوەشی نراون، وەک پێویست نیین و لەئاست تێگەیشتنو دەوڵەمەندی ئەم ئەدەبەدا نەبووە؟! جگە لە هێمنی شاعیر کە لەچەند دێڕێکو لە هەڵسەنگاندنێکی زۆر کورتدا لەسەر بەیتی (شێخ فەرخ و خاتوون ئەستێ)ی نووسیوە، کەسی تر لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی نەکردووە. هێمنی موکریانی لەو پێشەکییەی کە بۆ وەرگێڕانی (توحفەی موزەفەریە)ی نووسیویەتی دەڵێت: (ئەم بەرهەمە بۆ من، تەنها لەبارەی شیعر و زمانەوە جێگەی سەرنجڕاکێشان نییە، بەڵکە لەبارەی دارشتنی هەقایەت "چیرۆک"یشەوە، جێگەی سەرسووڕمانە؟! تائێستا چیرۆکی زۆرم خوێندووەتەوەو کەمیشم نەبیستووە، بەڵام چیرۆکی ئەوەندە لقوپۆپدار و ئەوەندە ڕووداوی سەیرتیابووم، نەبیستووەو نەخوێندووەتەوە.) ئیلهامی نووسینی ئەم بەرهەمەی کە لەبەردەستدایە، لەم چەند دێڕەوە سەرچاوەی گرتووەو بۆ ئەوە بووە کە کەمێک لەبارەی ئەو هۆکارانەوە بنووسرێت کە وایان لەم تێکستە کردووە کە لەبەردەم خوێندنەوەو شێوەی لێکۆڵینەوەی جیاوازا خۆی بخاتە ڕوو.

بەسەرهاتی شێخ فەرخ و خاتوون ئەستێ تا ئێستا بەچەند شێوەو دارشتنێکی جیاواز گێڕدراوەتەوەو نووسراوەتەوە، هەر کەسێکیش ئەم بەیتەی نووسیبێتەوە، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ئەم بەیتە لەهەر بەرهەمێکی تری فۆلکلۆری جیاوازترە؟ بەڵام بەشێوەیەکی قووڵ و ئەکادیمییانە پێمان ناڵێن چۆن و لە چ ڕوویەکەوە ئەم جیاوازییە هاتووەتە کایەوە؟! ئەوەندە نەبێت کە یەکێک پێی وایە لەبەر ئەوەیە کە ڕووداوەکانی چڕوپڕترن؟ و یەکێکی تر پێی وایە کە لەبەر ئەوەیە کە بە زۆربەی دیالێکتەکانی



زمانی کوردی گێڕدراوەتەوەو نووسراوەتەوە؟ و یەکێکی تریش پێی وایە کە لەبەر ئەوەیە لەچەند روویەکەوە، شێخ فەرخ لە حەزرەتی مەسیح دەچێت؟ بەبێ ئەوەی کە پێمان بڵێنو بۆمان روونبکەنەوە کە ئەم بۆچوونانەیان لەسەر چ لێکدانەوەیەک بنیات ناوە؟!

هەوڵی سەرەکی لە نووسینو ئامادەکردنی ئەم بەرهەمەدا بۆ ئەوەیە کە ڕۆشنایی بخاتە سەر پەیوەندی نێوان تێکستی شێخ فەرخ و خاتوون ئەستێو مێژووی ئەو قۆناغ و سەردەمەی کە تێکستەکەی تێدا بەرهەم هاتووە، ئەمیش لەژێر ڕۆشنایی ئەو باوەڕەی کە پێی وایە ئەدەب ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ژیانی کۆمەڵەو شتێکی ئاساییە کە لە پشت هەر بەرهەمێکی ئەدەبی فۆلکلۆرەوە، بۆ مێژوویەکی دوورودرێژی ژیانی مرۆڤی کورد بگەڕێین؟ چونکە (ئەدەبی هەر قۆناغێکی ژیانی ئادەمیزاد، سیما گشتییەکانی ئەو قۆناغە دەنوێنێو ئەو بارە گشتیی و تێکڕاییەی ژیانی تێدا ڕەنگدەداتەوە کە لە هەر چەرخێکی کۆمەڵایەتیی مێژوودا بووەو تێکرا لە چوارچێوەی دابونەریتو بیروبۆچوونی ئەو چەرخەدا دەخولێتەوە). بۆیە لەپشت بەیتی (شێخ فەرخ و خاتوون ئەستێ)یەوە مێژووی چیرۆکو ڕووداوێکی ڕاستەقینە هەیە کە گوزارشت لە دەرئەنجامی کارلێکردنی ئەو ئاڵوگۆڕانە دەکات کە لە شوێنو کاتێکی دیاریکراوداو لەناو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا، ڕوویانداوە. ئەم لێکدانەوەیەش لە چەندین داستانو بەیتو هەقایەتو گۆرانی فۆلکلۆرییدا بە ئاشکرا ڕەنگیداوەتەوە، داستانەکانی (قەڵای دمدم) و (دوانزە سوارەی مەریوان) و بەیتەکانی (فەقێ ئەحمەدی دارشمانە) و (ئەوڕەحمان پاشای بەبە) نموونەی لەبەرچاون بۆ ئەم لێکدانەوەیە. بۆیە هەڵە نییە ئەگەر بەرهەمی ئەدەبی فۆلکلۆر و مێژوو بەتەواوکەری یەکتر بزانیینو وەک ڕێبازێک لە بەرهەمی ئەدەبی فۆلکلۆرەوە ئاوڕ لە مێژوو بدەینەوەو پەی بەو ڕووداو و کارەساتانە بەرین کە لە ڕابردوودا لەژیانی هەمەلایەنەی کۆمەڵگەیەکدا ڕوویانداوە، بەتایبەت لەو کاتانەدا کە سەرچاوەی مێژوویی و نووسراو و شایەتحاڵی ئەو سەردەمەمان لەبەردەستدا نەبێت. بۆیە (لەکاتێکدا کە مێژوو بەباشی باسی سەردەمێکی ژیانی نەتەوەیەک ناکات، پیاوی ورد و تێگەیشتوو،




دەتوانێت لە ڕێگای لێکۆڵینەوەوە لە گۆرانیی، چیرۆکو هەڵبەستی ئەو سەردەمەوە، تا ڕادەیەکی باش باری ژیانی ئەو سەردەمەی ئەو نەتەوەیە شارەزا ببێت). بەم پێیەش بێت، دەتوانیین لە تێکستی (شێخ فەرخ و خاتوون ئەستێ)ـەوە، ڕۆشنایی بخەینە سەر زۆر لایەنی مێژوویی و زانیاری بەنرخ لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیی و ئایینیی ناوچەیەک بەدەست بهێنین. بۆ هێنانەدی ئەم مەبەستەش، هێڵکاری گشتی کتێبەکە بەم شێوەیە دابەشکراوە:

لەبەشی یەکەمدا، لە چەند لایەنو گۆشەی جیاوازەوە خوێندنەوە بۆ تێکستەکە کراوەو هەوڵ دراوە تا ڕادەیەکی زۆر، تیشک بخرێتە سەر لایەنەکانی: مێژوو و جوگرافیا و کۆمەڵایەتی، ئابووری. هەر لەم ئاستەدا بیبلیۆگرافیاو لێکدانەوەی ناوی فەرخ و ئەستێ و زانیاری هەمەلایەنە لەبارەیانەوەو وەک دەروازەیەک بۆ بەش و بابەتەکانی دواتر، ئامادەکراوەو بە پێی ڕێبازی مۆرفۆلۆژی لێکۆڵینەوە بۆ تێکستەکە کراوە.

لەبەشی دووەمدا، تێکستەکە بە چیرۆکی (عیسای مەریەم) بەراورد کراوەو ئەو هێڵە گشتییانە دیاری کراوە کە تێکستەکە لەم بارەیەوە کەوتووەتە ژێر

کاریگەرییانەوە.

لە پاشکۆی کتێبەکەشدا، تێکستەکە بە بەراوردکراوی لەگەڵ هەموو ئەو شێوانەیدا دانراوەتەوەو پەراوێز و فەرهەنگی لێکدانەوەی وشەکانی بۆ کراوەو جیاوازیی و ساغکردنەوەش بۆ چەند جیاوازیی و لایەنێکی نێوان تێکستەکان کراوە.

سەرچاوەی سەرەکی لەم کتێبەدا، بریتییە لەو شەش تێکستە نووسراوەی بەیتی (شێخ فەرخ و خاتوون ئەستێ) کە تا ئێستا لەبەردەستدان، لەناو ئەمانیشدا زۆرتر کەڵک لەو تێکستەی (ئۆسکارمان) وەرگیراوە کە لە سەرەتای سەدەی هەژدەیەمدا نووسراوەتەوەو مێژووەکەی لەوانی تر دێرینترە. لەهەر شوێنێکدا کەڵک لەم تێکستە وەرگیرابێت، خراوەتە نێوان دوو کەوانەی لەم شێوەیەوە ( ) و بەپێویست نەزانراوە لە پەراوێزدا ئاماژەی بۆ بکرێت.

گرفتی سەرەکی هەموو ئەم تێکستانەش لەوەدایە کە لەکاتی نووسینەوەیاندا، دەستکاری کراونو کتومت وەک ئـەوەی وتـــراون، نـەنـووسـراونـەتـەوە. ئەم دەستکاریکردنەش کێشەیەکی گەورەی بەردەم کاری لێکۆڵەرەو کەم و زۆر گرفتی بـەردەم ئەم کارەش بووە. سەبارەت بەوەشی کە بۆچی لەم کتێبەدا کەڵک لەسەرچاوەی مەیدانی وەرنەگیراوە؟ هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کەسێک لە ناوچەکەدا (پشدەر) بەردەست نەکەوت کە بەیتبێژبێت، یان زانیارییەکی ئەوتۆی لەسەر بەیتەکە هەبێت. تەنانەت ئەو گۆڕەشی کە خەڵکی ناوچەکە بە گۆڕی (شێخ فەرخ) ناوی دەبــەن، لــەڕووی زانستی شـوێـنـەوارەوەو وەک سـەرچـاوەی مـەیـدانـی، نـرخـەکـەی وەک خـۆی نەماوەتەوە؟ چونکە دەستکاری کێلی گۆڕەکە کراوەو لەگەڵ کێلی گۆڕی تردا تێکەڵ کراوە...

## ناوەرۆکی کتێب

پێشەکی/ چەند لایەن و بارێکی بەیتەکە/ جۆری بەیتەکە/ بیبلیۆگرافیای بەیتەکەو بەیتبێژانی/ ناوی فەرخ و ئەستی/ باری جوگرافیی/ باری مێژوویی/ باری کۆمەڵایەتی/ باری ڕامیاری/ بونیاتی شێخ فەرخ و خاتوون ئەستێ، بەپێی ڕێبازی مۆرفۆلۆژی/ لەنێوان (عیسای مەریەم) و (شێخ فەرخ و خاتوون ئەستێ) دا/ پاشکۆ/ ئەنجام/ پوختەی باس بە زمانی عەرەبی/ پوختەی باس بە زمانی ئینگلیزی/ سەرچاوەکان/ ئیندێکس.



## بەیتبێژان

هەریەک لە (ڕەحمان بەکر) و (سەلیم بایز) و (مەحموود گەناوی) ئەم بەیتەیان وتووەتەوەو لە کتێبەکانی: تحفەی مزەفەری ئۆسکارمان، ئەستێ و فەرخی ئەمینێ ئوسمان، مامان برازا بزرکرد، خالان خوارزا مەزن کرد ی زیاد موحەممەد ئەمین، شیخ فرخ و خاتوون ئەستێی قادر فتاحی قازی، هەر سترانەکێ چیرۆکەک ژ دەڤەرێن شنگال و شێخانی داود مراد خەتاری، ژ فۆلکلۆرێ کوردیی سادق بهاوالدین ئامێدیدا نووسراوەتەوە. یەکەم نووسینەوەی بۆ ساڵی ١٩٠٣و ئەو کاتانە دەگەڕێتەوە کە (ئۆسکارمان) لە (ڕەحمان بەکر)ی بەیتبێژی وەرگرتووەو لە کتێبی توحفەی موزەفەرییەدا نووسیویەتییەوە.

## تەکنیک و ڕێباز

ئەم کتێبە بەشێوەیەکی زانستی ئامادەکراوەو وەک لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریی و مێژوویی و هەندێ جاریش تێکستکاریی کاری لەسەر کراوەو پاڵپشت بە لێکدانەوەی ناوی شوێنو کەسایەتییەکان، فەرهەنگی بۆ لێکدانەوەی چەند وشەو زاراوەیەکی تێدا هاتووە. ئیندێکسی ناو و شوێنو چەندین وێنە بەرهەمەکەی دەوڵەمەند کردووە. هەروەها لە کۆتاییشدا پوختەی باس بە زمانی کوردیی و عەرەبیی و ئینگلیزی پێشکەش کراوە.

### شەش تێکست و یەک هەڵبژاردە:

بیبلیۆگرافیای ئەو بەیتو بەیتبێژانەی کە تا ئێستا لەبەردەستدان، لەم کتێبەدا بریتیین لە شەش تێکستو لەم کتێبەدا کاری بەراوردکارییان لەنێواندا کراوە:

١. تحفەی مزەفەریە، ئۆسکارمان، پێشەکی و ساغکردنەوەو هێنانە سەر ڕێنووسی کوردی: هێمن موکریانی، چ٢، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦ .

٢. ستی و فەرخ، ئەمینێ ئوسمان، چاپخانا خەبات، دهۆک، ٢٠٠٢ کە لە (حەیدەر باجلوری) وەرگرتووە.

٣. مامان برازا بزرکرد، خالان خوارزا مەزن کرد، کۆکردنەوەی: زیاد موحەممەد ئەمین، ئنیستیوتی کەلەپووری کورد، ٢٠٠٨ .

٤. شیخ فرخ و خاتوون استی (متن کردی و ترجمە فارسی)، ظبط و ترجمة و توچیح از قادر فتاحی قاچی، انتشارات مؤسسە تأریخ و فرهنگ ایران، تبریز، اسفندماە ١٣٥١.

٥. هەر سترانەکێ چیرۆکەک ژ دەڤەرێن شنگال و شێخان، بەرهەڤکرن: داود مراد خەتاری، ئەنستیتویا کەلەپوورێ کورد، چاپخانە: ئاراس- هەولێر، ٢٠١٠ .

٦. ژ فۆلکلۆرێ کوردی، سادق بهاوالدین ئامێدی، ئاراس، چ وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٢.

بەڵام تێکستی یەکەمیان لەبەر ئەم چەند خاڵە بووە بە بناغەی کتێبەکە:

ا. لەڕووی مێژووی وتن و نووسینەوەی ئەم دەقەیان (١٩٠٥)لەوانی تر کۆنترە.

ب. لە هەموو دەقە نووسراوەکانی تر زۆرتر بەو زاراوەیە نووسراوەتەوە کە پەیوەندی بە شوێنی ڕووداوەکەوە (گوندی داودێ قەلادزێ)ـوە هەیە.

ج. زۆرترین ناوی کەسایەتیی و شوێن لەم تێکستەدا هاتوون.

د. ژمارەی دێڕ و ڕووداوەکانی ئەم بەیتە لەوانی تر زۆرتر و دووروودرێژترە.

ە. زۆربەی ئەو کەسانەی کە بەیتەکەیان نووسیوەتەوە، قسەو سەرنجی خۆیان تێکەڵ کردووە، کە ئەمەش لەڕووی پاراستنی بەرهەمی فۆلکلۆرو لێکۆڵینەوە لە بەرهەمی فۆلکلۆر سەرلێتێکدانەو زیان بەم سامانە ئەدەبیی و نەتەوەییە دەگەیەنێت. بۆیە هەر لێکدانەوەو ساغکردنەوەیەک لەم بوارەدا کرابێت، لە پەراوێزدا دانراونەتەوەو تێکەڵ بە تێکستەکە نەکراوە.

### پوختەی بەیتەکە

لە ناو ئەدەبی فۆلکلۆری کوردییدا، بەیتی شێخ فەرخ و خاتوون وەک بەسەرهاتێکی نێوان دوو ئەویندار بڵاوە. فەرخ کوڕی مامادییە. خاتوو ئەستی کچی مام خەلیفەی پاشای شاری داودیە. فەرخی مامادی، هەر کەلەدایک دەبێت، زمانی دەپژێتو سەرنجی خەڵکی بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت. خەڵک لەم کارە سەریان سووڕدەمێنێتو بە ڕموزنی دادەنێن. پاشای داودی لەترسی ئەوەی کە ئەم هەواڵە نەگاتە سوڵتانی گەورە لە ئەستەنبووڵ و بنەچەکەیان بە فاسق دانەنرێت، بڕیاردەدات کە فەرخۆلە ببرێتە تەویلەی گامێش و

ئێسترانەوەو لەژێر پێیاندا، پان ببێتەوە. هەرچۆنێک بووە، دزەکان فەرخۆلە لەدایکی دەفرێننو ئەم کارە بەئەنجام دەگات، بەڵام فەرخۆلە بەدەستی مەلایکەتەکان لەم پلانە ڕزگاری دەبێتو دەبرێتەوە ماڵێ. بەم شێوەیە چیرۆکەکە پێدەنێتە ڕۆژی حەوتەمیەوەو ڕوداوەکان بەدەرکەوتنی کەسێک کەبۆ بینینی خاتوو ئەستی هاتووە، تاوەکو وەسفی جوانییەکەی بۆ ئاغاکەی بەرێتەوە، پێدەنێتە دۆخێکی نوێوە. فەرخ بەم هەواڵە بێتاقەت دەبێتو هەستدەکات خاتوو ئەستێی لەدەست دەچێت، بۆیە دەستدەکات بە دوعای مردن لە دایک وباوکی تاوەک خاتوو ئەستێ ببێ بەبەخێوکەری. دوعا گیرادەبێتو دایک و باوک دەمرن. مروەتی مەولود ڕادەسپێرن بۆ ئەوەی ئەرکی بەخێوکردنی بگرێتە ئەستۆ، بەڵام لەبەر ئەوەی گریانی ناوەستێتەوە، دەبرێتە لای خاتوو ئەستێ. فەرخ دەستدەکات بە پیشاندانی کاری سەیروسەمەرەو دەسرازە بەسەر خۆیدا فڕێدەداو لە لانکە دێتەدەرەوەو بەیەکجاری بە سەرینی خاتوو ئەستێدا هەڵدەگەڕێو دەچێتە سینگو مەمکانیەوە. شەوێک کاتێ فەرخۆلە تەمەنی تەنها دەڕۆژێدا دەبێتو لەباوەشی خاتوو ئەستیدایە، موعجیزەی خۆی پیشاندەداتو باڵای خۆی درێژ دەکاتو دەم دەنێت بەدەمی خاتوو ئەستێوەو ئاوێزانی دەبێت تاخەو دەیانباتەوە.

یەکێکی تر لەڕوداوەکانی نێو ئەم چیرۆکە، بریتییە لەوەی کە کەسێک بەناوی شێخاڵە کەچەڵەوە پەیدا دەبێت. شێخاڵە، گەورە پیاوێکی وڵاتی خۆیەتی، ئەوپیاوەیە کەپێشتر وتمان کەسێکی ناردبوو تاوەسفی خاتوو ئەستێی بۆ بباتەوە. شێخاڵە لە سوێی خاتوو ئەستێیە، دەبێتە شوانی ماڵی باوکی خاتووئەستێ. هەرچوار برای خاتوو ئەستێ ودایکیشی، دوای چل ڕۆژ لە تاقیکردنەوەی شوانزانیی شێخاڵ، ناچار دەبن بەزۆرە ملێ، خاتوو ئەستێ لەشێخاڵ مارە بکەن.

ڕۆژێک خاتوو ئەستێ و نازێ و نازداری خوشکی، دەچنە خۆشتنو فەرخ خۆیان لێ مەڵاس دەداتو تەماشای لەشولاری خاتوو ئەستێ دەکاتو بۆ ئەوەی سەرنجیان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، قسنی دیوارەکە بەسەرخۆیدا دەڕوخێنێو خۆی دەهێنێتە سەرەمەرگ. خاتوو ئەستێ کە فەرخ لەسەرەمەرگدا دەبینێت، زۆر بۆی دڵگران دەبێتو وسوئاغا بانگدەکەن کەمەلایەکی بەناوبانگی ناوچەکەیەو ئەمیش شەیدای خاتوو ئەستێیە، بۆ ئەوەی یاسینی لەسەر بخوێنێت! بەڵام فەرخ کە وسو دەبینێت، هەڵدەستێتەوەو نایەڵێتو سوئاغا لێی نزیک بێتەوە؟ چونکە وسوئاغا یەکێکی ترە لە عاشقەکانی خاتوو ئەستێ. فەرخ بۆ ئەوەی وسو ئاغا لەخەونی مارەکردنی ئەستێ داببڕێت، بەوە لەکۆڵی دەکاتەوە کەلەنهێنی ئەوە دەزانێت کە وسوئاغا لەبنەماڵەی بەکری مەرگەوەڕە، جابۆ ئەوەی هەموو کەس لەو نهێنییە بەئاگانەبێت، وسوئاغا بەوە ڕازی دەبێت کە خاتوو ئەستێ بەخوشکی خۆی قبوڵبکاتو دەستی لێهەڵبگرێت.

پێکەوەیی ئەستێ وفەرخ بۆ حەوت ساڵ درێژەدەکێشێ و قسەی شوانەکانی ئەو ناوچەیە زۆر بۆ شێخاڵ دەهێنن کەچیتر بەوە ڕازی نەبێت خاتوو ئەستێو فەرخ بەیەکەوەبن؟ چونکە ئەم پێکەوەییە لە پێکەوەیی ژن و مێردایەتی دەچێت نەک منداڵ بەخێوکردن!؟ بۆیە شێخاڵ بڕیار دەدات کە فەرخ بکوژێت. ڕۆژێک کاتێک شێخاڵ دەیەوێت فرسەت لە فەرخ بهێنێتو بیکوژێت، فەرخۆلە موعجیزەیەکی تری خۆی دەنوێنێتو دەستی شێخاڵ ڕەق دەکاتو گورگیش ئەمە بە هەل دەزانێت، پەلاماری ڕانە مەڕی شێخاڵەی شوان دەداتو زیانێکی زۆریان لێدەدات. بۆیە دایکی خاتوو ئەستێ، دوعا لەفەرخ دەکاتو بڕیار دەدات کە چیتر خاتوو ئەستێ فەرخ لەگەڵ خۆی نەباتە شوانی. کاتێکیش فەرخ بەمەڕازی نابێتو شوێنیان دەکەوێتو بڕیاردەدات ئامۆژنی بکاتە بەردێکی شین و دواتریش لەشێوەی سەگێکی ڕەشدا بینوێنێ! پاش ماوەیەک وبەزۆری خاتوو ئەستێ، دەیکاتەوە مرۆڤ و لەپای ئەمەش دایکی خاتوو ئەستێ، ڕوداوەکە بۆ کوڕەکانی دەگێڕێتەوەو فەرخ لەترسان، هەڵدێتە ماڵی وسوی مەغانی.

ڕۆژێک بڕیار دەردەچێت کە هەرکەسێک یەکەم ڕۆژی جەژن بۆ پاشای داودی دیارییبکات، پاشا بە کەوڵێکو جوانووە ئەسپێک پاداشتی دەکات. لەوکاتانا، مانگ لەبیستوحەوتی ڕەمەزاندا دەبێت، فەرخ دەست لەکاری گەردوون وەردەداتو بەیانی ڕۆژی دواتر دەکاتە یەکەم ڕۆژ جەژن. پاشاش خەڵاتەکەی پێ دەداتو لەیەکەم ڕۆژی جەژندا، کوڕەکانی مام خەلیفە داوادەکەن کە فەرخ لە ماڵی وسوی مەغانی بهێننەوە تا حەیایان

نەچێت، بەڵام فەرخ ناچێتەوە؟ چونکە دەزانێت ئامۆزاکانی هەر بەئومێدی ئەوەن کە تۆڵەی دایکیانی لێبکەنەوەو لەپلانداناندان بۆی. کاتێک ئامۆزاکان دەیانەوێت بچنەسەری، فەرخ بڕیاردەدات کەهەڵبێت بۆ ماڵی خاڵی لەشام. بەڵام پێش هەڵهاتنی، دەچێت کلکی هەموو ماینو ئەسپەکانی ماڵەمامی دەبڕێتو ئاگر بەردەداتە خەلەو خەرمانانیش. لە ڕێگای شامدا، توشی زۆر کوێرەوەری دەبێت! بەڵام بەسەر هەموو کۆسپێکدا زاڵ دەبێت. خاڵی لەشام نەک هەر بەخێر هاتنی ناکات، بەڵکو بەپیریشیەوە ناچێت؟ چونکە پاشای شام خەونی بینیوە کە میوانێک دێتو کارەساتێک دەقەومێنێ، بۆیە بڕیار دەدات کە نابێت تاوەک ساڵێک کەس میوان ڕابگرێت. ناچار فەرخ پەنا بۆ تەکییەی شێخان دەبات.

لەشام، فەرخ لەڕوداوێکی پێکەنین ئامێزدا، بەهۆی نیشتنەوەی بازی یەقین لەسەر سەری، دەبێتە پاشا. پاش حەوت ساڵ پاشایەتی، خاتوو ئەستی لەبیر ناچێتەوە، بۆیە لەڕێگەی باڵندەیەکی قاسیدەوە (قورینگ)، خاتوو ئەستی ئاگادار دەکاتەوە لەوەی کە دەیەوێت بیهێنێتە شام. شێخاڵە بەمەڕازی نابێت، پاش بێنەو بەردەیەکی زۆر، بەوە ڕازیدەکەن کەتەنها بۆ چل ڕۆژ ڕێگەی بداتو دواتر بگەڕێتەوە، کاتێکیش چل ڕۆژەکە بەزیادەوە تێدەپەڕێتو خاتوو ئەستی دەگەڕێتەوەو پاش حەووت ڕۆژ لەزمان شکاندنی، بەنەخۆشییەک خاتوو ئەستی دەمرێو گیان لەدەست دەدات. کاتێک فەرخ بەم هەواڵەی خاتوو ئەستی دەزانێت، بڕیار دەدات کە هەرچییەک بقەومێت بگەڕێتەوە داودیە. بۆیە دەگەڕێتەوەو لەسەر قەبرەکەی خاتوو ئەستی ڕادەوەستێتو دەست دەکات بەدوعا کردنو دەڵێت: خودایە، یان خاتوو ئەستیم بۆ زیندوو بکەرەوە یان منیش بخەرەلای ئەو. خوداش دوعای دووەمیان وەردەگرێتو فەرخ دەکاتە میوانی ئەودنیای خاتوو ئەستێ.

## دەرئەنجامەکان:

١. (شێخ فەرخو خاتوون ئەستێ) بەرهەمێکی سەر بە ئەدەبی فۆلکلۆرەو زۆرجار گێڕدراوەتەوەو وەک دەنگ تۆمار کراوەو شەش جاریش وەک تێکست نووسراوەتەوەو لە چوارچێوەی بابەتو کتێبی تردا چاپکراوە.

٢. (فەرخ و ئەستێ) گەرچی وەک هەر بەرهەمێکی تری فۆلکلۆر، بەپێی شێوەزار و تواناو شێوازی تایبەتی بەیتبێژانو هەندێک جار نووسەرەوانیش، کەم و زۆری بەسەردا هێنراوەو داڕێژراوەتەوە، بەڵام ناوەڕۆکەکەی وەک خۆی ماوەتەوەو گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە.

٣. لەگەڵ ئەوەشدا کە (شێخ فەرخو خاتوون ئەستێ) زۆرتر وەک (بەیت) ناسراوە، بەڵام وەک قاڵبی ئەدەبیی و ناوەڕۆکو داڕشتنو وتنیش، لەگەڵ (حیکایەتو چیرۆکو ئەفسانەو داستان)یشدا ئاوێتە بووەو ڕەگەزەکانی ئەم بوارانەشی تێکەڵاوبووە.

٤. تا ئێستا شەش تێکستی نووسراوی (فەرخو ئەستێ) لەبەردەستدایە کە هیچیان کتومت وەک یەک نیین و ئەوەندە هەیە کە هەردوو تێکستی (ئەستێ و فەرخ، ئەمینێ ئوسمان) و (ژ فولکلۆرێ کوردی، سادق بهاوالدین ئامێدی) هەروەها هەر سێ تێکستی (تحفەی مزفرية، ئۆسکارمان) و (مامان برازا بزرکرد، خاڵان خوارزا مەزن کرد، زیاد موحەممەد ئەمین) و (گەنجینەی بەیتی کوردی، سەرجەمی بەرهەمەکانی قادر فەتاحی قازی) لەیەکترییەوە نزیکترن.

٥. ئەو تێکستەی کە لەلایەن (ئۆسکارمان)ـەوەو لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا ئامادەکراوە، لەڕووی مێژووی وتن، زاراوەی ناوچەی ڕووداوەکە، زۆرترین ناوی کەسایەتییو شوێنو ژمارەی دێڕ و ڕووداوەکانەوە لە تێکستەکانی تر، بە بەهاترە.

٦. ناوی فەرخ لە هەرسێ زمانی کوردیی و فارسیی و عەرەبییدا بەکار هێنراوەو مانای جیاوازی هەیە. ڕیشەی وشەکە دیار نییە کە لەکام زمانەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام ئەوە ئاشکرایە کە لە زمانی کوردیدا مێژوویەکی دوورودرێژی بەکارهێنانی هەیەو زۆرتر تایبەتە بە ناوچەی پشدەرەوەو کەمتر لە شوێنەکانی تری باشووری کوردستاندا بەکاردەهێنرێت. ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ بوونی پەیوەندی نێوان خەڵکی ناوچەکەو وشەکە، کە لە بوونی مەزارگەی پیاوچاکی شێخ فەرخ لەناوچەکەدا بەرجەستەبووە، بەڵام ناوی ئەستی تەنها لە زمانی فارسیی و کوردیدا بەکاردەهێنرێتو لە هەردوو زمانەکەدا یەک مانا بەدەستەوە دەدەن کە بریتییە لە پارچە بەرد یان ئاسنێک کە چەخماخەو تروسکە بکاتەوە.

٧. بەپێی لێکدانەوەی زمانەوانی بۆ ناوی کەسایەتیی و شوێنەکان، هەروەها بوونی چەند شوێنەوار و باوەڕێکی خەڵکی ناوچەکە، جوگرافیای ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ناو بەیتەکە، بۆ (ناوچەی پشدەر و شارۆچکەی قەڵادزێ و گوندی داودێ) دەگەڕێتەوە.

٨. بەپێی بوونی شوێنەواری گۆڕێکی زۆر لە نزیک گوندی دادوێـدا کە بەڵگەی بوونی ئاوەدانییەکی گەورەیە، زۆر ڕێی تێدەچێت شانۆی ڕووداوەکان لەم شوێنەدا بووبێت وەک لە بەیتەکەدا بە شاری داودێ ناوی هاتووە، بەڵام تەمەنی کێلی گۆڕی شێخ فەرخ و ئەودارەشی کە گۆڕەکەی لەژێردایە، ئەوە دەرناخەن کە شێخ فەرخ لەو سەردەمی ئاوەدانییەدا ژیابێت.

٩. مێژوو و سەردەمی ڕووداوەکـان، بۆ پاش هاتنی ئایینی ئیسلام و دەسەڵاتداریێتی عوسمانییەکان دەگەڕێتەوە بۆ باشووری کوردستان و بەدیاریکراوتر بۆ ناوەڕاستی سەدەی شازدەی زایینیی دەگەڕێتەوە.

١٠. کۆمەڵگای کـوردی سـەردەمـی تێکستەکە، کۆمەڵگایەکی دەرەبەگی کشتوکاڵی دواکەوتووبووەو چەندین نەریتی بەربڵاو لەوکاتانەدا هەبووە کە هەموویان ئاماژەن بۆ سادەیی ژیانو بیرکردنەوەی خەڵکی ئەوسەردەمەی کە بەیتەکەی تێدا بەرهەم هاتووە.

١١.دەتوانرێت ڕێبازی (مۆرفۆلۆژی) و ئەو ستێیو یەک بنەمایەی کە ئەم ڕێبازە هەیەتی بەسەر بونیاتی داڕشتن و ناوەرۆکی بەیتی فەرخ و خاتوون ئەستیدا جێبەجێ بکرێت.

١٢. لەزۆرلایەنەوە پەیوەندی لەنێوان عیساو شێخ فـەرخـدا هەیە، وەک: دەستپێکو بەگەڕخستنی ڕووداوەکـان، لەدایکبوونو ڕووبەڕووبوونەوە لەلایەن دەسەڵاتەوە، شانۆی ڕووداوەکان، بەکارهێنانی ڕەمز و هێما و کۆتایی تراژیدی بەسەرهاتەکان.

١٣. چیرۆکی لەدایکبوونی مەسیح کاریگەری لەسەر بونیاتی داڕشتنی بەیتی شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی هـەبـووەو لەڕێی تێکستی شێخ فەرخیشەوە ئەم کاریگەرییە بۆ ئەدەبی فۆلکلۆرو ئەدەبی هاوچەرخی کوردی گوازراوەتەوەو چەندین تێکست لەم بوارەدا بەرهەم هاتووە.



گوندی دادودێ

# سەرگوزشتەی گێڕانەوەی خەوەکانی پادشا


ئەم کتێبە لەکۆکردنەوەو ئامادەکردنی (محەمەد مەردان)ە، بریتیە لە (١٦٨) لاپەڕەی قەبارە (٢٠×١٤سم)، ژمارە (١٧١٣)ی ساڵی ٢٠١٤ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان پێدراوە. وێنەی بەرگ: تابلۆی هونەرمەندی مەزن (محەمەد عارف)ە، لە ژمارە (١٩٢) ی بڵاوکراوەکانی ئنستیۆتە. چاپی یەکەم لە چاپخانەی ئینستیوتی کەلەپووری کورد چاپکراوە.

لەسەر روو بەری بەرگی کتێبەکە، ناوی نووسەر نەنوسراوە، تەنها لەناساندنی ڕیزبەندی ناوەوەی کتێبەکەدا ئاماژە بەناوی نووسەرکراوە. ئەمەش ئەشێ مۆدێلێکی نوێی ئەو دەزگایە بێت، لەجیاتی ناوی نووسەر (پرۆژەی ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد)ی لێ نووسراوە، بەڵام ئەم بەرهەمە وەکو نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەدا ئاماژەی پێکردووە، مێژووی کۆکردنەوەی بابەتەکان ئەگەڕێنەوە بۆ ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی پێشوو هەتاکو ساڵی ٢٠٠٤. وەلێ ئەم دەزگایە ساڵی ٢٠٠٣ دامەزراوە.

ئیتر بۆچی ئەو غەدرەیان لەنووسەر کردوە! یان بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە، کە نووسەر لەو دەزگایە کار ئەکات.

لەهەمانکاتدا لەکۆتایی لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا ڕێزبەندی چاپکراوەکانی ساڵی ٢٠١٤ بڵاوکراوەتەوە، ئەویش بریتین لە (١٥)کتێب. لێرەشدا تەنها ناونیشانی کتێبەکان نووسراوە، ناوی نووسەرەکانیان نەنوسراوە! دوای بەدواداچوونم بۆ ئەم کارە بۆم ڕوون بۆوە، کە مامۆستا مەزهەری خالقی وتویەتی : ئەوانە نووسەر نین پێویست بەنووسینی ناوەکانیان ناکات!!.






باشە ئەگەر نووسەر نین بۆچی کتێبیان بۆ چاپ ئەکات!!.

ئەم بەرهەمە بریتیە لە (٢٧) بابەتی هەمەجۆری وەک: هەقایەت، سەرگوزشتە، نەزیلە، داستان، لاوکو ئەفسانە. وەک:

سەرگوزشتەی گێڕانەوەی خەوەکانی پاشا، پاشاو کۆلکە شاعیر، ئەحمەدو خەرامان، دوانزە برا، ئەحمەدو مەحمود، داستانی مەلیک خورشید، میرو خزمەتکار، مانگا ڕیتاڵ، کەرتە پیاو، ئەفسانەی شەمشەمە کوێرەو خۆرو با، مرە پیاو، ورچو ڕێوی‌و مام هۆمەر، ئەنجامی لەخۆ بایبوون، ڕێوی‌و کەڵەشێر، هەرشتەو بەجێی خۆی، ڕاستە ئەقڵ سەرچاوەی هەموو شتێکە، ئینسان ئەبێ خاوەنی قسەی خۆی بێت، دوو هاوڕێ، کەریمو ستی، سەی سیوەیل بێ گۆشت ناکەم، شوانو قیرەی بۆق هەرکەسەو بەشتی خۆی ئەگیرێت، چل قەلەکەی جافر، لاوکی (تۆرینو حەسەنی مالیک)، لاوکی (مەمو زین)، نەزیلەی (سر پۆشین)، ئەندێشەی حەماڵێک.

## بابەتەکانیش لەم بەڕێزانە وەرگیراون:

مام کەریم جاسەنەیی- ١٩٣٤، مەردان مەجید ١٩٢٧- ٢٣-٢٤ / ٩/ ٢٠٠٣، نایلە عەلی- ١٩٤٥- ١٩٩٩/٨/٢٦، حەمە ڕەشید مەحموود ئیسماعیل- ١٩١٨- ١٩٩٨/١٢/١٤، ڕۆستەم فەقێ محەمەد مستەفا ١٩٣٨-٢٠٠٧/١٢/١٥، ئەنوەر ئیبراهیم باوە مەحموود (شێخ ئەنوەری شاعیر) ١٩٣١- ٢٠٠٦/٢/١٩، محەمەد عەلی موسائاغا ١٨٨٧- ١٩٥٢ ، (کەشکۆڵ دەستنووس)، عەبدولکەریم محەمەد عەلی موسائاغا ١٩١٨-٢٠٠٢، ئیسماعیل سمکۆ ئەپرا سنە ١٩٤٠/٥/٢٤، عەدالەت عەبدوڵلا، سەلاحی خاگوزار- بانە، مەلا حەمەئەمین قەڵادزێ، کەمال محەمەد قادر، تەها لەتیف حەسەن حەداد، بەهادین حاجی حەمەتاڵ (تەڕەماری ناوەڕاست)، خەرامان ئیسماعیل بۆکانی‌و دیار نەجمەدین.

وەکو نووسەر لەپێشەکی کتێبەکەیدا ئاماژەی پێکردووە ((سنووری جوگرافیی کۆکردنەوەی بابەتەکان، تەنها پەیوەندییان بەناوچەو شارێکی دیاریکراوەوە نییەو تێکەڵەیەکی هەمەجۆرەو لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانەوە وەرگیراون، هەر لەبەر ئەمەشە لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تر هەست بە گۆڕینی شێوە زار دەکرێت)).

نووسەر لەم کتێبەدا چۆنیەتی یاساکانی کۆکردنەوەی فۆلکلۆری پەیڕەو کردووە. چۆنی وەرگرتوون واش بڵاوی کردونەتەوە.

ماوەتەوە بڵێین زۆربەی بابەتەکانی ئەم کتێبە، ئەگەر سینارستێکی بەسەلیقە بیانخوێنێتەوە دەتوانێت چەندین فلمو کورتە فلمی تەنز ئامێزییان لێ بەرهەم بهێنێت..

# هـــــات و نـــەهـــات

چەند چیرۆکێکی فۆلکلۆری کوردییە، بەڕێز مامۆستا (عەبدوڵڵا حەسەن قادر) کۆیکردونەتەوەو ئامادەی کـردوون.. زنجیرەی ژمـارە (١٩٥)ی بڵاوکراوەکانی ئنستیتیوت، ئۆفیسی سلێمانییە. ژمـارە (١١٠٧)ی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی ساڵی ٢٠١٥ی دراوەتێ. مۆتیفو بەرگ (کامەران یار وەیس) کردونی.

(٣١٤) لاپـــەڕەی قـەبـارە (٢٥× ١٧،٥)، جگە لەپێشەکیەکەی، کە (ئەحمەد شاکەلی –دار+) نووسیویەتی (٤٣) چیرۆکی زۆر درێـژو کورتی لە خۆگرتووە، وەک: پاشاو کوڕەکەی، پیاوێکی ترسنۆک بوو بەپاڵەوان، پیزە، جامی چل ئاواز، حاجی محەمەد چوو بۆ کاروانی ئێران، حەسەنی ئاسنگەر، حێرک، خالۆ عەلی، خڕەی خاڵان، خەیاری تاقەو سان، خواجە خوادار، خوشکی سێ برا، دان مرواری، دڵپاکی، دەنکە نۆک، ڕاو، ڕێویلە، ژێر پیاڵەی ئاڵتون، سامو نەریمان، شەفیق، فاتمەی حەوت برا، فریشتەی بووشکە فرۆش، کابرایەک، کاتوو کەڵێ، کەیوان تاجر، کچێکی ژیر ، کوڕە باخەوان، گوڵو گوڵسنەوبەر، کوڵکنە، گوڵە، کیسەڵو ڕێـوی، لەعل پاشا، ماینی بـاوبـۆران، مرە قوڵێ، مەلەکە ڕەیحان، مەیموونە (...) سوور، مەیموونە سوور، میر خوناوکێ، هاتو نەهات، ئەحمەدو فاتم، ئەحمەدی کوڕی پاشا، ئەحمەدی ورچە زاڵ.

سەبارەت بەچیرۆکەکان، ئەحمەد شاکەلی ئەڵێت: ((هەریەکەیان: زادەی تاقیکردنەوەیەکی بایەخدارن، ڕادەی هۆشیاری خەڵکی سادەو شارەزای نێو کۆمەڵ دەردەخەن... کەرەستەی خاون بۆ نەوەی خوێندەواری ئەمڕۆو پاشە ڕۆژ، تا کەڵکی لێوەربگرنو لێکۆڵینەوەیان لە سەر بکرێت)).

نووسەری گەورەی کورد (یەشار کەمال)یش ئەڵێت: ((فۆلکلۆر دەستهاتی ئەزموونی گـەورەی مرۆڤایەتییە،






زەخیرەیەکی زانیاری هەمیشە زیندوو پایەدارە، سامانی زانیاریی گرنبەهایە، کەلە سەدان ساڵ پێش ئەو رۆژە ئەو خەڵکە دروستیان کردووە))١.

بێگومان هەتاکو ئەمرۆیش گەنجینەیەکی زۆرمان ماوە کۆنەکراونەتەوە، لەکەنووی دڵی پیرەکاندا ماونەتەوە، دەستی کۆکردنەوەیان نەگەیشتونەتێ.

دەستخۆشی لەمامۆستا عەبدوڵڵا دەکەین، ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی لەخەم رەخساندووە، کەلەم بەرێزانەی وەرگرتووە: محەمەد ساڵح کەریم ١٩٣٧-، جیهاد کەریم حەمید ١٩٥٦ کەلاری کۆن، شێخ مەحموود شێخ عەبدوڵڵا ١٩٢٥-، نەنە خورشید ١٨٩٥- ١٩٨٨، سەمیرە محەمەد ساڵح، ئەحمەد رەزا مستەفا ١٩٣٠، عومەری نەنە خورشید، کەشکۆڵی مەحموود خاکی، نامیق محەمەد رەسووڵ، فەریق دارا، والی حەمە ساڵح ١٩٦٨- ، ئایشە محەمەد ئەمین ١٩٣٧-، شۆرش عەبدوڵڵا ١٩٥٧-، کەریم مەحموود ١٩٣٧.

هەرچەندە کاتی خۆی مامۆستا عەبدوڵڵا وێنەو کورتەیەک لە ژیانی (نەنە خورشید)ی لەیەکێک لە ژمارەکانی رەنگیندا بڵاوکردۆتەوە، ئەگەر لەم کتێبەشدا هەمان نووسینی بڵاوبکرایەتەوە زۆر جوانتر ئەبوو، چونکە زۆربەی چیرۆکەکانی لەو پیرەژنە مەزنە وەرگرتووە..

١ – د. هیمداد حوسێن، ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی (دەقو لێکۆڵینەوە)، چاپی یەکەم، لاپەرە (٥)، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوک ٢٠٠٧.

هەواڵنامەی کتێب